29

زیگمۆند فرۆید

# تەوتەم و تابۆ



و: ڕەزا مەنوچهری

چاپی یەکەم

2005

# تەوتەم و تابۆ

نوسینی : زیگموند فرۆید
وەرگێڕانی : ڕەزا مەنوچهری

چاپی یەکەم

سلێمانی ........................................ ٢٠٠٥

مافی لەچاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ خانەی
چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە (٢٩)

**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب : تەو تەم و تابۆ

نوسینی : زیگمۆند فرۆید

وەرگێڕانی : ڕەزا مەنۆچهری

تایپ : ئاسۆ موکریانی

دیزاینی بەرگ : فواد کەوڵۆسی

شوێنی چاپ : چاپەمەنی گەنج

ساڵی چاپ : ٢٠٠٥

تیراژ : ١٠٠٠دانە

EMAIL:renmapress@yahoo.com
MOBILE: ٠٠٩٦٤ ٧٧٠ ١٥٧٤٢٩٣

ژمارەی سپاردن: (٦١٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێ دراوە

## ناوەرۆك


شكاندنی ئاوێنە ........................................................... ٥

سەرەتایەكی كورت ........................................................... ١١

پێشەكی نووسەر ........................................................... ١٨

## تاقی كردنەوەی یەكەم:

ترسی پەیوەندی سێكسی لەگەڵ مەحرەمەكاندا ........................ ٢٢

## تاقی كردنەوەی دووەم:

سەبارەت بە مەحرەمەكان و دژ بەیەك بوونی هەستەكان............. ٥٧

**بەشی یەكەم:** ........................................ **٥٧**

**بەشی دووەم:** ........................................ **٧٣**

**بەشی سێیەم:** ........................................ **٩٢**

(أ) رێبازێك لەبەرامبەر دوژمندا ........................................ ٩٥

(ب) تابۆی سەرۆكەكان............................................. ١٠٥

(ج) تابۆی مردووەكان............................................. ١٢٦

**بەشی چوارەم:** ........................................ **١٤٩**

## تاقی كردنەوەی سێیەم:

ئانیمیسم، سێحر و هێزی گشتگیر.......................................... ١٦٨

**بەشی یەكەم:** ........................................ **١٦٨**

**بەشی دووەم:** ........................................ **١٧٤**

**بەشی سێیەم:** ........................................ **١٩١**

**بەشی چوارەم:..........................................٢٠٢**

## تاقی کردنەوەی چوارەم:

سەرهەڵدانەوەی ئاژەڵ پەرستی لەنێو منداڵاندا ......................٢٢٠

**بەشی یەکەم:..........................................٢٢١**

**بەشی دووەم:..........................................٢٣٦**

(أ) ریشەی ئاژەڵ پەرستی..........................................٢٣٩

(ب) تیۆرییە ناوێیەکان..........................................٢٤٠

(ج) تیۆرییە کۆمەڵناسییەکان..........................................٢٤٧

(د) تیۆرییە دەروون ناسییەکان..........................................٢٥٥

(هـ، و، و) ریشەکانی ژن و مێردایەتی

لەگەڵ بێگانە و پەیوەندی بە تەوتەم پەرستییەوە......................٢٦٢

**بەشی سێیەم:..........................................٢٧٧**

**بەشی چوارەم:..........................................٢٨٩**

**بەشی پێنجەم:..........................................٣٠٥**

**بەشی شەشەم:..........................................٣١٧**

**بەشی حەوتەم:..........................................٣٣٦**

هەر کەسێك خۆی بناسێت خوای خۆی دەناسێت.

## شکاندنی ئاوێنە:

دەڵێن ئەدەبیات و هونەر ئاوێنەی رامانەکانی خەڵکن. دەتوانین بڵێین ئاوێنەی هەست و ئاوات و چاوەڕوانی مرۆڤەکانە. جیاوازی لەنێوان رامان و ئاواتدا هەیە، بەڵام بەرایی ئاوات گەلێك بەرفراوانتر و بێ سنوورترە لەڕامان. هەڵبەت سنووری رامان و ئاوات بەتەواوەتی لەیەکدی جیا ناکرێنەوە و بەزۆری پێکەوەن و یارمەتی یەکتر دەدەن بەجۆرێك کە دەتوانین بڵێین توانستی رامان لەئاوات و سۆز و ...هتد سەرچاوەی گرتووە. لەوانەشە بتوانین بڵێین سەرەتا رامان ئاوات و حەزە پاشان خۆی لەوان جیا دەکاتەوە و پەیڕەوی سنوورەکانی رامان دەبێت. یەك لەم سنوورانە لۆژیك بوون و بەری بوونە لەدژایەتی و ناکۆکی، بەڵام ئاوات و حەز و چاوەڕوانییەکان و سۆز ئەوەندەش شەرت و مەرجی دژایەتی و ناکۆکی قبووڵ ناکات. زیگمۆند فرۆید ویستویەتی لەم پەرتووکەدا توێژینەوە لەسەر ئاژەڵ پەرەستی (ANIMALISME) بکات تاکو بزانێت چاوگەکانی چین و تابۆ یان مەحرەمەکان لەنێو خێڵە سەرەتاییە مرۆییەکاندا لەسەر چ بنەما و بنچینەیەك چەقیان بەستووە.

فرۆید بۆ گەیشتن بەڕاستی ئاژەڵ (تەوتەم) پەرستی و راستی تابۆکان (مەحرەمەکان) رووی لەپەرتووك گەلێك کرد، کە لێوانلێو بوون لە دیتنەکانی گەشتیارەکان و بانگەشەکارانی مەسیحی سەبارەت بە شێوازی ژیان و داب و نەریتی خەڵکانی سەرەتایی و پاشان ووتار و نووسراوەکانی راڤەکارانی پلەیەك. هۆ و بەڵگەکانی ئەوانی بەراورد کرد و لەئاکامدا هەموویانی هەڵسەنگاند لەگەڵ ئاست و پێوانەکانی پیشەکەی خۆی کە هەمان دەروون شسیکارییە.

لەدەرون شیکاریدا چەند چەمکێکی بنچینەیی و سەرەکی لەئارادان گەبریتین لە : ناکۆکی هەستەکان، حەزەکان و سۆزەکان ، گرێی ئۆدیپ،[1]

[1] بەگوێرەی ئەفسانە یۆنانییەکان ئۆدیپ پاڵەوانی تبس، کوڕی لائیۆس پاشای تبس و ژوکاستە. خواوەندی غەیبی پێشبینی کردبوو، گەر لائیۆس منداڵێکی کوڕی بێت ئەم کوڕە باوکی دەکوژێت و لەگەڵ ژوکاستی دایکی زەواج دەکات. ئەم کوڕە لەدایك بوویە کڕاست لائیۆس ئەمری کرد بیبەنە سەر چیای سیترۆن. شوانەکان دۆزیانەوە، چونکە بەهۆی توند بەستنی ئەو بەندانەی پێوەی بوون لاقەکانی ئاوسابوون. ناویان نا ئۆدیپ، کە لەزمانی یۆنانیدا بەواتای لاقی ئاوساو دێت. ئەویان سپاردە پۆلیب پاشای کۆرنت و وەك کوڕی خۆی پەروەردەی کرد. ئۆدیپ مەزن بوو، بۆ روونکردنەوەی رازی لەدایك بوونی راوێژی لەگەڵ خواوەندی غەیب دۆڵف کرد. ئەو ئامۆژگاری کرد نەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، چونکە باوکی دەکوژێت و لەگەڵ دایکیدا زەماوەند دەکات. ئۆدیپ بۆ هەڵاتن لەکۆرنت رێگای بێۆتی گرتە بەر. لەچوارڕیانەیەکدا پیرە پیاوێکی پێگەیشت و بوویە شەڕیان و کوشتی. ئەم پیرە پیاوە هەمان باوکی واتە لائیۆس بوو. لەنزیك تبس دا بوو ابوللهول ی دیت. ابوللهول مەتەڵ گەلێکی لەرێبواران دەپرسی هەر کەسێك نەیتوانیبا وەڵامی بداتەوە دەیخوارد. ئۆدیپ توانی وەڵامەکان بداتەوە بووە پاشای تبس وە لەگەڵ ژوکاست ی دایکی زەماوەندی کرد. تاعون باری و خواوەندی غەیبی ئەمری کرد تاکو مرۆڤ کوژەکە لەشار دەرکەن. سەرەتا ئۆدیپ نفرینە کوشندەکانی ئاراستەی مرۆڤ کوژی نەناسراو کرد. بەرە بەرە بەرازی لەدایك بوونەکەی خۆی زانی. ژوکاست لەبەر هیوا بڕاویەکی توند خۆی هەڵواسی و ئۆدیپ یش چاوەکانی خۆی لەکاسە دەرهێنا. سەبارەت بەکۆتایی هاتنی ژیانی ئۆدیپ گێڕانەوەی جۆراوجۆر هەن. یەك دەڵێت لەجەنگدا کوژراوە، یەکی دیکە دەڵێت بەسەرپەرشتی کچەکەی ئانتیگۆن نێردراوەتە ئاتیك و لەئاکامدا گێڕانەوەیەکی

ئەست و هەست، توانستی گشتگیر بوونی رامان و هزر، دەیهاوێژێ یان پاراستنی من لەبەرامبەر ململانێیە دەروونییەکاندا ... هتد. زیگمۆند فرۆید سەبارەت بە داب و نەریت و هەستەکان و رامان و شێوازی ژیانی خەڵکانی سەرەتایی بەراوردێکی لەگەڵ رەوشی نەخۆشە دەروونییەکان خستۆتە روو و لەئاکامدا بەو ئەنجامە گەیشتووە کە دەزگای رامان و هەستی خەڵکانی سەرەتایی خاڵی هاوشێوەی زۆری لەگەڵ نەخۆشە دەروونییەکاندا هەیە. بۆ نموونە نەخۆشی دەروونی هێزێکی گشتگیر کردنی بێ سنوور دەداتەوە پاڵ رامان و هزر. لەنێو خەڵکانی سەرەتاییدا چەشنە رامانێکی لەم جۆرە لەئارادایە. وا رادەمێنن گەر گوللە بەوێنەی بەرازێکەوە بنێن تەقەیان لەخودی بەرازەکە کردووە ... هتد. فرۆید بەو ئەنجامە گەیشتووە کە لەنێو هەستی خەڵکانی سەرەتاییدا سنوورێکی ئەوتۆ لەنێوان عەشق و رقدا نییە. لەلایەکەوە سەری دوژمنەکەیان دەبڕن و لەلایەکی دیکەوە لەبەرامبەر

---

دیکە دەڵێت کوڕەکانی هەر لەهەمان تبس دا زیندانیان کرد، بەڵام ئۆدیپ نفرینی لێکردن و لەئەنجامدا دوو برا کوتنە گیانی یەك و کوژران. زۆرێك لەشێوەکاران، شاعیران و نووسەران ئیلهامیان لەم چیرۆکە وەرگرتووە و پاشان بەگوێرەی شێعر و چیرۆك، نەمایشنامە و تابلۆی شێوەکاری یان دروست کردووە. بەرهەمە گرنگە هونەرییەکانی ئەمانەن: تراژیدیای ئۆدیپ بەرهەمی سۆفۆکۆل نەمایشنامە نووسی یۆنانی، تراژیدیای ئۆدیپ بەرهەمی کۆرنی نەمایشنامە نووسی فەرەنسی و لەئەنجامدا تراژیدیای ئۆدیپ بەرهەمی ڤۆلتێر نووسەری شۆڕشگێڕی سەدەی هەژدەیەمی فەرەنسا. تابلۆی شێوەکاری ئینگر، ئۆدیپ لەدەرگای ئەشکەوتێکدا نیشان دەدات، کە ئەژنۆی نوشتاندۆتەوە و پەنجەی لەسەر لێوەکانی داناوە و بیر دەکاتەوە تاکو ووشەی چارەرەشی مەتەڵەکە بدۆزێتەوە، هەروەها گۆستاومۆر و ئۆدیپی لەسەر کاسەیەکی کۆن لەبەرامبەر ابوللهول پیشان دەدات، کە دانیشتووە و وەڵامی مەتەڵەکە دەداتەوە. ئەم کاسەیە ئێستا لەهۆڵی ژمارە ١٨٦١ ی ڤاتیکاندا دەپارێزرێت (ئیرەج پور ا.پ).

سەری براو و گوراودا چۆك دادەدەن و شیوەنی بۆ دەكەن و لەبەر هەست كردن بەتاوانی مرۆڤ كوژی پەشیمان دەبنەوە و داوای لێبوردنی لێدەكەن. سەبارەت بەكوشتنی باوك، هەر هەمان هەست و شێواز دێنە ئاراوە. باوك دەكوژن (بەگوێرەی تیۆریەكەی فرۆید) و پاشان هەست بەتاوان دەكەن و بۆ رزگار بوون لەهەست كردن بەتاوان رێ و رەسمێك دادەمەزرێنن.

بۆیە باوك دەكوژن، كە دەیانەوێت ژنەكان و یان هەندێك جار دەسەڵاتەكەی داگیر بكەن و پاشان رێزی لێبگرن تاكو لەئاست تاوان و سەركێشییەكانیان بەرامبەر بەباوك كەم بكەنەوە. فرۆید رێك هەمان رووداو لەنێو حەز و هەست كردن بەتاوان و هەڵس و كەوتی زێدەڕۆیی نەخۆشە دەروونییەكان بۆ قەرەبوو كردنەوەی هەڵە خەیاڵییەكانیان و رقیان بەرامبەر بەباوك و ترساندن لەباوك دەبینێت. ئایا ئەوەی، كە فرۆید دەیڵێت دەتوانێت بیان سەلمێنێت؟ سەلماندن شێوازی جۆراوجۆری هەیە و لەنێو پەرتووكەكەدا هەوڵەكانی فرۆید نەك تەنها بۆ سەلماندن، بەڵكو بەشێوەیەكی زانستی دەبینین و خوێنەر بۆ خۆی دەبێت بڕیار لەسەر گرتنەوەی وەڵامەكەی بدات. رقی كوڕ بەرامبەر بەباوك و رقی باوك بەرامبەر بەكوڕ لەو ناواختنە بەناوبانگانەن، كە هونەرمەندان سودیان لێ وەرگرتووە و هونەرمەندان لەچ چین و توێژێك بن ئەم خاڵەیان بەهەند وەرگرتووە. لە "شاهنامە"ی فەردەوسیدا رۆستەم، سوهرابی كوڕی دەكوژێت و كاتێك لەهەڵەكەی خۆی بەئاگا هات چیها خەم و هەست كردن بەتاوان

بوونـە قورسـایی بەسـەر ویژدانیـەوە. شـیرویە لەشـاهنامەدا دەبێتـە هـۆی خـستنە زینـدانی خوسـرەو پـەرویزی بـاوکی و تەنانـەت دەڵـێن بۆتـە هـۆی کوشتنی. کەیکاوس باوکی سیاوەش پاش شکایەتەکەی (سودابە) ی خێزانـی (باوە ژنەکەی سیاوەش) بەمەبەست بوو بیکوژێت یـان بەسـزای بگەیـەنێت. سـیاوەش بـۆ سـەلماندنی بـێ تـاوانی خـۆی بـەجل و بـەرگی سـپی و ئەسـپی سپییەوە لەتاقیکردنەوەی نێو ئاگر رووسوور سەرکەوت و لەکوشتن رزگاری بـوو. لـەجیهانی راسـتیدا کـەم نـین کـوڕ کوشـتن و بـاوک کوشـتن. نـادر شـای (ئەفشار) لەبەر هەڵە لەیەك گەیشتنێکی بچووك هـەر دوو چاوی کوڕەکەی شاهروخی کوێر کرد. هەر بەم جۆرە شاعەباس (سەفەوی) ئـەمری کوشـتنی کوڕەکەی دەرکرد و لەنێو رۆژنامەکانی جیهاندا هـەواڵی لـەم چەشـنە زۆرن. فرۆید گەورەترین ئیلهامەکانی خۆی لەچیرۆکە ئەفسانەیەکەی ئۆدیپی پاشا وەرگرتووە و لەڕاستیدا بەگروپێکی دەزانێت و دەڵێت هـەموو کوڕەکان بـە هەستانە بێت یان نەستانە عاشقی دایك یان جێگرەوەکانی دەبن و هەر بـەم بۆنەیەوە رق لەباوك هەڵدەگرن، گەر وەك ئۆدیپ بەهەڵە بیکوژن و بگەنـە حـەزە سێکسییەکانی خۆیـان پـاش ئـەوەی لەهەڵەکـەی خۆیـان بـەئاگا دێـن تووشی هەست کـردن بـەتاوان دەبـن و لەوانەیـە وەك ئۆدیـپ کـە چـاوەکانی خۆی لەکاسە دەرهێنا بەئەنقەست یان بە بـێ ئەنقەست سزایەکی کوشندە لەسەر خۆیان دابنێن تاکو لەئازارەکانی ویـژدان رزگاریـان بێت. فرۆیـد ئـەم رووداوەی نــاو نــاوە گــرێ ئۆدیــپ و بەسەرچــاوەی هــەموو نەخۆشــییە

دەروونییەکانی دەزانێت و لەم روانگەیەوە سەیری داب و نەریت، تاوان و سزا و ئەویندارى و رق لێ هەلگرتن، ئاکار و رەوشت، حەرام و حەلالی خەلکانی سەرەتایی دەکات. نووسەر ناوەرۆکی لێکۆلینەوەکانی لەبەرتووکەکان و گەشت و بینینەکان و شرۆڤە و راڤەکانی کۆمەلناسان، ئانترۆپۆلۆژیستەکان و دەروون ناسان و ژینگە ناسان وەرگرتووە. لەروانگەی خۆیەوە بەراوردیان دەکات. ناکۆکییەکان دەدۆزێتەوە و چاکە و خراپەکان رێك و پێك دەکات و لەئەنجامدا دەلێت دەزگای دەروونی خەلکانی سەرەتایی لەهەمان نەخۆشە دەروونییە ئاساییەکاندا دەبینین، کە وەك راڕایی و ترسان لەئاژەلّ و شەقام و ...هتد یان لەنەخۆشی دەروونی قورس وەك پارانۆیا، کە هەلّچوونی جیهانی دەروونی خۆی دەداتە پالّ جیهانی دەرەکی و راستی جیهانی بابەتی دەرەکی بەئاوێنەی دەروونی خۆی دەزانێت بەبێ ئەوە ئاگاداری ئەم رەوشە بێت و لەئاوێنە رق هەلّدەگرن و هەندێك جار مەبەستیان شکاندنی ئاوێنەیە و ئاوێنە دەشکێنن و لەوانەیە ئێستا ئەم ئاوێنە کەسێك یان شتێك بێت.

ئیرەج پور باقر

١٦ ی رێبەندان ١٣٦١

## سەرەتایەکی کورت

ئەم چەند لاپەڕەیە لەدوایین بەشی ئەم پەرتووکەدا لەلایەن وەرگێڕی فارسییەوە نووسرابوون، بە ناونیشانی دوایین ووتار. ئێمەش لەلای خۆمانەوە بەباشمان زانی ئەم چەند لاپەڕەیە بێتە سەرەتای پەرتووکەکە، چونکە پێش ئەوەی خوێنەر دەست بەخوێندنەوەی ئەم پەرتووکە بکات دەبێت ئەم چەند خاڵە کە وەرگێڕی فارسی ئاماژەی پێداون ببنە جێگای سەرنجی.

شایانی ئەوەیە لەسەرەتادا چەند دێڕ و وشەیەك سەبارەت بە نووسەر و خودی ئەم پەرتووکە بنوسین.

(زیگمۆند فرۆید) لەبنەماڵەیەکی زۆر منداڵ و هەژار هاتۆتە دونیا و پەروەردە بووە. کاتێك کۆلێژی پزیشکی تەواو کرد چەند ساڵێك دەبوو (پاستۆر) لەفەرەنسا دا میکرۆبی دۆزیبووەوە. (کۆخ) لەبەرلین هۆکاری دروست بوونی نەخۆشی سیلی دۆزیبووە. (شارکۆ) لەپاریسدا لێگەڕینی دەکرد بۆ دۆزینەوەی هۆکاری نەخۆشییە دەروونییەکان. (برێنهایم) لەنانسیدا نەخۆشە دەروونیەکانی دەخەواند. فیزیۆلۆژیستە نەمساوییەکان و بەتایبەتی (بروکە) ڕۆژانە مێشکی ئەو نەخۆشە دەمار گرژانەی نەشتەرگەری دەکرد یان پاش مردنیان دەری دەهێنان تاکو هۆکاری

نەخۆشییەکانیان بدۆزێتەوە. هێدی هێدی زانستی پزیشکی خەریك بوو شێوازی ئەمرۆیی و زانستیانە لەخۆی بگرێت.

دەرمانەکان زێدەتر لەچەند جۆر نەبوون. وردە وردە فیزیۆلۆژیا و هەڵدڕینی جەستە بەرەو پێش دەچوون، هێشتا چەند دەییەیەك مابوون بۆ سەدەی بیستەم فرۆید پاش ئەوەی بووە پزیشك لەتاقیگەکانی فیزیۆلۆژیادا دەست بەکار بوو. خێرا توانی لەبواری شیکردنەوەی دەماری ماسی و مارماسی و تایبەتمەندی بەنج کردنی کۆکایین و رەنگ کردنی هەندێك لەتوێژەکانی دەمار هەندێك سەرکەوتن و خوڵقکاری پێشکەش بکات و لەگۆڤارە زانستییەکانی نەمسادا ووتار گەلێکی زانستی بڵاو کردەوە.

لەدەوروبەرە زانستییەکی ئەوروپادا تاو لەرزی دۆزینەوە و خوڵقاندن گشتگیر ببوو، فرۆید بێ ئۆقرە بوو و بەڕاستی دەیخواست ناوێك لەنێو ناوە مەزنەکانی سەردەمی خۆیدا بێت. لەئەنجامدا بەهۆی هەوڵە بێ وچانەکانی و شەونخونی و لەئەستۆگرتنی زەحمەت و بێ بەشی زۆر، کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنیمان نییە بەئامانجەکانی گەیشت و ناوی لەمێژووی زانستدا درەوشاوە کرد.

لەوانەیە نەتوانین دۆزینەوەکەی فرۆید لەرستەیەکدا کورت بکەینەوە. ئەو دەڵێت منداڵان حەزی عاشقانەیان هەیە بەرامبەر بە دەوروبەرە نزیکەکانی خۆیان ئەم حەزەی ناو ناوە گرێی ئۆدیپ. و هۆی هەموو نەخۆشیە دەروونییەکان و دەزگا کۆمەڵایەتی و خوڵقاندنە هونەرییەکان

بەشتێکی جیاواز نازانێت لەگرێی ئۆدیپ و دەڵێت ئەمانە هیچ نین جگە لەگرێی ئۆدیپ. تەوتەم و تابۆ و گشت ئەو شتانەی لەم چەشنەن چاوگەییان گرێی ئۆدیپە. دەڵێت سەرەتا رەوە مرۆییەکان بە سەرپەرشتی باوك ژیانیان دەکرد و باوك رێگری ئەوەی لەکوڕەکان دەکرد دەست درێژی بکەنە سەر ژنانی رەوەکە، چونکە هەموویانی بەژنی خۆی دەزانی. ئەمە بووە هۆی ئەوە، کە کوڕەکان دەربکات و ئەوانیش دەستیان لەنێو دەستی یەکتر نا و باوك (تەوتەم) یان کوشت و ژنەکانی ئەویان بۆ خۆیان هەلگرت، بەلام لەبەر بەش کردن شەڕیان تێکەوت و لەئەنجامدا لەکردارەکەی خۆیان پەشیمان بوونەوە و ئاژەڵێکیان وەك تەوتەم لەجێگای باوك دانا و بە پەیڕەو کردن و ملکەچیکردنێکی زێدەڕۆیانەوە داوایان لێدەکرد تاکو کرداری باوك کوژی خۆیان قەرەبوو بکەنەوە، بۆیە سنووردار کردن و ئاسانکاری گەلێکی قورس و ئازاراویان بەنێوی تابۆ لەئەستۆ گرت و لەئاکامدا و پاش ئەم تاوانە و هەست کردن بەتاوان هەموو قەرەبوو کردنەوە و سنووردار کردن و یاساخکارییەکانی شارستانیەت لەم ئەنجامە سەرچاوە دەگرن.

دەپرسیت فرۆید چلۆن ئەنجامی ناوبراو دەسەلێنێت؟ تەنها لەسەر بنەما و بەگوێرەی شیکردنەوەی رەوشی نەخۆشە دەروونییەکانی خۆی و بەلگاندن و ئەزموونەکانی خۆی ئەم ئەنجامە پێشکەش دەکات. ئەمەش تەنها من و تۆ نین رەخنەیەکی بەم جۆرەی لێدەگرین، بەلکو (ژوزف بروئر) هاوڕێی

خۆشەویستی پەیتا پەیتا رەخنەی لێدەگرت و دەیگووت بۆچی تەنها هەندێك گێڕانەوەی باری دەروونی نەخۆشەكان دەكەیتە بناخەی بڕیارێكی ئەوەندە گرنگ، كە دەڵێت گشت نەخۆشە دەروونی و دەزگا كۆمەڵایەتییەكان ڕیشەیەكی سێكسی یان هەیە.

هەڵبەت فرۆید بۆ سەلماندنی بۆچوونەكانی خۆی سیستەم و قوتابخانەیەكی خوڵقاندووە و دەڵێت رامان و هەستەكانی مرۆڤ سەر بەدوو دەزگا و پرۆسەن یەكیان (هەست) و ئەوی دیكە (نەست) ە. وای دەبەلگێنێت، كە هەستە ناخۆش و یاساخكراوەكان لەهەستەوە دەنێردرێنە نەست. وا دەردەكەوێت لەنەستدا هەندێ كرداریان لێدەوەشێتەوە و لەئەنجامدا هەندێكیان وەكو نیشانەكانی نەخۆشی دەروونی دەردەكەون. بەواتایەكی دیكە لەنێو هێزی هەست و هێزی نەستدا ململانێ دەردەكەوێت، گەر نەست لەم ململانێیەدا سەركەوتوو (براوە) بێت لەو كەسەدا نەخۆشی دەروونی دەردەكەوێت.

فرۆید لەم پەرتووكەدا خەڵكانی سەرەتایی لەگەڵ نەخۆشە دەروونییەكان و هەندێك جار لەگەڵ منداڵاندا بەراورد كردووە. لەوانەیە خەڵكانی سەرەتایی بەشێوازێك هۆڤ (كێوی) بن، بەڵام ناكرێت بڵێین نەخۆشی دەروونین. لەڕاستیدا خاڵی هاوبەش و جیاواز لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام وەك یەك نین. چونكە هەندێك خاڵ لەهەندێك كەسدا هەیە و ڕاستە، بەڵام لەهەندێكی دیكەدا وانییە. بەڵام ئەم توێژەرە تایبەتمەندییەكی هەیە

کە ڕەخنەگرانی وەك ئێمە هێور دەکاتەوە ئەویش لەلایەك تایبەتمەندی خاکەڕایی بوون و لەلایەکی دیکە هەمیشە بەچاوی گومانەوە سەیری هەڵێنجاندنەکانی خۆی دەکات و قەت بڕیاری ڕەهای سەبارت بە تیۆرییەکانیەوە نەداوە. دەبینیت بەشەکانی پەرتووکەکەی ناو ناوە تاقیکردنەوە، هەر لەدەقی ئەم پەرتووکەدا دەڵێت تۆ بڵێیت ئەوەی کە نووسیومە هەمووی خەون و خەیاڵ بێت. لەگۆڕە و تەبێژییە سەرەتاییەکانیدا هەمیشە ئەوەی بەیاد هێناوەتەوە، کە چەندها دەییە پێویستە تاکو توێژەرێکی بێ لایەن ڕاستی و دروستی ئەم لێکۆڵینەوە و هەڵێنجاندنانە روون بکاتەوە. ئێستا زێدەتر لەهەشتا ساڵە (لەکاتی وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە بۆ سەر زمانی فارسی، بەلام ئێستا زێدەتر لەسەدەیەکە)، کە یەکەمین پەرتووکەکانی بەناونیشانی (سەبارەت بەنەخۆشی هیستریا) و (لێکدانەوەی خەونەکان) لەساڵی ۱۹۰۰ دا بلاو کردەوە و لەهەموو جیهاندا ڕەخنەگەلێکی زۆر و تاریف گەلێکی فراوانی کراوە.

تەنانەت ئامرازی جۆراوجۆری تاقیگەیان بۆ سەرەڕاست کردنەوەی ئەم تیۆریانە خوڵقاندووە و لەڕاستیدا ڕۆژ بەڕۆژ فرۆیدیسم زێدەتر دەڕواتە نێو تاقیگەکانەوە، بەلام دەرئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان چ دەڵێن؟ هەندێك لەهەڵێنجاندنەکانی ڕەد دەکەنەوە و هەندێکی دیکەش قبوڵی دەکەن و وەك

شێوازێکی دەروون شیکاری بۆ چاککردنەوەی نەخۆشە دەروونییەکان سوودی لێوەردەگرن.

دەروون شیکاری چییە؟ گەڕان بەنێو زەینییەت، هەستەکان و سۆزی تاک دایە و لێگەڕانە بەگوێ رادێر کردن لەقسە و باسی نێودڵی تاکەکان پێک دێت. کاتێك تاك گرفتەکانی خۆی دێنێتە زمان زۆرتر لێیان بەئاگا و شارەزا دەبێت و گەر نەتوانێت لەبابەتێك بەئاگا بێت و بیهێنێتە سەر زمان دەروون شیکار لەم بوارەدا یارمەتی دەدات تاکو لەئەنجامدا لەخودی خۆی بەئاگا بێت. بەتایبەتی لەهەستەکان و رامانی سەردەمی منداڵی و هەندێك جاریش لەهەست و رامانە خاو و هۆڤەکانی.

کاتێك کەسێك شارەزاییەکی ئەوەندە لەخودی خۆی هەبێت ئیدی کەس لەبەر دەستماڵێك قەیسەرییەك ئاگر تێبەرنادات یان لەبەر هەڵەیەك یان بەهەڵە تێگەیشتن لەبابەتێك هەڵناستێت بەکوشتنی مرۆڤێك. بەکورتی لەگەڵ خۆی و دەوروبەریدا ئاشتەوای دەکات و هەوسار و سەربەستی کەسایەتی خۆی بەتوانا و هێزێکی سەربەخۆیانەوە لەهەمان کاتدا بەنەرمی و هۆشیاری لەدەست دەگرێت و بەهەست کردن بە بەرپرسیارێتی و ئاوەزەوە، کە لەتایبەتمەندییەکانی مرۆڤێکی تەندرووستە ژیانی خۆی بەڕێوە دەبات. لەکۆتاییدا دەبێت ئاماژە بەو خاڵە بدەم، کە ئەم پەرتووکەم بەپێشنیازی بەڕێز (شەهرام عەتایی) بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و پەخشی ئاسیا وەرم گێڕایە سەر زمانی فارسی و ئەمە بۆ یەکەم جارە ئەو

پەرتووکەی وەری دەگێڕم لەلایەن کەسێکی دیکەوە هەڵدەبژێرێت. لەکاتێکدا هەڵبژاردنی پەرتووك زێدەتر لەنیوەی بەهای کاری وەرگێڕ پێکدەهێنێت و لەم وەرگێڕانە دا بەشی من لەنیوە کەمترە.

*ئیرەج پور باقر*

*تاران سەرەتای جۆزەردانی ١٣٦٢*

*کۆتایی مەی ١٩٨٤*

# پێشەکی:

ئەو تاقیکردنەوە چوار لایەنانەی، کە لەم پەرتووکەدان پێشتر لەگۆڤارەکەمدا بەناوی ئیماگۆ imago بلاو کراوەتەوە. لەڕاستیدا ئەمە یەکەم هەوڵی منە بۆ جێبەجێ کردنی روانگەکان و ئەو زانیاریانەی، کە لەدەرئەنجامی دەروون شیکاری و هەندێك لەدیاردە دەروون ناسییە کۆمەڵایەتییەکاندایە، کە هێشتا نادیار و چارەسەر نەکراو ماونەتەوە. کەواتە لەلایەکەوە بەپێچەوانەی پەرتووکە مەزنەکەی (دەبل یو. وونت)ە. کە ئامانجی جێبەجێ کردنی تیۆری و شێوازەکانی لێکۆڵینەوەیە لەدەروون ناسی نادەروون شیکاری لەگەڵ ئەم کێشە چارەسەر نەکراوەدا. لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی قوتابخانەی دەروون شیکاری زوریخ[1]دا ناگونجێت، کە هەوڵ دەدات تاکو دەروون ناسی تاك بەو زانیاریانەی کە لەدەروون ناسی کۆمەڵایەتییەوە وەری گرتوون شیبکاتەوە، ئەوا لەبەرامبەر ئەمەدا دەوەستم و دژی دەبم. دەبێت دان بەوەدا بنێم، کە لەم بوارەدا بۆ ئامادە کردنی تاقی کردنەوە چوار لایەنییەکانی خۆم لەهەر دوو لێکۆڵینەوەکەی سەرەوە سوودم وەرگرتووە. قەت نکوڵی لەوە ناکەم، کە لێکۆڵینەوەکانی من بەدەر بن لەکەموکوڕی و ناتەواوی. هەندێك لەکەموکوڕی و ناتەواویەکان لەوەوە دێن، کە لەکاتی ئامادە کردنی یەکەم

---

[1] یونگ: گۆڕان و نیشانەکانی لیبیدو، لەساڵنامەی "لێکۆڵینەوەی دەروون شیکاری و نەخۆشییە دەروونییەکان" ١٩١٢. هەر هەمان نووسەر و سەرچاوە "لێکۆڵینەوە سەبارەت بە یەك لەگرنگترین چەمکەکانی تیۆری دەروون شیکاری" ١٩١٣

لێکۆڵینەوە لەبابەتێکدا ناکرێت لێی دوورە پەرێز بێت، کە واتە لێرەدا هیچ ناڵێم و بری ئەمە چەند کەموکوڕی و ناتەواوی هەیە کە دەبێت چەند دێڕیان لەسەر شیبکەمەوە. راستە ئەم پەرتووکە بۆ ناشارەزایان نووسراوە، بەڵام تەنها ئەو خوێنەرانەی دەتوانن لەهەڵسەنگاندنەکانی ئەم پەرتووکە تێبگەن، کە پێشتر کەم تا زۆریەك ئاشنای دەروون شیکاری بووبن. ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە لەلایەکەوە لەنێوان ئانترۆپۆلۆژەکان، زماننا سان و پسپۆرانی کولتووری گشتی (درەشۆگی) ... هتد و لەلایەکی دیکەوە لەنێوان دەروون شیکاراندا پەیوەندییەك دروست بکات بەبێ ئەو تایبەتمەندییەی کە بتوانێت ئەو شتانەی لەلایان کەموکوڕ و ناتەواوە بخاتە بەردەستیان: گرووپی یەکەم پێویستیان بە دەروون شیکارییە و گرووپی دووەم بەگوێرەی پێویست دەستیان ناگاتە سەرچاوە و کەرەستەی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەکانیان. لەهەمان کاتدا دەبێت لەو ئاستەدا بێت کە سەرنجی هەر دوو گرووپ رابکێشێت. من پێ خۆشحاڵ دەبم کە ئەم هەنگاوە ببێتە هۆی هاوکاری زۆر بەسوودی ئەو زانیارانە. ئەو دوو بابەتەی کە بۆ ناونیشانی ئەم پەرتووکە بچووکە هەڵبژێردراوە، واتە تەوتەم و تابۆ tobo u totem. وێڕایی ئەمەش لەم پەرتووکەدا بەشێکیم نەهێناوە. سەبارەت بەکێشەی تابۆ چارەسەرییەکم پێشنیار کردووە، کە بەبڕوای خۆم هەر وادەبێت و نزیکە لەیەکلایی کردنەوە. سەبارەت بە تەوتەم ئاوەها نییە دەبێت خاکیانە دانی پێیابنێم کە رێگەی چارەسەری من لەم بوارەدا سنووردارە بەو زانیارییانەوە کە لەئێستا دا و بەرواڵەت دەروون شیکاری رێی پێداوین قسەی لەسەر بکەین. جیاوازی ناوبراو لەنێوان ئەو دەرئەنجامانەی دەست کەوتوون و لەباری رادەی راست و دروس بوونییەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هێشتا

تابۆکان لەکۆمەڵگای نوێی ئێمە دا دەبینرێن، هەرچەندە بەشێوازێکی نەرێنی لێکدراونەتەوە و هەندێک بابەت لەخۆیان دەگرن، کە بە تەواوەتی لەگەڵ رابردوو دا جیاوازن، بەڵام لەڕوانگەی دەروون ناسییەوە شتێکی جیاواز لەبڕیارە رەهاکەی کانت [٢] نییە، وێڕای ئەم جیاوازییە کە لەبڕیاری رەها دا هەموو شتێك داسەپاو لێکدەدرێتەوە دەرفەتێك بۆ هۆی هۆشیاری خود لەئارادا نییە. بەپێچەوانەوە بابەتی تەوتەم بەتەواوەتی جیاوازە لەگەڵ شێوازی ژیانی ئەمڕۆماندا. سازی و رێخراوەیەکە لەمێژە دیار نەماوە و جێگەی خۆی داوەتە شێوازی نوێ ئایینزا و کۆمەڵگا. سازی و دەزگایەکە، کە بەزەحمەت دەتوانێ ئاسەواری لەکولتوور و نەریت و ئایینی خەڵکی شارستانی ئەمڕۆی جیهاندا ببینێت. تەنانەت ئێستاش لەلای ئەو خەڵکانەی کە باوەڕیان پێیەتی گۆڕانکاری قووڵی بەسەردا هاتووە. پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و تەکنیکی مرۆڤایەتی بەزۆری زیانی گەیاندووە بەتەوتەم تاکو

---

[٢] بڕیاری رەهای کانت بەگوێرەی چەمکی نیازی چاکەیە، رێك وەك ئەرك ناسی سێ بناخەی رێکخستن و رێککەوتنی هەیە و لەپەرتووکی بنچینەکانی ئەودیو سروشتی داب و نەریتەوە، کانت بە ریز نوسیویەتی: یەکەم بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکە، کە وابزانیت مرۆڤایەتیت خستۆتە خزمەتی کەسایەتی خۆت و کەسانی دیکە. هەڵبەت مرۆڤایەتی وەك ئارمانج. قەت وەکو ئامراز سودی لێ وەرمەگرە. دووەم: بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکە، کە بتوانیت حیکمەتی کردارەکەت بگەیەنیتە ئاست یاسایەکی رەهای ئاکاری لەهەرێمی بەئامانجی بووندا. سێیەم بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکە، کە سەربەخۆیی و ویست لەکەسایەتی تۆدا سەرکەوێت بەسەر شتەکانی دیکەدا. کەواتە کانت جۆرێك سەیری ئەخلاقیات دەکات کە چاوێك لەئەزموونەکان ناکات و هەر بەشێوازێکی زەینی دەگاتە دەرئەنجامەکان. بەم بۆنەیەوە سێ بڕیارەکەی سەرەوە بەبڕیاری بێ شەرت و مەرج یان رەها ناو دەنێن.

تابۆ. هەوڵدراوە لەم پەرتووکەدا بەشێوازێك بکەم. کە ئاسەواری تەوتەم لەنێوان منداڵان و لەجێگەیەکی دیکەدا واتا سەرەتاییەکەی ببینمەوە: لەڕەوتی نشونەما و گەشەی منداڵانماندا دیاردە و لایەن گەلێك دەبینین، کە بیرهێنەرەوەی هەبوونی تەوتەمن. بەڕواڵەت ئەو پەیوەندییە نزیکەی لەنێوان تەوتەم و تابۆدان و روونکەرەوە و بەهێز کردنی ئەو تیۆریانەیە کە لەم پەرتووکەدا خراوەتە روو، گەر تەنانەت بەو دەرئەنجامە بگەین، کە ئەم تیۆریە قەت راست نییە دیسان ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە ئەم تیۆریە ناتەواوە تاڕادەیەك نەبووبێتە هۆی نزیك کردنەوەی ئێمە لەگەڵ راستیدا، کە ساڵانێکی درێژە لەم بۆشاییە و گەلێنە دەگوزەرێت و سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی گەلێك دژوارە.

***زیگمۆند فرۆید، رۆما،***

***سپتەمبەری ١٩١٣***

## تاقی کردنەوەی یەکەم:

## ترس لەدەست تێکەڵ کردنی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا:

ئێمە بەرێگەی پاشماوە و ئامراز و کەرەستە و بەرهەمە هونەرییەکان و ئایدیۆلۆژیا و ئاییندا، کە لەمرۆڤەکانی پێش مێژوو بۆمان بەجێماوە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرێگەی گێڕانەوەی، ئەفسانە و چیرۆکی جنۆکە و پەرییەکان لێیان ئاگادار بووین و لەئاکامدا بەرێگەی ئاسەوارەکانی شێوازی تێڕامانی ئەوانەوە کە لەخودی داب و نەریتی ئێمە دا بەجێماوە شارەزای هەوراز و نشێوەکانی ژیانیان دەبین. وێڕای ئەمەش هێشتا تاڕادەیەك ئەم مرۆڤەی پێش مێژوو (تێکەڵی) مرۆڤە هاوچەرخەکانمان بوون. هێشتا مرۆڤ گەلێك هەن کە زێدەتر لەخەڵکانی سەرەتایی نزیکن تاکو ئێمە و ئەو خەڵکە سەرەتاییە بە بنەچەی خۆیان دەزانن و خۆیان بەجێگرەکانی ئەم مرۆڤانەی سەردەمانی پێشوو دادەنێن. گەر ئەم تیۆریە راست بێت کە نەتەوە هۆڤ و نیمچە هۆڤەکان لەم چەشنەن و هەروەها بتوانین داددوەریان لەسەر بکەین و بیسەلمێنین کە ژیانی دەروونی ئەوان یەك لەو دەرکەوتنانەی پێشوو بێت کە تەواوکاری ژیانی دەروونی ئێمەن وەك خۆی بەبێ دەستتێوەردان پارێزراوە، ئەوا گرنگیەکی تایبەتی دەبێت بۆمان، ئەوسا بەهەڵسەنگاندن لەنێوان "دەروون ناسی گەلە سەرەتاییەکان"، کە لەئەنترۆپۆلۆژیاوە بەدەست دێت و

هەروەها دەروون ناسی نەخۆشی دەروونی، کە لەلێکۆڵینەوە دەروون شیکاریەکانەوە ئەنجام وەردەگرێت دەگەینە لایەنی جۆراوجۆری هاوبەش و بەڕوانگەیەکی نوێیەوە چاو لەراستییە دۆزراوەکانی ئەم دوو بەشە (لەزانست) دەکەین. لەبەر هۆ گەلێکی دەرەکی و ناوەکی بۆ بەئەنجام گەیاندنی هەڵسەنگاندنی ناوبراو هۆڤترین و داماوترین و پاشکەوتووترین خێڵەکانمان هەڵبژاردووە، هەر بەگوتەی ئەنترۆپۆلۆژەکان ئاوا پێناسە کراون، هەر هەمان دانیشتوانی سەرەتایی نوێترین کیشوەری رووی زەوی، واتە ئوستralیا کە لەکۆی دانیشتوانەکانیدا ئاسەوار گەلێك لەسەردەمە پێشووەکانیان پاراستووە، کە لەجێگەکانی دیکەدا نابینرێن. دانیشتوانی سەرەتایی ئوستralیا لەحوکمی رەگەزێکی جیاوازدا دادەنرێن و لەهیچ شێوەیەکدا خزمایەتی جەستەیی و زمانیان لەگەڵ دراوسێ نزیکەکانیاندا نییە، واتە هەمان گەلانی مۆلانزی و پۆلینزی و مالیزیاییدا. دانیشتوانی ناوبراو خانوو و کاولاشی قایم ناکەنەوە و کشت و کاڵ ناکەن و قەت ئاژەڵی ماڵیان نییە، تەنانەت سەگیش و توانای هونەری گۆزە دروست کردنیشیان نییە. تەنها و بەتایبەت گۆشتی ئەو ئاژەڵانە دەخۆن کە خۆیان راویان دەکەن و ئەو رەگانەی لەژێر عەرز دەریان دێنن دەبنە خۆاردەمەنیان، نە پادشایان هەیە و نە سەرۆك و کاروباری گشتی لەلایەن کۆمەڵێك کەسی پێگەیوە بڕیاری لەسەر دەدرێت و چارەسەر دەکرێت. بڕوا ناکەم بتوانی ئاسەوارێك لەئاینزا واتە پەرستشی بوونەوەرە بەرزەکانیان لا ببینیت. خێڵەکانی بەشی ناوەوەی ئەم کیشوەرە، کە ناچارن لەبەر کەم ئاوی

بەرەنگاری هەلومەرجێکی دژوار بنەوە لەهەر ڕوویەکەوە سەرەتایی ترین لەو خێڵانەی کە لەلێوارەکاندا ژیان دەکەن. بەدڵنیاییەوە چاوەڕوان ناکرێت ئەو مرۆڤ خۆرە رووت و هەژارانە پێ بەندی رەوشت گەلێك بن، لەوانەی ئێمە بچێت یان لەڕووی غەریزەی سێکسییەوە ڕێگا نادەنە سنووردار کردنە خەست و توندەکانی ئێمە کە بچێتە لایان، بەلام ویڕای ئەمەش دەزانین لەڕووی پەیوەندی سێکسی پەیوەندیدار بەدەست تێکەڵ کردنی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا پەیڕەوی توندترین یاساخ کردنەکانن، تەنانەت وا دیارە کە هەموو بنیاتی کۆمەلایەتیان سەر بەم ئامانجەیان بەشێوەیەك پەیوەندیداری ئەم بنەمایە بێت. ئەم ئوسترالیانە لەبری هەموو سازییە ئایینزا و کۆمەلایەتییەکان کە لەناویشیان دا نییە سیستەمێکی تەوتەمی لەئارادایە. خێڵەکانی ئوسترالیا بەسەر گروپ گەلێکی بچووکتردا دابەش دەبن کە پێیان دەڵێن کلان Clan (هۆز) ناوی هەرکام لەو هۆزانەش هەمان ناوی تەوتەمەکەیانە. تەوتەم چییە؟ بەشێوەیەکی گشتی تەوتەم ئاژەڵێکە دەخورێت، بێ ئازارە یان مەترسیدار و ترسناکە. زۆر بەدەگمەن گیا (ڕووەك) یان هێزێکی سروشتی وەك (باران، ئاو) دەبنە تەوتەم چونکە پەیوەندییەکی تایبەتی بەهەموو گروپەوە هەیە. لەقۆناخی یەکەمدا تەوتەم بەجەدی گروپ دادەنرێت و لەقۆناخی دووەمدا فریشتەی پشتیوان و پاسەوانیەتی و هەواڵە نادیارەکانی بۆ دەنێرێت و لەهەمان کاتدا کە مەترسی و ترسناکی بۆ خەلکانی دیکە هەیە، منداڵەکانی خۆی دەناسێت و دەیان پارێزێت. کەواتە بەپێچەوانەی ئەو کەسانەوە کە تاك تەوتەمیان

هەیە. ئەم ئەرکە پیرۆزە لەئەستۆ دەگرن کە تەوتەمەکەی خۆیان نەکوژن یان تێیدا نەبەن و لەگۆشتەکەی نەخۆن (یان بەشێوازێکی دیکە سوودی لێ وەرنەگرن) چونکە لەسزای تاوانەکەی خۆیان پارێزراو نابن. ناو دانانی تەوتەم تەنها دیاری کراوی فلان ئاژەڵ یان تایبەتی (فلان رووەك یان هێزی سروشتی) نییە، بەڵکو ئەمە پەیوەستە بەهەموو تاکەکانی ناو (تویژ یان جۆری) تەوتەمێکەوە. کەس گەلێك لەگروپێك، کە تەوتەمێکیان هەیە جار ناجارێك جەژن دەگێرن و بەدرێژایی جەژنەکە و بەردەوام سەما دەکەن، لەسەمای بۆنەکەیاندا لاسایی لەجووڵە و تایبەتمەندییەکانی تەوتەمەکەیان دەکەنەوە یان دووپاتی دەکەنەوە. تەوتەم بەمیرات دەگوێزرێتەوە بۆ جیلەکانی دیکە و لەم رووەوە جیاوازی لەنێوان دایك و باوك دا نییە. مەزندە دەکرێت شێوازی گواستنەوەی تەوتەم لەلایەن دایکەوە مێژینەی لەهەموو شوێنەکاندا کۆنتر بوبێت و پاشان گوێزرانەوە بەرێگەی باوکەوە خرابێتە جێگاکەی. گرێدراو بوونی تاك بەتەوتەمەوە بناخەی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی ئوسترالیەکانە. لەلایەکەوە گرێدراو بوون بەخێڵەوە گرنگترە و لەلایەکی دیکەوە خزمایەتی و گرێدراو بوون لەخێزانەوە [1]

---

[1] فریزر frazer . تەوتەم پەرەستی و زەواج لەگەڵ بێگانەدا، بەرگی یەکەم، لاپەرەی ٥٣. پەیوەندییەك بەرێگای تەوتەمەوە لەرێگای کەسەکان دا پێکدێت. بەهێزترە لەو پەیوەندییە کە لەپەیوەندی بنەماڵەیی ئەمرۆدا هەیە. یان بەرێگای بنەماڵەکان لەمرۆدا پێك دێن.

دەخرێتە پلەی دووەمی بایەخ پێدان. تەوتەم پەیوەست نییە بەزەوی یان فلاّنییەوە یان بەهەمان شوێنەوە؛ دەکرێت کەسەکانی تەوتەمێك دوور لەیەکدی ژیان بکەن و لەگەڵ ئەندامانی تەوتەمەکانی دیکەدا لەئاشتی و ئاسوودەییدا ژیان بەسەر بەرن[٢]. ئێستا ئێمە لێرەدا دەگەینە سەر ئەو

[٢] بابەت گەلێکی فرە تێر و تەسەل سەبارەت بە سیستەمی تەوتەمی وتراوە. بۆیە پێویستی بەڕوون کردنەوە و هەندێ لەبەرچاو گرتن هەیە. ووشەی تەوتەم وەك ووشەی totam لەساڵی ١٧٩١ دا لەلایەن j.long ی بەریتانی، کە لە سووربێستانی ئەمریکای باکووری وەرگرتبوو هاتۆتە نێو زمان و نووسراوەکانەوە. بەرە بەرە ئەم بابەتە وردبینی و سەرنجی زانیارانی بۆ لای خۆی راکێشا و بووە هۆی لێکۆڵینەوە گەلێکی فرە لەم بوارەدا و لەم نێوە دا تەنها ئاماژە بە چەند لێکۆڵینەوەیەك دەدەین. پەرتووکی چواربەرگی لە g.frazer.زیە ناونیشانی تەوتەم پەرەستی زەواج لە گەڵ بێگانەدا (١٩١٠) وە لێکۆڵینەوە و پەرتووکەکانی ئاندرو لانگ a.long و پەرتووکی گرنگی رازی تەوتەم ١٩٠٥. توێژەری سکاتلەندی lennan. j.fergusom (١٨٦٩-١٨٧٠) یەکەم کەسە کە هەستی بە گرنگی تەوتەم پەرەستی کرد لە مێژووی مرۆڤی سەرەتاییدا . دەزگا تەوتەمییەکان دەدۆزرێنەوە و هێشتاش هەر دەدۆزرێنەوە و جگە لە ئۆستراليا لە نێو سووربێستەکانی ئەمریکای باکووردا و لەنێو خێڵە دانیشتووەکانی کۆمەڵە دورگەکانی ئۆقیانووسییە، لەهێندی رۆژهەلاّت و لەنێو فرە یەك لەخێڵە ئەفریقییەکاندا تەوتەم پەرەستی برەوی هەیە. بەلاّم هەندێك لەئاسەوار و پاشماوەی ئاڵۆز و نادیارەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە تەوتەم پەرەستی لەنێو هەندێك لەگەلانی ئاری و سامی سەرەتاییدا لەئوروپا و ئاسیا برەوی هەبووە بەجۆرێك کە زۆربەی زانیاران لەوە بیر دەکەنەوە، کە تەوتەم پەرەستی بەقۆناخێکی پێویست و گشتی لەپرۆسەی وەرچەرخان و پێشکەوتنی مرۆڤ دابنێن. ئێستا دەبێت بزانین مرۆڤە سەرەتاییەکان چلۆن گەیشتوونەتە ئێرە ، کە تەوتەمێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن و گشت ئەرکە کۆمەلاّیەتییەکانی خۆیان بەگوێرەی ئەو دابرێژن. پاش هەندێکی دیکە لەوە بەئاگا دێن. کە سەرچاوەی مەحرەمە سێکسییەکانی خۆیان لەپەیوەست بوونیان بە بنەچەی فلاّن ئاژەڵەوە دەبینن. لەم بوارەدا بۆچوونی جۆراوجۆر هەن. دەتوانین راپۆرتێکی کورت لەنێو پەرتووکی دەروون ناسی گەلان بەرهەمی (وونت بەرگی دووەم. ئەفسانە و ئایینزا) ببینین، بەلاّم وادیارە

تایبەتمەندییانەی کە لەتەوتەم پەرەستیدا جێگای سەرنجی تایبەتی دەروون شیکارانە. لەهەر شوێنێکدا ئەم سیستەمە بەڕێوە بچێت یاسایەك هەیە، کە بەگوێرەی ئەو یاسایە نابێت ئەندامانی تەوتەمێکی دیاری کراو پەیوەندی سێکسیان پێکەوە بێت و لەئاکامیشدا نابێت لەگەڵ یەکدیکەدا زەواج بکەن. ئەمە هەر هەمان یاسای ژن و مێردایەتییە، کە ئەندامانی تەوتەمێك نابێت لەگەڵ یەکدیدا بیکەن، بەڵکو دەبێت لەگەڵ کەسانی جیاواز دا بیکەن و ئەمەش پێویستی و تەواوکاری تەوتەم پەرەستییە. ئەم یاساخ کردنە زۆر بەتوندی بەڕێوە دەچێت و گەلێك گرنگە و ئەمە هیچ چەشنە پەیوەندییەکی لۆژیکیانە لەگەڵ سروشت، و تایبەتمەندییەکانی تەوتەمدا

---

هاودەنگی لەنێوانیاندا نەبێت. مەبەستی من ئەوەیە کە لەمزاری (بابەت) تەوتەم پەرەستی دا توێژینەوەیەکی تایبەت بەئەنجام بگەیەنم و لەم ڕێگایەدا سود لەشێوازی دەروون شیکاری وەربگرم نەك تەنها سەبارەت بەشیکردنەوەی تیۆری تەوتەم پەرەستی ناکۆك بوونێك هەیە، بەڵکو بەزەحمەت دەتوانین ڕاستییە تێکەڵ کراوەکان لەچوارچێوەی بابەتێکی گشتیدا وەك ئەوەی خۆم تاقیم کردەوە بخەینە ڕوو. لێکدانەوە و ڕاڤەیەك نییە هەڵە و کەموکوڕی تێدا نەبێت. بەڵام نابێت ئەوە لەیاد کەین تەنانەت سەرەتاییی ترین و پارێزگار ترین گەلان تاکو ڕادەیەك گەلانی کۆنن (گەلانی مێژوون) و ڕابردوویەکی درێژیان لەپشتە و ئەوەی لای ئەوان سەرەتایی بووە لەماوەی ئەم قۆناخە درێژانەدا تووشی گۆڕانکاری و وەرچەرخان و پێشکەوتنی سەرسوورهێنەر بوون. لەم سۆنگەیەوە ئێستا تەوتەم پەرەستی لەنێو ئەو گەلانەدا کە هێشتا باوەڕیان پێیەتی و بەشێوەی جۆراوجۆر و لێك پچڕاو، پارچە پارچە بوون و گواستوویانەتەوە بۆ دەزگا کۆمەڵایەتی و ئایینزاکانی دیکە یان هێشتا لەچوارچێوە پێشووەکە دان جیاوازی زۆری لەگەڵ پێوانە سەرەتاییەکاندا هەیە، کەواتە بەدژواری دەتوانرێت چاك لەخراپ جیا بکەینەوە و نموونە ڕاستییەکانی کۆن لەنموونە گۆڕاوەکانی دوایی دا بناسینەوە.

نییە، کە تاکو ئێستا لەبەردەستدایە و نازانین چۆن توانیویەتی وردە وردە خۆی بخزێنێتە ناو تەوتەم پەرەستییەوە، بۆیە کاتێك هەندێك لەتوێژەرەوان رایانگەیاند. بەدڵنیاییەوە سەرەتا شوکردن و ژن هێنان هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکیانەی بە تەوتەم پەرەستییەوە نەبووە، بەڵکو پاشان پێویستی بە هەلومەرج و سنوور دانانیان لەبواری ژن هێنان و شو کردندا کردووە بەنەریت. هەر چۆنێك بێت پەیوەندی نێوان تەوتەم پەرەستی و ژن هێنان و شو کردن لەگەڵ کەسە جیاوازەکاندا قووڵ بێت یان نا ئەم پەیوەندییە لەئارادایە و بەرواڵەت زۆریش قایمە. ئێستا دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی چەند خاڵێك هەوڵ بدەین واتا سنووردارەکانی ئەم پەیوەندییە بخەینە روو.

ئە:/ لادان و سەرکێشی لەم سنوورانە یەکڕاست دەبێتە هۆی سزادانی ئۆتۆماتیکی لادەر، نەك وەك ئەو سەرکێشیانەی، کە لەسنووردار کردنەکانی دیکەی تەوتەمدا دیتومانە (بۆ نموونە سەبارەت بەسنوورداریەکانی خواردنی گۆشتی ئاژەڵی تەوتەم)، کە بۆ کەسی سەرکێشیان داناوە، بەڵکو لەمەدا هەموو خێڵ هەڵدەستن بە تۆڵە سەندنەوە وەك بڵێت مەترسییەك هەڕەشەی لەخێڵ کردووە یان ئەو تاوانەی کە ئەنجام دراوە وەك بارێکی زۆر قورسە بەسەر خێڵەکەوە و دەبێت خۆی لەخراپە و نەگبەتییەکانی دەرباز بکات. "فرازێر" نیشانمان دەدات کە ئەو هۆڤانە بەگوێرەی هیچ پێوانەیەکی ئاکاری لەگەڵ ئێمەدا نایەنەوە، کە بەچ زەبر و زەنگێك هەڵسوکەوت لەگەڵ

ئەو تاوانبارانە دا دەکەن، کە هەڵساون بەئەنجام دانی ئەو تاوانە. ((سزای پەیوەندی سێکسی بەگوێرەی یاسا لەگەڵ تاکێکی یاساخ کراوی کلان "هۆز" لەئۆستراليا دا تەنها کوشتنە)).

بەڵام ئەوە گرنگ نییە، کە ژنەکە ئەندامی هەمان گروپی خۆیی بێت یان ئەندامی خێڵێکی دیکە بێت و لەجەنگدا یەخسیری ئەو خێڵەی دیکە بوو بێت و پیاوێك لەهەمان کلانی تاوانباردا ئەو ژنە وەك ژنی خۆی بەکار بێنێت، بەڵکو لەلایەن پیاوانی کلانەوە دەخرێتە ژێر چاودێری و دەکوژرێت و ژنەکەش بەهەمان چارەنووس دەڕوات. برێك جار گەر ژن و پیاو بتوانن بۆ ماوەیەکی زەمەنی خۆیان لەبەر چاوی راوچییەکاندا بشارنەوە لەوانەیە بەرە بەرە تاوانەکەیان لەیاد بچێتەوە. لەهەندێ شوێنی شاز و تایبەتیدا وەك خێڵی ((Ta-To-Thi، تا تۆ تی)) لەگاڵر نۆی باشووردا، گەر رووداوێکی لەو چەشنە روو بدات پیاوەکە دەکوژن، بەڵام قەپاڵ لەژنەکە دەگرن یان جەستەی بەرم کون کون دەکەن تاکو بمرێت یان بکەوێتە دۆخی شەکەت و سەرەمەرگەوە هۆی ئەوە کە ژن یەکراست ناکوژن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەکاو ژنەکە لەژێر زەختدا خۆی خستبێتە بەر ئەم تاوانە. تەنانەت سەبارەت بەدڵداری و عەشقی کوت و پڕ و ناکاو سنوورەکانی کلان بە تەواوەتی لەم بوارەدا لەبەر چاو دەگیرێت، هەر چەشنە سەرکێشییەك لەم سنوورانە وەکو "ترسناکترین بابەتەکان لێك دەدرێتەوە و سزاکەشی مەرگە" (Hawitt)

ب) تەنانەت ئەم سزایانە سەبارەت بەو دڵداری و عەشقانەوە بەڕێوە دەچن کە دەرئەنجامی سك پڕ بوون و منداڵ بوونی لێ نەکەوێتەوە، وا نایەتە بەرچاو کە ئەم سنوورانە بەهۆی دەرئەنجامی کردەوەکانەوە بێت.

ج) وێڕای ئەوەی کە تەوتەم بەمیراتە و ژن هێنان و شوکردن هیچ گۆڕانێکی تێدا ناکات بەئاسانی دەتوانین هۆی دەرئەنجامی سنووره ناوبراوەکان ببینینەوە. بۆ نموونە گەر پیاوێك ئەندامی "کلان"ێك بێت کە تەوتەمەکەیان کانگۆرۆ بێت لەگەڵ ژنێکی کلانێکی دیکەدا زەواج بکات، کە تەوتەمەکەیان نەعامە بێت ئەوا میراتی تەوتەم بەرێگەی ژنەکەوە دەگوێزرێتەوە، ئەوسا منداڵەکانیان چ کچ و چ کوڕ دەبنە نەعامەیی [٣] و بەگوێرەی یاسا تەوتەمییەکان ئەو منداڵە کوڕەی، کە لەم ژن و پیاوە هاتۆتە دنیا ناتوانێت پەیوەندی سێکسی و زایەندی لەگەڵ بەرەی دایکیا وەکو خۆشك و خوشکەزا ئەنجام بداتو لەڕاستیدا دایك و خوشکەکەشی لێ حەرام دەکرێت.

---

[٣] سنووردار کردنی ناوبراو، وێڕای ئەم سنوورانە ناتوانێت بێتە رێگرییەك لەباوکی کانگۆرۆی بۆ پەیوەندی کردنی سێکسی بەکچەکانییەوە، کە هەموویان نەعامەیین. لەگواستنەوەی بۆماوە لەپشتی باوکەوە، باوك و منداڵەکان دەبنە کانگۆرۆی، ئەوسا باوك ناتوانێت پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کچەکانی خۆیدا بکات، بەڵام وێڕای ئەمە کوڕ دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ دایکیدا بکات. ئەو دەرئەنجامانەی لەیاساخکارییەکانی تابۆوە سەرچاوە دەگرێت نیشان دەدات، بۆماوە لەپشتی دایکەوە کۆنترە لەبۆماوە لەپشتی باوکەوە، چونکە بەڵگە گەلێك لەدەست دان کە ئامانج لەم سنووردار کردنە رێگری کردنە لەحەزە سێکسییەکانی کوڕ بەرامبەر بەدایکی.

د) بەڵام بە سەرنج و تێڕوانینێکی وردەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زەواج لەگەڵ بێگانەدا بەشێکە لەسیستەمی تەوتەم. دەرئەنجام و مەبەستێکی دیکەی تێدایە جگە لە رەد کردنەوەی پەیوەندی سێکسی کوڕان لەگەڵ مەحرەم و دەوروبەری نزیکدا. زەواج لەگەڵ بێگانەدا ئەو بڕیارە دەدات، کە زەواج لەگەڵ هەر ژنێک لەگروپی خۆیدا لەپیاوەکان حەرام دەبێتو رێگەی پێ نادرێت واتە ژن هێنان لەگەڵ ئەو ژنانەی کە هیچ پەیوەندییەکی خوێنی و خزمایەتیان لەگەڵیدا نییە دیسان رێگەی پێ نادرێت، بەڵکو تەنها بەو پێناسەیەی کە بە بەشێك لەهاو خوێنەکانیان دەژمێردرێن. لەسەرەتادا پاساوی دەروونی و سایکۆلۆژی ئەم سنووردار کردنە بەرفراوانە دیار نییە و لەنێو گەلانی شارستانی ئەمڕۆشدا هاوشێوەی نییە. تەنها و تەنها وا بەزەین دەگات کە رۆڵی تەوتەم (ئاژەڵ) وەکو جەد لەم یاساخ کردنەدا زۆر بە جدی و بەڕێزەوە وەرگیراوە. هەموو ئەو کەسانەی کە بە رەچەڵەك لەیەك تەوتەمن هاوخوێنن و وەکو یەك بنەماڵە سەیر دەکرێن و ئەندامەکانی ئەو تەوتەمە هەر چەندە خزمایەتییەکی زۆر زۆر دووریشیان لەگەڵ یەکدی بێت ناتوانن پێکەوە پەیوەندی سێکسی بکەن. بەم شێوەیە تێدەگەین هۆڤە ناوبراوەکان ڕاڕایەکی زۆریان هەیە لەسەر پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسە نزیك و دەوروبەرەکانیاندا. ترس و هەستیارییەکی نائاساییان هەیە سەبارەت بە پەیوەندییە سێکسیەکان، ئەوە لەگەڵ تایبەتمەندی گەلێکدا تێکەڵ دەکەن کە ئێمە سەریان لێدەرناکەین،

ئەویش ئەوەیە کە لەبری خزمایەتی خوێنی و راستەقینە و بنەماڵەیی خزمایەتی تەوتەمیان کردۆتە بناخەی ئەم پەیوەندیانە. وێڕای ئەم تایبەتمەندی و ناکۆکییە لەنێوان ئەم دوو جۆرە خزمایەتییەدا، نابێت زێدەڕۆیی بکرێت. دەبێت بەتوندی سەرنجی ئەم خاڵە بدرێت، کە لەیاساخکراوە تەوتەمییەکاندا پەیوەندی سێکسی راستەقینە لەگەڵ مەحرەمەکاندا بەشێك نییە لەبابەتێکی تایبەت.

ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە کە چلۆن بنەماڵەی راستەقینە جێگای خۆی داوەتە گروپی تەوتەم؟ کاتێك دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە لەسروشتی تەوتەم تێبگەین؟ بێگومان دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین، کە تەنها بناخەی گونجاوی یاساخکردنی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا هەر هەمان جێگۆرکێی خزمایەتی تەوتەمییە لەگەڵ خزمایەتی خوێنیدا. چونکە بەرەچاو کردنی ئەم بابەتە گەر ئازادی سێکسی رێژەی بە تاکەکان بدەن ئەویش بەشێوازێك کە سنووری پەیوەندی ژن و مێردایەتی دەرباز کات ئەوسا ترسی ئەوەیان دەبێت، کە تاك پەیوەندییە خوێنییەکان لەبەرچاو نەگرێت و تا پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمە (راستەقینەکانیدا) بەرەو پێش بڕوات. هەڵبەت هەڵە و کەم و کورییەك لەداب و نەریتی ئۆستراليەکاندایە، کە لەهەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵایەتی و رەوشی زەق و تایبەتدا مافی تایبەتی پیاو لەگەڵ ژنە رەواکەی خۆی لێدەسەنرێتەوە و لەڕاستیدا پیاوانی بێگانە دەتوانن لەگەڵ ئەو ژنەدا لەو

ڕەوش و دۆخەدا پەیوەندی سێکسی ئەنجام بدەن. لەزمانی هۆزە ئوسترالییە ناوبراوەکاندا تایبەتمەندی گەلێك دەبینن، کە پەیوەندیداری ئەم بوارەیە. ئەو ووشانەی لەنێو ئەم هۆزانەدا بۆ دەربڕینی ئاستە جیاوازەکانی خزمایەتی دەگوترێت هەموو کات بۆ پەیوەندی نێوان دوو تاك یان پەیوەندی نێوان تاك و گروپ گوتراون. جۆری پەیوەندی نێوان تاکێك و گروپێك نیشاندەدا وەك (M.L.H.Morgan) - ١٨٧٧ دەڵێت ئەم وشانە نیشانەی سیستەمێکی "خاڵبەندی کراوی" خزمایەتییە. بۆ نموونە ووشەی باوك تەنها و بەتایبەتی بۆ باوکی ڕاستەقینەی خۆی بەکار ناهێنێت، بەڵکو بۆ هەموو ئەو پیاوانەی هۆز کە بەگوێرەی داب و نەریتی هۆز دەکرا لەگەڵ دایکیدا زەماوەند بکەن دەگوترێت، هەر بەم شێوەیە نەك تەنها بەدایکی ڕاستەقینەی خۆیناڵێت دایە، بەڵکو بۆ ئەو ژنانەی کە دەکرا بەبێ سەرکێشی لەداب و نەریتەکانی هۆز ببوبایەتە دایکی دەڵێن دایك. لەئاکامدا وشەی برا و خوشك تەنها بۆ برا و خوشکی ڕاستەقینە بەکار ناهێنرێت، بەڵکو منداڵی ئەو کەسانەش لەخۆ دەگرێت کە لەوانە بوو ڕۆژێ لەڕۆژان ببونایەتە دایك یان باوکی هەر بەم شێوەیە ... هتد، کە واتە گوتەزا و وشە تایبەتەکانی خزمایەتی، کە لەنێو ئوسترالیەکاندا دەگوترێت، وەك ئەوەی لەنێو زمانی ئێمەدا باوە نیشانەری خزمایەتی خوێنی و ڕاستەقینە نیە. وشە ناوبراوەکان بەزۆری سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن تاکو پەیوەندییە جەستەییەکان. شتێکی لێکچووی هەمان سیستەمی خاڵبەندی

کراو لەلای ئێمەشدا هەیە، بۆ نموونە کاتێك منداڵەکانمان هان دەدەین بەهەموو دۆست و هاوڕێیانی باوك بڵێت مامە و بەهەموو هاوڕێیانی دایك بڵێن پورێ. راڤەکردنی ئەم گوتەزایانە، کە لەهەنگاوی یەکەمدا لەمەتەڵێك دەچن ئەوەندەش دژوار نییە، چونکە ئەم گوتەزایانە شتێك نییە جگە لەپاشماوەی دەزگا پەیوەندیدارەکان بەهاوسەریەتییەوە، کە خوالێخۆشبوو (Fison) وەکو "هاوسەریەتی بەکۆمەڵ" ناوزەدی کردوون. بەو واتایە کە گروپێك پیاو لەگەڵ گروپێك ژندا بەشێوەیەکی هەرەمەکی هاوسەریەتی دەبەستن. ئەو منداڵانەی کە دەرئەنجامی ئەم زەواجەن، بێگومان دەبێت خۆیان بە خوشك و برای یەکتر بزانن، گەرچی دایکی ئەو منداڵانە یەك دایك نەبێت و هەموو پیاوانی ئەو گروپەش بەباوکی خۆیان بزانن، گەرچی هەندێك لەلێکۆڵەرەوان وەك (وێسترمارخWester marck) لەپەرتووکەکەیدا بەناونیشانی "مێژووی هاوسەریەتی مرۆڤ" لەچاپی دووەمی ١٩٠٢ دا. ئەو دەرئەنجامەی کە سەبارەت بەگوتەزانی پەیوەندیدار بەخزمایەتی گروپییەوە خستوویانەتە ڕوو ڕەد دەکاتەوە. لێکۆڵەرەوانی دیکە، کەشارەزای داب و نەریتی هۆڤەکانی ئۆسترالیان لەم خاڵە دا یەك بۆچوونیان هەیە. گوتەزا خاڵبەندی کراوەکان سەبارەت بەخزمایەتی شتێك نییە جگە لەپاشماوەکانی سەردەمی هاوسەریەتی بەکۆمەڵ. بەبڕوای ئسپنسر (Spencer) و گیلن (Gillan) ((خێڵە خۆجێیەکانی ئوسترالیایی ناوەندی ـ لەندەن، ١٨٩٩). شێوازێکە لەهاوسەریەتی بەکۆمەڵ کە وادیارە ئەمڕۆ

لەنێوان هۆزی (ئورابونا Urabunna) و (دیریەکان Dieris)دا لەئارادایە. کەواتە زەواجی بەکۆمەڵ پێش زەواجی تاك لەنێو ئەم خێڵانەدا باوە بووە و ئاسەوارەکەی ئەمڕۆ لەنێو زمان و داب و نەریتی ئەواندا دەبینرێت، بەڵام گەر زەواجی بەکۆمەڵ لەبری زەواجی تاك دابنێین ئەوسا توند و تیژیەك، کە بەرواڵەت زیدەڕۆیی لە رادە بەدەری یاساخکردنی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا لەنێو ئەو خێڵانەدا دەبینرێت بۆمان روون دەبێتەوە. هاوسەر گرتن لەگەڵ کەسێکی جیا لەتەوتەمی خۆی و یاساخکردنی پەیوەندی جەستەیی لەنێوان ئەندامانی کلانێکدا وا دێتەبەرچاو، کە گونجاوترین شێوازە بۆ بەرگری کردن لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکانی نێو گروپدا. ئەو هۆ و ئامرازەی، کە لەو سەردەمەدا چەسپاوە و جێگیر بووە بۆ زەمەنێکی درێژ پاش هەڵوەشاندنەوەی هۆ پێویستەکانی (پاش بەسەر چوونی) هەر ماوەتەوە.

لەوانەیە بەرواڵەت وا وێنای بکەین، کە لەهۆکانی سنووردار کردنی زەواجی باو لەنێو هۆڤەکانی ئوسترالیادا تێگەیشتبین، بەڵام نابێت ئەوە لەیاد کەین هەلومەرجی راستەقینە ئالۆزییەکی زۆر مەزنتری تێدایە، کە لەسەرەتادا سەرسام دەبێت. بەتایبەت کە گروپێکی کەم لەخێڵە ئوسترالیەکان هەن، کە تەنها بەهەمان سنووردار کردنەکانی تەوتەم پابەند بووبێتن. زۆربەیان بەمجۆرە رێك دەخرێن کەسەرەتا بەدوو بەش دابەش دەبن، کە ناسراوە بەچینەکانی زەواج ، هەرکام لەم چینانە بۆ زەواجە

لەگەڵ کەسانی جیاواز لەتەوتەمەکەی خۆی و لەچەند گروپی تەوتەمی پێکدێن. بەشێوەیەکی ئاسایی هەریەك لەم چینانە بەسەر دوو چینی بچووکدا دابەش دەبن بەجۆرێك کە هەموو خێڵ لەچوار چینی مەزنتر پێك دێت. لەئەنجامدا هەر ئەم چینە بچووکانە پەیوەندی نێوان چینە گەورەکان و گروپە تەوتەمیەکان پێك دێنن. کەواتە وێنایەکی بچووك و تایبەتی ڕێخراوەیەکی خێڵەکی ئوسترالیا وەك ئەو خشتەیەی خوارەوە نیشان دەدەین کە بەگشتی پەیوەندی هەموو خێڵەکان بەم چەشنەیە.




دوانزە گروپەکەی تەوتەم بەشێوەی چوار چینی بچووك و دوو چینی گەوەر پێکهاتن. ئەندامانی چینە بچووکەکان لەگەڵ ئەندامانی تەوتەمی جیاوازدا زەواج دەکەن. چینی بچووکی (a) لەگەڵ چینی بچووکی (c) دا یەکەیەکی زەواج لەگەڵ ناتەوتەمییەکانی دیکە پێك دێنن، هەر بەم شێوەیە چینی بچوکی (b) لەگەڵ چینی بچوکی (d). ئەو دەرئەنجامەی کە لەم

ڕێخراوانە دەکەونە بەردەست و لەئەنجامی داخوازی ئەوان ئیدی گومانمان لا نامێنێت، کە: ئەم دەزگا و ڕێخراوانە هەموویان خزمەت دەکەن بەپێکهێنانی سنوردار کردنی نوێ سەبارەت بەهەڵبژاردنی هاوسەر و ئازادییە سێکسییەکان. گریمان هەر کلانێک ئەندامەکانی وەک یەک بەرامبەرن، کەواتە گەر تەنها ئەم (١٢) گروپیە تەوتەمییەمان هەبێت هەر ئەندامێکی ئەم گروپانە وێڕای وەک یەک بوونی ئەندامانی کلان یان گروپ دەیانتوانی لەنێو ١٢ لەسەر ١١ ی ژنانی خێڵ بۆ هاوسەریەتی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام دوو چینی مەزن دەبنە هۆی سنووردار کردنی ڕێژەی ئەو ژنانەی کە ئەندامێکی گروپ دەیتوانی لێیان هاوسەرێك بۆ خۆی دەستنیشان بکات. بەڵام ئەم دەزگایە دەرفەتی هەڵبژاردنی هاوسەر لەنێو ئەم گروپانەدا بەرەو نیو دادەبەزێنێت واتە ١٢ لەسەر ٦. پیاوێکی نێو تەوتەم بۆ زەواج تەنها دەتوانێت لەگروپی یەکەوە تاکو شەش هاوسەرێك بۆ خۆی هەڵبژێرێت. پەیوەندی مێژووی نێوان چینەکانی زەواج، کە لەنێو هەندێك خێڵدا ژمارەیان دەگاتە هەشت چین هێشتا ئەمە لەنێو گروپە تەوتەمییەکاندا روون نەبۆتەوە. تەنها خاڵێك ئاشکرایە کە دەزگا ناوبراوەکان بەدوای هەمان ئامانج دان کە زەواجە لەگەڵ ناتەوتەمیەکدا بکرێت تەنانەت هەنگاوی لەمەش بانتر دەنێن، بەڵام ئەمەش لەکاتێکدایە، کە دەبێت زەواج لەگەڵ ناتەوتەمیەکدا هەموو تایبەتمەندییەکانی دەزگایەکی پیرۆزی تێدا بێت،

ویڕای ئەوەش کە نازانین چۆن ئەم دەزگایە دامەزراوە بەکورتی دەتوانین ئەوە وەك داب و نەریتێك سەیر کەین. دەزگای ئاڵۆزی چینەکانی زەواج لەگەڵ چینە بچووکەکاندا و ئەو ڕەوش و مەرجەی کە لەگەڵیدایە، وا دیارە ئەمە بەڕواڵەت دەرئەنجامی یاسا دانانێکی هۆشیارانە و ئەنقەست بێت کە ئامانجی جەخت کردنەوەیەکی توندە بۆ یاساخ کردنی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا. ئەگەری ئەوەش هەیە لاواز بوونی کاریگەریەتی تەوتەمی هۆی هاندانی ئەم (یاسایە) بێت. لەئەنجامدا و وەك دەزانین سیستەمی تەوتەمی بنەمای هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و سنووردار کردنی ڕەوشتی خێڵەکەیە و بەگشتی ڕۆڵی چینی مەزن لەمەدا سنووردار دەبێت، کە یاسای هەڵبژاردنی هاوسەر ڕێك و پێك و تۆکمە بکات. سیستەمی چینە کۆمەڵایەتییەکان بەدرێژایی وەرچەرخان و پێشکەوتنی خۆی ڕووبەڕووی دەرکەوتنی ئەم حەزە بوییەوە، کە یاساخ کردنەکانی پەیوەندیدار بە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا سروشتیە و پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکانی گروپدا (خێڵدا) بەرفراوان کرا بۆ نێو خزمە دوورەکان لەنێو گروپەکانی دیکەدا. ئەوسا کڵێسەی کاسولیکی هەر بەم شێوازە هەڵسو کەوتی کرد و یاساخکارییەکانی زەواج لەنێوان خوشك و براکاندا بردە نێو ئامۆزاکانیش و بۆ پاساوی بڕیارەکەی خۆی پلەی خزمایەتی مۆراڵی (مەعنەویی) هێنایە ئارا. (ئینسکولۆپیدیای

بریتانیا ووتاری تەوتەم پەرەستی چاپی یانزە ١٩١١ A.1ang) قەت پێم خۆش نییە بچمە نێو ئەو مشتومڕە ئالۆز و نادیارەوە کە تایبەتە بەسەرچاوە و بایەخی چینەکانی زەواج و پەیوەندیان لەگەڵ تەوتەمدا. لەڕوانگەی ئێمە وە گرنگ ئەوەیە، کە بزانین ئوستوالیەکان و خێڵە هۆڤەکانی دیکە بە چ سەرنج و وردییەکەوە ئاگایان (خۆیان دەپارێزن) لەیاساخکردنەکانی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا هەیە [٤].

تەنانەت دەتوانین بڵێین لەم خاڵەدا هۆڤە ناوبراوەکان لەخودی ئێمەش وردترن، چونکا ئەوان زێدەتر لەئێمە لەبەردەم ڕاڕایەکانی پەیوەندی سێکسین لەگەڵ مەحرەمەکاندا، بۆیە قورس گرتنی کاریگەرانەی دیکەیان لەم بوارەدا پێویست دەبێت، بەڵام ترسێکی قورس و ناخۆش سەبارەت پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا هەیە ئەویش لەتایبەتمەندییە دیارەکانی هەموو خێڵە ناوبراوەکانە. ئەمە تەنها بەهۆی ئەو دەزگایانەیە کە پێشتر ناومان هێناون. سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنجمان داوەتە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکانی گروپدا، بەڵام دەزگاکان تەنها ئەمەیان نەخستۆتە مەیدان، بەڵکو وەك داب و نەریتێك خستویانەتە مەیدان کە دەبێتە بەربەست لەپێکهێنانی پەیوەندی سێکسی

---

[٤] شتورفر storfer لەم دواییانەدا (١٩١١-١٩١٦) بەتایبەتی جەخت لەم خاڵە دەکاتەوە. سەبارەت بەپلەی تایبەتی باوك (نوسراوەکانی تایبەت بەرۆح).

تاك لەنێوان خزمە نزیکەکاندا. هەر وەك داب و نەریتەکەی خۆمان کە لەگەڵ وردەکارییەکانی ئاینزادا لێك ئاڵاون و ئامانجەکەشیان ئەوەندە گوماناوی نابێت. لێکۆڵەرەوانی بەریتانی بەخواستی خۆیان لەو گوتەزایەدا چاکسازیان کردووە. (واتە ئەو شتەی کە دەبێت دوورەپەرێزی لێبکرێت) وێڕای ئەوەی کە لەنێو خێڵە تەوتەمی و ئوسترالیاییەکاندا باوە لەنێو خێڵەکانی دیکەشدا باوە، بەڵام من لێرەدا لەخوێنەرانی خۆم داوا دەکەم بەو چەند تێبینیانەی کە لەنێو ئەو بەڵگە زۆرانەدا هەیە باوەڕ بکەن.

ئەو قەدەخە کردنە سنووردارانەی سەرەوە و لە((مۆلانێزی)) دا تەنها بۆ نێوانی کوڕ لەگەڵ دایك و خوشکدا برەوی هەیە. بۆ نموونە لەدورگەی ((جەزامی)) کە یەکێکە لەدورگەکانی ((هەبرید)) ی نوێ، هەر ئەوەندە کە مێرمندال گەیشتە تەمەنێکی دیاری کراو ماڵی دایکی خۆی بەجێ دەهێڵێت و لەیەکێك لەماڵە گشتییەکاندا (ساڵۆن) نیشتەجێ دەبێت و هەر لەخواردن و خواردنەوە و خەوتنەوە لەوێ دەبێت. هەر چەندە دەتوانێت سەردانی ماڵەوە بکات و داوای خواردنیان لێبکات، بەڵام کاتێك خوشکەکەی لەماڵەوە بێت دەبێت یەکراست بڕوا بێ ئەوەی خواردن بخوات ماڵەکە بەجێ بهێڵێت، گەر خوشکەکەی لەماڵەوە نەبوو دەبێت لەبەر دەرگە دابنیشێت و خواردنەکەی بخوات و ئەگەر لەدەرەوەی ماڵ خوشك و برایەك بەڕێکەوت یەکتریان دیت دەبێت خوشکەکەی هەڵبێت یان خۆی بشارێتەوە. کاتێك کوڕێك لەنێو لمدا جێ پێی خوشکێکی بناسێتەوە دەبێت رێگاکەی خۆی

بگۆڕێت. لەهەمان کاتدا ئەم قەدەخە کردنە سەبارەت بەخوشکیش پەیڕەو دەکرێت. تەنانەت نابێت برا ناوی خوشکی بەزماندا بێت. گەر وشەیەك لەووشە باوەکان و بەشێك لەو وشانە لەناوی خوشکەکەی بچن دەبێت لەگوتنیان خۆی دووره پەرێز بکات. ئەم یاساخکردنانە، کە لەکاتی رێ و رەسمەکانی پێگەیەننەوە شایانی پێکهێنان دەبێت، دەبێت بەدرێژایی هەموو تەمەن رەچاو بکرێن. دوور کەوتنەوەی نێوان کوڕ و دایك لەگەڵ بەرز بوونەوەی تەمەنی کوڕدا توندتر دەبێت هەر چۆنێك بێت دەبێت هەمیشە دایك زێدەتر لەکوڕ خۆی بپارێزێت. بۆ نموونە کاتێك دایك خواردن بۆ مناڵەکەی دەبات نابێت راستەوخۆ خواردنەکە بداتە دەستی کوڕەکەی، بەڵکو دەبێت لەبەر دەمیا دایبنێت. دەبێت هەمیشە بەو بڵێت ((ئێوە)) و لەپەیڤینە خۆمانەکان خۆی بپارێزێت. داب و نەریتی بەم چەشنە کوت و مت لەکاڵدونی نوێدا باوە ئەویش تا رادەیەك، کە خوشك لەکاتێکدا براکەی خۆی دیت دەبێت لە بێشەلاندا خۆی بشارێتەوە بەبێ ئەوەش [٥] ئاوڕی لێبداتەوە. لەنیمچە دورگەی خەزاڵەکان لەبەریتانیای نوێدا کاتێك خوشکێك

---

[٥] فرێزر – لەکودرینکتۆن codrington دەگێڕێتەوە، لەپەرتووکی تەوتەم پەرەستی و زەواج لەگەڵ بێگانەدا، لەژێر ناونیشانی مۆلانیزییەکان، ئەم بابەتانەی باس کردووە، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٧٧.

شو دەكات ئیدی نابێت لەگەڵ برادا بدوێت. لەباتی ئەوەی كە ناوی بێنێت دەبێت بەسڵ كردنەوە ئاماژەی پێ بدات [٦].

لە (مكیامبۆرگی نوێ Meckiembourg) ئەم یاساخكردنانە نەك تەنانەت بۆ خوشك و برا پەیرەو دەكرێت، بەڵكو سەبارەت بە كوڕ مام و كچ مامیشەوە بەڕێوە دەچێت: نابێت لەیەك نزیك بنەوە، نابێت تەوقە بكەن (دەست بدەنەوە)، نابێت دیاری بگۆڕنەوە، كاتێك دەیانەوێت لەگەڵ یەكدیدا بئاخفن دەبێت چەند هەنگاوێك لەیەكتر دوور بن، دەست تێكەڵی سێكسی لەگەڵ خوشكدا سزاكەی لەسێدارەدانە [٧] (سك پڕ بووەكە لەسێدارە دەدرێت) بەتایبەتی لەدورگەی فیجی Fidji دا ئەم یاساخكردنانە زۆر قورس سەیر دەكرێت، نەك تەنها تایبەتە بەخزمانی خوێنییەوە، بەڵكو برا و خوشكانی گزوپیش لەخۆ دەگرێت. جێگای سەرسوڕمانە، كە ئەم هۆڤانە جەژنی پیرۆزی وایان هەیە كە تێیدا رێپێدراون دەست بدەنە یاساخكراو ترین كردەوەی سێكسی، بەڵام ئێمەش دەتوانین لەبری ئەوەی كە ئەم چەشنە كردەوانە دژ بەیەك و ناكۆك و سەرسوڕهێنەر بزانین دەبێت ئەمە بەهۆیەك بزانین، بۆ بەردەوام بوون و جێگیربوونی ئەم یاساخكردنانەی كە

(٦) فرێزر، هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ١٢٤ لەكلاینتیخن kleintitchen ی گێڕاوەتەوە. لێوار نشینەكانی دورگەی ئاسكەكان).

(٧) فرێزر، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم – لاپەڕەی ١٣١ لە p.g.peckel وەرگیراوە – گۆڤاری ئانترۆپۆلۆژی ١٩٠١.

ناوبراون. (فریزر) لەنێو (باتاکان bottas) ی سۆماترا دا ئەم یاساخکردنانە لەهەموو ئاستێکدا هەموو خزمانی نزیك لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە زۆر ناشیرینە کە پیاوێکی (باتایی) لەگەڵ خوشکەکەیدا لەیەك جەژندا ئامادە دەبێت. برا و خوشکێکی باتایی بەئامادە بوونی خەڵکانی دیکە قەڵس دەبن. (براو خوشکێکی باتایی لەبەرامبەر خەڵکانی دیکەدا قەڵس دەبن) گەر برایەك بچێتە نێو ماڵ دەبێت خوشك یان خوشکەکان لەماڵ بێنە دەر، هەر بەم شێوازە قەت باوك لەگەڵ کچی خۆیدا بەتەنها لەنێو ماڵ نامێنێتەوە و دایکیش لەگەڵ کوڕەکەیدا. پاپای هۆڵەندی، کە ئەم داب و نەریتەمان بۆ دەگێڕێتەوە ئەمەی پێ زیاد دەکات و دەڵێت: بەداخەوە دەبێت ئەمانە ئاسایی و ڕێ پێدراو لێك بدەینەوە، چونکە بە بڕوای ئەم خێڵە تەنها پێکەوە بوونی پیاو و ژنێك لەئەنجامدا بەوە کۆتایی پێ دێت کە لەنێوانیاندا پەیوەندییەکی نهێنی و تایبەت دروست دەبێت، بۆ ئەوەی گەر لەنێوان مەحرەم و نزیکەکاندا پەیوەندیەکی لەم چەشنە پێك بێت دەبێت سزای زۆر توند بدرێن و لەئەستۆی گرن، کە واتە بەپێکهێنانی ئەم چەشنە سنووردار کردنە خۆیان لەئەگەری هەر چەشنە ڕاڕای و دوو دڵییەك دەپارێزن.

لەنێو "ڕۆنگۆ borongo" کانی کەنداوی "دلاگۆا delogoa" ، کە لەئەفریقیادا ژیان دەکەن. جێگای سەرسام بوونە، کە توندترین خۆ پاراستنەکان تایبەتە بە پەیوەندی نێوان ژن و ژن برا، کە بەسەر پیاودا

دەسەپێت. کاتێك پیاوێك ژنی براکەی واتە براژنەکەی خۆی دەبینێت و لەوانەیە مەترسییەکی بۆ بخاتەوە، بۆیە دەبێت بە سەرنج وردیەکی تەواو لێی نزیك بێتەوە، تەنانەت ناوێرێت لەو قاپەدا کە ئەو خواردنی تێدا خواردووە ئەمیش خواردن بخوات. کاتێك لەگەڵی دەدوێت دەپەشۆکێت و ناتوانێت لە کاولاشەکەی نزیك بێتەوە و بەدەنگێکی لەرزۆکەوە سڵاو و مەرحەبای لێدەکات. لەنێو (akamb) یان (wokaba) کان لە رۆژهەڵاتی ئەفریقای بەریتانیا دا یاساخکاریەك هەیە، کە چاوەڕوان دەکرێت لەشوێنەکانی دیکەشدا باو بێت. کچان لەنێوان تەمەنی پێگەیین و شوو کردندا دەبێت زۆر بەتوندی خۆیان لەدیتن یان چاوپێکەوتنی باوك بپارێزن. کاتێك لەکۆڵاندا چاوی پێ بکەوێت دەبێت خۆی بشارێتەوە و قەت لەلای دانەنیشێت. دەبێت بەم شێوازە و لەسەر ئەم بنەمایە هەڵسوکەوت بکات تا کاتی دەستگیرانداری، هەڵبەت پاش شوو کردن نێوانی کچ و باوك ئاسایی دەبێتەوە.

باوترین، توندترین و سەرنج راکێش ترین یاساخکاری، تەنانەت لەڕوانگەی ئێمەی خەڵکانی شارستانییەوە، هەر هەمان یاساخکارییە کە زاڵە بەسەر پەیوەندی نێوان زاوا و خەسوودا. نەك تەنها لەنێو هەموو خێڵەکانی ئوسترالیادا، بەڵکو لەنێوا پۆلینزی و مولانیزیەکان و رەشە ئەفریقییەکاندا و بەکورتی لەهەر جێگەیەك ئاسەواری تەوتەم پەرەستی و خزمایەتی

بەکۆمەڵ بەرچاو بکەوێت و تەنانەت لەشوێن گەلی دیکەدا ئەم چەشنە داب و نەریتە لەئارادایە.

لـەنێو هەنـدێك لەخێڵەکانـدا یاسـاخکارییەکی هاوشـێوەی پەیوەنـدی جەستەیی لەنێوان خەسوو و زاوادا لەئارادایـە، بـەڵام ئـەم سنووردار کردنـە بەتونـدی و جـێگیر بـوونی یاسـاخکارییەکانی سـەرەوە نییـە. لەهەنـدێك جێگەدا و لەبڕێك خاڵدا ئاماژە بـەوە دراوە، کـە دەبێـت ژن و مێـرد خۆیان لەخەسوو و خەزوران بپارێزن. سەبارەت بەو یاساخکارییانەی پەیوەستن بە پەیوەنـدی نێـوان زاوا و خەسـووە پـێش ئـەوەی وردەکارییـەکانی ئـەم خاڵـە لامان سەرنج راکێش بێت واتاکەیـەتی کـە گرنگی تایبـەتی هەیـە. لێرەشـدا تەنها چەند نموونەیەك دەگێڕینەوە.

لەدورگەی (بانکۆ banko) ئەم چەشنە یاساخکارییانە زۆر توند و زەبر و زەنگێکی هۆڤانـە ودڵڕەقانـەی لەگەڵدایـە. نابێـت زاوا و خەسـوو لـەنزیکی یەکترییـەوە ببینـرێن. کاتێـك بەڕێکـەوت لەکۆڵانێکـدا رووبـەڕووی یـەك دەبنەوە، دەبێت خەسوو خـۆی لابـات و پـشت بکاتـە زاواکـەی تـاکو زاواکـەی پێش بکەوێت یان بەپێچەوانەوە.

لـە "ڤانالاڤـا vanalava" لەنگەرگـەی پاترسـن. زاوا نابێـت پـێش خەسووەکەی هەنگاو بنێتە لێوارەکان، مەگەر هەڵسانی ئاو یـان شـەپۆلەکانی دەریا جێ پێ خەسووەکەی شۆردبێتەوە. لەکاتی ئاخافتنـدا دەبێت لەیـەکتر دوور بن و ئەوەش روونە کە نابێت ناوی یەکتر بێننە سەر زمان.

لەدورگەی سیلمان رێگا بە پیاو نادرێت پێش زەماوەند چاوی بەخەسوی بکەوێت و هەروەها لەگەڵی ئاخافتن بکات. کاتێك چاوی پێ دەکەوێت دەبێت خۆی وا گێل بکات کە نایناسێت و دەبێت خێرا بەڕاکردن بڕوات و خۆی بشارێتەوە.

لەنێو "زولوەکانـدا zoulous" وا بـاوە کـە پیـاو لەخەسـوەکەی شـەرم بکات و تا ئەو جێگەیەی دەکرێت لەدانیشتنەکانیان خۆی بپارێزێت و کاتێك ئەو لەکۆڵیتەکە دایە (کاولاش) نەچێتە نێو کۆڵیتەکە. گەر بەرێکەوت دیتی دەبێت لەنێو بێشەلاّندا خۆی بشارێتەوە و پیاو سپێرەکەی بکاتـە دەمـامکی. کاتێك نـاتوانن لەیـەك دوور بکەونـەوە بـۆ ئـەوەی وەك داب و نەریتەکـەیان کردار بکەن دەبێت ژنەکە (خەسو) بڕێك ئالف (گیا) هەڵبگرێت و بـەدەوری سـەریا گـرێ بـدات. ئامـادەبوونی کەسـی سـێیەم پەیوەندییەکـەیان ئاسـان دەکات یان کاتێك بەربەستێکی سروشتی لەنێوانیاندا بێت دەبێتە ئاسانکاری بۆیان. دەبێت بەدەنگی بڵند لەگەڵ یەکتری بـدوێن هیـچکامیان مـافی ئـەوەی نییە ناوی ئەوی دیکە بێنێتە سەر زمان.

لەنێو بازوگاوەکانـدا basogas، کـە خێڵێکی رەش پێـستی ئـەفریقین و لەدەوروبەری چاوگەکانی (نیل) دا ژیان دەکەن. زاوا تـەنها کاتێـك دەتوانێـت لەگەڵ خەسوەکەیدا بدوێت کە ئەو لەهۆدەیەکی دیکە بێت و یەکتر نەبینن. ئەم خێڵە ئەوەندە لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکانـدا (خۆییـەکان) دەترسێت، گەر ئاژەڵێکی ماڵی ئەم پەیوەندییە ئەنجام بدات سزای دەدەن.

بۆ ئەم مەبەستە و واتای یاساخکارییەکانی دیکە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خزمانی نزیك بچووکترین پاساو و ڕاڕای لەگۆڕێدا ناهێڵێت و بە بڕوای هەموو چاودێران ئەم یاساخکاریانە بەڕێ و شوێنێك لێك دەدرێنەوە بۆ بەرگری لەدەست تێکەڵی سێکسی لەنێو مەحرەمەکاندا. سەبارەت بە پەیوەندی نێوان زاوا و خەسو هەندێك لەلێکۆڵەرەوان بڕوایەکی تەواو جیاوازیان هەیە. هەڵبەت لەڕاستیدا ئەمانە دەڵێن ناتوانن لەم بابەتە تێبگەین، گشت ئەم خێڵە جیاوازانە چۆن ڕاڕا و دوو دڵ دەبن لەبەرامبەر پیرەژنێکدا بەبێ ئەوەی لەڕاستیدا دەست نیشان کرابێت کە ئەمە خەسوی ئەو زاوایەیە. لەهەمانکاتدا دەکرا لەبری دایکی ئەو بێت ئیدی بۆ دەبێت ترسێکی مەزنی لەو چەشنەی هەبێت.

هەر هەمان هەڵە لەتێگەیشتنەکانی فیزۆن (fison) نیشدا هەن. سەرنجی ڕوانگەکانی خستۆتە سەر کەموکوڕی هەندێك لەچینە زەواجییەکان و گوتویەتی ئەو سیستەمانەی کە ئاماژەیان پێدراوە لەڕووی تیۆرییەوە، زەواج لەنێوان زاوا و خەسودا بەشتێکی نەبووە و نابێت و نەگونجاو نازانێت و بەجۆرێك کە ناچار بوون بۆ بەرگری لەم چەشنە کردارانە ڕێ و شوێنێکی تایبەت بگرنە بەر کە گەرەنتی یاساخکردنی ئەم کردەوەیە بکات.

ڕێزدار جان لبوك (John.1 lubock) لەپەرتووکەکەیدا بەناونیشانی "سەرچاوەی ژیار" ئەم کردارەی خەسو و زاوای گەڕاندۆتەوە بۆ سەردەمی

دەزگای رەدوکردنی شەرەق یەکەم (هەر هەمان زەواجە لەگەڵ دیلدا). دەنوسێت: "تا ئەوکاتەی دیل کردنی ژنان راستی هەبوو تورەیی سەرەتایی ئەوانیش راستەقینە بوو، بەلام کاتێك ئەم شێوازە لەزەواج تێکچوو جگە لەئاسەوارێکی پەرپووت و ناڕاستەوخۆ هیچی لێ نەمایەوە تورەیی و رقی سەرەتایی ئەوانیش جگە لەئاسەوارێکی ناڕاستەوخۆ شتێکی دیکەی لێ نەمایەوە. هەر هەمان داب و نەریت کە ئێستا لەبارەیەوە دەدوێن، هەر چەندە ناوەڕۆکەکەی سڕاوەتەوە، بەلام ئاسەوارێکی ناڕاستەوخۆ خۆیشی لێ ماوەتەوە".

کراولی (۱۹۰۲ – ل ٤٠٦) زۆر بەئاسانی ئەوەی سەلماندووە کە هەوڵەکانی لبوك سەبارەت بەراڤە کردنی داب و نەریتی ناوبراو ئەوەندەش لەگەڵ پاژەکانی راستیدا روون نییە. ئەی. بی. تایلۆر E.B.Tylor وا رادەمێنێت، کە هەڵسوکەوتی خەسو لەگەڵ زاوادا هیچ نییەجگە لەبەشێك لەو داب و نەریتەی کە زاوا بەرەنگێکی فەرمی ناناسێت "زاوا لەخودی بنەماڵەی ژن نییە". تاکو یەکەم منداڵ دێتە دنیا زاوا بەهیچ ناژمێردرێت جگە لەنامەحرەمێك نەبێت. گەر تەنانەت لەم مەرجە و لەو مژارانە چاومان بنوقێنین، کە بۆتە هۆی پێکهێنانی ئەم دۆخە و ناتوانێت یاساخکردنەکە وەلا بنێت، بەلام دیسان راڤەکەی تایلۆر کەموکورِی دیکەی هەیە، چونکە لەم راڤەکردنە دا روون نەکراوەتەوە کە چما ئەم یاساخکردنە بەتایبەتی جەخت و سەرنجی لەسەر خەسووە و لەئەنجامدا هۆکارە سێکسییەکانی

لەبەر چاو نەگرتووە و ئەو توخمە پیرۆزەی، کە لەم سنووردار کردنانەدا پەیوەستە بەپەیوەندی نێوان زاوا و خەسوو ئاماژەی پێنەدراوە.

پرسیاریان لەژنێکی خێڵی زۆلۆ (zoulov) کرد سەبارەت بەهۆ و ریشەی ئەم یاساخکردنانەوە ئەویش ئەم وەڵامە ناسك و جوانەی داینەوە "ئەمە راست نییە زاوا چاوی بەو مەمکانە بکەوێت، کە شیری داوە بەژنەکەی". (کراولی ل ٤٠١- ١٩٠٢) وەك دەزانین لەنێو گەلانی شارستانیدا پەیوەندی نێوان خەسو و زاوا یەکێك لەلایەنە مەترسی دارەکانی دەزگای بنەماڵە پێك دەهێنێت. بێگومان گەلانی شارستانی سپی پێست ئەوروپا [(٨)] و ئەمریکا یاساخکارییەکیان لەم بوارەدا لەنێو خەسوو و زاوادا دانەناوە، بەڵام گەر داب و نەریتێکی لەو چەشنە لەنێویاندا باو ببوایە ئیدی زۆربەی ململانێ و خەمەکان کۆتایی پێ دەهات و ئیدی هەر کەسە و لەئاست خۆیەوە لەڕووی ناچارییەوە ئەم چەشنە یاساخکردنەی بۆ خۆی دادەنا.

هەندێك لەئەوروپیەکان یاساخکارییە ناوبراوەکان بەهێمایەك لەئاوەز و وردبینی ئەو خێڵە هۆڤانە دەبینن کە ئاماژەیان پێدراوە، چونکە ئەوان بەم سنووردار کردنەی نێوان (خەسوو و زاوا) بەرگرییان کردووە لەپەیوەندی سێکسی ئەم دوانە کە تادێت پەیوەندییەکەیان چڕ و خزمایەتییەکەشیان قووڵتر دەبێت. بەدڵنیاییەوە بەڵگە نەویستە، کە لەپەیوەندی نێوان خەسو و

---

(٨) ئەم پەرتووکە لەکۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا نووسراوە. دەستەواژەی لەم چەشنە ئیدی لەنێو مرۆڤایە تێیدا باوی نەماوە و لەمێژە مردووە. "وەرگێڕی کوردی"

زاوادا دۆخێکی سایکۆلۆژییانە (دەروونی) لەئارادایە، کە پەرە بەدوژمنایەتی نێوانیان دەدات و ژیانی هاوبەش لەنێوانیاندا ئەستەم دەکات. بەڵام ئەو خاڵەی کە بەگشتی گەلانی شارستانی و پێشکەوتوو پەیوەندی نێوان زاوا و خەسو دەخەنە واری نوکتە وگاڵتەوە. ئەمە خۆی لەخۆیدا نیشانی دەدات کە لەپەیوەندی سۆزدارییاندا توخمەگەلێکی زەق و توندی دوژمنایەتی لەئارادایە. بە بڕوای من پەیوەندییان ناکۆك و "دوو ڕەهەندییە"، کە واتە سەبارەت بەیەکدی هەستی دۆستایەتی و دوژمنی دەکەن. زۆر بەئاسانی دەگرێت هەندێك لەم هەستانە بەم جۆرە ڕاڤە بکەین: خەسو وا هەست دەکات بەداخ و خەفەتەوە لەکچەکەی جیا دەبێتەوە و ڕەشبینە لەو نامەحرەمەی کە کچەکەی پێ سپاردووە، بەڵام وێڕای ئەمەش حەز دەکات ویستی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت وەك ئەوەی لەماڵەکەی خۆیدا سەپاندوویەتی. لەزاواشدا ئەو هەستە هەیە کە ئیدی بەئەمری هیچ کەسێکی بێگانە نەکات و دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ ئەو کەسەدا کە پێشتر هاوسۆزی ژنەکەی بووە و لەئاکامدا دژایەتی لەگەڵ ئەو شتانەدا دەکات کە دەبنە هۆی پیس بوونی خەونە خۆش و جوانەکانی سەبارەت بەو گرنگی و بەها زۆرەی کە دەیداتە ژنەکەی، چونکە وێڕای ئەمەش کە زۆربەی خەتەکانی سیمای (خەسو) بەهۆی لێکچوونیانەوە دەیباتەوە یادی ژنە جوانەکەی، بەڵام لاویەتی و زیندوویەتی و تازەییەی کە لەژنەکەیدا دەیبینێت و لە خەسوویدا نایانبینێت دەبێتە هۆی ستایش کردنی

لەڕادەبەدەری ژنەکەی لەبەرامبەر خەسوویدا. لەزۆربەی کاتەکانـدا خەسوو ئەو خەونە خۆشانە تێك دەدات.

بەیارمـــەتی و رۆشـــنایی وەرگـــرتن لەپـــشکنینی دەروون شـــیکاری مرۆڤەکانـەوە، کـە لەهەسـتە شاراوەکانیانەوە دەسـتمان کـەوتووە دەتـوانین هۆکـار و مەبەسـتی دیکـە و جیـاواز لەوانـەی کـە پێشتر گوتوومانـە ئامـاژە بدەین. راستە کـە پێویـستی دەروونـی ــ سێکسی ژنـان لـەکاتی شووکردن و بنیاتنانی خێزاندا دەرمان دەبێت (چارەسەر دەبێت)، بەڵام بەردەوام ئـەمان لەبەردەم هەڕەشەی ناچارەسەر بوون و تێر نەبووندان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بـۆ راوەسـتانی لـەناکاوی پەیوەنـدی ژن و مێردایـەتی و لەئەنجامـدا ئـەو بۆشاییە سۆزدارییەی کە دێتە گۆڕێ. دایك کە لەسەر بەرەو ژێری و پیریـدا تەمـەن بـەڕێ دەکـات خـۆی بەمنداڵـەکانی دەشـوپهێنێت و بـەم شـێوەی بەربەسـت بـەم چەشـنە هەڕەشـەیە دەکـات و بەشـداری ژیـانی سـۆزدارییان دەکـات. پەنـدێکی بـەناوبانگ هەیـە کـە دەڵێـت: دایـك و بـاوك لەگـەڵ منداڵەکانیاندا جوان دەبنەوە.

ئەمە یەك لەو ئیمتیازە ناوازانەیە کە ئەمان قەرزاری ئەوان دەکات. هەر بەم شێوەیە ژنانی نەزۆك لـەکاتی ژیـانی ژن و مێردایەتییانـدا و لەئەگـەری نەگەیشتن بە چێژ و خۆشییەکانی ژیانی لەیـەکێك لەباشـترین قـەرەبوو و ئاسوودە بوونەکانی ژیان بێ بەش دەبن. هەر ئەم بەیەکبوون کردنەیان خۆ دانـان لـەبری کچەکەی هەنـدێك جـار دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی کـە دایـك خـۆی

بەشدار دەکات لەو خۆشەویستیەی، کە کچەکەی بەرامبەر بە مێردەکەی نیشانی دەدات. ئەم روودانە لەتوندترین دەرکەوتنیدا و خۆڕاگریی قورسی دەروونی، کە لەبەرامبەر بزواندنی هەستەکانیدا دەیخاتە گۆڕێ بەشێوازی نەخۆشییەکی دژواری دەروونی لێدێت، هەر چۆنێك بێت زۆر جار روو دەدات، کە خەسو حەز لەزاواکەی بکات (خۆشی بوێت) چ ئەم هەستە بەشێوەی راستەقینەکەی خۆی دەربخات چ بەشێوازی دژایەتی کردنی بێت. ئەمە ململانێیەکە، کە لەنێوان هێزە جیاوازە دەروونیەکانی ئەم ژنەدا دێنە گۆڕێ. خەسو زۆربەی جار بۆ سەرکوت کردنی هەستە عاشقانە ناڕەواکەی خۆی بەرامبەر زاواکەی دەست دەکاتە دژایەتی کردن کە هەمان هەستی بۆغزاوی نائازارانەیە، کە بەرامبەر ئەو دەیخاتە گۆڕێ.

دۆخەکە لای زاوا هەر بەهەمان شێوەیە، بەڵام رووداوەکە لەپاڵپشت گەلێکی دیکەوە سەرچاوە دەگرێت. پەیتا پەیتا ئەم خاڵەمان بۆ دەرکەوتووە، کە سەرەتا پیاوان حەز لەدایکی خۆیان دەکەن یان لەوانەیە عاشقی خوشکەکەی خۆی بێت، بەڵام پاشان پێبەند دەبەن بەو کچە یان ئەو ژنەی کە لێی مارە کراوە یان شووی پێ کردووە. ئەمان بۆ پەرێز و دوورکەوتنەوە لەڕامان و مەبەستەکانیان سەبارەت بە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا حەز و خۆشەویستی خۆیان بەرامبەر ئەو دوو کەسەی کە لەڕابردوو دا (منداڵیدا) بەتوندی خۆشیان دەویست دەگوێزێتەوە بۆ نامەحرەمێك کە لەوان دەچێت. خەسو جێگای دایك و خوشك

دەگرێتەوە ئەم حەزەیان تێدا زیندوو دەبێتەوە کە جارێکی دیکە بەتوندی بگەڕێنەوە قۆناخی سەرەتایی هەڵبژاردنی خۆشەویستیان، بەڵام هەموو هەبوونیان بۆ دژایەتی کردنی ئەم ئارەزووە نارەوایەییان رادەبێت. ئەو ترسەی، کە سەبارەت بەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا لەدڵی زاوادایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەهەڵبژاردنی شجرەنامە عاشقانەی خۆی شتێك نەیەنێتەوە یادی خۆی. بەئامادە بوونی راستی و کرداری خەسو کە لەمنداڵیدا نای ناسێت و لەئەنجامدا وێنایەکی ئەوی لەنەستی خۆیدا هەڵنەگرتووە ئەم خۆڕاگرییەی بۆ ئاسان دەکات. بوونی ئەو تۆزە تورەیی و رکەبەرایەتییەی کە لەهەستی زاوا بەرامبەر بەخەسو دەیبینین خۆی جەخت لەسەر ئەم تیۆریە دەکاتەوە کە بەڕاستی خەسو زاوا ڕاڕا و دوودڵ دەکات سەبارەت بە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا. زۆر جار رووی داوە و بینراوە زاوا پێش ئەوەی حەزەکانی بگەڕێنێتەوە سەر کچەکە حەزی لەخەسووەکەی داهاتووی کردووە.

بەبڕوای من شتێك نییە ببێتە بەربەست لەبەرامبەر ئەم تیۆریە دا، کە هۆڤەکان مەبەست و هۆی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکانیاندا ئەوەی (ئاماژە پێکراوە)، کە یاساخکارییان سەبارەت بە پەیوەندی نێوان زاوا و خەسو دارشتووە. کە واتە سەبارەت بەو یاساخکارییانەی کە پێشتر ئاماژەی پێدراوە و لەلایەن خێڵە سەرەتاییە ناوبراوەکانەوە بەتوندی بەڕێوە دەچن، هەر هەمان تیۆری فیزۆنە (Fison) کە منیش هەمان بۆچوونم

هەیە و جەختی لەسەر دەکەمەوە، کە گوتوویەتی هەموو ئەم مەرج و خاڵانە پەیوەستن بەپێشگرتن و بەربەست دانان بۆ پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا. هەر هەمان تیۆری سەبارەت بەسنووردار کردنی پەیوەندی نێوان خزمانی ڕێژەیی یان خێڵەکی ڕاستە. تەنها جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە پەیوەندییە لەوە دایە، کە سەبارەت بەخزمانی ڕێژەیی (خوێنی) دەرفەتی پەیوەندی سێکسی ڕاستەوخۆ دەبێت و ئەگەری ئەوە هەیە ئارەزوویی پێشگرتن بە ئەنقەست و هۆشیاری بووبێت. وێڕای ئەمەش سەبارەت بەپەیوەندی نێوان زاوا و خەسوو و ئەگەری پێکهاتنی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا وەکو خەونێکە و لەرێگای پەیوەندی ناڕاستەوخۆ و هۆشیارانە هاتبێتە گۆڕێ.

لەوەدا کە پێشتر ئاماژەی پێدراوە دەرفەتێکی ئەوتۆمان بۆ نەڕەخسا، کە ڕۆڵی وەرگرتنی شێوازی دەروون شیکاری لەگۆڕانکاری و تێگەیشتنی ئێمەدا سەبارەت بەڕاستیەکانی دەروون ناسی گەلانی دیکە ڕاڤە بکەین: لەڕاستیدا ترسی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا کە لەنێوان هۆڤەکاندا باو بووە لەمێژە بەم شێوازە لای هەمووان ناسراو بووە و پێویست بەشرۆڤەی زێدەتر ناکات، بەڵام دەتوانین خاڵێك (شتێك) بەهەڵێنجانی زاڵ زێدە بکەین، کە لەبنەڕەتدا ترسی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا ڕەهەندێکی منداڵانەیە و بەچەشنێکی سەرسووڕهێنەر لەگەڵ ژیانی دەروونی ئەو نەخۆشە دەروونیانەی کە شارەزایانین وەك یەکن. دەروون

شیکاری فێری کردووین، کە یەکەمین و سەرەتایی ترین ئامانجی ئەویندارى کوڕی منداڵ رووی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمدایە، کە ناڕەوایە، چونکە تێدەگات دایك و خوشکن. کوڕی منداڵ هەروا کە تا دێت مەزن دەبێت و بەرووبەکدا دەڕۆن کە خۆی لەگرفتی سەرنجراکێشی ئەم پەیوەندییە سێکسییە دەرباز بکات. لەنەخۆشە دەمار گرژەکاندا بەشێوەیەکی سیستەماتیك ئاسەواری بەردەوام لەئارەزووەکانی سەردەمی منداڵی دەبینین. چ وەك ئەوەی کە نەیتوانیبێت خۆی لەبەند و هەلومەرجی دەروونی ـ سێکسی منداڵانە دەرباز بکات یان لەو رووەوە کە گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی منداڵی. (راوەستاندنی نشونما یان داخزانی سەر بەرەو لێژانە بۆ سەردەمی پێش نشونما و جێگیر بوون تێیدا)، کە واتە هەر هەمان هۆی جێگیر بوونی پەیوەندی سێکسی ((لیبیدۆ)) [٩] Libido سەر لەنوێ هەمان رۆڵی بنەڕەتی لەژیانی دەروونی و نەستی ئەواندا دەگێڕێت.

[٩] لیبیدۆ Libido دەستەواژەیەکە، کە فرۆید خولْقاندوویەتی و ئاوا پێناسەی دەکات: هەر غەریزەیەك، سەرچاوە و بابەت و ئامانجێکی هەیە. سەرچاوە هەر هەمان حاڵەتی بزواندن و هاندانە کە لەجەستەدا پێك دێت و ئامانج بۆ وەلانانی ئەم بزواندنەیە.غەریزە بەدرێژایی ئەو رێگایەی کە لەسەرچاوە تاکو ئامانج دەیبڕێت لەسەرچاوەی دەرووندا دەجولێت و ئێمە غەریزە بەکۆمەڵێك هێز دەزانین کە رێگای خۆی لەڕێڕەوێکدا دەکاتەوە. ئەم هێزە ناوی لیبیدۆیە. ئێستا لەوانەیە ئەو هێزە هێزی سێکسی بێت یان هێزی ئەشق یان هێزی پاراستنی دەروون و ... هتد. (زیگمۆند فرۆید، گوتارە نوێکان، کردنەوەی دەرگایەك لەسەر دەروون شیکاری. وەرگێڕانی سپرۆت، چاپ نورتون، نیۆیۆرك ١٩٣٣)

هەر بەم شێوازە دەبینین، کە ئارەزووی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا ناوەکی ناوەندی نەخۆشی دەروونییە. بێگومان ئەم چەشنە هەڵێنجاندنە سەبارەت بەڕۆڵی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا لەپێکهێنانی نەخۆشی دەمارگرژیدا رووبەڕووی بڕوا پێ نەکردنێکی گشتی پیاوانی پێگەییو و تەندروست دەبێتەوە، بۆیە هەر هەمان بڕوا پێ نەکردن و پێشوازی نەکردنە لەلایەن "ئۆتۆرانك otto.rank" وە خراوەتە بەر لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان و سەبارەت بەڕۆڵی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەگان لەئافراندنی هونەری نووسەران و کاریگەری هەمە چەشن و بێ ئەژماری لەدەوڵەمەند کردنی ناوەڕۆکی شێعر دا بێت. بەناچار دەبێت قبووڵ بکەین کە خۆ پاراستن و ناباوەڕی کردنی گشتی لەم خاڵەدا لەڕق و قینێکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرێت و پیاوان سەبارەت بە ئارەزووی پەیوەندی سێکسی پێشتری (منداڵی) خۆیان، کە ئێستا بە تەواوەتی و لەناخەوە سەرکوت کراوە هەست دەکەن. هەر بۆ ئەم هۆیانە دەگەڕێتەوە و شیاوی گرنگی پێدانی تەواوە، کە دەتوانین ئەوە بخەینە ڕوو خێڵە هۆڤەکان هەمان ئارەزووی سێکسیان سەرکوت کردووە و پاشان ناردویانەتە دنیای نەستەوە و لەدواییدا وەکو مەترسییەکی خێرای لێکدەدەنەوە و قورسترین ڕێ و شوێنی بەرگری و خەبات بەدژی دەخەنە مەیدان.

## تاقیکردنەوەی دووەم

# سەبارەت بە مەحرەمەکان و دژبە یەك بوونی هەستەکان

-١-

تابۆ (مەحرەمەکان) دەستەواژەیەکە، کە پەیوەستە بەگەلی "پۆلۆنیزی" یەوە. وەرگێڕانی بۆ ئێمە کارێکی دژوارە، چونکە واتایەکی بەم چەشنە لەکولتوورەکەماندا نییە. رۆمییە کۆنەکان شارەزای ئەم چەمکە بوون و دەستەواژەی "ساکر sacer" نیشان دەدات بەم چەمکە ئاشنا بوون. هەروەها یۆنانییەکان دەستەواژەی "ئاگیوس" و جولەکەکانیش دەستەواژەی "کادوش" یان لەم بوارەدا بەکار هێناوە و زۆربەی گەلانی دیکە لەئەمریکا و ئەفریقا (ماداگاسکار) و باکوور و ناوەندی ئاسیا دەستەواژەی لەم رەنگەیان هەیە. لەڕوانگەی ئێمەوە تابۆ نیشاندەری دوو واتای ناکۆکە. لەلایەکەوە بەواتای پیرۆز و بەخت کردنە و لەلایەکی دیکەوە واتایەکی مەترسیدار، ترسناك، یاساخ، گلاو و پڕ رەمز و رازی هەیە. لەزمانی پۆلۆنێزیدا ووشەی ناکۆك و دژی تابۆ دەستەواژەی "نۆئا noa" یە، کە واتای ئاسایی و لەبەردەستی هەمواندا دەدات، کە واتە تابۆ بەواتای پێنەگەیشتن و لەبنەڕەتدا سنووردار و یاساخە. دەستەواژەی بەناوبانگ و ناسراوی "ترسی

پیرۆز" کە لەنێو ئێمەدا باوە زێدەتری خۆی هەمان واتای تابۆیە. سنووردار کردنەکانی تابۆ شتێکی جیاوازە لەیاساخکارییە ئاکاری و ئایینزاییە ڕەهاکان. بەگوێرەی هیچکام لە فەرمووده خواوەندییەکان نییە و تەنها پاڵپشتی خۆیەتی. ڕووی جیاوازی لەگەڵ یاساخکارییە ئاکارییەکاندا ئەوەیە، کە پارچەیەك لەو سیستەمە نییە، کە بەگشتی پاکی و خۆ پاراستن بەئەرکێکی پێویست دەژمێرێت و هۆکانی ئەم ئەرکە پێویستەمان بۆ دەخاتە ڕوو. یاساخکارییەکانی تابۆ بەگوێرەی بنەما نییە و لەسەر هۆگەلێك ڕانەوەستاوە. مێژوویەکی نادیاری هەیە و لەڕوانگەی ئێمەوە پاساوێکی بۆ تێگەیشتن تێدا نییە، بەڵام لەڕوانگەی ئەو کەسانەوە، کە لەژێر کاریگەریەتیدا ژیان دەکەن شتێکی تەواو سروشتییە. (وونت wundt) تابۆ بەکۆنترین کۆمەڵە یاسای نەنووسراوی مرۆڤایەتی دەزانێت. بەزۆری لەسەر ئەو بۆچوونەن، کە تابۆ لەجۆرە خواوەندەکان لەمێژترە و کۆنترە لەهەموو ئایینزاکان.

لەو ڕووەوە و کە پێویستمان بەناساندنی و شێوازێکی دەروون شیکاری و هەڵسەنگاندنێکی بێ لایەنەی تابۆ هەیە کورتەیەك لەگوتاری تابۆ، کە لەئینسکلۆپیدیای "بریتانیکا" دا هاتووە مرۆڤ ناسێك بەناوی (نورت کۆت دەبلیو تومان northcote.w.thomas) نووسیویەتی و دەڵێت: "تابۆ بەواتای ورد و دروستی ووشەکەی بریتییە لە:

ئـەلف) پـیرۆز "یـان ناپـاك" بـوونی كەسـایەتییەكان و ئـامراز و كەرەستەكان.

ب) ئەو جۆرە یاساخكارییەی كە لەم دۆخەدا سەرهەڵدەدات.

ج) ئاكامەكانی پیرۆز بوون (یان ناپاكی) كە لەكاتی سەركێشی كـردن لـەم یاساخكارییانە دێتە گۆڕێ.

وشەی دژ و بەرامبەری تابۆ لەزمانی پۆلۆنێزیدا هـەر هـەمان نوئـا noa یـە و واتـای ئاسـایی و گـشتی دەدات. واتـا بەرفراوانەكەشـی جۆراوجـۆرە و بەسەر چەند شێوەدا دابەش دەبێت:

١) تابۆیەكی سروشتی یان راستەوخۆ كە دەرئەنجامی هێزی سێحراوی (مانا mana) یە پەیوەستە بەشتێكەوە یان كەسایەتییەكەوە.

٢) ئەو تابۆیە، كە دەگوێزرێتەوە یان ناڕاستەوخۆیە و هـەر لەهـەمان هێز سەرچاوە دەگرێت، بەڵام یان: ئـەلف) كەسـایەتییەكە ب) یـان لەلایـەن پاپـاوە (پیـاوی گـەورەی ئـایینی)داسـەپاوە یـان سـەرۆك و كەسایەتییەكی دیكەوە ...هتد.

٣) تابۆی ناوین (نێوەڕاست) كە لەنێوان دوو تابۆیەكەی پێشوودایە و هەردوو هۆ پێشوەكەش لەخۆ دەگرێت وەك دەست بەسـەرداگرتنی ژن لەلایەن مێردەكەیەوە. دیسانەوە وشەی تـابۆ سـنووردار بـوونی بۆنە گەلێكی دیكەی هەیە، بەڵام ئەوەی كە لەریزی "رێگا نەدان و پێش پێگرتنی" نابێت بخرێنە ریزی تابۆكانەوە.

ئامانجی شاراوە لەتابۆ دا بەسەر چەند باڵدا دابەش دەبن. ئامانجی تابۆ راستەوخۆکان/

ئەلف) بریتیە لەپاراستنی کەسایەتییە گرنگەکان وەك سەرۆکەکان، پاپاکان (پیاوانی گەورەی ئایینی) و کەرەستە بەهادار و ناوازەکان لەبەرامبەر ئەگەری هەرچەشنە لەکەدار کردن و روشاندنێکدا.

ب) پارێزگاری کردن لەلاوازەکان وەك ژنان، منداڵان و خەڵکانی ئاسایی بەشێوەیەکی گشتی لەبەرامبەر (مانا)دا (هێزی سێحراوی) و بەتوانای پاپا و سەرۆکەکان.

ج) پارێزگاری کردن لەو کەسانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ مردووەکاندا بووە یان لەخواردنێکی تایبەتیان خواردووە و لەئەنجامدا کەوتوونەتە مەترسییەوە.

د) پێشگرتن لەو تێکچوون و ناهاوسەنگییانەی کە لەکاتی پێکهێنانی هەندێك کردەوەی مەزن لەژیاندا دێنە پێش وەك لەدایك بوون، هاوسەرگیری، کرداری سێکسی، پێگەیین و ... هتد.

ه) پشتیوانی کردن لەبوونەوەری مرۆیی لەبەرامبەر تورەیی و دەسەڵاتی خواوەندەکان و شەیتانەکاندا.

و) یارمەتی دانی منداڵان لەکاتی لەدایك بوون یان پاراستنی کۆرپەکان لەبەرامبەری مەترسییە گەورەکاندا، کە بەهۆی پەیوەست بوونیان بەدایك و باوکیانەوە تووشیان دەبێت بۆ نموونە کاتێك دایك و باوك دەست دەدەنە

هەندێك كار یان لەخواردنێك دەخۆن لەوانەیە ئەمانە ببنە هۆی دروست بوونی هەندێك تایبەتمەندی لەمندالأندا. ئامانجێكی دیكەی تابۆ بریتیە لەپاراستنی مالّ و كەرەستەی كار و كێلگە و ...هتد، لەپەلاماری دزان و دزینان، كە ئەمانەش خاوەنیان هەیە لەسەرەتادا وێنا دەكرا سزای سەركێشی كردن لەتابۆ، دەبێت خۆ بەخۆ و بەگوێرەی پێویستییەكی دەروونی بێت. لەواتایەكی دیكەدا ئەو تابۆیەی كە بێ ڕێزی پێدەكرا دەبوایە خۆی تۆلّەی خۆی بسەندایە. بەلأم پاش ماوەیەك، كە چەمكی خواوەندەكان و شەیتانەكان دەركەوتن و لەنێوانی ئەمان و تابۆكاندا پەیوەندی دروست بوون چاوەڕوان دەكرا ئەو چەشنە سزا دانە لەلایەن خواوەندەكانەوە ئەنجام بدرێت. لەبوار و خالّی دیكەدا و لەئەنجامی دوایین تەواوكارییەكانی چەمكی تابۆدا كۆمەلّگا بووە بەرپرس لەسزادانی تاوانباردا، كە تاوانەكەی هاوڕەگەزەكانی خستۆتە بەردەم مەترسی. بەم شێوازە ڕوون دەبێتەوە، كە سیستەمی سزادانی یاسایی مرۆڤایەتی لەسەرەتایی ترین شێوازی خۆیدا لەتابۆوە دەستی پێكردووە.

(( ئەو كەسەی سووكایەتی و بێ ڕێزی بەرامبەر تابۆ ئەنجام بدات لەبەر ئەم سووكایەتی كردنە بۆ خۆی دەبێتە تابۆ. تاوانبار دەتوانێت هەندێك لەو مەترسی و نەگبەتیانەی، كە لەئەنجامی سەركێشی كردن بەرامبەر بەتابۆ كردوویەتی بەپەشیمان بوونەوە و جێبەجێ كردنی ڕێ و ڕەسمی خۆپاك كردنەوە و سڕینەوەیان، كەم بكاتەوە)).

((چاوکانی تابۆ لەو هێزە سێحراوییە تایبەتە دایە کە لەسروشتی کەسایەتی و جنۆکەکاندایە و لەوانەیە بەڕێگای کەرەستەی بێگیانەوە بەئاراستەی جیاوازدا بلاو ببێتەوە. دەتوانرێت کەسایەتی و کەرەستە تابۆییەکان لەگەڵ ئەو کەرەستانەدا هەڵسەنگێنرێن، کە ئەرکێکی خێرا و لەزیان بەسەردا بڕاوە. کەرەستە ناو براوەکان مەڵبەندی هێز گەلێکی ترسناکن. ئەگەری ئەوەیان هەیە کە بەڕێگای پەیوەندییەوە بگوازرێتەوە و بەتاڵ بکرێنەوە و جێگۆڕکێی ئەو لەکاتێکدا، کە ئەو بوونەوەرانەی بوونەتە هۆی بەتاڵ کردنەوە و جێگۆڕکێی ئەوەندە بەتوانا نەبن کە بتوانن لەبەرامبەر ئەم هێزە سێحراوییەدا خۆڕاگری بکەن ئەوا دەرئەنجام و چارەنووسێکی رەش دێنێتە ئاراوە. کەواتە دەرئەنجامی سەرکێشی کردن لەتابۆ نەك تەنها پەیوەستە بەقورسایی و توندی هێزی سێحراوی تابۆوە لەسروشتی کەرەستە و ئامرازەکاندا لەئارادایە، بەڵکو پەیوەستە بەتوندی هێزی "مانا"وە لەکەسی تاوانباردا، کە لەبەرامبەر هێزی ناوبراو خۆڕاگریی کردووە. کەواتە پادشا و پاپاکان (پیاوانی گەورەی ئایین) خاوەن هێز و توانایەکی بێ سنوورن و گەر ژێردەستەکانیان راستەوخۆ بەبێ ناوبژیوان پەیوەندییان پێوە بکەن رووبەڕووی مەترسی مەرگ دەبنەوە، بەڵام وەزیرەکان و کەسایەتییەکانی دیکە، کە خاوەن "مانا"یەکی بانتر لەئاست نێوەڕاستن (ناوین) دەتوانن بەبێ هەست کردن بەمەترسی پەیوەندییان لەگەڵدا بکەن و خۆشیان دەتوانن لەگەڵ ژێردەستەکانیاندا پەیوەندی بکەن

بەبێ ئەوەی مەترسیەك رووبەڕوویان بێتەوە، کەواتە تابۆی ناڕاستەوخۆ لەڕووی هێزەوە پەیوەستە بە(مانا) ی کەسێکەوە کە لێی سەنراوەتەوە بەئاراستەیەکدا تابۆی ناڕاستەوخۆیان گوێزراوە، گەر لەپادشایان پاپاوە بێت کاریگەرترە لەو تابۆییە کە لەمرۆڤێکی ئاساییەوە گوێزراوەتەوە)).

بێگومان هەر هەمان تایبەتمەندی گواستنەوەی تابۆیە کە بۆتە هۆی چەسپاندنی ئەم باوەڕە، کە دەتوانرێت لەبۆنەکاندا دەرفەت وەربگیریەت بۆ قوربانی کردن و خێرات کردن و ئەمانەش ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی بەلا و نەگبەتی لەخۆی.

((لەوانەیە تابۆ هەمیشەیی یان کاتی بێت. پاپا، سەرۆك و مردووەکان و ئەوەی کە پەیوەست بێت بەوانەوە بەشێکن لەگروپی تابۆ هەمیشەییەکان. تابۆی کاتی پەیوەندیدارە بەهەندێك دۆخی تایبەتەوە وەك عادەتی مانگانە، دوگیان بوون یان دۆخی جەنگاوەران لەپێش و پاش لەشکەرکێشی و هەوڵەکانی ڕاو کردن و ... هتد. تابۆ گەلێکی گشتگیر هەیە وەك نکۆڵییەکانی کەنیسە، کە لەوانەیە هەرێمێکی گەورە لەخۆ بگرێت بەساڵان درێژە بکێشێت)).

وای بۆ دەچم مەزندەم کردبێت خوێنەران چییان بەمێشك دا دێت. لەم بەشەدا پاش خوێندنەوەی ئەم چەند خاڵە زانیارییەکی ئەوتۆمان سەبارەت بەتابۆ دەست نەکەوت و دەڵێن نازانین کام جێگای رامانی خۆمانی بۆ دەست نیشان بکەین، کە پێشتر لامان نەبووبێت. بەدڵنیاییەوە ئەمە لەکەموکوڕی

زانیارییەکانی منەوەیە. بەتایبەتی لەو خاڵە دا کە هەموو تێبینییەکان سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تابۆ لەلایەکەوە و خورافە و وەلانانی باوەڕ بەتێدا نەچوونی رۆح و ئایینزا لەلایەکی دیکەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە دەترسم باسێکی تێر و تەسەلتر سەبارەت بەوەی کە لەتابۆی دەزانین بێتە هۆی ئاڵۆز بوونی بابەتەکە. بەڵێن بەخوێنەران دەدەم شێوازێکی بێ ئومێد و نادیار و ئاڵۆز دێنێتە مەیدان، بەڵێ، کەواتە نەژادە سەرەتاییە ناوبراوەکان خۆیان یەخسیری گۆمەڵێك یاساخکاری کردووە، کە لەئاست هاتنە خوارەوەی سنوورەکانی بێ ئاگان و تەنانەت ئەوەش نایەتە یادیان کە بەدوایدا بڕۆن و روونی بکەنەوە، بەپێچەوانەوە وەك فەرمانێکی سروشتی لەبەرامبەریدا چۆك دادەدەن و لەوە دڵنیان کە سەرکێشی کردن لەڕێ و رەسمەکەیان خۆبەخۆ دەبێتە هۆی هاتنە خوارەوەی دژوارترین بەڵا و سزادان بەسەریاندا. هەر کەسەیان چەند نموونەیەکی بێ ئەملا و ئەولایان لەیادە کە سووکایەتی کردنی بەبێ ئەنقەسەت لەفڵان یاساخکراوی لەم چەشنە خۆبەخۆ بۆتە هۆی سزادانی توند و کاریگەری تاوانبار. بۆ نموونە فڵان تاوانباری بێ تاوان (ئەو تاوانبارەی بەئەنقەست تاوانی نەکردووە) لەگۆشتی فڵان ئاژەڵی یاساخکراوی خواردووە تووشی خەمۆکیەکی قورس بووە و چاوەڕوانی مردن دەکات و لەئەنجامدا دەمرێت. زۆربەی یاساخکارییەکان بریتییە لەکەرەستەی خواردەمەنی و بەکارهێنەرەکان، ئازادی جموجۆڵ و هاتوچۆ و پەیوەندییەکان.

لەهەنـدێك خاڵـدا بـەجێ دێنـە بەرچاو و ئامـانجی داسـەپاندنی چـەند خۆپاراسـتنێك لـەخواردن. جگـە لەمانـە خاڵـەكانی دیكـە و ناواخنەكـەی بەتەواوەتی نادیار و ئاڵۆزە و مرۆڤ لێی تێناگات، چونكە ناواخنەكەی گرنگی بەچـەند شـتێكی ئاسـایی دەدات و شـتێك نادێتـە پـێش چـاو جگـە لەچـەند فـەرمانێكی ناپێویـست و زیـادە و رێ و رەسمیانـە نـەبێت. وادیـارە بناخـەی هـەموو یاسـاخكاری و سـنووردار كردنـەكان دەگەڕێتـەوە بـۆ تیـۆریـەك، كـە بـەگوێرەی ئـەم تیۆریـە ئەمانـە پێویـستن، چـونكە هەنـدێك كەسـایەتی و كەرەستە خاوەن هێزێكی ترسناكن و لەڕێگەی پەیوەندییەوە وەك پەتایەكی گشتی دەگوازرێتەوە. فلان كـەس یـان فلان كەرەسـتە زێـدەتر لەكەسـەكانی دیكە و كەرەستەی دیكـە بـەبێ سـنوور لێوانلێـوە لـەهێزێكی بـەم چەشـنە و هەر بەهەمان رادەش ئەو مەترسیەی كە دەیخاتەوە زێدەترە. خاڵێك كە لەم بوارەدا سەرسووڕهێنەرە ئەوەیە، كە گەر كەسێك تووشـی ئـەم چارەڕەشـییە بوو سووكایەتی بەرامبەر تابۆیەك بكات، خودی خۆی یاساخ و حەرام دەبێت وەك بڵێیت هەموو رووە ترسناكەكانی سەرەوە بە یەكجاری گوازراوەتـەوە سەری. هێزی ناوبراو پارچەیەك لەزاتی هەموو ئـەو كەسانەیە، كـە شـتێكی تایبەتیان هەبێت وەك پادشاكان، پاپا و منداڵان، هەروەها بەشێكە لەهـەموو حاڵەتی ئەو شتە شاز و نائاسایییە وەك عـادەتی مانگانـە، پێگـەیین، لـەدایك بوون یان بەشێكە لـەو حاڵەتانـەی كـە راز و رەمزیـان هەیـە وەك نەخۆشی،

مردن، لەئاگامدا بەشێکە لەزاتی هەموو ئەو شتانەی کە لەوانەیە ببێتە هۆی بڵاو بوونەوەی پەتایەکی گشتی.

"تابۆ" بەکەسایەتی و جێگا و شت گەلێك یان هەموو حاڵەتێکی گواستنەوەیی دەگوترێت، خاوەن ئەم تایبەتمەندییە رازاوین یان بەهۆ و چاوگەی دەژمێردرێن. ئەو پاساخ کردنەی کە لەم تایبەتمەندییەوە دێت دیسانەوە ناوی "تابۆ" ی لێدەنرێت لەئاگامدا و بەوردی واتای وشەی "تابۆ" ئەو شتانەن کە پیرۆز و بانتر لەئاستی ئاسایی کەرەستەکان بن یان هەر بەهەمان شێوە ترسناك، ناپاك و رازاوی بن.

ئەم دەستەواژەیە، کە ئەو سیستەمی لێ پێکهاتووە روونکەرەوی کۆمەڵێك لەو راستییانەی ژیانی دەروونین، کە لەرواڵەتدا واتا و ناواخنەکەی بۆ ئێمە ئاشکرا نییە. سەرەتا رامانمان بەو ئاراستەیەدا دەروات، کە کاتێك لەم راستیانە تێدەگەین کە پێشتر شارەزای خوو و سروشتی باوەڕپەکانی خەڵکانی سەرەتایی بین بەتایبەتی سەبارەت بە جنۆکە و شەیتانەکان کە لەتایبەتمەندی و جیاکاری کولتووری سەرەتاییە ناوبراوەکانە. بەڵام لەڕاستیدا ئەم مەتەڵەی تابۆ چ گرنگییەکی هەیە کە دەبێت ئەوەندە پێوەی خەریك بین؟

بەبڕوای من هۆی خەریك بوونمان بەم بابەتەوە تەنها بۆ ئەوە نییە، کە هەر بابەتێکی دەروونی شایانی ئەوەیە کە بەدوای چارەسەریدا بگەڕێن، بەڵکو هۆگەلێکی دیکەی هەیە بتەوێت و نەتەوێت ئەو رامانە

لەزەینماندایە، کە تابۆی هۆڤە پۆلۆنێزییەکان وەك ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێدا بۆ ئێمەش نامۆ نیین و ئەو یاساخکارییانەی کە دەرئەنجامی داب و نەریت و ئاکارن و ئێمەش پەیڕەوییان لێوە دەکەین. لەتایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خۆیدا لەهەمان تابۆی سەرەتایی دەچن. لەوانەیە راڤە کردنی سروشتی تایبەتی تابۆ یارمەتی خۆمان بدات لەناسینی رەگە باریك و نادیارەکانی "بڕیاری رەها" دا.

کە واتە بەوردیەکی زێدەتر و حەزێکی بەرفراوانترەوە چاو لەگوتەکانی پرۆفیسۆرێك وەك (وونت w.wundt) دەکەین، کە سەبارەت بەتابۆ گوتوویەتی و بەڵێنی پێ داوین تاکو سەرەتایی ترین رەگ و ریشەکانی نەخاتە ڕوو ئۆقرە ناگرێت.

بەبڕوای وونت چەمکی تابۆ "بریتیە لەو هەموو داب و نەریتەی کە نیشانەدەری ترسێکی لەڕادەبەدەرن لەهەندێك شت دا، کە دەڵێن توانای ئەنجامدانی هەر کارێکیان هەیە". لەجێگایەکی تر دەنووسێت: "گەرمەبەست لەتابۆ، بەواتا بەرفراوانەکەی و هەرچەشنە واتایەك کە بەگوێرەی داب و نەریت یان ناواخنێکی یاسایی و هەست کردن و بەکارهێنانی کەرەستە و بەکار هێنانی هەندێك ووشەی یاساخکراو بێت ..." دەتوانرێت بڵێین کە نەتەوە یان کولتوورێك شك نابەین کە ئاسەواری ترسناك و سووکایەتی پێکردنی تابۆییان نەچێشتبێت.

لەدواییدا وونت بۆمان شیدەکاتەوە کە بۆچی لەڕوانگەی ئەوەوە گونجاوترە، کە لێکۆڵینەوە لەسەر شێواز و هەلومەرجی سەرەتایی هۆڤە ئوسترالییەکان سەبارەت بەتابۆ ئەنجام بدات نەك لەسەر شێوازی کولتووری پێشکەوتووتری گەلانی پۆلۆنێزی.

وونت یاساخکارییە تابۆییەکانی ئوسترالیا بەسێ گروپ دادەنێت چ گروپی پەیوەندیدار بەجڕ و جانەوەر و ئاژەڵەوە بن یان پەیوەستی مرۆڤ بن یان ئامراز و کەرەستە.

لەبنەڕەتدا تابۆی ئاژەڵەکان مەرج و پێویستییەکانی بەستراونەتەوە بە دورەپەرێزی لەگوشتن و خواردنیان، کە ئەمەش توخمەی سەرەکی تەوتەم یان ئاژەڵ پەرەستی پێکدێنێت. تابۆ مرۆییەکان لەبنەڕەتدا تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە (لەتەوتەمەکانی دیکە). لەقۆناخی یەکەمدا هەلومەرجی نائاسایی ئەم تابۆیە سنووردارە بەژیانی مرۆیی ئەو تابۆیە بۆ خۆی. کەواتە مێردمندالان لەکاتی ڕێ و ڕەسمی پێگەیشتنیانەوە، ژنان لەکاتی عادەتی مانگانەدا و هەر بەدوایدا پاش بەدنیاهێنانی مندال و هەر بەم شێوازە مندالان و نەخۆشەکان و بەتایبەتی مردووەکان دەبنە تابۆ. هەروەها ئەو ئامراز و کەرەستانەی کە هەمیشە و پەیتا پەیتا مرۆڤ بەکاریان دێنێت، جلوبەرگ و کەرەستە و چەکەکەی لەئاستی تابۆدان.

لەئوستراليادا ئەو كوڕانەی لەكاتی رێ و رەسمی پێگەیندا ناوێكی نوێيـان لێدەنرێت بەگەورەی رەوا دەژمێردرێت. لـەم سۆنگەيەوە دەبێت ئـەم نـاوە بەنهێنی لای خۆيان بپارێزن.

گروپی سيستەمی تابۆكان تايبەتـە بـە تـابۆی دار، رووەك، خانووەكان و جێگاكـان كـە گۆڕانيـان بەسـەردا دێـت و تـەنها پـەيرەوی لەيـەك پرەنـسيپ ناكەن، چونكە لەم گروپەياندا ئەو شتانەی كە ببنە هۆ يان هۆيەكی ترس و دڵنيگەرانی بەتابۆ دەژمێردرێت.

سەبارەت بەو گۆڕانانەی تابۆ، كە لەكولتووری زەنگينی پۆلۆنێزييـەكان و كۆمەڵە دورگەكانی ماليزيادا هەيە وونت دەڵێت: ئەوەنـدە قـووڵ و ريـشەيی نين جياوازی كۆمەڵايەتی و هۆڤانەتری گەلانی ناوبراو لەوێدا دەبينرێن، كە سـەرۆك و پادشـاكان و پاپاكـان تابۆيـەكی تايبـەت و كاريگـەرن و بۆخۆيـان زێدەتر لەخەڵكانی ديكە لەژێر زەختی تابۆدان.

بەڵام سەرچاوە راستەقينەكانی تابۆ لەوە قووڵتر و رەگ داكوتراوترن، كە لەنێو بەرژەوەندی چينە هەڵبژاردەكاندا بەدوايدا بگەڕێين. تابۆ سەرچاوەی خۆی لەهەمان چاوگەوە دەگرێت، كە سەرەتاييترين و بەردەوامترين غەريزە مرۆييەكانی لێدەركەوتووە: ((واتە ترس لەكردەوەی هێزە شـەيتانييەكان)). تابۆ شتێكی جياواز نييە لە "هێزە شەيتان" يـەكان، كـە شـێوازێكی بەرچـاو دەرەكيـان لـەخۆ گرتـووە و وادەزانـن كـە لەپـشت كەرەسـتە و شـتەكانەوە تابۆيەك خۆی شاردۆتەوە. ئـەو شـتانەی كـە بێتـە هۆی هانـدان و تـووڕەيی

هێزی ناوبراو تابۆ یاساخیان دەکات و ئەوەیە، گەر بە ئەنقەست یان بەهەڵە سووکایەتی بەم هێزانە کرا دەبێت پێش بەتۆڵەسەندنەوەی بگیرێت.

بەرە بەرە تابۆ وەك هێزێکی سەربەخۆ و جیاواز لەشەیتان پەرەستی لێهات و لەپێوانە مەرجییەکاندا لەنێو داب و نەریت و پاشان لەیاسادا دەرکەوت، بەڵام فەرمانێکی نەگوتراو لەپشت گشت یاساخکارییە تابۆییەکاندا خۆی شاردۆتەوە کە بەگوێرەی کات و شوێن خۆی دەگۆڕێت، ئەویش ئەوەیەن کە "خۆتان بپارێزن لەتووڕەیی شەیتانەکان".

کە واتە وونت بڕوای وایە. کە تابۆ سەمبول و دەرئەنجامی باوەڕی گەلە سەرەتاییەکانە بەهێزە شەیتانی و ئەهریمەنییەکان. پاشان وادیارە و بەڕواڵەت تابۆ جیاگراوەتەوە لەم ریشەیە. لەبەر ئەوەی هێز بوو، بەهۆی بەشێك لەپارێزگاری و کۆنەپەرەستی دەروونی هەر بەشێوازی هێزێك مایەوە. پاشان خۆیشی بووە بنەما و ریشەی ئاکار و رەوشت و یاسای دایکی، هەرچەندە لەوانەیە یەکەمین بابەت لەم بابەتانە تا رادەیەك جێگای کەموکوڕییە، بەڵام وا بیر دەکەمەوە کە زۆربەی هەرە زۆری خوێنەران لەم خاڵەدا لەگەڵمدا هاودەنگن، کە روونکردنەوەکانی وونت قەناعەتی پێ نەکردوون. شیکردنەوەی تابۆ بەم شێوەیە و خستنەرووی سەرچاوە و چەمکی تابۆ و بەدوادا چوونی تاکو دوایین ریشەکانی و لەئەنجامدا بەترس و شەیتانی ناوی بەرین ئەوا لەدەروون ناسیدا ئەمانە بەهۆی خۆییەکان ناژمێردرێن. ریشەکەی نەترسە و نەشەیتانەکان، بەڵکو دەبێت زێدەتر

بەدوایدا برۆین. هەڵبەت گەر لەڕاستیدا شەیتانەکان لەئارادا بوونایە ئەوا بەسەرهاتەکە بەئاراستەیەکی دیکەدا دەڕۆیشت، بەڵام دەزانین هەروەك خواوەندە جۆراوجۆرەکان چۆن بەشێکن لەخولقکارییەکانی هێزی دەروونی مرۆڤ، تەنها دەبێت بەچۆنیەتی و شێوازی سەرهەڵدانیان بزانین و لەڕاستیدا لەو خاڵە ئاگادار بین کە لەچی پێکهاتوون.

وونت سەبارەت بەواتا جۆراوجۆر و زۆرکانی تابۆ بۆچوون گەلێکی سەرنج ڕاکێشی خستۆتە مەیدان کە لەڕووی روون بوون و رۆشنایی دانەوە ئەوەندەش تەواو نییە. بەبڕوای ئەو لەقۆناخە سەرەتاییەکانی تابۆدا هێشتا لەنێوان پیرۆز و چەپەڵدا جیاوازی دانەنراوە، کەواتە پاشان ئەم چەشنە چەمکانە دەرکەوتوون بەو واتایە پاش ئەوەی لەنێوانیاندا ناکۆکی دەرکەوتووە سەریان هەڵداوە یان دروست بوون. مرۆڤەکان، ئاژەڵەکان و ئەو شوێنانەی کە بوونەتە تابۆ "شەیتانین" نەك پیرۆز. لەئەنجامدا هێشتا ناپاك بەواتا دێرینەکەی خودی ئەم وشەیە نییە، کە دەگوترێت. چەمکی تابۆ زێدەتر بەو واتا ناونجی و نێوەراستە دێت، کە واتای شەیتانی بوونە. ئەو شتەی کە نابێت بەدەست هەستی پێ بکرێت، چونکە واتا شەیتانییەکەی خاڵێکی کەڵکمەندی تێدایە کە هەمیشە هاوبەش دەبێت لەنێوان پاك و ناپاك. واتە ترس لەپەیوەندی، بەڵام هەر هەمان هاوبەشی لەخاڵ و تایبەتمەندییەکی گرنگ و نەگۆڕدا نیشاندەری هەمان واتایە کە لەسەرەتادا لەنێوان ئەم هەرێمە دوو ڕەهەندییە دا هەرێمی پاك و ناپاك لەئارادا بووە پەیوەندیشیان تا ئەو رادەیە بووە کە ئەگەری لێك ئاڵانیان

دەگرێت، بەڵام پاشان لەژێر کاریگەریەتی هەلومەرجی نوێیەوە لەیەکدی جیا بوونەتەوە و گۆڕاون و بوونەتە دژی یەکتری.

بڕوا کردن بەم خاڵە ـ کە بەشێکی دانەبڕاوە لەتابۆ سەرەتاییەکان ـ کە هێزی شەیتانی خۆی لەپشت فلان شتەوە حەشارداوە، گەر دەستی لێبدەیت یان بەشێوەیەکی یاساخکراو سودی لێ وەرگرێت بەشێوازێکی سێحراوی تۆڵە لەتاوانبار دەستێنێتەوە لەڕاستیدا شتێك لەئارادا نییە جگە لەترس کەشێوازێکی دەرەکیانەی بەخۆوە گرتووە. ئەو ترسەی کە هێشتا بەچەشنی دوو بەشی دان پێدانان و نکۆڵی (حەز و رق) خۆی دەرنەخستووە هەڵبەت پاشان بەم شێوازەی لێدێت.

بەڵام ئەم دوو رەهەندی بوونە چۆن پێکدێت؟ بەرێگەی جێگەدار کردن و دانیشتنی خواوەندەکان لەجێگەی شەیتانەکان. لەڕووبەڕوو بوونەوەی دوو قۆناخی یەك لەدوای یەکی میتۆلۆژیك (ئەفسانەیی) لەباتی ئەوەی قۆناخی یەکەم پاش دەرکەوتنی قۆناخی دووەم بەتەواوەتی تێدا بچێت یان بەشێوازێك کە پاشان بێ بەها و بایەخ بێت و هێدی هێدی سووکایەتیشی پێ بکرێت.. لەمیتۆلۆژیادا زۆر ئەو خاڵە دەبینین کە قۆناخە پێشووەکە لەهەمان کاتدا کە کۆنە بووە لەلایەن قۆناخەکەی دیکەوە (قۆناخی دوایی) سەرکوت کراوە. لەوانەیە هەر ئەم هۆیە بێت کە شێوازی سڕاندنەوەکەی سووکایەتی پێکردنە و بەجۆرێك بەها پیرۆزەکانی بکەونە بەر توانج و بێ رێزی، گەر لەپاڵ قۆناخی دووەمدا بمێنێتەوە. تێبینیەکانی دیکەی وونت لەلایەکەوە پەیوەندیدارە بەپەیوەندی نێوان تابۆکان و لەلایەکی دیکەوە کێشەی خۆپاککردنەوە و قوربانی کردنە

-٢-

ئەو کەسەی کە بەیارمەتی و دەرئەنجامەکانی دەروون شیکاری، واتە ئەو دەرئــەنجام و گریمانانــەی لــەدیتن و دەســت کــەوتنی نەســت لــەژیانی دەرونیمانەوە دەست کەوتوون هەڵدەستێت بەلێکۆڵینـەوە لەبابـەتی تـابۆدا. پاش تێڕامانێکی کورت بەوە دەزانێت، کە بێ ئاگا نییـە لـەم دیاردانـەی کـە باسی دەکەین. کەس گەلێك دەناسێت کە خۆی بۆ خۆی یاساخکاری تـابۆیی تاکە کەسی دروست کـردووە، هـەر بەهـەمان شێواز کـە هۆڤـەکان پـەیڕەو و ملکەچی یاساخکارییە هاوبەشەکانی نێوان خێڵ و کۆمەڵگاکەیانن ئەمانـەش هـەر بەهـەمان شێوە و بـەوردی پـەیڕەو و ملکەچـی یاسـاخکارییە دروست کراوەکانی خۆیان دەبن. گـەر دەروون شیکارە ئامـاژە پێدراوەکـەمان خـووی بەوە نەگرتبێت (فێری ئەوە نەبووبێت)، کە ئەم نەخۆشانە لەریزی تـووش بـوان بەنەخۆشـی ڕاڕایـی دابنێـت درەنـگ یـان زوو بـەوە دەزانێـت کـە دەستەواژەی "نەخۆشە تابۆییەکان" باشترین ناونیشانە کە دەتوانێت بۆیـان دابنێـت. ئـەو لەدەرئــەنجامی لێکۆڵینــەوە دەروون شــیکارییەکان ئەوەنــدە زانیاری سەبارەت بـەم نەخۆشییە ڕاڕایانـە هەیـە، کە هۆکان و کەوتـەیی و توخمەی سـەرەکی ڕێکخستنی دەروونـی لێ وەدەسـت خـستووە و ناتوانێت خـۆی هـەڵاوێر بکـات لەهەڵسەنگاندن و دەرئەنجامـەکانی دەروون شـیکاری لەگەڵ دیاردە دەروون ناسییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا.

وێڕای ئەمەش نابێت لێرەدا لایەنی هۆشیاری وەلابنێین. لەوانەیە لێکچوونەکان لەنێوان تابۆ و نەخۆشی ڕاڕایدا بەشێوەیەکی ڕەها دەرەکی بن واتە تەنها چوارچێوە گەلێك لەخۆ بگرێت کە هەردووکیان تێیدا دەردەکەون و هیچ نزیکایەتییەکیان پێکەوە نەبێت لەچییەتیدا. سروشت بەسود وەرگرتن لەپێوانەکان و شێوازە تاکەکان پێکهێنانی هەمە چەشن و جۆراوجۆری تێکهەڵکێشی کیمیاوی دەخاتە ڕوو، لەتاشە بەردە مەرجانییەکانەوە بگرە تاکو تاشە بەردە گیاییەکان و هەندێك لەبلورەکان و گلسە کیمیاوییەکانی دیکە. گەر بەلێکچوونی نێوان هەلومەرجی ئاسۆیی بڕیار لەنزیك بوون و چییەتی بدەین هەستاوین بەئەنجامدانی کارێکی پەلە و ناکاریگەر. وێڕای ئەوەی کە ئەم لایەنی هۆشیارییە لەبەرچاو دەگرین نابێت چاو بگرین لەهەڵسەنگاندنەکەی سەرەوە. یەکەمین و سەرنجڕاکێش ترین لێکچوونی نێوان یاساخکارییەکانی ڕاڕایی (لەنەخۆشە دەروونییەکاندا) تابۆیی لەوەدایە کە ئەم دوو گروپە بەڕواڵەت هیچ هۆیەکی پێویست و گونجاو و ریشەیی و رازاوییان نییە. یاساخکارییە ناوبراوەکان لەناکاو و رۆژێك سەر هەڵدەدەن و لەئەنجامدا و پاشان کەسەکە خۆی ناچار دەبینێت کە پەیڕەو و ملکەچی بکات، گەر نا تووشی شڵەژان و هیستریا و نابەرگری بوون دەبێتەوە. ئیدی هەڕەشە کردن بەسزادانێکی دەرەکی سودی نییە، چونکە کەسەکە لەڕامان و هەستی خۆیدا بڕوای تەواوی بەوە هەیە، گەر پەیڕەو و ملکەچی نەبێت تووشی بەڵا و گرفتێکی زۆر قورس دەبێت کە

لەتوانایدا نابێت. تەنها شتێك كە نەخۆشە ڕاڕاكان دەتوانن لەم بوارەدا بیڵێین ئەوەیە بەشێوازێك، كە ناتوانن شی بكەنەوە وا هەست دەكەن گەر پەیڕەوی نەكەن گرفتێكی گەورە ڕووبەڕووی یەكێك لەنزیكەكانی دەبێتەوە. توانستی ئەوەیان نییە بڵێن ئەم گرفت و بەڵایە چ جۆرێكە و لەچ پێوانەیەكدایە، هەر هەمان زانیارییە كەم و ناتەواو و ئاڵۆز پاشان لەكاتی بە ئەنجام گەیاندنی كردارە پاراستنییەكان و كەفارەییەكان (كە پاشان باسی دەكەین) دركاندوویەتی نەك زانیارییەك بێت سەبارەت بەخودی ئەو یاساخكاریانە.

بەهەمان شێوە یاساخكاری سەرەكی و گرنگی نەخۆشی ڕاڕای لەتابۆشدا دەبینرێت، كە هەمان یاساخكاری پەیوەندی كردنە، هەر بەهۆی ئەم خاڵەوەیە كە ئەم نەخۆشییەیان ناو ناوە ورینەی پێستی (بەریەك كەوتن). یاساخكارییەكان تەنها سەرنج ناخاتە سەر بەریەك كەوتنی ڕاستەوخۆی جەستە، بەڵكو هەموو ئەو كردارانە لەخۆ دەگرێت كە زاراوەكەیان پەیوەست بێت بەوشەی بەریەك كەوتن و پەیوەندی بوونەوە: وەك پەیوەندی گرتن، پێكهێنانی پەیوەندی و لەم جۆرە بابەتە ... هەریەك لەو شتانەی، كە دەبنە هۆی نزیك بوونەوەی هزری نەخۆشە ڕاڕاكە بە ئاراستەی شتە یاساخ كراوەكاندا بڕوات و گەرچی ئەو شتە كە ببێتە هۆی ئەم پەیوەندییە ئێنتزاعی و زەینییە لەپەیوەندیدا لەگەڵ یاساخكراوەكەدا ئەوسا ناتوانێت خۆی لێ بپارێزێت. كەواتە ئەو شتەی كە بێتە هۆی پەیوەندی لەگەڵ شتی

یاساخکراودا ئەوا لەلای خۆی یاساخی دەکات. چ جای پەیوەندی ماددی و زەق. هەر هەمان بەرفراوانی و واتای پەیوەندی، کە لەئارادا بێت دەچێتە نێو ئەم بازەنەیەوە، کە لەنێو تابۆشدا دەیبینین.

بەئاسانی لەئامانجی هەندێك لەسنووردار کردنە ڕاڕاییەکان تێدەگەین، بەڵام بەپێچەوانەوە هەندێك یاساخکراوی دیکە هەن کە بەڕواڵەت جێگای لێ تێگەیشتنیان نییە و نالۆژیکانە و گەوجانەیە. ئێمە ئەم یاساخکارییانە لەهەندێك تایبەتمەندی "بۆنەیی و ڕێ و ڕەسمانە" جیا دەکەینەوە، هەر کوت و مت هەمان چەشن لەیاساخ کاریەکانی داب و نەریتی تابۆدا دەبینین.

یاساخکارییە ڕاڕاییەکان توانایی و تایبەتمەندی گواستنەوە و جێگۆڕکێی بەرچاو لەخۆ دەگرن لەئەگەری هەر شێوازێك بۆ گواستنەوە لەشتێکەوە بۆ شتێکی دیکە لەنێو کۆمەڵێك گریمانەدا بۆ خۆیان سودی لێوەردەگرن. بەگوێرەی قسەی یەکێك لەنەخۆشەکان هەر شتێکی نوێ لەئاست خۆیدا بەشتێکی نەگونجاو دەزانێت. ئەمە بەشێوازێکە، کە هەندێك جار بەرە بەرە هەموو دنیا لای نەگونجاو دەبێت. نەخۆشە ڕاڕاییەکان بەشێوازێك هەڵس وکەوت دەکەن، کە گوایە کەسێتی و کەرەستە نائاساییەکان چاوگەی پەتایەکی ترسناکن و ئەو ئامادە بوونەیان تێدایە کە بەڕێگەی پەیوەندی بەهەموو شتێکی دەوروبەریاندا بڵاو ببێتەوە. پێشتریش هەر هەمان تایبەتمەندی پەتا ئاسامان لەتابۆکاندا دەستنیشان کردبوو، هەروەها دەزانین گەر کەسێك ڕێز لەتابۆ نەگرێت و لەگەڵ شتێکی تابۆییدا پەیوەندی بگرێت

بۆ خۆی دەبێتە تابۆ و کەسیش ماق پەیوەندی گرتنی لەگەڵدا نییە. ئەم دوو نموونەیە یەکیانم لەژیانی مائۆریەکان (maoris) وەرگرتووە و ئەوی دیکەش لەدەرئەنجامی دیتنەکانی خۆم لەسەر یەکێك لەنەخۆشەکانم کە تووشی ڕاڕایی ببوو وەرگرتووە.

((سەرۆکێکی مائوریەکان قەت بە فووی خۆی ئاگرێك هەڵناگیرسێنێت، چونکە فووە پیرۆزەکەی تواناکەی دەباتە نێو ئاگرەکە و ئەویش دەیدا بەکیتەڵەی سەر ئاگرەکەدا و دەگاتە خواردنی نێو کیتەڵەکە و لەوێوە دەگاتە ئەو کەسەی لەو خواردنە دەخوات. هەموو ئەمەیە کە دەبێتە هۆی مردنی ئەو کەسە کە لەخواردنی سەر ئەو ئاگرە دەخوات کە بە فووی پیرۆز و ترسناکی سەرۆك هەڵگیرساوە)) (فریز بەرگی دووەمی تابۆ و مەترسییەکانی رۆح ١٩١١ لاپەڕەی ١٣٦).

بەڵام سەبارەت بەو نەخۆشەم کە مێردەکەی ئێستا شتێکی کڕیوە و شێگیرانە داوا دەکات کە خێرا لەماڵەوەی دوور بخاتەوە، چونکە ئیدی ناتوانێت لەم ماڵەدا بمێنێتەوە و ژیان بکات. لەڕاستیدا دەزانێت ئەم شتە لەفلان دووکان کە لەشەقامی ئاسکەکاندا سەنراوە، بەڵێ ئەمڕۆ یەکێك لەهاوڕێ کانی سەردەمی کچێنی کە لەشارێکی زۆر دووردا ژیان دەکات ناوی "ووی" بووە، بەڵام ئێستا بەناوی ئاسکە خانەوە ناسراوە. ئەمڕۆ ئیدی هاوڕێیەی لای "نەشیاوە" واتە بۆتە تابۆ. ئەو شتەی کە لەم شارەدا واتە ووین سەنراوە وەك ئەو هاوڕێیەی کە ئیدی نایەوێت پەیوەندی لەگەڵیدا

بێت "نەشیاوە" واتە بۆتە تابۆ. ئەو ڕێگرییانەی کە لەڕاراییەوە دێن هەروەك یاساخکارییە تابۆییەکان دەبنە هۆی زۆریەك لەبێ بەش بوون و سنووردار کردنی ژیانی نەخۆشەکان، بەڵام دەکرێت هەندێك لەم ڕێگرییانە بەسود وەرگرتن لەخودی هەندێك لەو کردارانە کە ڕووی ڕاراییان هەیە وەلابنرێن. بێگومان هەر هەمان کرداری پەشیمان بوونەوە و کەفارە و پاراستن و پاك بوونەوەیە. باوترین کردار و لەچەشنی کرداری ڕاڕای هەر هەمان پاك بوونەوە "پاك بوونەوەی ڕاڕای" یە. ئەم خاڵە سەبارەت بەهەندێك لەڕێگرییە تابۆییەکان کە خۆی دەتوانێت لەجێگای ئەودا بێت یان دەگرێت زەبر و زەنگیان لە"بۆنەیەکی" خۆ پاك کردنەوەدا پووچەڵ بکرێتەوە.

ئێستا دەبێت لایەنە لێکچووەکانی نێوان داب و نەریتە تابۆییەکان و نیشانەی نەخۆشی نەخۆشە ڕاڕاییەکان بەکورتی بخەینە ڕوو، کە ئەم چوار لایەنە بریتین لە:

1. نەبوونی هەر چەشنە هۆیەك کە بووبێتە هۆی یاساخکردنەکان.
2. خۆڕاگرییان بەگوێرەی پێویستییەکی دەروونییە.
3. ئاسانی لەگواستنەوە و پەتا ئاسا بوونی شتە یاساخکراوەکان.
4. هەبوونی کردار و ئەمری بۆنەیی کە لەیاساخکارییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەڵێ. دەروون شیکاری رابردووی کەوتەیی و پێکهاتەی رێکخراوەیی دەروونی و تووشبووانی نەخۆشی دەروونی و پارایی بۆمان ئاشکرا کردووە. بۆ نموونە راڤەیەك سەبارەت بە رابردووی کەوتەییەك دەکەین کە لەخوارەوە بەسەرهات و چۆنیەتی ئەم چەشنە نەخۆشییە کە بەوڕینەی پێستی ناسراوە دەخەینە بەر دەستتان. لەگوتەکانی خودی نەخۆشدا ئەوە دیارە، کە هەر لەسەرەتای ئەم کارەوە، واتە لەسەرەتای منداڵییەوە زۆر بەتوندی حەزی بەریەك کەوتنی تێدا دەرکەوتووە، بەڵام مەبەستەکەی زۆر لەوە تایبەتی تر بووە کە بتوانێت وێنای بۆ بکات. زۆری پێ نەچوو کە لەمپەرێکی (رێگریەکی) دەرەکی لەبەرامبەر پێکهێنانی حەز بەهەست کردن و بەریەك کەوتن سەری هەڵدا[1]

نەخۆشی ئەم یاساخکردنەی وەرگرت، چونکە لەهێز گەلێکی بەتوانای دەروونییەوە سەرچاوەی دەگرت. بەکورتی ئەم دژایەتی کردنە زۆر بەهێزتر بوو لەحەز و هەستی بەریەك کەوتن. بەڵام وێڕای سەرنجدان بەپێکهاتەی سەرەتایی دەروونی لەنێو منداڵاندا، ئەم یاساخکارییە نەیتوانی بەتەواوەتی ئەو حەزە لەناو بەرێت، بەڵکو تەنها توانی سەرکوتی کات یان دووریخاتەوە بۆ نێو نەست، کەواتە هەم حەز و هەم هێزی دژی هەردووکیان لەجێگای خۆیاندا ماونەتەوە. هۆی مانەوەی حەزی بەریەککەوتن ئەوەیە کە سەرکوت

---

[1] حەزی بەریەك کەوتن و ئەو لەمپەرەی کە لەبەرامبەریدا سەری هەڵدا، هەردووکیان پەیوەندیدارن بە بەریەك کەوتنی کۆئەندامی زاوزێ.

کراوە و نێردراوەتە دواوە و بەبێ ئەوەی بەتەواوەتی سڕابێتەوە هۆی مانەوە و دژایەتی کردنی ئەوەیە، گەر تێداچووبایە حەزە ناوبراوەکە دەچووە نێو هەستەوە و خواست و پێکهێنانی خۆی بەسەردا دادەسەپاند. لەئەنجامدا داخرانێك دەرکەوتووە کە وەك کێشەیەکی چارەسەر نەکراو ماوەتەوە ئەمەش هەر بەهەمان جێگیر بوونی دەروونی ناو دەبرێت و هەموو ئەو شتانە کە پاشان دەرکەوتووە دەرئەنجامی ململانێ بەردەوامەکانی نێوان ئەم حەزە لەلایەکەوە و دژایەتی کردنی لەلایەکی دیکەوەیە.

گرنگترین لایەنی زەق و شێوازی نەخۆشی دەروونی کە بەم چەشنە جێگیر بووە و بەردەوام ماوەتەوە هەر ئەو شتەیە کە هەمان ڕێبازی دوو ڕەهەندی بوونی تاکە، کە لەبەرامبەر ئەو شتەدا بەخۆیەوە پەیوەستە. یان باشتر ئەوەیە بڵێین لەبەرامبەر کردەوەیەك لەکردەوەکانی خۆی کە پەیوەستە بەهەمان شتەوە و پەیوەندیداری دەکات. هەموو کات نەخۆش ڕاڕا و دوودڵ دەبێت کە هەمان کردەوەی ـ هەستی بەریەك کەوتنی کۆئەندامی زاوزێ ـ بەئەنجام بگەیەنێت، بەڵام ئەو ترسەی کە هەموو کات لەم کردەوەیە هەیەتی دەبێتە ڕێگریەك بۆ ئەنجام نەدانی ئەم کردەوەیە. ڕووبەڕوو بوونەوە و دژایەتی نێوان ئەم دوو ڕەوتە بەئاسانی چارەسەر نابێت، چونکە شێوازی جێگیر بوونیان لەژیانی دەروونیدا بەجۆرێکە، کە بەیەك گەیشتن و لێککەوتن لەنێوانیاندا ئاستەمە. یەکیان بەتەواوەتی

لەهەستدایە (ترس و پاساخکردن) ئەوی دیکە (حەزی بەریەك کەوتن) کە هەمیشە ئامادەیە و لەنەست دایە و نەخۆشیش هیچ زانیارییەکی لەسەری نییە، گەر دۆخ و هەلومەرجێکی دەروونی بەم شێوەیە لەئارادا نەبوایە دوو رەهەندی و دژایەتی ناوبراو ئاستەم دەبوو ئەوەندە درێژەی نەدەکێشا و ئەو دەرئەنجامانەی لێ دەرنەدەکەوت کە پێش ئێستا ئاماژەمان پێدابوون.

ئەو بەسەرهاتە کەوتەییە کە لەسەرەوە کورتەیەکیمان باس کرد. راستی و توخمەیەکی سەرەکی هەمان پاساخکارییە کە پەیتا پەیتا لەسەردەمی منداڵییەوە گەشەی پێدراوە و بەسەر نەخۆشدا داسەپاوە. پاشان بەرفراوان بوونی نەخۆشی هۆکاری هەمان سەرکوتەکە لەو سەردەمی ژیانەدا رووی داوە. یەك لەو دەرئەنجامانەی سەرکوت کردن کە گەشەی پێدراوە و پاشان لەئەنجامدا تووشی لەبیرچوونەوە بۆتەوە هەر هەمان پێنەگەیشتن و نەبوونی هۆی دەرکەوتنی پاساخکارییەکەیە (کە ئەنقەستە). هەموو ئەو هەوڵانەی کە بەناو رێڕەوە زەینییەکاندا ئەنجام دراون بۆ گەیشتن بەهۆ و رێگەچارەیەك بێ ئاکام ماوەتەوە، چونکە خاڵێکی پاڵپشتی لەئارادا نییە کە بیکەینە پاڵپشت.

هێزی پاساخکردن و لایەنی دوودڵی و ڕاڕای سەرچاوەی خۆی لەوە دەگرێت کە هەمان پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا، کە هەر هەمان حەزی شاراوەیە ناکام بکات. لەواتایەکی دیکەدا وەکو پێویستییەکی دەروونی هەڵدەقوڵێت کە پشکنینەکانی هەست ناتوانێت خۆی تێخزێنێت.

تایبەتمەندی گوێزەرەوەیی بوون و هێزی بەرفراوان بوونی یاساخکاری لەو رەوتەی نەستەوە سەرچاوە دەگرێت، کە حەز دەکات ئەو یاساخکارییە پێک بێنێـت و هەلومــەرجی دەروونـــی زاڵ بەســـەر هەســـتدا دەبێتـــە هـــۆی ناسانکارییەکی تەواو. حـەزی غـەریزی پـەیتا پـەیتا جێگۆڕکێ دەکات تـاکو هەڵبێت لەرێگە داخراوەکانی یاساخکاری کە بوونەتـە بەربەسـتی. تەنانـەت هەوڵ دەدات ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئەو شت و کەسایەتی و کردەوانە دابنێت کە لێـی بـێ بـەش و یاسـاخکراوە. یاسـاخکرکاری هەمیـشە هـەڵاتنی نـاوبراو چاودێری دەکات و پەیتا پەیتا خۆی دەگەیەنێتە ئەو ئەڵتەرناتیڤە نوێیانـە و خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت، کە حـەزی سـەرکوتکراو بـۆ هـەڵاتنی خـۆی لەرێگرییەکان دیتونی.

هــەر هــەنگاوێك کــە لیبیــدوی ســەرکوتکراو بــۆ پێــشەوەی هەڵدێنێت یاساخکارییەکی توندی زێدەتر دەداتـە خـۆی. کاتێـك ئـەو هێـزە دژبەیەکـە ناوبراوانـە یەکـدی پاسـیڤ دەکـەن پێویـستیمان بـە بـەتاڵ بوونـەوە و کـەم کردنـــەوەی ئـــەو دۆخـــە هیـــستریاکی و دڵەڕاوکێیـــە دەبێـــت لـــەنێو خـــودی کەســـەکەدا. هـــۆی کـــرداره ڕاڕاییـــەکانیش هـــەر ئـــەم پێویـــستییەیە. کـــردەوە ناوبراوەکـان لەنەخۆشـە دەروونییەکانـدا بەئاشـکرا هـەر لەهـەمان کـردەوە بەرژەوەندییەکان دەچن. چونکە لەلایەکەوە نیشانەی پەشیمان بوونـەوە و هەوڵ دانە بۆ کەفارە دان و قەرەبووی تاوانەکە و لەلایەکی دیکەوە نیشانەی کـردەوە ئەڵتەرناتیڤەکانـە، کـە حـەز بەیارمـەتی وەرگـرتن لێیـان شکـست و

سەرشۆڕییەکانی خۆی قەرەبوو دەکاتەوە. بنەما و یاسای نەخۆشی دەروونی ڕاڕای ئەوەیە کە کردارە ڕاڕاییەکان تاکو دێت زێدەتر خۆیان دەخەنە خزمەت حەزەکان و ڕۆژ بەڕۆژ لەهەمان کردار نزیک دەبنەوە کە لەسەرەتادا ڕێگرییان لێکراوە لەبەرامبەر حەزدا. ئێستا ڕێگەمان بدەن راڤەیەکی تابۆ بکەین کە هەر لەهەمان گوتاری یاساخکراوی نەخۆشە ڕاڕا ئاساکانی ئێمە دەچێت. دەبێت لەپێشدا ئەوە بزانین یاساخکارییەکانی تابۆ کە تیشکیان دەخەینە سەر سروشتێکی پلە دوویان هەیە، واتە شێوازە گۆڕاو و جێگۆڕکێ پێکراوەکانی هەمان ڕێگرییە سەرەتاییەکانن، کەواتە دەبێت تەنها چەند یاساخکارییەکی سەرەتایی بەس بن بۆ راڤە کردنەکەمان، بەلام راڤەی گرنگترین یاساخکارییە سەرەتاییەکان دەکەین. بێگومان وێڕای ئەمەش جیاوازی لەنێوان هەلومەرجی کەسێکی هۆڤ و نەخۆشێکی دەروونیدا ئەوەندە زۆرن کە نەهێڵن بگەینە لێکچوونێکی تەواو لەنێوانیاندا و بڵێین یاساخکارییە ڕاڕاییەکان موو بەموو لەیاساخکارییە تابۆییەکان دەچن.

سەرەتا دەبێت لەوە تێبگەین وتووێژ لەگەڵ هۆڤەکاندا سەبارەت بەتابۆ قەت سودی نابێت. هەروەک ئەو گریمانە پێشووانەی کە گوتوومانە ناتوانن بەدروستی وەلامی پرسیارەکانی ئێمە لەم بوارەدا بدەنەوە، چونکە هۆ و مەبەستی دەرکەوتنی تابۆ ڕەهەندێکی "نەستانەی" هەیە. هەر چۆنێك بێت

دەتوانین سەبارەت بەو یاساخکارییە ڕاپاییانە کە دەیزانین ئاشنای بەسەرهاتی تابۆ بین و سەرلەنوێ دایڕێژینەوە.

گریمانەی ئەوە دەگرێت تابۆکان یاساخکاری گەلێکی زۆر کۆن بن، کە لەڕابردوودا لەدەرەوە بەسەر وەچەیەك لەمرۆڤە هۆڤەکاندا کە ئەوانیش لەوانەیە لەوەچەیەکی پێشووترەوە بەمیرات بۆیان مابێتەوە داسەپابێت. ئەم یاساخکارییانە بریتین لەو چالاکیانەی کە زۆر بابەتە و حەزی خەڵکی بوون ئەوسا وەچە بەوەچە، کە لەوانەشە تەنها لەسێبەری داب و نەریتەکانی دسەڵاتی باوك و کۆمەڵگادا بەمیرات مابێتەوە خۆیان پاراستووە و تاکو ئێستا مابنەوە. لەوانەشە لەوەچەکانی دوایتردا وەکو شێوازی پارچە میرات و "ڕێکخراوەیی" لەژیانی دەروونیدا چەسپابێت. ئاستەمە بتوانین لەم بوارەدا بڵێین ئەمانە وەك "تێڕامانی زگماکین" یان ئایا ئەم تێڕامانانە بەتەنهایی بوونەتە هۆی جێگیربوونی تابۆ یان بەیارمەتی پەروەردە و فێر کردن، بەڵام پاراستنی تابۆ کاریگەرییەکی چەسپاوی هەبووە لەپاراستنی حەزە سەرەتاییەکان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی یاساخکردن لەنێو گەلە هۆڤەکاندا، کەواتە ئەمان لەبەرامبەر ڕێگرییە تابۆییەکانی خۆیاندا ڕێبازێکی دوو ڕەهەندی و دژبە یەکیان گرتۆتە بەر. لەنەستیاندا داوا دەکەن لەخوا کە سەرکێشی بکەن لەبەرامبەر ئەم ڕێگریانەدا، بەڵام دەترسن. پڕاوپڕ ترسەکەیان لێرەوە دێت کە لەناخی دڵەوە دەیانەوێت وابکەن، بەڵام

ترسەکە بەهێزترە لەحەزەکەیان. ئەم حەزە لەیەکە یەکەی تاکەکانی خێڵدا بەهەمان رادە لەنەستەوە دێت کە لەنێو نەخۆشە راراییەکاندایە.

کۆنترین و گرنگترین تابۆ هەر هەمان یاسای دوو رەهەندی ئاژەڵ پەرەستییە:

یەکەم نابێت ئاژەڵە پەرستراوەکە بکوژرێت. دووەم ئەوەیە دەبێت خۆیان بپارێزن لەسازدانی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ تاکەکانی رەگەزی بەرامبەردا کە پەیوەستن بەهەمان ئاژەڵەوە.

کەواتە دەبێت ئەم دووشتە لەکۆنترین و بەهێز ترین دڵەڕاوکێیەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکان بووبن. تا ئەو کاتەی بەتەواوەتی لەواتا و ریشەی سیستەمی ئاژەڵ پەرەستی تێنەگەیشتووین ناتوانین بگەینە تێگەیشتنی ئەم واتایانە و لەئەنجامدا لەتاقیکردنەوە تیۆرییەکانی خۆمان سەبارەت بەم دوو نموونەیە تێناگەین. بەڵام ئەو کەسەی خۆی شارەزای زانیاری و لێکۆڵینەوە دەروون شیکارییەکان کردووە سەرنجی هاوشێوەکانی لەنێو تاکەکاندا دەدات و هەر ئەوەندە کە راڤەکانی تابۆی سەبارەت بە دوو رەهەندی بوونەکەی سەرەوە دەبینێت و شێوازی لێکدانەکەیان سەرنجی دەخاتە سەرخاڵێك، کە دەروون شیکاران ئەوەیان بەناوەکی ناوەندی حەزەکانی سەردەمی منداڵی و خاڵی قورس و (ناوەندی) نەخۆشی دەروونی دەژمێرن.

گەر سەرنج بدرێتە سەر تیۆریە دەروون شیکارییەکان ئەوا بەجۆرێك کورت دەکرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە تابۆ کردارێکی یاساخە. هۆڤەکان لەنەستەوە بەحەزێکی زۆر بەتواناوە بەرەو ئەنجام دانی هاندەدرێن.

لەلاپەڕە پێشووکاندا دیتمان، بەبێ ئەوەی لەهۆکەی تێبگەین، ئەو کەسەی کە سووکایەتی بەتابۆ دەکات خۆیشی دەبێتە تابۆ، بەڵام چلۆن دەتوانرێت ئەم بابەتە لەگەڵ بابەتەکانی دیکەدا ئاشتەوایی بدەین و لەریزێکدا دایبنێین، کە تابۆ تەنها خۆی دەملاسێنێت بەو کەسانەدا دەست دەدەنە کردەوەی یاساخکراو، بەڵام کەس گەلێکی دیکە لەبارودۆخێکی تایبەت دان خۆی دەملاسێنێت بەسەریاندا و بەسەر خودی ئەم بارودۆخە و کەرەستە بێگیانانەشدا خۆی دەملاسێنێت؟

کەواتە ئەم تابەتمەندییە زۆر ترسناکە، کە هەمیشە وێڕای هەلومەرجەکانی سەرەوە لەیەك ئاستدا و وەك یەك دەمێننەوە کامەیە؟

تەنها لەوانەیە یەك شت بێت ئەویش ئەو هۆیەی کە دەبێتە هۆی چڕ بوونەوەی حەزەکانی مرۆڤ و دڵەڕاوکێ بۆ دروست دەکات کە بەربەستە یاساخکراوەکان بشکێنێت. ئەو کەسەی دەست دەداتە کردارێکی یاساخکراو خۆیشی یاساخ دەکرێت و دەبێتە تابۆ، چونکە دەبێتە خاوەنی ئەو هێزە ترسناکە، کە دەتوانێت هانی خەڵکانی دیکە بدات بۆ ئەوەی پەیرەوی لێ بکەن. دەبێتە هۆی ئیرەیی پێ بردنی ئەوان: بۆ چی ئەوشتەی کە بۆ خەڵکانی دیکە یاساخکراوە دەبێت بۆ ئەم رێگە پێدراو بێت؟ کەواتە

لەڕاستیدا ئەم کەسە بۆتە نەخۆشێکی تەشەنەکار، چونکە دەبێتە هێمایەك بۆ خەڵکانی دیکە. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە دەبێت ئەویش ببێتە تابۆ و یاساخ بکرێت، بەڵام مرۆڤی سەرەتایی بەبێ ئەوەی بەربەستە تابۆییەکانی شکاندبێت دیسان لەوانەیە بەشێوەیەکی کاتی یان بۆ هەمیشە ببێتە تابۆ، چونکە لەپێگە و دۆخێکدا جێگیر دەبێت کە دەتوانێت حەزە یاساخکراوەکانی خەڵکانی دیکە هان بدات و دوو بلۆکی (جەمسەری) هەستی دوو رەهەندی و دژ بەیەك ئەوان ئامبازی یەکتر بکات. گەلێك لەو بارودۆخە نائاساییانەی پەیوەست دەبن بەم گوتارەوە و دەبنە هۆ و خاوەنی ئەو هێزە ترسناکە ناوبراوە. هەر کەسەوە ئیرەیی دەبات بە پلە و رێ پێدراوییەکانی سەرۆك و پاشا، ئەگەری ئەوە هەیە هەر کەسەو حەز بکات ببێتە پاشا. مردوو، کۆرپە و ژن لەکاتی عادەتی مانگانە و ئازاردا بەهۆی لاوازی و نەتوانینی لەپارێزگاری کردن لەخۆیان و تازە پێگەییوان کە پێگەینیان بەچاوگەیەکی نوێ چێژ وێنا دەکەن و هەموو ئەمانە دەبنە هۆی بزواندنی حەزەکان و هەر بەم بۆنەیە و هەموو کەسایەتی و بارودۆخە ناوبراوەکان دەبنە تابۆ.

کەواتە ئێستا لەوە تێدەگەین بۆچی هێزەکانی "مانا" پەیوەست بەشەخسە جیاوازەکانەوە دەتوانن لەبەرامبەر یەکتر راوەستن و لەیەك دەرچن. تابۆی پاشا لەرادەبەدەر لەلای خەڵکی رەشۆکی بەهێزە، چونکە مەودای کۆمەڵایەتی نێوانیان زێدەترە لەهەر یاسا و پێوانەیەك، بەڵام

وەزیرێک دەتوانێت لەنێوانیاندا دەوری ناوبژیوانێکی بێ زیان ببینێت. کاتێک ئەم خاڵە لەزمانی تابۆوە دەخەینە سەر زمانی ئاسایی دەروون ناسی بەم شێوازەی خوارەوەی لێدێت: فلان رەعییەت دوودڵییەکی قورسی هەیە و دەترسێت لەپەیوەندی گرتن لەگەڵ پاشادا. لەوانەیە بتوانێت خۆی پێ رابگیرێت کاتێک بەرپرسێکی ئاسایی دەبینێت، چونکە ئیرەییەکی زۆری پێ نابات، بەڵکو وێڕای ئەوەش ئەگەری ئەوە هەیە کە بەمێشکیا بێت رۆژێک لەرۆژان بتوانێت پۆستەکەی لێ داگیر بکات. بەڵام ئیرەیی خودی وەزیر بەرادەی دەسەڵاتی پاشاوە هەندێک کەم دەبێتەوە لەو سۆنگەیەوە کە هەست دەکات بێ بەش نییە لەدسەڵاتدا. کەواتە جیاوازییە بچووکەکانی نێوان هێزە سیحراوییە بزوێنەرەکاندا لەنێوان دوو کەسدا بەرادەی جیاوازییە گەورەکانەوە ترسێنەر نییە.

سەرەڕای ئەمانە ئەو خاڵەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە بۆچی سەرکێشی لەهەندێک لەتابۆکان دەبێتە هۆی مەترسیەکی کۆمەڵایەتی و بەتاوانێک دەژمێردرێت و دەبێت سزا بدرێت یان گەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەیانەوێت لەدەرئەنجامە ترسناکەکانی پارێزراو بن دەبێت کەفارەکەی بدەن. گەر جێگای حەزەکانی نەست لەگەڵ کردەوە بێ ویستەکانی هەستدا بگۆڕین ئەوکات تێدەگەین کە مەترسیە ناوبراوەکە مەترسییەکی راستەقینەیە. ئەم مەترسیە لە کردارە لاساییەکاندا شاراوەیە، کە لەوانەیە خێرا ببێتە هۆی لێک هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا، گەر سووکایەتی کردن بەتابۆ

لەلایەن ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگاوە قەرەبوو نەکرێتەوە. لەم خاڵە بەم واتایە تێدەگەن کە خۆیان وەك تاوانبار خوازیاری سەرکێشی کردن لەتابۆ بوون.

جێگای سەرسوڕمان نییە کە کردەوەی بەدەست هەست پێکردن لەتوێژینەوە تابۆییەکاندا هەر هەمان دەورە، کە لەنەخۆشی ورینەی پێستیدایە، هەر چەندە واتا شاراوەکانی توێژینەوەی ناوبراو ناتوانن خاوەن ئەو خووە تایبەتانە بن کە لەم نەخۆشییەدا دۆزراونەتەوە. بەدەست هەست پێکردن یەکەمین کردەوەیە بۆ زاڵ بوون بەسەر کەسێك یان شتێکدا، کە بە مەبەستی دادۆشینی پۆلێنکراوی تاکە کە لەمرۆڤەکان روودەدات.

ئێمە هێزی تەشەنەکار و پەتا ئاسای تابۆ هەروەك هەمان هێزی بزوێنەر و هاندەری لاسایکارانە راڤەمان کردووە. ئێستا بەڕواڵەت راڤەی ناوبراو جیاوازە لەگەڵ ئەم خاڵەدا، کە هێزی تەشەنەکاری تابۆ پێش هەموو شتێك لەگواستنەوەدا بۆ نێو ئەو کەرەستە ماتریاڵیانە خۆی دەردەخات کە لەئاکامدا بۆ خۆیان دەبنە تابۆ.

هەروەك پێشتر دیتمان گوێزەرەوەیی بوونی ناوبراو لەنەخۆشە ڕاڕاییەکاندا بەم شێوازە خۆی دەردەخات کە حەزی نەست وای پێخۆشە لەڕێگای ڕەنگدانەوە و خۆی لەنێو کەرەستە نوێ کاندا جێگیر بکات. بەم شێوەیە لامان پەسەند دەبێت کە لەنێو هێزی ترسناك و سێحراوی "مانا" دا دوو هێزی راستەقینەی دیکە لەئارادان، کە بریتین لەو هێزەی مرۆڤ

دەباتەوە یادی حەزە یاساخکراوەکانی و هێزێکی دیکە کەوا دیارە گرنگترە هانی دەدات بۆ سەرکێشی کردن لەتابۆ بۆ چاك بوونەوە یان وروژاندنی حەزی بەرامبەر بەئیرەیی بردنەکان.

ئەم دوو هێزە یان دوو کاردانەوەیە سەرلەنوێ لەهێزێکی دیکەدا تێکەڵ بەیەك دەبن بەو مەرجەی ئەوەمان لا پەسەند بێت کە ژیانی دەروونی سەرەتایی بەم جۆرە دارێژراو بێت، کە بووژانەوەی بیرەوەرییەکی پەیوەست بەکردەوەیەکی یاساخکراو دەبێتە هۆی بوژانەوەی حەزی بەئەنجام گەیاندنی ئەو کردەوەیە. لەم تیۆریەدا لەنێوان بیرەوەری و دوودڵییەکاندا هاوتەریبی و قەرەبوو کردنەوە لەئارادایە. هەروەها دەبێت ئەوەمان لا قبوڵ بێت کاتێك تاکێك سەرکێشی لەتابۆ دەکات و دەبێتە هۆی لەڕێ لادانی تاکێکی دیکە و ناچاری دەکات کە تووشی هەمان تاوان بێت، ئەمە بۆ ئەو هۆیە دەگەڕێتەوە کە سەرکێشی لەیاساخکاری وەك پەتایە و پەرە دەستێنێت ڕێك وەك تابۆ لەکەسێکەوە بۆ کەرەستەیەکی ماتریاڵی و لەم کەرەستە بۆ ئەو کەرەستە دەگوازرێتەوە.

کاتێك دەتوانرێت سووکایەتی کردن بەفلان تابۆ بەکەفارە دان و پەشیمان بوونەوە قەرەبوو بکرێتەوە بەو واتا کە بەشێك لەماڵەکەی یان ئازادییەکەی ببەخشێت دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامە کە خودی گوێڕایەڵی و پەیڕەوی کردن لەسنوورەکانی تابۆ بەواتای بەخشینی ئەو شتەیە کە تاك لەناخی دڵەوە حەزی لێیەتی و خۆشی دەوێت. دەتوانرێت

سەرنج نەدان بەرێگریەکی تابۆیی بە بەخشینی شتێك یان چاوگرتن لەشتێکی دیکە قەرەبوو بکرێتەوە. لەواتایەکی دیکەدا لەبەرچاو نەگرتنی رێگرییەك هەمیشە بەداسەپانی رێگرییەکی دیکە قەرەبوو دەبێتەوە. لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە رێ و رەسمەکانی تابۆ وەك کەفارەدان و پەشیمان بوونەوە سەرەتایی ترن لەرێ و رەسمەکانی خۆپاککردنەوە (ئایینێکی خۆپاککردنەوە لەتاوان لەنێو مەسیحییەکاندا).

دەبێت ئێستا ئەوەی لەژێر رۆشنایی هەڵسەنگاندنەکانی تابۆ لەگەڵ سنووردارییە ئاساکانی نەخۆشی دەروونی لەم بوارەدا وە دەستمان خستوون کورتی بکەینەوە. تابۆ واتایەکی زۆر کۆنە کە لەدەرەوە (لەلایەن بەرپرسێکی بالاوە) بەسەر هۆڤەکاندا دادەسەپا و بەدژی قورسترین حەزەکانی مرۆڤ ئاراستەی پێدراوە و حەز بەپاشگەز بوونەوەی لەنێو نەستی هۆڤەکاندا ماوەتەوە. ئەو کەسانەی گوێڕایەڵی تابۆ دەکەن، بەڕادەی سنووردارییەکان و رێبازەکەیان ئاراستەیەکی دوو رەهەندی و ناکۆکیان هەیە. ئەو هێزە سێحراوییە کە دراوەتە پاڵ تابۆ لەڕاستیدا هەمان هێزی دوو دڵی بەخشە کە لەمرۆڤدایە و وەك پەتایەك رەنگدانەوەی دەبێت، چونکە هێماکان هەمیشە تەشەنەکارن و حەزی یاساخکاری لەنەستدا لەشتێکەوە بۆ شتێکی دیکە جێگۆڕکێ دەکات. قەرەبوو کردنەوەی سووکایەتی بە تابۆ لەرێگای کەفارەدانەوە یان چاوگرتن لەبەشێك لەماڵەکەی یان بەشێك لەئازادییەکەی خۆی بەڵگە و نیشانەیەکە، کە گوێڕایەڵی کردن لەتابۆ پێویستی بەدوورەپەرێزی و چاوگرتن هەیە.

## ـ٣ـ

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە تابۆ لەگەڵ نەخۆشی دەروونی و ڕاڕایدا هەڵسەنگێنین و بزانین ئەو هەڵێنجاندنانەی سەبارەت بەتابۆ لەم بوارەدا دەستمان کەوتوون چەندە گرنگن. ئاشکرایە گرنگی ئەو هەڵسەنگاندن و هەڵێنجاندنە پەیوەستە بەو مەرجەوە، کە ئەم خاڵە تا چ رادەیەك توانیویەتی روانگەی ئێمە بەسەر روانگەکانی دیکەدا پێش ببات و باشتر لەراڤەکانی دیکە یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتن لەتابۆ. لەوانەیە بتوانین بڵێین لەوەی تا ئێستا گوتراوە بەئاشکرا جیاوازی روانگەی ئێمەی لەگەڵ روانگەکانی دیکە دەبینرێت، وێڕای ئەمەش هەوڵدەدەین لەخوارەوە بەهەڵسەنگاندنی هەڵێنجاندنەکانمان و راڤە کردنی وردەکارییەکان سەبارەت بەسنوورەکان و داب و نەریتە تابۆییەکان (روانگەکەمان) تۆکمەتر و دەوڵەمەندتر بکەین.

بەدڵنیاییەوە دەتوانین بەشێوازێکی دیکە هەستین. ئەویش هەندێك لەو خاڵە گەورە و بچووکانەی کە لەنەخۆشێکی ڕاڕاییەوە بەسەر تابۆدا گشتاندمان و ئەو دەرئەنجامەی لێمان دەرخستووە، ئایا نەدەکرا هەموویان راستەوخۆ بەتوێژینەوە لەسەر دیاردەی تابۆ وە دەست بخەین؟ هەڵبەت دەبێت بزانین بەدوای چیدا دەگەڕێین.

ئەو بڕگەیە، کە بەگوێرەی ئەو تابۆ دەرئەنجامی یاساخ کارییەکی زۆر کۆنە و لەرابردوودا لەدەرەوە لەلایەن بەرپرسێکی بالاوە بەسەر پێرەوەکانیدا دەسەپێنرا ئیدی پێویستی بەسەلماندن نییە، واتە سەلماندنی بۆ ناکرێت. هەر لەم سۆنگەیەوە هەولدەدەین تاکو بزانین بەراستی لەخوارەوە هۆکاری دەروونی دیاری کراوی نەخۆشی ڕاڕایی سەبارەت بەتابۆ راستە یان نە، بەلام ئێمە چۆن گەیشتینە ئەو هۆکارانە کە تایبەتن بەتابۆوە؟

لەرێگەی دەروون شیکاری و نیشانەی نەخۆشییەکانی و بەتایبەتی بەرێگەی رۆچوونەوە و شرۆڤەی کردەوە دووپات بوویەکان و پێشگرتنی پاراستن کارانە و سنووره ڕاڕاییەکانی گەیشتووینەتە ئەو دەرئەنجامانە. لەئەنجامدا دەرکەوت کردەوە و پێشگرتن و سنوورداریە ناوبراوەکان خاوەنی ئەو تایبەتمەندییەن کە لەحەز و ئاراستە ناکۆکانەوە دێن. ئێستا لەوانەیە زەمەن لەحەزیان دژە حەزێکە وە سەرچاوە بگرێت یان بەو پەری خۆشییەوە بکەوێتە خزمەت یەکێك لەم دوو ئاراستە ناکۆکە. کەواتە گەر ئێستا بتوانین ئەوە بسەلمێنین کە هەر وەك ئەم ناکۆکیە، واتە ململانێ لەنێوان دوو هێزی دژ بەیەك لەسنووره تابۆییەکاندا لەئارادایە یان ئەو خالە روون بکەینەوە کە لەهەندێك لەم سنوورداریانەدا هەروەك هەمان کردەوەی دووپات کراوی ڕاڕایی، هاوکات لەدەرکەوتنەکانی ئاراستە دوو رەهەندییەکانی سەرەوەدا بینراوە ئەوسا پراوپر لێکچوونی دەروون ناسیانەی نێوان تابۆ و نەخۆشی ڕاڕایی لێك نزیك دەبنەوە.

هەروەك لەدێرە پێشووەکاندا گوتوومانە دوو یاساخکاری بنەڕەتی تابۆ بەو هۆیەی کە پەیوەستن بەئاژەڵ پەرەستییەوە بەڕێگەی ڕۆچوون و شرۆڤە کردنەوە بۆمان روون نابێتەوە. هەندێك لەسنووردارییەکانی دیکەش، چونکە پلە دوو و ناڕاستەوخۆن نابنە جێگای سەرنجمان چ جای تابۆ کە لەنێو ئەو گەلانەدا باسیان دەکەین. بەتایبەتی بۆتە شێوازێکی ئاسایی یاسادانان و خزمەت بەو ئاراستە کۆمەڵایەتیانەی کە بێگومان نوێ تر لەخودی خۆی دەرکەوتووە، وەك تابۆی پاپاکان و سەرۆکەکان کە بۆ هەمیشە بەردەوام بوونی مۆڵك و پوانەکانیان بەسەر ئەم هۆڤانەدا دەسەپێنن. وێڕای ئەمانە گروپێکی مەزن لەو بڕیارە تابۆیانە هەن، کە دەتوانرێت لێتوێژینەوەیان لەسەر بکرێت و بڕیارە گرنگەکانیش ئەمانەن:

ا ـ بڕیاری پەیوەندیدار بە دوژمنانەوە.

ب ـ بڕیاری پەیوەندیدار بەسەرۆکەکانەوە.

ج ـ بڕیاری پەیوەندیدار بەمردووەکانەوە.

بەڵام سەبارەت بە بەڵگە و دۆکۆمێنتەکان دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەمانەم لەکۆمەڵە کۆکراوەیەکی ناوازەدا کە J.G.frazer ج. ژ. فرێزر کۆی کردوونەتەوە و لەپەرتووکی مەزنی خۆیدا لەژێر ناونیشانی سەرگوڵی زێڕین بڵاو کردۆتەوە وەرم گرتوون.

## ( أ ) ڕێبازێك لەبەرامبەر دوژمناندا

لەوانەیە وا بیر بکەینەوە، کە هۆڤەکان و نیمچە هۆڤەکان لەگەڵ دوژمنانی خۆیاندا بەو پەڕی دڵڕەقی و بێ بەزەییانە هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام نابێت ئەوە لەیاد کەین، کە تەنانەت ئەوانیش بەبێ گوێ نەدانە هەندێك لەبڕیارە تابۆییەکان دەست نادەنە مرۆڤ کوشتن. بەگوێرەی ناوەڕۆکی بڕیارەکە، دەتوانین بڕیارە ناوبراوەکان بەچوار خاڵ دابەش کەین.

١. ئاشتی لەگەڵ ئەو دوژمنەدا کە کوژاوە.

٢. بڕیارەکان سەبارەت بە بکوژ.

٣. کردەوەکانی کەفارە داین و خۆپاککردنەوە پاش بە ئەنجام گەیاندنی کوشتنەکە.

٤. هەندێك کردەوە و بەرنامەی ڕێ و ڕەسمی هاوبەش.

ئایا ئێستا داب و نەریتی ناوبراو لەنێو ئەو گەلانەی کە مەبەستی لێکۆڵینەوەکەمانە هاوبەشە یان نا. بەگوێرەی ئەو زانیاری و ئاسەوارە کەمەی کە لەبەردەستماندایە ناتوانین بەدڵنیاییەوە لەم بوارەدا بۆچوونەکانمان دەربڕین، سەرەڕای ئەمەش ئەم پرسیارە ئەوەندەیش گرنگ نییە، گەر ئاوڕێك لەو ئامانجە بدەینەوە کە مەبەستمانە، وێڕای ئەمەش

ئەوەندە دەزانین کە ئەم داب و نەریتە شتێکی پەرت و بڵاو و نائاسایی نییە، بەڵکو لەنێو هەموو گەلە هۆڤە ناوبراوەکاندا باوە.

رێ و رەسمی ئاشتەوایی لەگەڵ دوژمندا لەدورگەی "تیمور Timor" پاش گەڕانەوەی سەرکەوتوانەی رەوەیەك جەنگاوەر بینراوە، کە لەسەری دوژمنانیان بەدەستەوەیە، بەتایبەتی بەهۆی ئەو بڕیارە قورسانە و سەرباری ئەو مافەی کە بەسەرۆکی شاڵاو وڕاو روتەکە دراوە سەرنجراکێشە. پاش گەڕانەوەی سەرکەوتوانەیان قوربانی گەلێك بۆ هێور بوونەوەی رۆحی دوژمنان پێشکەش دەکرێت، گەر وا نەکەن دەبێت چاوەڕێ بەلا گەلێك بن کە دەبارێت بەسەر ئەم سەرکەوتوانەدا. پێکەوە سەما دەکەن بەیتی ماتەمینی دەڵێنەوە و بۆ مردنی دوژمنە کوژراوەکەیان فرمێسك دەرێژن و داوای لێبوردنی لێ دەکەن: "بەلامان بەسەردا نەبارێنە، بۆ ئەوەی کەلەی سەرت لێرەدا لەدەستماندایە، گەر شانسمان نەبا، ئێستا ئەوە کەلەسەری ئێمە دەبوو لەگوندەکەی تۆدا و دەتگرت بەدەستتەوە. ئێمە قوربانیمان پێشکەشت کرد بۆ ئەوەی هێورت بکەینەوە. دەبێت ئێستا رۆحت شاد بێت و ئارامیمان تێك نەدات. بۆچی بوویتە دوژمنمان؟ باشتر نەدەبوو دۆستایەتی یەکترمان بکردایە؟ ئەوسا کەلەسەرت لەجەستەت جیا نەدەکرایەوە و خوێنت نەدەڕژایە سەر عەرز". — (فریزر ل ١٠٦).

هەرهەمان داب و نەریت لەنێو "پالوەکان Palous" دا لە "سێلبس Celebes" باوە. هەروەها لەنێو "گالاکان Gallas" لەباکووری ئەفریقیای

رۆژهەلات پێش گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان قوربانییەك پێشکەشی "جین jin" دەکەن کە پارێزەری رۆحی دوژمنە کوژراوەکانی خۆیانە (بەگوتەی پولیشکە: ئەنترۆپۆلۆژیستی باکووری ئەفریقیا) گەلانی (خێڵەکانی) دیکە رێبازێکیان دیتبوو، کە لەم رێبازەدا بتوانن دوژمنانی پێشووی خۆیان لەپاش کوژرانیان وەك هاوڕێ و پارێزەر و پشتیوانی خۆیانی لێ بکەن. ئەم رێبازە ئەوەیە، کە بە بەزەییەوە پارێزگاری و پاراستنی ئەو سەرە بڕاوانە بکەن. هەندێك لەخێڵە هۆڤەکانی "بورنو boren" بەم بۆنەیەوە شانازی بەخۆیانەوە دەکەن. "دایاکەکان dayaks" ی دانیشتووی کەنارەکانی "سارافاك saravak" پاش گەڕانەوەی سەرکەوتوانەیان لەجەنگ و راووڕوت، کەلەی سەری ئەو دوژمنەی کە لەگەڵ خۆیانا هاوردوویانە، بەمانگان هەڵسوکەوتی جوانی لەگەڵ دەکەن و بەشیرین ترین و بە بەزەیی ترینی ئەو وشانەی کە لەنێو زمانەکەیاندایە لەگەڵیدا دەدوێن و باشترین پاروی خواردنەکانیان لەدەمی دەنێن و لەچەرەسات و جگەرەش بێبەشی ناکەن. هەمیشە داوای لێدەکەن (لێیدەپاڕێنەوە)، کە هاوڕێ پێشووەکانی لەیاد بکات و هەموو بەزەیی و سۆزی خۆی ئاراستەی خانە خوێ نوێ بکات، چونکە ئێستا کە بۆتە ئەندامی بنەماڵەکەیان، گەر وا بیر بکەنەوە کە لەم داب و نەریتە نەگبەتەدا بچووکترین خاڵ بۆ تۆکتە و تەنز دانرابێت، ئەوا هەڵە دەکەن[1].

---

[1] فریزر، ئادۆنیس adonis و ئاتیس attis و ئەزیریس osiris لاپەڕەی ٢٤٨، ١٩٠٧ بەگوتەی huglow هۆگ لو، ساراواك لەندەن ١٨٤٨.

چاودێران بەدیتنی ڕێ و ڕەسمی ماتەمینی لەنێو هەندێك لەخێڵە هۆڤەکانی باکووری ئەمریکا، کە بەبۆنەی کوژرانی دوژمنەکانیانەوە بەڕێوەی دەبەن و لەهەمان کاتدا سەریشیان گوریبوون زۆر سەرسام دەبوون. لەو ڕۆژەوە کە ئەندامێك لەئەندامانی خێڵی "شۆکتاو choctaw" دوژمنێك دەکوژێت، خولی پرسەی ماتەمینی دەست پێدەکات و لەوانەشە چەند مانگ درێژە بکێشێت و لەو نێوانەدا سنووردار کردنێکی زۆر قورس لەسەر خۆیان دادەنێن. لەنێو دانیشتوانی خۆجێی "داکۆتا dakot" شدا دۆخەکە و داب و نەریتیان هەر بەم شێوازەیە. یەك لەچاودێران دەیگێڕێتەوە: ئەمان پاش پرسە و ماتەمینی و یادی ڕێز ڕاگرتنی مردووەکانی خۆیان، پرسە و ماتەمینی دوژمنە کوژراوەکانیان دەست پێدەکات، بەجۆرێك وەك بڵێیت هاوڕێیەکیان بووە.

پێش ئەوەی سەبارەت بە داب و نەریتە تابۆییەکانی دیکە بدوێین، کە پەیوەستە بەڕێبازیان بەرامبەر بەدوژمنان. دەبێت خۆمان لەئەگەری کەموکوڕیەك کە پێش دێت دڵنیا بکەینەوە. فریزر و ئەوانی دیکە ڕەخنەمان لێدەگرن، کە هۆکاری یاسای هێورکەرەوەی ناوبراو ساکارە و هیچ پەیوەندییەکی بە دوو ڕەهەندی بوون و "دژایەتی" کردنی هەستەکانەوە نییە. ئەم خێڵانە بەهۆی خورافی بوونیانەوە لەڕۆحی مردووەکانی خۆیان دەتۆقن، تۆقاندنێك کە لەچاخە کۆنەکانیشدا هەبووە و نەمایشنامە نووسی مەزنی بەریتانیا لەخەیاڵ پلاوییەکانی ماکبێت و ریچاردی سێیەم

لەکوپلەیەکدا باسی کردووە. وا گریمانەی بۆ دەکرێت، کە هەموو یاسا هێورکەرەوە ناوبراوەکان و هەروەها سنوورداری کردن و کەفارەداین، هەر بەشێوەیەکی رەها لەم تۆقینە خورافییەوە سەرچاوە دەگرێت و پاش هەندێکی دیکەش لەسەری دەدوێین. رێ و رەسمی گروپی چوارەم بەم جۆرە خۆی دەخاتە ڕوو، کە هەوڵ گەلێکە بۆ دوورخستنەوە و دەست پێوەنانی رۆحی ئەو مردووانە کە جێ پێی بکوژەکانیان هەڵدەگرن. ئەمەش لەقازانجی هەڵێنجاندنی رەخنەگرانی سەرەوە کۆتایی پێدێت [1].

دیسانەوە هۆڤەکان هەمیشە لەدەرفەتەکاندا یەکڕاست دان بەوەدا دەنێن، کە لەرۆحی دوژمنە کوژراوەکانیان دەتۆقن و بۆ خۆیان وا شرۆڤەی دەکەن ئاست و دابەزاندنی رێ و رەسمە ناوبراوە تابۆییەکان هیچ نییە جگە لەتۆقاندنی ناوبراو نەبێت. بێگومان شێوازەکانی سەرەوە زۆر سروشتی دێنە بەرچاو، گەر وڵامێکمان بۆیان نەبوایە بەلانی کەمەوە زەحمەت و قورسایی راڤەیەکی دیکە و جیاوازمان لەئەستۆ نەدەگرت، پاش هەندێکی دیکە باسی لێوە دەکەین. ئێستا تەنها ئەوەندە بەسە ئاماژەیەك بەڕوانگەی خۆم بدەم کە پێشتر لەگەورە و بچووکەکاندا لەبەشی چەند تێبینییەك سەبارەت بەتابۆ باس کراون و بەتەواوی دژی رەخنەکەی سەرەوەیە. لەهەموو

---

[1] فرێزر، تابۆ و شت گەلێکی دیکە لاپەڕەی ١٦٩ و پاشان لاپەڕە ١٧٤. لەم رێ و رەسمانەدا لەسپێرەکان دەدەن، دەقیژێنن، قوله و قول دەکەن و بەو ئامێرە موسیقیانەی لەبەر دەستیاندایە دەنگ گەلێکی جۆراوجۆر و هەمە چەشن دەردەخەن.

یاساكانی خێڵە هۆڤە ناوبراوەكانـدا ئـەو دەرئەنجامـەیان لێدەردەخـەین، كـە لەرێبازەكەیانـدا سـەبارەت بـەدوژمن جگـە لەدوژمنایـەتی گـەلێكی سـاكار هەست گەلێكی دیكە خۆیان دەخەنە روو، ئێمە ئەو دەركەوتانـە بـەدیاردەی پەشیمان بوونەوە و ملكەچی و كڕنوش بردن لەهەمبەر دوژمن و دەربڕینی پەشیمانی لەكوژران دەژمێـرین. وەك بڵێیـت زەمـەن گـەلێك پێش لـەدانانی هـەر جۆرە یاسـایەكی خواوەنـدی ئـەو خێڵـە هۆڤانـە شـارەزای ئـەم ئـەمرە خواوەندییە بوون، كە دەڵێت دوورە پەرێز بن لەكوشتنی مرۆڤ و دەیـانزانی سەركێشی كردن لەم فەرمانە سزادانێكی بەدواوە دەبێت. ئێستا دەگەڕێینەوە سـەر یاسـا تابۆییـەكانی گروپـەكانی دیكـە. ئـەو سـنوورانەی كـە دەخرێتـە بــەردەم بكــوژی ســەركەوتوو گــەلێك بــەرفراوان و بــەزۆری زۆر دژوارن. لەدوورگەری "تیمۆر Timor" ئەوە نەریتیانـە، كـە سـەرۆكی پـەلاماردەران ناتوانێت راستەوخۆ بگەڕێتەوەماڵەكەی خۆی، بەڵكو كاولاشێكی تایبـەتیان بۆ دابین كردووە كە دەبێت دوومانگ ژیانی تێدا بەسەر بـەرێت و خـەریكی كرداره جۆراوجۆرەكانی خۆ پاككردنـەوە بێت. دەبێت لـەم ماوەیـەدا خـۆی بپارێزێت لەدیداری ژنەكەی و بەدەستی خۆی خـواردن نـەخوات و كەسێكی دیكە خواردن بەدەمییەوە بكات[1].

[1] فریزر، تابۆ و شت گەلێكی دیكە. لاپەڕەی ١٦٦، بەگوتەی "مولێر Muller" گەشتێك بۆ زێد و كۆمەڵە دورگەی خۆجێییەكان، ئامستەردام ١٨٥٧.

لەنێو هەندێك لەخێڵەكانی "دایاك dayak" دا. ئەو پیاوانەی پاش پەلامارێكی سەركەوتوانە دەگەڕێنەوە ماڵەكانیان دەبێت بۆ چەندەها ڕۆژ خۆیان دوور رابگرن لەخەڵكی و هەندێك لەخواردنەكان نەخۆن و دەست لەئاسن نەدەن و نزیكی ژنەكەیان نەبنەوە.

لەدورگەی "لۆژا logea" نزیك گینەی نوێ ئەو پیاوانەی دوژمنیان كوشتووە بۆ حەفتەیەك خۆیان لەماڵەوە زیندانی دەكەن. خۆیان دەپارێزن لەنزیك بوونەوەی ژنەكانیان، هاتووچۆی هاوڕێ كانیان ناكەن، دەست لەخواردن نادەن و لێی ناخۆن جگە لەو سەوزانەی كە لەقاپێكی تایبەتدا بۆیان دابین كراوە. بۆ پاساوی ئەم سنوورداریەی دیكە دەڵێن نابێت ئەم پیاوانە بۆنی خوێنی قوربانییەكانی خۆیان بكەن، چونكە نەخۆش دەكەون و دەمرن.

لەنێو خێڵی "تۆئاریپی Toaripi" یان "مۆتومۆبو motumobu" ی گینەی نوێدا. گەر پیاوێك، پیاوێكی دیكەی كوشتبێت نابێت نزیكی ژنەكەی بێتەوە و پەنجەكانی لەخورادن بدات. خواردنێكی تایبەت بەدەستی كەسێكی دیكە دەخوات و ئەمەش هەروا تاكو مانگی نوێی دیكە درێژە دەكێشێت.

لەپەرتووكەكەی فرێزردا چەندەها خاڵی دیكە هەن، كە سنوورداریەتی بەسەر بكوژانی سەركەوتوودا دەسەپێنێت. دەرفەتی ئەوە نابێت لێرەدا هەموویان بگێرمەوە، بەڵام چەند خاڵێك كە لایەنی تابۆیی بوونیان ئاشكرایە و سنووردارییەكانی هاوڕێییە لەگەڵ كەفارەداین و خۆپاككردنەوە و

ڕێ و ڕەسمی دیکەدا باس دەکەم. لەنێو "مۆنومبۆکان monumbos" لەگینەی نوێی ئەڵمانیا، ئەو کەسەی لەجەنگدا دوژمنی کوشتووە "ناپاک" دەبێت ڕەوشی ئەو بەهەمان وشە رادەگەیەنن، کە بۆ ژنان لەکاتی عادەتی مانگانە و منداڵ بووندا دەیڵێن. دەبێت ئەو بۆ ماوەیەکی درێژ لەخانووی تایبەتی پیاواندا زیندانی بێت لەکاتێکدا خەڵکانی دانیشتووی گوند لەدەوری کۆدەبنەوە بەچەپك لێدان و گۆرانی و هەڵپەڕکێ جەژنی سەرکەوتنەکەی دەگرن. نابێت دەست لەکەس بدات تەنانەت ژن و منداڵەکانیشی، گەر وابکات یەکڕاست جەستەی دەبێتە برین و بلۆق. بەدەست نوێژ گرتن و خۆشتنی جۆراوجۆر و ڕێ و ڕەسمی دیکە خۆی پاك دەکاتەوە.

لەنێو "ناچیزەکان natchezs" دا، کەدانیشتوانی باکووری ئەمریکان. کاتێك شەڕڤانێکی لاو یەکەمین سەری گوراوی دوژمن وەکو نیشانەی سەرکەوتن دێنێتەوە گوندەکەی خۆی دەبێت بۆ ماوەی شەش مانگ هەندێك سنووورداری لەئەستۆ بگرێت. ناتوانێت لای ژنەکەی بخەوێت، نابێت گۆشت بخوات و خواردنەکەیان تەنها گەنمە شامی و ماسی دەبێت.

کاتێك پیاوێکی "شوکتاو choctaw" دوژمنێك دەکوژێت و سەری دەگورێت دەبێت بۆ ماوەی مانگێك ڕێ و ڕەسمی ماتەمینی بەڕێوە ببات و قژیشی دانەهێنێت. کاتێك سەری دەخورێت نابێت بەدەست سەری بخورێنێت، بەڵکو دەبێت بەچیلکەیەك سەری بخورێنێت.

کاتێك دانیشتوویەکی "پیما Pima" دوژمنێکی "ئاپاچی apachi" دەکوژێت، دەبێت رێ و رەسمی خۆپاککردنەوە و کەفارە داینێکی دژوار لەئەستۆ بگرێت. دەبوایە شانزە رۆژ رۆژو بگرێت و لەو ماوەیەدا دەست لەگۆشت و خوێ نەدات و سەیری کلپەی ئاگر نەکات و لەگەڵ کەسدا نەدوێت. دەبێت بەتەنیایی لەدارستاندا ژیان بکات و تەنها پیرەژنێك جار نەجارێك خواردنی بۆ دەبات و بەزۆری لەنزیکترین چۆمدا مەلە دەکات و وەك خاوەن پرسەیەك کولۆیەك گڵە سوورە لەسەر سەری دادەنێت. لەحەڤدەهەمین رۆژی رێ و رەسمەکەدا بەئاشکرا رێ و رەسمی فەرمی بکوژ و چەکەکانی ئەنجام دەدرێت، چونکە لەنێو خێڵی "پریما prima" دا تابۆی بکوژی گیانێك زۆر قورستر لەدوژمنان لێکدەدرێتەوە و رێ و رەسمی خۆپاککردنەوە و کەفارە داینیان پاش نەدەخست تاکو کۆتایی بەجەنگ بێت. دەتوانین بڵێین کە ئاکار گەریەتی و خۆپاراستنیان لەباری لەشکەرییەوە بەزیانیان تەواو دەبوو، وێڕای بوێری و ئازایەتی لەرادەبەدەریان ئاپاچییەکان نەیانتوانی لەجەنگدا سەرکەوتوو بن بەسەر ئەمریکاییەکاندا و یارمەتییەکی ئەوتۆی نەدان.

وێڕای ئەوەی کە توێژینەوە لەسەر وردەکارییەکان و شێوازی جۆراوجۆری رێ و رەسمی کەفارە داین و خۆپاککردنەوە لەوانەیە خاڵی روونکەرەوەی دیکەی تێدا بێت، بەڵام لێرەدا ئەم بابەتەمان کۆتایی پێ دێنین چونکە بەگوێرەی پێویست لێی سودمەند بووین. بەڵام خاڵێکی

دەخەمە سەر، کە هێشتا دەتوانین جێ پەنجەی دەزگا ناوبراوەکان لەسەردەمی خۆماندا ببینین. بۆ نموونە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی جەلادەکان لەتەنهاییدا دەهێڵنەوە. پێگەی جەلادەکان لەچاخە ناوینەکاندا نموونەیەکی باشن بۆ تێگەیشتنێکی باشتر تاکو خێڵە هۆڤەکان[1].

لەراڤە و شیکردنەوەی ئاسایی هەموو یاساکانی هێور کردنەوە، سنووردانان و کەفارەدان و خۆپاککردنەوەدا دوو خاڵی سەرەکی لەئارادان.

یەکیان گشتاندنی تابۆی مەرگ بەسەر هەموو ئەوانەدا کە لەپەیوەندیدان. ئەوەی دیکە تۆقینە لەرۆحی کوژراوەکە، بەلام نالێن (هەڵبەت گوتنیشی ئەوەندە ئاسان نییە) چون ئەم دوو خاڵە سەرەکییە لەیەکتر تێکەڵ دەکرێن تاکو بتوانرێت سود لەراڤەی ئەو رێ و رەسمانە وەربگیرێت. ئایا هەر دووکیان لەئاستێکدان یان نا. یەکیان لەپێشترە بەسەر ئەوی دیکەدا، گەر وایە کامیان لەپێشترە، وەلامی هیچکام لەم پرسیارانە نادەنەوە، کەواتە دەردەکەوێت دیتنەوەی وەلامێك بۆ ئەم بابەتە دژوار نییە، بەلام بەپێچەوانەوە ئێمە جەخت لەیەکگرتوویی هەڵێنجاندنەکەی خۆمان دەکەینەوە و لەو بڕوایەداین گشت ئەم یاسا و بۆنە و رێ و رەسمانە تەنها لەیەك شت سەرچاوە دەگرن ئەویش دوو رەهەندی و دژایەتی هەستەکانی ئەو هۆڤانەیە بەرامبەر بەدوژمن.

---

[1] سەبارەت بەم نموونانە سەیری تابۆ و شت گەلێکی دیکە لاپەرەی ١٩٠ ــ ١٦٥ تابۆی مرۆڤ کوژەکان بکەن.

## ب ) تابۆی سەرۆکەکان

ڕێبازی گەلە سەرەتاییەکان سەبارەت بەسەرۆکەکان و پادشاکان و پاپاکان (پیاوانی گەورەی ئایینی) لەسەر دوو بنەمای سەرەکی چەقی داکوتاو کە تەواوکاری یەکترن. دەبێت خۆی لەهەمبەر ئەوانەدا کە تابۆن بپارێزێت و هەم دەبێت خۆی پارێزگارییان لێبکات[1].

بۆ گەیشتن بەم دوو ئامانجە یاساگەلێکی بێ ئەژماری تابۆیی لەئارادان. پێشتر گوتمان بۆچی دەبێت لەبەرامبەر سەرۆکەکاندا خۆی بپارێزێت. ئەوان هەلگری ئەم هێزە سێحراویەن، پڕ ڕەمز و ڕاز و ترسناکن کە بەخێرایی لەڕێگای پەیوەندی گرتنەوە دەگوێزرێتەوە و دەبێتە هۆی مردن و تێداچوونی ئەو کەسەی کە بەهۆی لەئەستۆ گرتنی هاوشێوەی ئەوان پارێزگاری بۆ ناگرێت. هەر بەم بۆنەیەوە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ خۆیان بەدوور دەگرن لەپەیوەندی کردن بەم پیرۆزانەوە. ڕێ و ڕەسمێك هەیە کە پێکهێنانی دەبێتە هۆی پاراستن لەو دەرئەنجامە خراپانە بۆ ئەو کەسە ئەم پەیوەندییە ترسناکەی بەئەنجام گەیاندووە.

---

[1] فرێزر تابۆ لاپەڕەی ١٨٢ He mustnot only be sarded, he nust olso be garded agoinst

بۆنموونــه "نوباکــان nubas" ی دانیــشتووی ئــەفریقیای ڕۆژهــەڵات وا هێما دەکەن، گەر بچنە نێو ماڵی پادشا و پاپای (هەردووکیان یەك کەسن) خۆیان دەمرن، بەڵام گەر پێش چوونە نێو ماڵ شانی چەپی خۆیان ڕووت بکــەن و داوا لەپادشــا ــــ پاپــا بکــەن دەســتێکی پێــدا بێنێــت پــێش بەمەترســییەکە دەگرێــت. لێــرەدا دەگەینــە دەرئــەنجامێکی گــرنگ و سەرسووڕهێنەر، کە پەیوەندی لەگەڵ پادشا دەبێتە هۆی پێشگرتن بەو مەترسیانە کە لەوانەیە بەڕێگای ئەم پەیوەندییەوە دەربکەوێت، بەڵام چــونکە ئــەم جارەیــان خــودی پادشــا خوازیــاری ئــەم پەیوەندییــە بــووە ڕەهەنــدێکی چــاککەرەوەیی دەبێــت، لەکاتێکــدا پەیوەنــدی ترســناك ئــەو پەیوەندییەیە کە لەڕاستیدا سووکایەتی بەپادشا کرا بێت بەواتایەکی دیکە لەنێوان ڕێبازێکی چالاك و ڕێبازێکی پاسیف بەرامبەر بەپادشا دژایەتی و ناکۆکی هەیە.

بۆ دیتنــەوەی نموونــە گــەلێك سەبارەت بــەهێزی چاککەرەوەی بەریــەك کەوتنی پادشاکان پێویست ناکات ئاوڕ لەهۆڤەکان بدەینەوە، بەڵکو یەك لەو چاخە مێژووییانەمان لەبەردەستدایە کە ئەوەندەش کۆن نییە. پادشاکانی بــەریتانیا ســوودیان لــەم هێــزە وەردەگــرت بــۆ چــاککردنەوەی نەخۆشــی بەرازەکان هەر بەم هۆیە زاراوەی "نەخۆشی شاهانەیان" بۆ دانــاوە. نــەك مەلەکە ئیلیزابت، بەڵکو هیچ یەك لەجێگرەکانی چاوپۆشییان لەم ئیمتیازە نەکرد. چارڵزی یەکەم لە١٦٣٣ دا بەیەك جار سەد نەخۆشی چاککردەوە.

پاش هەرەسی شۆڕشی مەزن کوڕەکەی چارلزی دووەم هەژماری چاککراوەکانی گەیاندە لووتکەی خۆی. دەڵێن ئەم پادشایە لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا بەدەسەت پێدا هێنان سەد هەزار نەخۆشی بەرازی چاککردۆتەوە. هاتنی بەلێشاوی خەڵکی نەخۆشی بەرازەکان بۆ کۆشکی پاشایەتی ئەوەندە زۆر بووە، کە جارێکیان شەش حەوت نەفەر لەباتی ئەوەی چاکبنەوە لەئاپۆڕەی خەڵکدا خنکاون. "گیوم" ی سێیەم خەڵکی "ئۆرانژ" بوو، کەپاش کۆتایی هاتن بەدەسەڵاتی بنەماڵەی "ستورات" بووە پاشا بەریتانیا. سڵی دەکرد لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم چەشنە کردارە سێحراوییانە، تەنها جارێك ئامادە بوو هەستێت بەئەنجامدانی ئەم چەشنە کردەوەیە و کاتێك دەستی دەهێنا بەشوێنی نەخۆشییەکەدا رووی لەنەخۆش کرد و گووتی: "خوا چاکەت بکاتەوە و عەقڵت بداتێ" [1].

ئێستا نموونەیەك لەدەرئەنجامی خراپەی پەیوەندییەکی چالاك دەخەینە بەردەست، هەرچی ئەم پەیوەندییە بەئەنقەست نەبێت لەگەڵ پاشا یان ئەو شتەی کە پەیوەستە بە پاشاوە.

سەرۆکێك لەنێو دانیشتوانی زلاندی نوێدا، کە خاوەن پۆستێکی بڵند و پیرۆز بووە، رۆژێك پاشماوەی خواردنەکەی فڕێ دابووە کۆڵانێك، کە کۆیلەیەکی لاو، هەیکەلی و برسی چاوی بەو خواردنە دەکەوێت خێرا هەڵی

---

[1] فرێزر هونەری سێحر بەرگی یەکەم لاپەڕەی ٣٦٨.

دەگریێت و دەیخوات. هێشتا دوایین پاروی قووت نەدابوو، کە چاودێرێك بەپەشۆکاوی خۆی دەگەیەنێتە لای و دەڵێت دەزانیت تووشی چ تاوانێك بوویت. ئەم کۆیلەیە، کە جەنگی و هەیکەلی و ئازا بووە بەبیستنی ئەم گوتەیە دەکەوێت بەعەرزا و تووشی لەرز دەبێت، ئەویش بەجۆرێك کە لەگەڵ خۆرئاوا بوونی هەمان رۆژ کۆتایی بەتەمەنی دێت[1]. ژنێکی "مائوری maori" پاش خواردنی چەند میوەیەك بەناگا دێت ئەم میوەیانە هی جێگایەکی تابۆ کراو بووە. یەکراست ڤیژاندی و گوتی رۆحی سەرۆك بەرەوای زانیوە ئەم سووکایەتییەی پێ بکات، بۆیە بێگومان دەبێتە هۆی مردنم. ئەم کارە پاش نیوەرۆ ئەنجام دار بوو، تاکو نیوەرۆی سبەی درێژەی نەکێشا مرد[2]. رۆژێکیان چەخماخی سەرۆکێکی مائوری بووە هۆی مردنی چەندها کەس. سەرۆك چەخماخێکی وون کردبوو هەندێك دۆزیبوویانەوە و پاشان بۆ داگیرساندنی پایپەکانیان بەکاریان هێنا بوو، کاتێك زانییان چەخماخەکە هی کێ بووە هەموویان لەترسان خۆیان دۆراند[3].

کەواتە جێگای سەرسوڕمان نییە گەر ئەو پێویستییە هاتۆتە ئارا، کە ئەم کەسایەتییە ترسناکانە لەخەڵکانی دیکە جیا بکەینەوە و دیوارێکی بەرز بەدەوریاندا دابنێن. دەتوانین وا مەزندە بکەین ئەم دیوارە لەڕابردوودا

[1] زلاندنوێ کۆن، نووسراوی یەکێك لەدانیشتوانی پاکهامائوری Pakeha maori لەبەرتووکی تابۆ، بەرهەمی فرێزر لاپەڕەی ١٣٥.

[2] دوبل و براون w.brown: زلاندنو و خۆجێییەکانی (لەندەن ١٨٤٥) لەهەمان پەرتووکی فرێزر دا.

[3] باری ڤورسی پاشایەتی لاپەڕەی ٧ فرێزر.

بەشـێوازی یاسـا تابۆییـەکان دانـراوە و ئـەمڕۆش لـەئارادان، بـەڵام لەچوارچێوەی ڕێ و ڕەسمەکانی کۆشکی پاشایەتیدا.

بـەڵام لەوانەیـە نـەتوانین زۆربـەی تـابۆی سـەرۆکەکان لەچوارچـێوەی پێویستی بەپاراستنی خۆیـان لەبەرامبـەر ئەوانـدا دابنـێن. دیـسان دەتـوانین هۆیەکی دیکە سەبارەت بەپێکهێنانی تابۆ و جێگیر کردنی ڕێ و ڕەسمـەکانی پاشایەتی، بەهەمان پارێزگاری کردن لەکەسایەتییە هەڵبـژاردە و زەقـەکانی کۆمەڵگا بزانین لەبەرامبەر ئەگەری ڕوودانی هەر پەلامارێك.

پێویـستی بەپاراستنی پاشا لەئەگـەری ئـەو مەترسیانەی کـە لـەئارادان نیشانەی ڕۆڵی مەزنی پاشایە لـەژیانی ڕەعیەتەکانـدا جا ئـەم ڕۆڵـە چ چاك بێت یان خراپ. بەواتایەکی ڕوونـتر ئـەوە پاشـایە کـە جیهـان دەسووڕێنێت، بۆیە گەلەکەی دەبێت سپاسی بکەن بۆ ئـەو هـەور و خـۆرە کـە دەبنـە هـۆی ڕوینی میوە لەزەویـدا هـەروەها سپاسـی بکـەن بـۆ ئـەو بایـە کـە بەلەمـەکان دەگەیەنێتـە لێوارەکان و سوپاسـگوزار بـن بـۆ ئـەو زەوییـەی کـە بەسـەریدا دەڕۆن [1]. پادشـاکانی ئـەم خێڵـە هۆڤانـە ئەوەنـدە دەسـەڵاتیان هەیـە، کـە دەتوانن چارەڕەشی یان بەختەوەری پێشکەش بە ڕەعیەتەکانیان بکەن، هەر هـەمان دەسـەڵات کەخێڵـە شارسـتانیەکانی (پێـشکەوتووەکانی) دیکـە دەیـان دایـە پـاڵ خواکانیـان و لەچـاخەکانی دیکـەی مێـژوودا تـەنها نۆکـەرەکان،

[1] فرێزر ــ باری قورسی پاشایەتی لاپەڕەی ١٢.

دووڕووەکان و ماستاوچییەکانی دەسەڵات خۆیان وا نیشاندەدا کە باوەڕیان پێیەتی.

ئەم دەسەڵاتە خواوەندییە کە دەدرایە پاڵ پاشاکان لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ئەو بڕوایەی کە دەبێت لەخودی پاشا پارێزگاری بکرێت لەبەرامبەر ئەگەری هەر پەلامار و سەدەمەیەك نیشانی هەبوونی ناکۆکیەکی زەقە لەم کەین و بەینەدا، بەڵام لەڕێبازی هۆڤەکاندا ئەمە تەنها ناکۆکی نییە کە سەبارەت بەپاشا لەئارادایە.

خێڵە ناوبراوەکان بڕوایان وایە کە پێویستە پارێزگاری لەپاشا بکەن تاکو ئەوان هێزەکانی خۆیان بەخۆڕایی بەفیڕۆ نەدەن، چونکە متمانە بەڕاستی و پاکیان ناکەن. لەئاست هاتنە خوارەوە و پێکهێنانی یاسا تابۆییەکانی پەیوەست بەخودی پاشاوە بڕگەیەك لەنامتمانەیی و گومانی خراپ سەبارەت بەپاشاوە لەئارادایە. فرێزر دەڵێت: "سەبارەت بەوەی کە دەڵێن پاشا سەرەتاییەکان ڕەهەندێکی چەوسێنەرانە و داپڵۆسینیان هەبووە، بەتەواوەتی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتداریەدا ناگونجێت کە ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین. ژیانی تا ئەو کاتە بەهادارە کە بتوانێت ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنێت کە لەئاست پۆستەکەیدایە. جوڵە و ڕووداوە سروشتییەکان لەبەرژەوەندی گەلەکەیدا ڕێکبخات. ئەو کاتەی لە بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی خۆی گێل بکات یان وازیان لێ بێنێت ئەو سەرنج و خۆبەخشیانە و پەرستنە نایینزاکان، کە بەڕادەیەکی تەواو لێیان سودمەند دەبوو دەبنە ڕق لێ

هەلگرتن و سووکایەتی پێکردن. بێ ئابڕوی دەکەن و لەنێو خۆیان دەری دەکەن و ئەو کاتەی بتوانێت گیانی خۆی لەم گێژاوە رزگار کات هەست بە بەختەوەری دەکات. ئەو کەسەی ئەمڕۆ وەك خوا دەیپەرەستن لەوانەیە بەیانی وەك تاوانبارێکی بکوژ بکوژرێتەوە. کە واتە ئەو مافەمان نییە وەرچەرخانی بەم جۆرە لەرێبازەکەیان بە نیشانەیەك لەناجێگیر بوون و ناگۆکی بزانین، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەر گەلە تا دوایی لۆژیکیانە بیر دەکاتەوە. بڕوایان وایە گەر پاشا خواوەندیانە دەبێت پشتیوانی گەلەکەی خۆی بێت. لەو ساتەوە نەخوازێت بەم جۆرە بێت. دەبێت جێگای خۆی بۆ کەسێکی دیکە چۆڵ کات کە بۆ پشتیوانی کردن لەگەل گونجاوترە، بەڵام تاکو ئەو ساتەی وەڵامدەری داخوازییەکانی گەلە ئەوا گەلیش لەڕادەبەدەر پاراستنی لێدەکەن و تەنانەت لەخودی خۆی داوا دەکەن پاراستن لەخۆیشی بکات. پاشایەگی بەم جۆرە زیندانی سیستەمێکە لەرێ و رەسم، پێبەندی و مەرج بەداب و نەریت و سنووردار کردنێکی بێ ئەژمار خراوەتە چەمبەر، مەبەست لەگشت ئەم یاسایانە بۆ بەرز راگرتنی پۆست و شکۆ یان تەنانەت دابین کردنی ئاسودەیی و ئاسایشی ئەو نییە، بەڵکو تەنها مەبەستیان پێشگرتنە لەو کردەوانەی کە لەوانەیە لێی دەربکەوێت و لەئەنجامدا هاوسەنگی سروشت تێکدەچێت و دەبێتە هۆی تێدا چوونی خۆی و گەلەکەی و گشت جیهان. نەك تەنها یاسا ناوبراوەکان قەت ئارەزوومەندی ئەو دابین

ناکات، بەڵکو هەر چەشنە ئازادیەکی لێدەگرێتەوە و ئەو ژیانەی لاق پارێزگاری کردنی لێدەدەن وەکو ئەشکەنجە و بارقورسییەکی لێدەکەن".

نموونەی ئەم چەشنە کۆت و بەند کردن و زیندانی بوونەی پاشایەك دەتوانین لەشێوازی ژیانی رابردووی "میکادۆ" ئیمپراتۆری ژاپۆندا ببینین و چیرۆکی ژیانی میکادۆ لەسەدەی رابردوودا بەم جۆرەیە[1]: "میکادۆ ئاستی خۆی بەشیاوی ئەوە نەدەزانی بەپێی سەر زەویدا بڕوات، بۆیە کاتێك دەیویست بڕوات بۆ جێگایەك نۆکەرەکانی لەکۆڵیان دەگرت و دەیانبرد. ئامادە بوون لەهەوایەکی کراوەدا یان دانیشتن لەبەر هەتاویشدا شایانی ئەوە نییە. جۆرە تایبەتمەندیەکیان داوەتە گشت ئەندامەکانی جەستەی کە نابێت قەت قژ و ردێنی کورت بکاتەوە یان نینۆکی بکات، بەڵام هەر بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لەپاك و خاوێنی بێ بەش نەبێت شەوان کاتێك لەخەودایە دەیشۆرن. ئەو شتەی لەڕەوشێکی وادا لەجەستەی بکەنەوە یان دەتوانین بڵێین لێیان دزیوە و ئەم چەشنە دزینەش قەت ناتوانێت ئاستی پیرۆزی و شایان بوونی و پۆستەکەی بڕوشێنێت. دیسان دەبوایە لەڕابردوودا سەرلە بەیانیان چەند کاتژمێرێك لەسەر کورسیەکەی دابنیشێت و تاجی پاشایەتی لەسەر بکات و ماسولکە و سەر و چاو و لاقی نەجوڵێنێت. خەڵك بڕوایان وابو ئەو تەنها لەڕەوشێکی بەو جۆرەدا دەتوانێت ئاسایش و ئاشتی لەجوگرافیای ئیمپراتۆریەکەی خۆیدا رابگرێت. گەر بەرێکەوت دەستی بەم

---

[1] کامفێر kamp fer: مێژووی ژاپۆن ــ باری قورسی پاشایەتی. فرێزر.

لاو بەولادا هەلگەڕێتەوە و بۆ ساتێك چاوی لەبەشێك لەئیمپراتۆریەکەی لابدات ئەوسا جەنگ و گرانی، تاعون و ئاگر کەوتنەوە یان لەوانەیە چارەڕەشییەکی دیکە دەرکەوێت و لەئەنجامدا ببێتە هۆی تێدا چوونی".

ئەو چەند تابۆیەی کە بەسەر پاشا بەڕبەرەکاندا سەپابوو، بەباشی نیشاندەری ئەو سنووردار کردنانەیە کە بەمرۆڤ کوژەکان ڕەوا دەبینرا. لەناوچەی "شارك پوانت shark-pomt" ی نزیك "پادرۆن" ی گینە لەرۆژئاوای ئەفریقیا پاشایەك بەناوی "کوکولو kukulu" بە تەنهایی لەدارستاندا ژیان دەکات. نابێت قەت دەست لەژنان بدات و لەماڵەکەی بڕواتە دەرەوە و تەنانەت نابێت لەسەر کورسیەکەی هەڵسێت و دەبێت هەر لەوێ بەدانیشتنەوە بخەوێت. گەر ڕاکشێت با دەوەستێت و لەئەنجامدا سیستەمی بەلەمەوانی شپرز دەبێت. ئەرکی ڕاوەستاندنی تۆفانەکانە و بەگشتی دەبێت ئاگاداری ڕەوشی ئاسایی کەش و هەوا بێت[1]. بە گوتەی "باستیان bastian" چەندی دەسەلاتی پاشا زێدەتر بێت بەهەمان ڕادەش ئەو تابۆیانە زێدەتر دەبن کە دەبێت پاشا پێکیان بێنێت. هەر لەمنداڵییەوە جێگری پاشا بۆ ئەم ڕێ و ڕەسمانە پەروەردە دەکرێت، بەلام تاکو دێت وهێدی هێدی مەزن دەبێت تابۆکانی زێدەتر دەبن تا ئەو ساتەی لەسەر کورسی پاشایەتی دادەنیشێت لەوانەیە لەژێر زەختی تابۆ بێ ئەژمارەکاندا

[1] لەشکەرکێشی ئەڵمانیا بەرەو لوئانگۆ loango لەنووسینی باستیان a.bastian و یەنا ۱۸۷٤ لەهەمان پەرتووکی فرێزردا.

بخنکێت. لێرەدا ئەو دەرفەتەمان نییە وردەکاری ئەو تابۆیانە کە پێویستی ڕێ و ڕەسمی پاشا و کەشیشن باس بکەن. هەر ئەوەندە دەڵێین لەنێو تابۆکاندا سنووردارییەکانی پەیوەست بەجموجۆڵ و جۆری خواردنەکان ڕۆڵی سەرەکی و ناوەندی دەگێڕن. بۆ ڕوونکردنەوەی داب و نەریتە دژوار و توندەکانی پەیوەست بەکەسایەتییە پلە یەکەکان، تەنها دوو نموونە لەڕێ و ڕەسمە تابۆییەکانی نێو گەلانی شارستانی، کە گەیشتوونەتە پلەیەکی پێشکەوتووتری کولتووری دەگێڕینەوە.

"فلامـن دیـالی flamen-dialy" مەزنـە پیـاوی ئـایینی ژوپیتـەر لەرۆمانی کۆندا، دەبوایە ملکەچی هەندێك تـابۆی ئاوارتـە ببوایـە. نـەدەبوو سواری ئەسپ بوایە و نەدەبوو چاوی بە ئەسپیش بکەوێت، هەروەها مرۆڤی چەکدار. تەنها دەیتوانی گوستیلەیەکی شکاو لەپەنجەی بکات و هیچ جۆرە گرێیـەك بـەجل و بەرگەکانیـەوە نـەبێت. نـەدەبوو دەست لـەئاردی گەنمـە سپیکە و هەویری هەڵئاوساو بـدات. نـەدەبوو نـاوی سـەگ و بـزن و گۆشـتی خاو، پاقلە و ڕەشکە بێنێتـە سـەر زمـان. جگـە لـەپیاوێکی ئـازاد (واتـە ئـەو مرۆڤەی کە کۆیلە نییە) و بەکێردێکی زەرد کەس بۆی نەبوو قژە سەرەکەی بتاشێت. دەبوایە قژە تاشراوەکەی وەك نینۆکە بڕاوەکەی لـەژێر دارێکی پیرۆزدا بـشاردرایەتەوە. نـەدەبوو دەسـت لـەمردووەکان بـدات و بەسـەری ڕووتەوە نەیدەتوانی لەهەوای کراوەدا ڕاوەستێت و ... هتد. دەبوایە ژنەکەی واتـە "فلامینیکا" لەئاست خۆیـەوە هەنـدێك یاسای لەبەرچاو بگرتایـە.

لەهەندێك لەقادرمەكاندا بۆی نەبووە زێدەتر لەیەك پلە پێش بڕوات لەهەندێك لەرۆژەكانی جەژندا بۆی نەبووە قژی شانە بكات. نەدەبوو پێڵاوەكانی لەپێستی ئاژەڵێك دروست بكردایە، كە ئاسایی مردووە، بەڵكو دەبوو لەپێستی ئاژەڵێكی سەربڕاو یان قوربانی كراو دروست بكرایە. بەبیستنی دەنگی هەورە بروسكە ناپاك (گڵاو) دەبوو، ناپاكییەكەی درێژەی دەكێشا تاكو قوربانییەكی بكردایەتە كەفارەكەی.

پاشا كۆنەكانی ئایرلەند پەیڕەوی هەندێك سنووردار بوونی زۆر سەرسووڕهێنەر بوون. پەیڕەو كردنیان دەبووە هۆی بەختەوەری نیشتیمان خۆ لادان لەپەیڕەوی كردن دەبێتە هۆی چارەڕەشی نیشتمان. دەتوانیت چاوت بەبیلانجۆی تەواوی تابۆ ناوبراوەكان لەپەرتووكێكدا بەناونیشانی "پەرتووكی یاسا" بكەوێت، كە كۆنترین دەستنووسەكەی لەنێوان ساڵانی ١٣٩٠ تاكو ١٤١٨ دایە. سنووردارى گردنەكان زۆر ورد و تایبەتی كردەوە گەلێكی دیاری كراون، كە لەكات و شوێنێكی دیاری كراودا ئەنجام دراوە یان ئەنجام دەدرێن. بۆ نموونە نابێت لەفلان شاردا پاشا لەفلان رۆژی هەفتەدا لەوێ بمێنێتەوە یان لەفلان كاتژمێردا نابێت لەفلان روبار بپەڕێتەوە یان نابێت زێدەتر لە نۆ رۆژ لەفلان دەشتدا رەشماڵ هەڵدات یان لەوێ بخات ... هتد (فرێزر هەمان پەرتووك).

دژواری و قورسایی هەندێك لەیاسا تابۆییەكان سەبارەت بەپاشا و مەزنە پیاوانی ئایینی لەنێو هەندێك لەگەڵە هۆڤەكاندا لەڕووی دەرئەنجامە

مێژووییەکانەوە زۆر گرنگن و بەتایبەتی لەروانگەی ئێمەوە زۆر سەرنج ڕاکێشن. پۆستی بالاّی پاشا ـ کەشیش سەرنج ڕاکێشی خۆی لەدەست دا و پێشنیازی ئەم پۆستەیان بەکێ دەکرد هەولّی جۆراوجۆری دەدا تاکو خۆی لەوەرگرتنی ئەو پۆستە دەرباز کات، کەواتە لەهۆلّێکدا کە پاشایەکی ناگر و پاشایەکی ئاوی تێدا بوو ناچار بوون لە ئەنجامدا بەزۆری ئەم پاشایەتییە بەسەر تاکەکاندا بسەپێنن.

لە"نین nine" یان دوورگەی هۆڤ، دورگەی مەرجانی ئۆقیانووسی مەزن لەڕاستیدا بەکردەوە پاشایەتی نەماوە، چونکە کەس ئامادە نییە ئەرکە قورس و ترسناکەکانی پاشایەتی لەئەستۆ بگرێت. لەهەندێك لەوڵاتانی ئەفریقیای ڕۆژئاوا پاش مەرگی پاشا کۆبوونەوەیەکی نهێنی ساز دەکەن تاکو جێگرەکەی دیاری بکەن. ئەو کەسەی کە ناوی دەرچووە خێرا دەیگرن و کۆت و زەنجیری دەکەن و دەیخەنە ژێر چاودێری تاکو دەڵێت ئامادەی وەرگرتنی تاج و تەختی پاشایەتییە. هەندێك جار لەئەنجامدا پاڵێوراوی پاشایەتی ڕێگایەك بۆ هەڵاتن لەو پۆستەی کە دەیانەوێت بەسەریدا بسەپێنن دەدۆزێتەوە، بۆ نموونە دەڵێن فلان سەرەك بەشەو و ڕۆژ چەکی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت ناچاری کات بەوەرگرتنی پۆستی پاشایەتی. (ئەلف باستیان هەمان پەرتووك لاپەڕەی ١٨). لەنێو قوڵە ڕەشەکانی "سیئرالئۆن sierra-leone" دا خۆڕاگریی لەبەرامبەر

وەرگــرتنی پۆســتی بــاڵای پاشــایەتییەوە ئەوەنــدە تونــدە، کــە هەنــدێك لەخێڵەکان ناچار بوون لەئەنجامدا ئەم پۆستە بسپێرنە بیانییەکان.

فرێزر ئەم هەلومەرجە بەهۆی دابەش بوونی هێدی هێدی پاشایەتی ـــ کەشیشی سەرەتای بەسەر دوو هێـزی ئاسایی و مۆراڵیـدا دەزانێت. پاشاکان لـەژێر زەختـە پـشت شـکێنەکانی پـیرۆز بـوونی خۆیـان وەڕس بـوون، کـە لەڕاسـتیدا لـەکردارەکانی دەسـەڵاتی خۆیـان قـەڵس ببـوون ناچـار بـوون ئەرکەکانی فەرمانبەریەتی خۆیان بسپێرنە کەسایەتی گەلێك کە ئەوەنـدە گرنگ نین، بەڵام چالاك و بەزەوق بن کە هیچ جۆرە لـەخۆبایی بوونێکیـان سەبارەت بەشانازییەکانی پۆستی باڵای پاشایەتییەوە نەبووە. بەم جۆرە بوو کـە سـەرۆکە نائاینییـەکان هاتنـە ئـاراوە. هـەر پاشـا تابۆییـەکان بەهـەمان جیاوازی مۆراڵی خۆیانەوە، کە لەڕاستیدا گرنگی مادی و کرداریـیان نـەبووە درێژەییان بەپاشایەتی خۆیان داوە. مێژووی کۆنی ژاپۆن نموونەیەکی باشـی هەیە بۆ سەر راست کردنەوەی ئەم جۆرە هەڵێنجاندنانە. وێڕای راپـۆرتێکی تێـر و تەسـەلی بـەم چەشـنە لەپەیوەنـدی نێـوان مرۆڤـە سـەرەتاییەکان و سەرۆك و پاشاکان. ئایا دەتوانین چاوەڕێ بین، کـە بـۆ هـەموویان راڤـەیـەکی دەروون شـیکارانە بدۆزرێتـەوە؟ پەیوەنـدی نـاوبراو لـەڕادە بـەدەر نـاکۆك و ئـاڵۆزە. پلـە گـەلێکی مـەزنیان دابـووە سـەرۆکەکانیان تـاکو هاوسـەنگییەك لـەنێوان ئـەو تابۆیانــەدا پێـك بێنێـت کـە بەسـەر خەڵکـدا داسـەپاون. سەرۆکەکان کەسایەتی گەلێکی بژاردەن کە توانستی بەئەنجام گەیاندنی ئـەو

کارانەیان هەیە، کە لەخەڵکانی دیکە یاساخکراوە. دەتوانن لەو چێژانە سودمەند بن کە خەڵکانی دیکە دەستیان پێی ناگات، بەڵام خودی ئەم ئازادییە کردارییە کە پێیان درابوو لەلایەن ئەو تابۆیانەوە ڕێگریان لێدەکرا کە کاریان بەخەڵکی ئاسایی نییە، کەواتە لێرەدا یەکەم ناکۆکی کە بەشێکە لەناکۆکییەکان لەنێوان ئازادی زێدە و لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی سنووردار کردنی زێدەی مافی تاکەکان دەبینەوە و هەم شایانی هێزێکی بێسنووری سێحراویان و هەر لەم سۆنگەیەوە خۆیان دەپارێزن لەهەر چەشنە پەیوەندی کردنێك لەگەڵ خودی ئەوان و ئەو کەرەستانەی کە بەوانەوە پەیوەستن و لەهەمان کاتدا چاوەڕوانی چاکترین دەرئەنجام و ئاسەوارن لەئەنجامی ئەو پەیوەندییەدا. ئەمە لەخۆیدا ناکۆکییەکی زەق و بەرجەستەی دیکەیە، بەڵام وەك پێشتر دیتمان لەڕاستیدا ئەمە تەنها ناکۆکیەکی دەرەکییە. گەر بەر یەك کەوتن و پەیوەندی شاهانە لەمەبەستێکی باشەوە سەرچاوە بگرێت دەبێتە هۆی چاك بوونەوەی نەخۆشەکان، گەر هەستی بەریەك کەوتن و پەیوەندی گرتن لەگەڵ خودی پاشا یان ئەو شتانەی پەیوەستن پێیەوە لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە بێت و مەبەستێکی خراپی لەگەڵدا بێت دەرئەنجامێکی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە. ناکۆکییەکی دیکە، کە ڕاڤەکردنی ئەوەندەش ئاسان نییە بەم شێوەیەی خوارەوەیە. لەهەمان کاتدا کە هێزێکی زێدە دەدەنە پاڵ سەرەکەکان بۆ کۆنترۆڵ کردنی سروشت (خەڵکی ئاسایی) بەئەرکی خۆیانی

دەزانن لەبەرامبەر ئەگەری هەر چەشنە پەلامار و سەدەمەیەك پارێزگارییان لێ بکەن لەواتایەکی دیکە دا وا تێدەگەن ئەو کەسانەی توانستی قورغ کردنی سروشتیان هەیە ناتوانن گیانی خۆیان بپارێزن. گرفتێکی دیکەی سەرەکەکان ئەوەیە، کە سەربەست نین لە بەکارهێنانی هێزی بێسنووری خۆیان بۆ پاراستنی خودی خۆیان یان لەقازانجی رەعیەتەکاندا سودی لێ وەرگرن. بەهۆی رەشبینیەکان و نامتمانەیی خەڵك سەبارەت بەو (سەرەکەکان) خەڵکی ئەوە بەماڤی خۆیانی دەزانن کە ئاگاداری هەڵس و کەوتەکانی بن. هەموو یاسا تابۆییەکان ژیانی پاشا لەخۆ دەگرن و مەبەست لێیان پاراستنی خودی پاشایە لەبەرامبەر ئەگەری هەر چەشنە مەترسیەك و پاراستنی رەعیەتەکانە لەو مەترسیانەی کە لەوانەیە لەلایەن پاشاوە تووشیان بێت، هەر هەمووی ئەمانە لەرەشبینی و پێویستی بە کۆنترۆڵ کردنی هەڵس و کەوتی پاشاکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئاسایی ترین شێواز بۆ راڤەی پەیوەندی زۆر ئاڵۆز و پڕ لەناکۆکی نێوان سەرۆکەکان و ژێردەستەکانیان ئەم شرۆڤە کردنەیە لەخوارەوە. لەبەر هۆ گەلێك کە دەبێت بۆ ریشەکانی لەخورافات یان جێگایەکی دیکە بگەڕێن. هۆڤەکان لەرێبازی خۆیاندا سەبارەت بەپاشاکان لاکێشی (ئاراستە) و حەزی جۆراوجۆریان هەیە، کە پێدەچێت بەبێ ئاوڕدانە حەزەکانی دیکە جیاواز و سەربەخۆ لەوان دەربکەوێت و هەر بەم شێوازە لەخۆیانی دەردەخەن. جگە لەمە هۆیەك بۆ ئەو هەموو ناکۆکییە ناوبراوانە کە لەناوەزی هۆڤیەتی و

تەنانەت لەئاوەزی شارستانیدا هەن و ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت لەئارادا نییە (بەتایبەت ئەو کاتەی بابەتە ئایینزایەکان و ئەو ئەرکەی لە"پاکی و رووڕاستی" دێت، دێنە ئاراوە).

ناکرێت بەئاسانی ئەم شیکردنەوەیە رەد بکەینەوە و دەتوانین بە یارمەتی وەرگرتن لەشێوازی دەروون شیکاری بگەینە قووڵایی پەیوەندییە ناوبراوەکان و شت گەلێکی زۆر سەبارەت بەسروشت و خوو و لاکێشە جۆراوجۆرەکانی سەرەوە بدۆزینەوە. گەر ئەوەی تاکو ئێستا گوتوومانە وەك نیشانەی نەخۆشی نەخۆشە دەروونیەکان راڤەی دەروون شیکارییان بۆ بکەین. دەبێت سەرەتا بەتێر و تەسەلی لەدڵەڕاوکێ ترساویەکان ورد بینەوە، کە لەقووڵایی رێ و رەسمە تابۆییەکاندا بەرچاو دەکەون. زێدەڕۆیەکی بەم چەشنە لەخۆشەویستیدا و لەنێو نەخۆشە دەروونیەکاندا بەتایبەت لەنەخۆشێکی راڕادا، کە یەك لەلایەنەکانی هەڵسەنگاندنی ئێمەیە لەم توێژینەوەیەدا، وەك دیاردەیەکی باو هەستێکی دوژمنایەتی نەستانە لەئارادایە، واتە هەر کاتێك رووبەڕووی جۆرێك لەم هەستە دوو رەهەندییە ناکۆکە دەبینەوە بەرچاو دەکەوێت. لەڕاستیدا هەستی دوژمنکارانە لەژێر زەختی خۆشەویستییەکی زێدەڕۆدا کە لەچوارچێوەی دڵەڕاوکێیەکی چەواشە بوو و راڕاییدا دەردەکەوێت یان خۆی دەشارێتەوە یان لاواز دەبێت. مەبەست لەدڵەڕاوکێ راڕاییەکان ئەوەیە، کە هەستی دوژمنکارانەی دژی خۆی سەرکوت بکات. دەروون شیکارێك نییە بەم خاڵە نەزانیبێت، کە

خۆشەویستی زێدەڕۆ لەپاڵ دڵەڕاوکێ و زەوق بزواندندا تەنانەت لەو هەلومەرجانەدا کە باوەڕ ناکرێن دەردەکەوێت. بۆ نموونە خۆشەویستی نێوان دایک و منداڵ یان ژن و مێردی زۆر گیانی گیانی بەدەر نین لەم پێوانەیە. لەڕێبازی هۆڤەکاندا سەبارەت بەسەرۆکەکانی خۆیان هەر هەمان هەستی خۆشەویستی ئاوارتەیان هەیە و لەلایەکی دیکەوە هەست بەدوژمنایەتییەکی شاراوە و ژێر بەژێر دەکەین و لەئەنجامدا هەر لێرەدا رووبەڕووی هەمان هەستی دوو رەهەندی و ناکۆك دەبینەوە. ئەو رەشبینیانە کە بەشێواز و هۆیەکی ئاشکرای تابۆ داسەپاوەکان بەسەر پاشاکاندا دەردەکەون لەلایەك، لەلایەکی دیکەو راستەوخۆ یەکێك لەدەرکەوتەکانی هەمان هەستی دوژمنکاری نەستانەیە. بەسەرنجدانە شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەرئەنجامی ئەو جۆرە ململانێیە، کە لەنێو تاکە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت. دەتوانین بەئاسانی نموونە گەلێکی روونتر لەدەرکەوتە دوژمنکارییە توندەکانی نەست بخەینە روو. فرێزر دەگێڕێتەوە هۆڤەکانی "تیمۆ timmos" ی دانیشتووی سیئرالئون ئەو مافە دەدەنە خۆیان کە شەوێك پێش تاج دانان لەسەر ئەو پاشایە کە بۆ خۆیان هەڵیان بژاردووە بە مەبەستی کوشتن تیری لێدەدەن و ئەوەندە بەحەزێکی تەواوەوە پەیوەست بوونی خۆیان بەم مافە نیشان دەدەن کە لەکاتی خۆیدا دەست بەکار دەبن و ئەوەندە ناخایەنێت پاشای چارەڕەش پاش تاج دانانەکە دەمرێت، کەواتە لەم سۆنگەیەوە ئاساییە کەسایەتییە گرنگەکانی خێڵ

کەسێك بۆ پاشایەتی هەڵبژێرن کە رقیان لێی بێت، بەڵام لەو چەشنە کردارە ئاشکرایانەدا لەباتی ئەوەی هەستی دوژمنکارانە بەڕوونی خۆی دەرخات لەژێر رواڵەتی رێ و رەسم و بۆنەکەوە خۆی دەشارێتەوە.

یەکی دیکە لەلایەنەکانی رێبازی مرۆڤی سەرەتایی لەبەرامبەر پاشادا بیرهێنەرەوەی ئەو رووداوەیە کە زۆر لەنێو نەخۆشە دەروونییەکاندا دەبینرێت بەتایبەتی ئەو نەخۆشییەی کە ناسراوە ورینەی ئازاراوی. بەم شێوەیە نەخۆش متمانە و بایەخی کەسێك تاکو ئەو شوێنەی دەگونجێت بەرز دەکاتەوە هێزێکی بێ سنوور و بڕوا پێ نەکراوی دەداتە پاڵ تاکو بتوانێت بە بەڵگە و ماف بەرپرسیاریەتی هەموو ئەو بەڵا و گرفتانەی بەسەریا هاتوون بخاتە ئەستۆی. لەڕاستیدا هۆڤەکان لەگەڵ سەرۆکەکانی خۆیاندا بەم جۆرە نزیك دەبنەوە و مامەڵەیەکی وای لەگەڵ دەکەن، چونکە لەلایەکەوە هێزی باران بارین و نەبارینی، قۆرغ کردنی تیشکی هەتاو، رێکخستنی باری با و... هتد دەدەنە پاڵی و لەلایەکی دیکەوە دەیڕوخێنن و دەیکوژن و نەبوونی ڕاو یان کەم بوونی بەر و بومی کشتوکاڵی دەکەنە بیانو. نیشانەکانی نەخۆشی پارانۆیابی کە لەورینەی ئازاراویدا لەخۆی دەریدەخات روونکەرەوەی پەیوەندی نێوان باوك و منداڵە، چونکە منداڵە کە بەشێوەیەکی رێك و پێك و هەمەلایەنە هێزێکی پڕاوپڕی داوەتە پاڵ باوکی و ئەو خاڵە ئاشکرا بووە کە ڕادەی رەشبینییەکانی منداڵ سەبارەت بەباوکی پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ ئەو هێزەدا هەیە کە داویەتیە

پـاڵ بـاوکی. کاتێـك نەخۆشـێکی پارانۆیـایی (پارانۆیـا paranoia) یـەك لەکەسەکانی دەوروبەری خۆی بەئازاردەری خۆی دەناسێنێت بـەو تۆمەتـەی کە دەیداتـە پـاڵی تـاکو ئاسـتی بـاوکی بـەرزی دەکاتـەوە واتـە ئـەو دەخاتـە ڕەوشێك کە دەتوانێت هەموو ئەو بەڵایانەی بەسـەردا بێنێت کە لەخـەونی ئـەو دان. ئـەم هەڵسەنگاندنەی دووەممـان لـەنێوان نەخۆشـی دەروونـی و هۆڤەکاندا بەباشی نیشان دەدات، کـە ڕێبـازی هۆڤـەکان سـەبارەت بەپاشـاکان نموونەی گۆڕاوی هەمان پەیوەندی منداڵە لەگەڵ باوکدا.

بەڵام بەهێزترین بەڵگە سەبارەت بەدروست بوونی ئەم هەڵێنجاندنەمان، کـە سـنووره تابۆییـەکان لەگـەڵ نیـشانەکانی نەخۆشـی دەروونـی پـێ هەڵدەسـەنگێت، دەتـوانین لـەخودی ڕێ و ڕەسمـی تـابۆدا کـە پێـشتر ڕۆڵـی گرنگیمـان لەئەرکـەکانی پاشایەتیدا دیـت بدۆزینـەوە. دوو هێنـدە واتاکـانی لەڕێ و ڕەسمی نـاوبراودا لامـان ئاشـکرا دەبێت و بـێ ئـەملا و ئـەولا قبـوڵی دەکـەین کـە ئـەم ڕێ و ڕەسمـە لەهەسـتە نـاکۆك و دوو ڕەهەندییـەکان سەرچاوە دەگرێت بـەو مەرجـەی کە قبولمـان بێـت ئـەم ڕێ و ڕەسمـە هـەر لەهـەمان سـەرەتاوە ئامـانجی پێکهێنـانی هـەمان دەرئەنجامـە کـە لـەخۆی خستوویەتیە ڕوو. ئەم ڕێ و ڕەسمانە تەنها بۆ پیـشان دایـنی شکۆی شاهانە نیە کە ئەوان لەخەڵکانی دیکە بڵنـدتر بناسـێنێت، بـەڵکو ژیانیـان لێدەکاتـە جەهەنـەم و ئەوەنـدە ژیانیـان لـێ دژوار و تـاڵ دەکـات کـە سـەد ڕەحمـەت لـەژیانی ڕەعیەتـەکانیان. کەواتـە ڕێ و ڕەسمـی نـاوبراو لەهـەمان کـرداری

ڕاڕایی نەخۆشی دەروونی دەچێت کە حەزی سەرکوتکەر پێکەوە بەیەکجار و بەشێوەیەگی هاوبەش تێر دەبن. وادیارە کرداری ڕاڕایی کەسی ڕاڕا کردەوەیەگی بەرگرییانە بێت لەهەمبەر هێرشی ئەوەدا کە یاساخکراوە، بەڵام دەکرێت لەڕاستیدا بڵێین کە وێنەی گۆڕاوی هەمان شتی یاساخکراون. رووکارەکەی (رواڵەتی) لەهەستەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕاستی یان ناواخنەکەی لەنەستەوە. تابۆ لەڕوودا نیشانەی قوڵترین ڕێزەکان و ئامرازێکە بۆ دابین کردنی چاکترین ڕێ و شوێنی ئاسایشی بۆ پاراستنی پاشا، بەڵام لەڕاستیدا سزادانێکە لەبەرامبەر بەرز بوونەوەی لەو پۆستەدا، تۆڵەسەندنەوەیەکە لەو شانازیانەی کە رەعیەتەکانی پێیان بەخشیوە. "سانشاپانسا" پاڵەوانی پەرتووکی دۆن کیشۆت نووسراوی سر وانتس. کاتێك بووە دەسەڵاتداری دورگەکەی ئەو دەرفەتەی وەدەست کەوت کە ڕاستی و دروستی هەڵێنجاندنێکی بەم چەشنەی سەبارەت بەڕێ و رەسمی شاهانە بۆ برەخسێت و بەچاوی خۆی ببینێت. گەر لەتواناماندا ببوایە دان پێدانانەکانی پاشا هاوچەرخەکانمان ببیستایە، کێ دەڵێت بەڵگە گەلێکی دیکەمان وەدەست نەدەکەوت بۆ ڕاستی و دروستی ڕوانگەکانمان.

چما ڕێبازی رەعیەتەکان سەبارەت بەپاشا توخمەیەکی ئەوەندە دوژمنکارانە و نەستانەی تێدایە؟ پرسیارێکی باڵکێشە، بەڵام شیکردنەوەی لەدەرەوەی توانستی ئەم پەرتووکەدایە. ئێمە پێشتر ئاماژەیەکمان بەگرێی کوڕ لەمنداڵیدا لەهەمبەر باوکدا کردبوو. دیسان دەبێت لێرەدا ئەوەی لێ

زیاد کەین کە توێژینەوەی مێژووی کۆنی سیستەمی پاشایەتی رووکارەکەی لەو جۆرەیە کە لەوانەیە وڵامی ئەو پرسیارەمان بۆ دەستەبەر بکات. بەگوێرەی راڤەی زۆر سەرنج راکێش، گەرچی خودی فرێزر بڕوایەکی ئەوتۆی پێ نیە، یەکەمین پاشاکان بیانی گەلێك بوون کەپاش ماوەیەکی کورتی دەسەڵات لەلایەن رەعیەتەکانی خۆیانەوە لەبەردەم ئەو خواوەندانەدا کە نوێنەری ئەوان لەسەر زەوی بوون بەئەنجام گەیاندنی رێ و رەسمێکی شکۆدار لەجەژن و هەڵپەرکێدا دەکرانە قوربانی. هێشتا لەمرۆماندا دەتوانین کاردانەوەی ئەم مێژووە سەرەتاییەی پاشایەتی لەنێو ئەفسانەکانی مەسیحیدا ببینین.



Cedlpe et le sphinx, peinture de vasel.

(Vatican)

## (ج) تابۆی مردووەکان

دەزانین، مردووەکان سەرۆك گەلێکی بەتوانان (بەدەسەڵاتن). لەوانەیە سەرسام بین بەوەی کە بزانین لەهەمانکاتدا بەدوژمنیش دەژمێردرێن. گەر هەمان بەراوردی پێشوو سەبارەت بە پەتائاسا بوون لەلامان تەواو بێت، دەتوانین بڵێین تابۆی مردووەکان لەنێو زۆربەی گەلە سەرەتاییەکاندا هاوڕێیە لەگەڵ زەبر و زەنگێکی تایبەت و باودا، ئەمەش ئەو کەسانە لەخۆ دەگرێت کە پەیوەندییان بەمردووەکانەوە گرتووە یان بەهۆی مردوویەکەوە ماتەمینی دەکەن.

لەنێو مائۆرییەکاندا ئەو کەسەی هەستی بەریەك کەوتنی مردوویەکی پێ هەست کراوە یان بەشداری ڕێ و ڕەسمی بەخاك نێشتنی کردووە لەڕادەبەدەر ناپاك (گڵاو) دەبێت. لەهەر چەشنە پەیوەندییەك لەگەڵ هاو ڕەگەزەکانیدا بێ بەش دەکرێت یان وەك دەڵێن "بایکوت" دەکرێن. ئەو پیاوەی کە پەیوەندی لەگەڵ مردوودا پیسی (گڵاوی) کردووە ئیدی ناتوانێت بچێتە نێو ماڵەکەی و دەست لەکەسێك یان شتێك بدات و گڵاوی بکات، تەنانەت ڕێگای پێنەدراوە دەست لەخواردەمەنییەکان بدات، چونکە بەهۆی گڵاوبوونەوە دەستەکانی بە لەکار کەوتوو دەزانن لەسەر زەوی خواردنەکە لەبەردەمیدا دادەنێن و ئەو بۆ خۆی دەبێت بەلێو و ددانەکانی

خواردەمەنییەکــە لەســەر زەوی هــەلگرێت و بیخــوات، چــونکە دەبێــت دەســتەکانی لەپــشتیەوە لەیــەك هــەلپێکێت. هەنــدێك جــار ڕێگــای پێــدەدرا بەدەستی کەسێکی دیکە خواردەمەنییەکە بکرێت بەدەمیەوە، دەبێـت ئـەمی دیکە بەجۆرێك بجولێتەوە کە هیچ چەشنە پەیوەندی و بەریەك کەوتنێکی لەگەلدا نەکات و بۆ خۆی دەبێت پەیڕەوی هەنـدێك سنووردار کـردن بکات کـە لەسـنووردار کردنـەکانی ئـەوی دیکـە ئاسـانتر نییـە. لەهـەر گوندێکـدا کەسێکی پراوێز کراو ژیان دەکات کە لەچارەڕەشی و هەژاریـدا ژیـان دەکات بەتۆزێك خێر و خێرات ژیان بەسەر دەبات. تەنها ئەو دەتوانێت لەمەودای بـستێکدا پەیوەنـدی لەگـەلّ ئـەو کەسـەدا بکـات کـە دوایـین ئەرکـەکانی لەبەرامبـەر مردوویەکـدا بـەجێ هێنـاوە. کاتێـك سـەردەمی گۆشـەگیر بـوون تـەواو دەبێت و دیـسانەوە پیـاوی گلاّو دەتوانێـت لەگـەلّ هاورەگەزەکانیـدا رابـوون و دانیـشتن بکـات دەبێـت هـەموو ئـەو کاسـە و کەویلـە و جـل و بەرگەکانی لەسەردەمی تەنهاییـدا سـوودی لـێ وەرگرتـوون تێـدا بـچن. رێ و رەسمی تـابۆیی سـەبارەت بەدەسـت بەرکـەوتنی مردووەکـان لـە سەرانـسەری پۆلۆنێزی و مۆلانێزی و بەشێك لەئـەفریقیا دا بـاوە. گـرنگترین بەشـی ئـەم رێ و رەسمە هەر هەمان خالە کە ناتوانێت دەست لەخواردمەنییـەکان بـدات یان داوا لەکەسێك بکات خواردەمەنییەکان بەدەمیەوە بکات. لەپۆلینێزیـدا خالێکی سەرنج ڕاکێش هەیە و لەوانەیـە لەدورگـەی "هـاوایی" یـشدا وابێـت کـە تەنانـەت پاشـا و کەشیـشەکان لـەکاتی بەئـەنجام گەیانـدنی رێ و رەسمـە

پیرۆزەکانیانـدا دەبێـت پـەیڕەوی هـەمان سـنووردارییانە بـن. لـە "تونگـا Tonga" مەودا و دژواری سنوورداریيەکان بەگوێرەی هێزی تـابۆی خـودی مردووەکە یان ئەو کەسەی کە دەستی لێداوە دەگۆڕێت. گەر کەسێك دەست لەتەرمی سەرەکێك بـدات بـەماوەی دە مـانگ گڵاو دەبێـت و گـەر بـۆ خـۆی سەرۆك بێت گڵاوییەکەی بەگوێرەی پۆست و پلـەی مردووەکـە، سێ مـانگ، چوار مـانگ یـان پێـنج مـانگی پێدەچێت. کاتێك تەرمەکە هی سەرەکێکی پلەیـەك بێـت تابۆکـەی دە مـانگ دەخایـەنێت، هـەروەها سـەرۆکی ئـایینی پلەیەك تابۆکەیان دە مانگ دەخایەنێت. بەڕاستی هۆڤـەکان لـەو بڕوایـەدان کە خۆ هەڵاوێردن لەم سنوورانە دەبێتـە هـۆی نەخۆشی و مـردن. ئەوەنـدە بڕوایان پتـەوە کـە قـەت نـاوێرن پێچەوانەی ئەمـە بـیر بکەنـەوە یـەك لـەو شاهیدانە کە بۆ خۆی ئەم ڕێ و ڕەسمانەی دیتووە ئەمەی بۆ باس کردین[1].

سنووردارییەکانی تابۆ ئەو کەسـانە لـەخۆوە دەگرێت کـە پەیوەندییـەکی رووکارانەیان لەگەڵ مردووەکەدا ببێت، وەك باوك، دایك، مێرد و بێوە ژنان. هـەر چـەند لـەناوەرۆکی خۆیـدا رەهەنـدە سـەرەکییەکانی لەوانـەی سـەرەوە دەچێت کە باسمان کرد، بەڵام ئەمانە لەڕوانگەی ئێمەوە فرە سەرنجڕاکێشن. لەسنووردارییەکانی پێشتری تابۆدا تەنها رووی جۆری زەبـر و زەنـگ و هێـزە پـەتا ئاسـاکانمان دیتـووە، بـەڵام ئێـستا لەسـنووردارییەکانی ژێـرەوەدا

---

[1] دوبـل و. مـاریـنر mariner، دانیـشتوانی دورگـەی تونگـا، ١٨١٨ لەهـەمان پـەرتووکی فرێـزر لاپەڕەی ١١٠.

مەبەستەکانی تابۆ چ مەبەستە ئاشکراکانی یان مەبەستە قوڵ و راستییەکانی روون دەبێتەوە.

لەنێو "شوزاپەکان shuswaps" ی دانیشتووی کۆلۆمبیای بەریتانیا داب و نەریتیان بەم جۆرەیە مێردەکان و بێوەژنەکان دەبێت لەماوەی ماتەمینیدا بە تەنهایی ژیان بکەن و دەست لەسامانەکانیان نەدەن. ئەو کەرەستانەی ئەوان سودی لێوەردەگرن نابێت خەڵکانی دیکە سودی لێ وەربگرن. نابێت هیچ راوچییەك لەو کاولاشە نزیك ببێتەوە کە ئەوان تێیدا ژیان دەکەن، چونکە چارەڕەشن. گەر سێبەری کەسێکی ماتەم باری بەرکەوێت نەخۆش دەکەوێت. کەسانی ماتەمبار لەسەر ساقەتی گەنم دەخەون یان دەوروبەری قەرەوێڵەکەیانی پێ دەگرن. ئامانج لەو کارە ئەوەیە کە رۆحی مردووەکە لەخۆیان دوور بخەنەوە. بێ واتاتر لەمە داب و نەریتی هەندێك لەخێڵەکانی ئەمریکای باکوورە، دەبێت بێوە ژنەکە پاش مردنی مێردەکەی بۆ ماوەیەك جلوبەرگێکی وەکو پانتۆڵ لەگژ و گیای وشك بوو دروست بکات و لەبەری بکات تاکو بتوانێت بەم شێوەیە پێش بەنزیك بوونەوەی رۆحی مردووەکە لەخۆی بگرێت. لێرەدا ئەو دەرئەنجامەمان دەست دەکەوێت کە تەنانەت لەواتای "تونێکارییە"کەیدا پەیوەندی هەمیشە لایەنی جەستەیی هەیە، چونکە رۆحی مردووەکە لەخزمانی جیا نابێتەوە و لەمەودای ماتەمینیدا پەیتا پەیتا بەسەریانەوەیە و لە"فڕین" دایە.

لــەنێو "ئــەگوتینوەکان agutainos" ی دانیــشتووی "پــالاوان palawan" لەدورگەکانی فیلیپین دا نابێت بێوە ژن حەوت، هەشت رۆژی یەکــەم پــاش مردنــی مێردەکــەی لەکاولاشــەکەی بێتــە دەرەوە. شــەوان دەتوانێــت بێتــە دەرەوە، کــە ئەگــەری ئــەوە فــرە کەمــە بتوانێــت چــاوی بەکەسێك بکەوێت. ئـەو کەسـەی چاوی بـەو بکـەوێت هەرەشـەی مـەرگێکی خێرای لێدەکرێت، هەر لەم سۆنگەیەوە بـەدارێك دەکێـشێت بەدرەختەکانـدا تاکو بوونی خۆی بەدراوسێکانی رابگەیەنێت. ئەو درەختانەی ئەو داری پێدا دەکێشێت وشك دەبن و تێدا دەچن، بەڵام ئەو مەترسیانەی لەسەر بێوەژنن کامانەن. شایەت حاڵێکی دیکە وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە. لەگـەڕەکی "مەکـەئۆ mekeo" ی گینـەی نـوێی بـەریتانیا، ئـەو پیـاوەی کـە ژنەکـەی مردبێـت هـەموو مافـە مەدەنییـەکانی لەدەسـت دەدات و ماوەیـەك وەك جەهەنەمیەکی مەلعون ژیان دەکات. ناتوانێت زەوی بکێڵێت لەبـەر چـاوی هەمواندا خۆی دەربخات نابێت بچێتە نێو گوند و کۆڵان و بازارەکان، وەکو ئاژەڵێکی هۆڤ لەنێو بەرزە گیاکاندا یان لەنێو دارستاندا کات بەسـەر دەبات تـاکو کـاتی هەسـت کـردن بەمەترسی بتوانێت بەئاسـانی خـۆی بـشارێتەوە بەتایبەت کاتێك چاوی بـەژنێك دەکـەوێت. ئـەم رووداوە ئـەوەمان بـۆ روون دەکاتەوە، کە مەترسی ئەزن لەپیاوێکی ژن مردوو و بێوە ژنێك هەر هەمان هەڕەشەی ڕاڕایی بوونی شەهوانیە. پیاوێك کە ژنەکەی مردووە نابێت قـەت ئەوە بەمێشکیا بێت کە بۆ سەرلەنوێ ژن هێنان بـیر بکاتـەوە. دەبێـت بێـوە ژنـیش لەبەرامبـەر ئـەم دوو دڵیانـەدا خـۆڕاگریی بکـات، وێـڕای ئـەوەش کـە خـاوەنێکی نییـە لەوانەیـە ببێتـە هـۆی هانـدان و بزوانـدنی پیاوانی دیکـە

بەرامبەر بەخۆی، چونکە چۆکدادان لەبەرامبەر ڕاڕایی بوونەوە لەگەڵ ماتەمینیدا یەك ناگرنەوە. لەوانەیە ئاگری تووڕەیی مردووەکە کڵپە بستێنێت[1].

یەك لەسەرسووڕ هێنەرترین و لەهەمان کاتدا پەندێك لەداب و نەریتی تابۆیی سەبارەت بە پرسە و ماتەمینی هەمان یاساخکردنی ناوی مردووەکە نابێت بەزماندا بێت. ئەم نەریتە لەنێو گەلە جیاوازەکاندا فرە باوە و جۆراوجۆر و هەمەڕەنگن و دەرئەنجام گەلێکی فرە گرنگی هەبووە.

سەرەڕای ئوسترالیاییەکان و پۆلینێزییەکان، کە باشتر لە گەلەکانی دیکە داب و نەریتی تابۆیان پاراستووە، بەڵام ئەم یاساخکارییانە لەنێو گەلانی دیکە دا، کە هەندێك جار مەودای شوێن و داب و نەریتی بەرچاو و جیاوازیان لەیەکتر هەیە دەتوانین ببینین. وەك "ساموێدەکان samoyedes" ی سیبریا و "تۆدایەکان todas"ی هێندی خواروو مەغۆلەکانی تاتاری و "توارگەکان touaregs" ی سەحرا و "ئاینۆکان ainos" ی ناوەڕاستی ئەفریقیا و تنگانەکانی فیلیپین و دانیشتوانی دورگەی نیکوبار لە مەدەگاسکار و برۆنو[2].

لەنێو هەندێك لەم خێڵانە دا یاساخکارییەکە و دەرئەنجامەکانی تەنها بۆ ماوەی پرسە و ماتەمینەکە ڕێ پێدراوە بەڵام لەنێو هەندێکی دیکەدا بۆ

[1] لەلاپەڕەکانی پێشوودا نەگونجاوی و ناناستەمییەکانی نەخۆشمان لەگەڵ تابۆکاندا بەراورد کرد، دانی بەوەدانا کە بەبینینی خەڵکانی ماتەم بار لەنێو شەقامەکاندا تووڕە دەبێت و بڕوای وابوو ... "نابێت ڕێگا بەم کەسانە بدرێت لەماڵ بێنە دەرا".

[2] فرێزر هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ٢٥٣.

هەمیشەیە، هەر چۆنێك بێت بەتێپەڕ بوونی زەمەن لەهەموو شوێنەكاندا لەگرنگیەکەی کەم دەبێتەوە. یاساخکاری هێنانە زمانی ناوی مردوو پێدەچێت زۆر زەحمەت و قورس بێت. لەنێو هەندێك لەخێڵەکانی ئەمریکای خواروداوا باوە کە هێنانە زمانی ناوی مردوو لەرووی خزمەکانیدا گەورەترین سووکایەتی بێت کە پێیان دەکرێت و سزای پەیوەست بەم تاوانەوە هەر هەمان سزایە، کە بۆ بکوژێك دیاری کراوە. هۆی قورس گرتنی ئەم بابەتە ڕوون نییە، بەڵام ئەو هەڕەشانەی پەیوەستن بەم کردارەوە بۆتە هۆی گرتنەبەری ڕێ و شوێنێکی بێ ئەژمار کە هەموویان تێکڕا سەرنج ڕاکێش و گرنگن. "ماساییەکان mossais" ی ئەفریقیا ڕێگایەکی دیکەیان گرتە بەر پاش مردنی خزمێکیان یەکڕاست ناوەکەی دەگۆڕن، چونکە یاساخکارییەکان بۆ ناوی پێشووی ئەو دەبن. گریمانەی ئەوە دەکرێت بەگۆڕینی ناو، ئیدی ڕۆحی مردووەکە ئاگای لەناوە نوێیەکە نابێت و نازانێت مەبەست لەهەمان ناوی نوێ هەر مردووەکە بۆ خۆیەتی. خێڵە ئوسترالییەکان "ئادلاید adelaidi" و دانیشتوانی کەنداوی "ئینکانتێر encounter" پارێزگارترن، چونکە پاش مردنی کەسێك، گشت ئەو کەسانەی ناویان لەو دەچێت ناوی خۆیان دەگۆڕن. هەندێك جار گشت خزمەکانی مردووەکە ناوی خۆیان دەگۆڕن بەبێ ئەوەی لێکچوونێك لەنێوان ناوی ئەوان و ناوی مردووەکە دا بێت. ئەم بابەتە لەنێو هەندێك لەخێڵەکانی ڤیکتۆریا لەئەمریکای باکووری بینراوە. لەنێو خێڵی

"گایاكوروس gayacurus" لەپاراگوئـەدا سـەرۆك خێـڵ لـەكاتی پرسـە و ماتەمینیـدا بـۆ هەمیـشە نـاوی گشت ئەنـدامانی خێڵەكـەی دەگۆڕێـت، وەك بڵێیـت ئـەوانیش هـەر لەسـەرەتاوە بـەو نـاوە بـانگ كـراون، شـانازیان پێـوە دەكرد. هەندێك لەخێڵەكان بڕوایان وابوو گەر مردووەكـە نـاوێكی هەبوایـە، كە شتێك یان ئاژەڵێكیشی پێ بانگ بكرایە ئەوا دەبـوو نـاوی ئـەو شـتە یـان ئەو ئاژەڵە بگۆڕن تـاكو لەقسەی رۆژانەیانـدا شـتێك بـۆ زینـدوو كردنـەوەی یادی مردووەكە لەئارادا نەمێنێت. ئەم رووداوە كە لەناجێگیر بوونی گۆڕینی پـەیتا پـەیتای ووشـە دەهاتـە گـۆڕێ هەنـدێك جـار دەبـووە ئاسـتەنگی بانگەشەكارانی ئایینی بەتایبەت لەنێو ئەو گەلانەدا، كە هێنانە سەر زمـانی ناوی مردوو دەبێتە هۆی تـرس و تـۆقینی هەمیـشەیی و هەمیـشەش لـەنێو ئەم ترس و تۆقینەدا ژیان بەسەر دەبەن.

دوبریزهـافر، كـە بانگەشـە كـارێكی ئـایینی بـوو لـەنێو "ئابیپۆنـەكان abipons" دا لەئورۆگوئە ژیانی دەكرد لەماوەی حـەوت سـاڵدا سـێ جاری ناوی پڵنگی ئەمریكای باشووری گۆڕا، هـەروەها نـاوی تیمساح و بنـەدڕك و سەربڕینی ئاژەڵەكان گۆڕانیان بەسەردا هات، بەڵام تۆقین لەگۆ كردنی ناوێك كە پەیوەست بێت بەمردووەكەوە گەشەی پێ كراوە، هەموو ئـەو شـتە دوور و نزیكانـەی پەیوەسـت بـن بەمردووەكـەوە لـەخۆ دەگرێـت. دەرئـەنجامێكی مەترسیدار لەرەوتی سەركوتكردنی نـاوبراو ئەوەیـە، كـە ئـەم گەلانـە یـاد و نەریتێكی مێژوویيان نییە. كاتێك كەسێك توێژینەوە لەمێژووی سەرەتاییان

دەکات دەستی ناگاتە بەڵگەیەکی مسۆگەر و دڵنیا کەرەوە. سەرەڕای ئەمانە هەندێك لەم گەلانە هانایان بردۆتە بەر داب و نەریتێکی قەرەبوو کارانە، واتە ناوی مردووەکان لەسەر منداڵەکانیان دادەنێن و بڕوایان وایە ئەمانە سەرلەنوێ جەستەی مردووەکانن.

گەر بەوردی لەتابۆی ناو رامێنین ناو لەڕوانگەی هۆڤەکانەوە یەك لەکۆڵەکە سەرەکییەکانی کەسایەتییە، مولکێکی گرنگە، هەڵگری واتا و متمانەیەکی زەق و بەرچاوە وەك کەرەستەکان، ئەوسا لەم خاڵە زێدە سەرمان سوڕ نامێنێت. هەروەك لەجێگایەکی دیکەدا ئەوەمان بۆ سەلماندن، کە بەڕاستی منداڵەکانی ئێمەش یەکڕاست وا دەکەن. ئەوان قەت بەلێکچوونێکی گۆکردنی قەناعەت ناکەن، بەڵکو لێکچوونی دەنگ لەنێوان دوو وشەدا، کە لێکچوونێکی زەق و سروشتی لەنێوان دوو کەرەستەدا، کە ئەم دوو وشەیەی لێدەنرێت بەدڵنیاییەوە دەیانگەیەنێتە ئەنجام وەرگرتن. تەنانەت تاکێکی پێگەییوی شارستانی، گەر لەهەندێك رووودا بەوردی رێباز و تێڕوانینەکانی خۆی شرۆڤە بکات بەبێ ئەوەی ئاستەنگییەك بۆ خۆی دابنێت بەوە دەزانێت، کە هەندێك ناو لای ئەو بەهایەکی تایبەتیان هەیە و لەنێوان ناوی خۆیی و کەسایەتیدا هیچ مەودایەك نابینێت. وێڕای ئەمانەش لەدەروون شیکاریدا ئەوە سەلمێنراوە لەڕامانی نەستماندا ناوەکان جێگایەکی گرنگیان بۆ خۆیان داگیر کردووە[1]. هەڵسوکەوتی نەخۆشە ڕاڕاییەکان

[1] شتکل steke، و نابراهام K.abraham.

بەرامبەر بەناوەکان وەك هەڵسوکەوتی هۆڤەکانە و هەر لەسەرەتادا دەگرا ئەم بابەتە لەو بێدەنگییەدا مەزندە بکرێت. ئەمانیش وەك نەخۆشە دەروونییەکانی دیکە سەبارەت بەهەستی بیستن یان هەندێك لەوشە و ناوەکان "گرییەك لەهەستیاری" (۱) لەخۆیان دەردەخەن و سەرچاوەی زۆربەی ناهاوسەنگییەکانیان لەرێباز و هەڵسوکەوتیاندا سەبارەت بەناوی خۆیانە. من یەك لەنەخۆشە تابۆییەکانم بینی. بەم ڕەنگە بیری دەکردەوە، نابێت ناوی لەهیچ شوێنێکدا بنووسێت لەترسی ئەوەی نەکا لەناکامدا بەشێك لەکەسایەتی بکەوێتە دەستی کەسێکی دیکە. بڕیاری دابوو لەهیچ هەلومەرجێکدا ناوی خۆی نەنووسێت، کەواتە بۆ ئەوەی لەهێزی خەیاڵی کردارەکانی خۆ پاراستن بکات، گەیشتبووە ئەو دەرئەنجامەی کە نابێت لەخودی خۆی شتێك بەشی کەس بدات و وای بیر دەکردەوە لەپلەی یەکەمدا ناوەکەی خودی ئەوە و لەپلە دووەمدا دەستنووسەکەی (خەتەکەی)، کەواتە قەت شتێك نانووسێت.

کەواتە جێگای سەرسوڕمان نییە گەر هۆڤەکان ناوی خۆیان بەبەشێك لەکەسایەتی خۆیان دابنێن و ناوی مردووەکە بکەنە بابەتێکی تابۆیی، سەرباری ئەمە هاوردنە سەرزمانی ناوی مردووە کە بەواتای پەیوەندی گرتن لەگەڵ مردووەکە دایە، کەواتە دەبێت ئێستا سەرقاڵی بابەتێکی

(۱) دەستەواژەیەك، کە یونگ jung سەبارەت بەتاقیکردنەوەی خۆی و بەگوێرەی ڕەنگدانەوەی واتاکانی، ئەو دەستەواژەیە داهێناوە.

بەرفراوان تر بین و بزانین بۆچی پەیوەندی گرتنێکی بەم چەشنە بەپرادەیەکی ئەوەندە قورس و توند یاساخ "تابۆ" کراوە.

وەڵامێکی پڕاوپڕ سروشتی کە بەزەینمان بگات ئەوەیە، کە مرۆڤ بەهۆی غەریزەوە لەتەرم و پارچە پارچە بوونی جەستە لەپاش مردن دەترسێت. هۆیەکی دیکە ئەو خەم و خەفەتەیە کە بەسەر خزمەکانی مردووەکەدا بەشێوەیەکی زاڵ دەردەکەوێت. هەرچەند ترس لەتەرم نابێتە پاساوی هەموو رێ و رەسمە وردەکانی تابۆ و ئەو یاسایانەی پەیوەندیداری تابۆ دەکەن و خەم و پەژارەی ماتەمبارەکان ئەم بابەتەمان بۆ روون ناکاتەوە، کە بۆچی گۆ کردنی ناوی مردووەکە دەبێتە سووکایەتی کردنێکی قورس بە پاشماوەکان. ئەو کەسانەی لەپرسەی مردوویەکدا دادەنیشن حەز دەکەن وەبیرهێنەری ئەو شتانە بن کە دەیانباتەوە یادی مردووەکە و یادێکی هەمیشەیی (بەردەوامی) لێ بکەن، کەواتە دەبێت تایبەتمەندییەکانی داب و نەریتی تابۆ هۆگەلێکی دیکەی هەبێت و وەڵامدەری ئەو مەبەستانە بێت کە لەگەڵ ئارمانج گەلێکی دیکەدا لەپەیوەندیدا بن. بێگومان دەتوانین بەرێگای تابۆی وشەکانەوە شارەزای ئەم هۆگەلە نادیارە بین و تەنانەت گەر داب و نەریتیش لەئارادا نەبن تەنها بەکۆکردنەوەی ئەو دەرئەنجامەی کە لەپرسە و ماتەمینی هۆڤەکاندا وە دەست دەکەون دەتوانین تیشك بخەینە سەر بابەتەکە. هۆڤەکان نکۆڵی لەوە ناکەن، کە لەئامادە بوونی رۆحی مردوو دەتۆقن و یان ئەگەری هەر گەڕانەوەیەکی دەیانخاتە نێو ترس و

پەشۆكانەوە، كەواتە پەنا دەبەنە بەر رێ و رەسم گەلێكی زۆر تاكو رێگریەك لەگەڕانەوەیدا دروست بكەن. هێنانە سەر زمانی ناوی مردوو وەك بڕیاری یاسایی گوتنەوەی پاڕانەوەیەكە، كە بەڕاستی دەبێتە هۆی ئامادە بوونی رۆح، لەم سۆنگەیەوە هەرچییەكیان لەدەست بێت ئەنجامی دەدەن تاكو بەدژی گوتنەوەی ئەم پاڕانەوەیە خەبات بكەن و پێش بەخەبەر كردنەوەی رۆحی مردووەكە بگرن یان جلەكانیان دەگۆڕن بۆ ئەوەی رۆحی مردووەكە نەتوانێت بیانناسێتەوە یان ناوی خۆیان دەگۆڕن یان ناوی مردووەكە. لەو بێگانە خەمسارە بێزارن كە ناوی مردووەكەیان دێنێتە زمان لەدژی پاشماوە و زیندووەكانیان. قەت ناتوانین چاو لەهەڵێنجاندنەكەی وونت بگرین كە دەڵێت ئەمان لەوە دەترسن، كە "رۆحی بەشەیتان كراوی" مردووەكە لەواندا دەربكەوێت بۆیە هەمیشە ئەمە ئازاریان دەدات[1].

گەر هەڵێنجاندنەكەی وونت قبوڵ بكەن ئەگەری ئەوە دەكرێت لەهەڵێنجاندن و تیۆریە پێشووەكانی نزیك بینەوە كە دەڵێت ترس لەشەیتانەكان دەبێتە هۆی پێكهێنانی تابۆ. بەگوێرەی ئەم تیۆریە ئەو خۆشەویستەی كە مردووە لەهەمان ساتی مردندا دەبێتە شەیتانێك و پاشماوەكان جگە لەدوژمنایەتی نابێت چاوەڕوانی شتێكی دیكەی لێ بكەن، هەر بەم بۆنەیەوە بەهەموو توانای خۆیانەوە هەوڵ دەدەن تاكو مەبەستە خراپەكانی لەخۆیان دوور بخەنەوە. ئەم تیۆریە ئەوەندە سەرسوڕهێنەرە كە

---

[1] وونت. نەفسانەكان و ئایینزا، بەرگی دووەم، لاپەڕەی ٤٩.

لەسەرەتادا لێی دەکەوینە گومان، بەڵام گشت یان هەموو توێژەرە بەویژدانەکان لەم خاڵەدا هاودەنگن کە خێڵە سەرەتاییەکان وا بیر دەکەنەوە. بەبڕوای من "وستر مارك wester marck" بایەخێکی ئەوتۆ ناداتە تابۆ، بەڵام لەپەرتووکەکەیدا بەناونیشانی "پێشینە و گەشەی مۆڕاڵ" لەبەشی "ڕێبازی هۆڤەکان بەرامبەر بەمردووەکان" دەڵێت: "ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستمدان ئەو دەرفەتەم بۆ دەرەخسێنن کە هەڵێنجاندنێکی بەم جۆرە بکەم، بەزۆری مردووەکان بەدوژمن دەزانن، پرۆفیسۆر "جوڤێنز jevons" و بەڕێز "گرانت ئالێن grant allen" لەهەڵەدان کە پێشتر دەیان گوت هۆڤەکان بەو جۆرە بیر دەکەنەوە کە شەیتانیەتی مردووەکان رووی لەبێگانەکانە، بەڵام قەت سۆزی باوکانەی خۆی لەمنداڵ و ئەندامانی کلانەکەی دریغ ناکات[1].

"ر. کلاین پاڤل R.klein pavl" لەبەرهەمە گرنگەکەیدا هەوڵی داوە تاکو پەیوەندی نێوان مردووەکان و زیندووەکان لەنێو گەلانی سەرەتاییدا روون بکاتەوە و سود لەپاشماوەکانی باوەڕی "ئانیمیسم animisme" لەنێو گەلانی شارستانیدا وەربگرێت. ئەویش گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامە، کە مردووەکان هەوڵدەدەن ئەو زیندووانە بۆ لای خۆیان رابکێشن کە خۆشیان ناون و حەز بەمردنیان دەکەن. لەڕاستیدا ئەوە مردووەکانن دەکوژن. ئێسك

(1) روستر مارك، هەمان پەرتووك بەرگی دووەم لاپەڕەی ٤٢٤. دەقی ئەم پەرتووکە و پەراوێزەکانی بۆ

و پروسکی مردووەکان ئارم و نیشانەی مردنن، کە مردن جگە لەوەی مرۆڤێکی مردوو کە دەبێتە ئێسك و پروسك شتێکی دیکە نییە. زیندووەکان تەنها کاتێك خۆیان لەترس و شوێن پێ هەلگرتنی مردووەکان بۆ دەپارێزرا، کە ئاوێك لەنێوانیاندا ببوایە، لەم سۆنگەیەوە مردووەکانیان لەدورگەکان یان ئەوبەر رووبارەکانەوە دەشاردەوە. بەڕواڵەت زاراوەی ئەم بەر و ئەو بەر جگە لەمە ریشەیەکی تری نییە. پاشان شەیتانیەتی مردووەکان داشکا و لەباتی ئەوە ئەم شەیتانیەتە بدرێتە پاڵ گشت مردووەکان تەنها تایبەت کرابوون بەو مردووانەوە کە ئەو مافەیان پێدەدان تاکو ڕادەیەك تووڕەو و رقاوی بن، وەکو کوژراوەکان کە پاش مردنیان دەبوونە رۆحێکی پیس وناپاك (گلاو) و هەمیشە بەدوای بکوژەکەی خۆیاندا دەگەڕان، یان وەك ئەو دەستگیرانانەی پێش ئەوەی بەئاواتی خۆیان بگەن دەمردن. کلاین پاڤل[1] لەدرێژەدا دەنووسێت لەسەرەتادا گشت مردووەکان، خوێن خۆر (مژ) بوون و بەدوای زیندووەکانەوە بوون و بەدڵێکی لێوانلێو بەتوڕەیی دەیانویست پەلامارێکیان بدەن و لەژیان بێ بەشیان کەن. یەکەمین شت کە بووە هۆی دەرکەوتنی زاراوەی "رۆحی ناپاك" هەر هەمان تەرمی مردووەکان بوو.

ئەو تیۆریەی دەڵێت خۆشەویست ترین مردوەکان وەك شەیتانیان لێدێت، بێگومان پرسیارێکی دیکە دەخاتە روو. باشە کام هۆ یان هۆکار

---

[1] رودۆلف کلاین پاڤل klein pavl زیندووەکان و مردووەکان، باوەڕی خەلك، ئایینزا و ئەفسانەکان، ١٨٩٨.

دەبوونـە هـۆی وەرچـەرخانێکی سـۆزداری بـەم چەشـنە، کـە خێڵـە سـەرەتاییەکان دەیـان دایـە پـاڵ مردووەکانیـان؟ بۆچـی خۆشەویستەکانی خۆیـان دەکـردە شـەیتان و رۆحـی ناپـاك؟ وسـتر مـارك وا رادەمێنێـت کـە دەتوانێـت بەئاسـانی وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە بداتـەوە (هـەمان پـەرتووك لاپـەڕەی ٤٢٦): چونکە لەوانەیە مـردن گـەورەترین نەگبـەتی بێت کە ڕوو لەکەسێك دەکات، کەواتە دەتوانین بگەینـە ئـەو دەرئەنجامـە کـە ئـەوە مـاف مردووەکانە تاکو بۆیان دەکرێت لەچارەنووسی خۆیـان نـاڕازی و تـوڕە بـن. بەگوێرەی هەڵێنجاندنی گەلە سەرەتاییەکان، تەنها کاتێك مرۆڤ دەمرێت کە کەوتبێتە بەر پەلاماری زەبروزەنگێك یان کەسێك کوشتویەتی یان بەسێحر تیا چووە، هەر لەم سۆنگەیەوە مردن خێرا دەبێتە هۆی تۆڵەکاری و تووڕەیی مردووەکـان. گریمانـەی ئـەوە هەیـە، کـە رۆحـی مردووەکـان ئیرەیـی بەزیندووەکان دەبەن و حەز دەکەن بگەڕێنەوە کۆڕی خزمـەکانیان، کەواتـە بەسود وەرگـرتن لـە نەخۆشی جۆراوجۆر ئـەوان دەمـرێنن تـاکو بیانهێننـە ریـزی خۆیـان و بەئاواتـەکانیان بگـەن ... دەبێت هۆیـەکی دیکـەی شـەیتانی بوونی مردووەکان لەترسێکی غـەریزی بـزانین، کـە لـەدڵی زیندووەکاندایـە. ئەو ترسەی کە لەئاست خۆمانەوە بەپەشۆکان لەبەرامبەر مردنەوە هەستی پێدەکەین.

تۆێژینـەوە لەناهاوسـەنگییەکانی دەروونـی ــ دەمـاری دەمانباتـە نێـو شرۆڤەیەکی بەرفراوانتر و شیکردنەوەکانی وستر مارکیش لەخۆ دەگرێت.

بەزۆری کاتێك ژنێ مێردەکەی دەمرێت یان کچێك مەرگی دایکی دەبینێت وا دەرکەوتووە، کە پاشماوەکانیان تووشی شۆك و گومانێکی دژوار، دەبن. ئێمە ناومان ناوە "پەشیمانی ڕاڕایی". لەخۆیان دەپرسن نەکاو کەمتەرخەمی و بێ ئاگایی ئێمە بووبێتە هۆی مەرگی خۆشەویستییەکەیان، هەر چەندی بەخۆیان دەڵێن هیچ کەموکورپەکم لێ دەرنەکەوتووە و هەمیشە ئەرکەکانی سەرشانم بۆ درێژەدان بەتەمەنی خۆشەویستە لەدەست ڕۆیشتووەکەم بەئەنجام گەیاندووە، بەڵام دیسان دەبێتە یەخسیری پەشیمانی و نەگریسیەکانی خۆی تاکو بەرە بەرە بەدەرباز بوونی کات تۆزی لەبیرچوونەوەی لەسەر بنیشێت. بەدەروون شیکاری کردنی پاشماوە گەلێکی بەم چەشنە توانیمان بگەینە دوایین ڕەمز و ڕازی ناهاوسەنگی ئازاراوی ئەم جۆرە نەخۆشیە. دەزانین ئاڕادەیەك پەشیمانی ڕاڕایی ڕێگا پێدراوە لەبەرامبەر ئەو هەموو کەموکورپیانەی کە خودی شەخس بەرامبەر بەهەڵسوکەوتی خۆی دایدەنێت ئەمەش وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەمە بەو واتایە نایەت کەسی تەعزیەدار بۆتە هۆی مردنی خۆشەویستەکەی یان بەرامبەر ئەو تووشی هەڵەیەك بوو بێت، بەڵکو پەشیمانی نەگریس بەو واتایە دێت، کە مردنی خۆشەویستێکی یەك لەئاواتەکانی نەستی تێر کردووە. گەر ئەم ئاواتە بەگوێرەی پێویست توند بوایە دەیتوانی ببێتە هۆی مەرگی خۆشەویستە لەدەست ڕۆیشتووەکەی. لەڕاستیدا پەشیمانی دژ کردەوەی تاکە لەبەرامبەر ئەم حەز و ئاواتەی نەستدا. دەتوانین کوت و مت

هەمان دوژمنی لەپشت ئەوینێکی توندەوە بدۆزینەوە یان لەگشت ئەو بوارانەدا کە ئەوینێك و پێداگرییەکی زێدەڕۆیانەی هەستەکان بەرامبەر کەسێك نیشان دەدرێت هەمان دوژمنی بدۆزینەوە. ئەمە هەر هەمان مۆدیلی کۆن و دەرکەوتنی جۆرێکە لەدوو ڕەهەندی بوونی ناکۆکی هەستەکانی مرۆڤ، بەڵام بەزۆری ئەوەندە بەهێز نییە ببێتە هۆی ئەو پەشیمانییە ڕاڕایانەی باسمان کرد، بەڵام لەو کەسانەدا بەهرەیەکی زۆرتر سەبارەت بە ناکۆکی بوونی سۆزی ناوبراوەوە هەیە بەزۆری لەشوێنێکدا لییان دەردەکەوێت کە ئەوەندەش چاوەڕوان ناکرێت، واتە بەرامبەر بەخۆشەویست ترین کەسەکانیان.

بەڵام هەر چەندی ئەم ناکۆکییە سەرەکییەی سۆز لەکەسێکدا توندتر بێت بەهەمان رادە ئەگەری زۆرترە کە تووشی نەخۆشی ڕاڕایی بێت، کە بووە یەکێك لەو لایەنانەی هەڵسەنگاندن کە سەبارەت بە ناواخنی تابۆ سودمان لێ وەرگرت. ئێستا بەهۆ و ئەگەرەکانی بەشەیتان بوونی ڕۆحی ئەو کەسانە کە تازە مردوون ئاشنا بووین و لەهۆی پێویستی بە بەرگری کردن لەخۆیان لەبەرامبەر ئەم دوژمنکاریانەی ڕۆحی ناپاك شارەزا بووین. گەر ئەوەمان قبوڵ بێت کە ژیانی سۆزداری خەڵکانی سەرەتایی وەك ژیانی سۆزداری تووشبوان بە نەخۆشی ڕاڕاییەوە، هەر وەك لەدەروون شیکاریاندا دەرکەوتووە زۆر بەتوندی پێکەوە ناکۆکن. ئەوسا جێگای سەرسوڕمان نابێت بۆ چی هەر دوو گروپەکە بۆ لەدەست چوونی خۆشەویستێك یەك

دژکردەوەیان هەیە. لەواتایەکی دیکەدا ئەم دژکردەوەیە بەرگرییەکە، کە هۆفێك و نەخۆشیێکی ڕاڕایی بەرامبەر بە دوژمنکارییەکانی نەستیان لەبەرامبەر مردووەکەدا لێیان دەوەشێتەوە، بەڵام ئەم هەستە ئازاردەرانە لەنێو سەرەتاییەکان و ڕاڕاییەکاندا دوو چارەنووس و دەرئەنجامی جیاوازیان هەیە. لەنێو خەڵکانی سەرەتاییدا ڕەهەندێکی دەرەکی لەخۆ دەگرێت و دەیدەنە پاڵ مردووەکە. کرداری لەو جۆرە، چەشنێکە لەبەرگری (پاراستن)، ئەگەری ئەوە هەیە لەژیانی دەروونی خەڵکانی ئاسایی و نائاساییدا هەبوونیان هەبێت و بەدیهاوێژی ناسراوە. پاشماوەکان قەت قبوڵی ناکەن کە هەستێکی دوژمنکارانەی بەم جۆرەیان بەرامبەر بەخۆشەویستێکی لەدەست ڕۆیشتوویان (مردوو) هەبوو بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە ڕۆحی مردووەکەیە هەستێکی دوژمنکارانەی لەم جۆرەی بەرامبەر بەپاشماوەکانی خۆی هەیە و هەوڵ دەدات تاکو لەماوەدای پرسەکەیدا تێریان کات. وێڕای پاراستنێکی سەرکەوتووانە کە پاشماوە بەڕێگای دیهاوێژییەوە لەخۆی دەکات. دژ کردەوە سۆزدارییەکانی نیشانەی پەشیمان بوونەوە و سزادانی خۆیەتی، چونکە ترس سەراپای گرتۆتەوە و ئەو بێ بەش کردن و سنووردارییانەی بۆ خۆی دادەنێت لەڕوودا وا دەگەیەنێت کە خەریکە لەبەرامبەر ڕۆحی ناپاکدا پاراستن لەخۆی دەکات. بەم شێوەیە جارێکی دیکە جەخت لەم بابەتە دەکەینەوە کە تابۆ دەرئەنجامی ناکۆکیەکی سۆزدارییە و دەرئەنجامی ناکۆکی نێوان ئازاری هەست و بەختەوەری نەستە، کە مردنی خۆشەویستێك بۆتە

هۆی دروست بوونی ئەم رەوشە. وێڕای سەرنج دان بەچاوگەیەکی لەم چەشنە کە سەبارەت بەتوورەیی رۆحە ناپاکەکان خستوومانەتە ڕوو گومانی تێدا نییە دەبێت کەسانی زۆر نزیک لەمردووەکە، کە ئەوانی زێدەتر لەکەسانی دیکە خۆش دەوێت لەتوورەیی و رقی ئەو بەرامبەر بەخۆی لەترس و تۆقیندا بێت.

لێرەدا یاساکانی تابۆ وەك نیشانەکانی نەخۆشی دەروونی واتای دوو رەهەندی و ناکۆکیان هەیە. لەلایەکەوە راستە بەرێگەی سەپاندنی سنووردار کردنەکانەوە دەبێت هەستێکی ئازاراوی لەخۆی نیشان بدات بۆ لەدەست چوونی خۆشەویستەکەی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەوە نیشان دەدات کە نیازی شاردنەوەی هەبووە ئەویش هەستی دوژمنکارانەیە بەرامبەر بەمردووەکە و رەهەندێکی زۆر پێویستی پێدەبەخشێت (بە رەهەندێکی زۆر پێویستی دەزانێت بۆ پاراستنی خۆی). پێشتر دیتمان هەندێك لەسنوورە تابۆییەکان لەترسی بەریەك کەوتن و پەیوەندی شەهوانی و شت گەلی دیکە پێکهاتوون. ئێستا، کە مردووەکە دەستی بەهیچ کوێ ڕاناگات دەتوانرێت بەرامبەر بەو هەستی دوژمنکارانە تێر بکرێت. هەر بەم مەبەستەیە سنوورە تابۆییەکان دارێژراون تاکو پێش بە پێکهێنانی ئارەزوو گەلێکی دوژمنکارانەی لەم جۆرە بگرێت.

کەواتە ئەنجامەکەی وستر مارك جوانە، کە دەڵێت: هۆڤەکان هەست بەجیاوازی ناکەن لەنێوان مەرگی سروشتی و مەرگ لەئەنجامی

توندوتیژیدا. لەڕووی نەستەوە مردنی سروشتیش لەدەرئەنجامی زەبر و زەنگەوەیە. مەرگی سروشتی لەحەزە ناپاکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. کەسانێك دەچنە ناواخنی واتای ئەو خەونانەی کە سەبارەتن بەمردنی خۆشەویستانەوە (باوك و دایك، خوشك و برا) بەئاسانی تێدەگەن ئەو کەسەی خەونەکەی دیتووە، منداڵ و هۆڤەکەش سەبارەت بەمردن پەیڕەوی یەك ڕێبازن و ئەوە هەستە دوو ڕەهەندی و ناکۆکەکانیانە. پێشتر بەدژی هەڵێنجاندنێکی وونت بووین، کە دەیگوت تابۆ دەرئەنجامی ترسە لەرۆحە ناپاکەکان. گەر وابێت لەم ڕوانگەیەوە ئێمە هاتووینەتە سەر ئەم بڕوایە، کە تابۆی مردووەکان لەئەنجامی ترسە لەرۆحی مردووەکان و ئێستا بوونەتە رۆحی ناپاك یان شەیتانی. لەوانەیە لەڕوودا ناکۆکی کەوتبێتە نێو بابەتەکەوە، بەڵام وەلانانی ئەم ناکۆکییە کارێکی زۆر ئاسانە. ڕاستە هەڵێنجاندنی پەیوەندیدارمان بە رۆحە ناپاکەکانەوە قبوڵ کردووە، بەڵام وەکو دوایین توخمەی دەروونی و نەگۆڕمان لێکنەداوەتەوە، بەڵکو توانیمان بچینە قووڵایی ئەم توخمەیە و بڵێین رۆحە ناپاکەکان هەمان دیهاوێژی هەستە دوژمنکارانەکانن، کە پاشماوەکان بەدژی مردووە خۆشەویستەکانیان لەنەستی خۆیاندا کەڵەکەیان کردووە.

کاتێك ئەم ڕوانگەیەی خۆمان سەلاند جەختمان لەوە کردەوە، کە هەستەکان ناکۆکن و ڕوویەکی سۆزداری و ڕوویەکی دوژمنکارانەیان هەیە و لە دەرفەتێك دەگەڕێن تاکو هاوکات لەچوارچێوەیەکی ناکامی و بەختەوەریدا

لەکاتی مەرگی خۆشەویستێکدا دەرکەون. لەنێو هەستە ناکۆکەکانی ژووردا ململانێیەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، چونکە یەك لەو هەستانە واتە هەستی دوژمنکارانە بەڕادەیەکی زۆر نەستانەیە و ململانێی ناوبراو بەوەلانانی یەکیان و قبوڵی ئەوی دیکە لەلایەن هەستەوەیە. بۆ نموونە سەبارەت بەو خۆشەویستەی کە دولبەرەکەی بەفەرامۆشی سپاردووە و قەیدی ناکات ئەم توانج و بێ بەزەیی بوونەیان پێدەبەخشین — چارەسەر نابێت، بەڵکو ململانێ و گرژی بەدەستێوەردانی دەزگایەکی دەروونی تایبەت کۆتایی پێدێت کە لەدەروون شیکاریدا بەدیهاوێژی ناسراوە. هەستی دوژمنکارانە، کە زۆربەی پاشماوەکان هیچی لەبارەوە نازانن و نایشیانەوێت هیچی لەسەر بزانن. لەهەستە دەروونییەکانەوە دیهاوێژی جیهانی دەرەکی دەکەن، کەواتە لەو کەسەی لەنەستی خۆیدا کەڵکەی کردووە جیا دەبێتەوە و دەنالێت بەکەسێکی دیکەدا. ئێمە پاشماوەکانین، ناتوانین بەمردنی خۆشەویستێك دڵخۆش بین، بەپێچەوانەوە ئێمە بۆ مردنەکەی پرسە دادەنێین. ئەو وەکو رۆحێکی ناپاکی لێهاتووە و چارەڕەشیمانی دەوێت و لەبۆسەدایە تاکو لەناومان بەرێت، کەواتە دەبێت پاشماوەکان لەهەمبەر ئەم دوژمنە لەخۆیان پاراستن بکەن. لەڕاستیدا لە ئەشکەنجەیەکی دەروونی رزگاربووە و تووشی پەشۆکانێك بووە کە چاوگەیەکی دەرەکی هەیە.

بێگومان بۆ پاساوی دیهاوێژی ناوبراو، کە مردووەکەی کردۆتە دوژمنێکی خراپەخواز. وای دەبەلگێنن لەسەردەمی ژیانیدا تورە، زاڵم و دەسەڵات خواز

و ... هتد یان فلان کرداری خراپەخوازی لەچوارچێوەی بە بەزەیی ترین پەیوەندی مرۆییانە، کە وێنا دەکرێن لەرابردوودا لێدەرکەوتووە. بێگومان تەنها بە بەلگاندنێکی بەم جۆرە ناتوانین کرداری شەیتانیانەی دیهاوێژی پاساومەند بکەین. هەلبەت ئەو هەلە و کەم و کورپیانەی مردووەکان، کە لەکاتی ژیاندا تووشی بوون لەوانەیە تاکو رادەیەك پاساوی دوژمنایەتی پاشماوەکان لەئاست ئەواندا بێت، بەلام ئەو دوژمنیەی دەیدەینە پال مردووەکان ناتوانین بەم جۆرە پاساوی بۆ بێنینەوە. وێرای ئەمانە کاتی مەرگ دەرفەتێکی گونجاو نییە بۆ زیندوو کردنەوەی ئەو بیرەوەریە تالانەی کە لەو مردووە لەیادمان دایە، بەم بۆنەیەوە بەماڤی خۆمانی دەزانین چاومان پێکەوێت، کەواتە بەدلنیاییەوە تەنها هۆی رێبازی پاشماوەکان لەبەرامبەر مردووەکاندا هیچ نییە جگە لەهەمان هەستی دوژمنکارانەی نەستیان بەرامبەر مردووەکان. هەستی ناوبراوی دوژمنکارانە لەبەرامبەر کەسانی هەرە نزیك و خۆشەویست تا ئەو کاتەی زیندوو بوون ئەگەری نادیار بوونی بۆ دەگرێت. واتە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەیارمەتی چوارچێوەیەکی ئەلتەرناتیف خۆی لەهەستدا دەرنەخستووە، بەلام پاش مردنی ئەو کەسانەی کە هەم خۆشەویستن و هەم دوژمن ئەم رەوشە تێکدەچێت و ململانێیەك کە هەیە وەکو پێویست رەهەندێکی گشتی لەخۆ دەگرێت. ئەو ئازارەی بەهۆی خۆشەویستی زۆرەوە دێتە گۆرێ لەلایەکەوە زۆر و زێدەتر بەدژی دوژمنکاری نادیار سەرهەلدان دەکات و لەلایەکی

دیکەوە ناتوانێت قبوڵی کات هەستی کە دوژمنکارانە دەبێتە هۆی رەزامەندی، کەواتە سەرکوتکردنی دوژمنکارییەکانی نەست بەڕێگای دیهاوێژییەوە دەگەنە مەبەست و رێ و رەسمی ترس لە دەرئەنجامەکانی رۆحی ناپاك سەرهەڵدەدات بەهەمان رادە لەساتی مردندا گوزەر دەکات. ململانێی ناوبراو زۆر زێدەتر توندی و قورساییەکانی کاڵ دەبنەوە بەجۆرێك لەئاکامدا تابۆکانی مەرگ لاواز دەبن یان تەنانەت لەبیر دەچنەوە.

## ـــ ٤ ـــ

پاش شارەزایی و فێر بوونی زۆر گرنگ و چۆنیەتی شیکردنەوەی دروست بوونی تابۆی مردنی خۆشەویستان، ئێستا چەند برگەیەك بە دەرئەنجامەکانمان زیاد دەکەین تاکو بە یەکجاری بابەتی گرنگی تابۆ لامان ئاسان بێت.

دیهاوێژی و دوژمنایەتی نەست و خستنە ئەستۆی رۆحە ناپاك و شەیتانییەکان لەتایبەتمەندی تابۆی مردووەکانە و یەك لەپرۆسە بێ ئەژمارەکانی لەم چەشنەیە، کە رۆڵێکی گرنگی لەپێکهێنانی ژیانی دەروونی هۆڤەکاندا هەیە. سەبارەت بە باسەکەی ئێستامان دەبێت بڵێین دیهاوێژی بۆتە هۆی چارەسەر کردنی ململانێیەکی سۆزداری لەزۆربەی رەوشەکاندا رۆڵێکی وا دەگێرێت، کە لەوانەیە لە ئەنجامدا ئەم رەوشە بە نەخۆشیەکی دەروونی کۆتایی پێ بێت، بەڵام دیهاوێژی تەنها ئامرازێك نییە بۆ خۆپاراستن، بەڵکو هەندێك جار کە ململانێ لەئارادا نییە دەبینرێت.

دیهاوێژی پەی بردنە خۆییەکان بۆ جیهانی دەرەوە، کاری دەزگایەکی سەرەتاییە، کە پەی بردنی هەستەکانی ئێمەش پەیرەوی لێدەکات و لەئاکامدا رۆڵێکی مەزن لەسەر شێواز و وێناکانی ئێمە بۆ جیهانی دەرەوە دەگێرێت. لەهەلومەرجێکدا کە هێشتا روون نەکراوەتەوە پەی بردنە خۆییەکانی ئێمە لەپرۆسەی سۆزداری و هزریەکان وەك پەی بردنە

هەستییەکانی ئێمە دیهاوێژی دەرەوە دەبن تاکو سود بەپێکهێنانی جیهانی دەرەوە بگەیەنێت، هەرچەند بەڕاستی بەشێکە لەجیهانی ناوەکی[1].

دەتوانین لەڕوانگەی جیانالۆژییەوە (بنەچەناسی) ئەم ڕووداوە بەم جۆرە ڕاڤە بکەین. لەسەرەتادا بەوردی سەرنجی کرداری ئاوڕ لەجیهانی دەرەکی نادات، بەڵکو بەهۆی هاندان و جوڵاندنەکانی جیهانی دەرەکییەوە دەردەکەوێت و پاشان ئاوڕی لێدەداتەوە. ئێمە لەجیهانی خۆییدا تەنها بەهۆی پرشنگی هەستی چێژ و ئازارەوە بەڕێگای کردارە وردەکانەوە بە ئاگادێین. گەرچی مرۆڤەکان پاش دامەزراندنی زمانی رامانی ئینتزاعی توانی پاشماوەی هەست پێکردنی وێنا زمانییەکانی خۆیان ببەنە نێو پرۆسە ناوەکیەکانەوە و هێدی هێدی شارەزای ڕووداوە دەروونییەکانی خۆیان بن. بەم جۆرە مرۆڤە سەرەتاییەکان بەیارمەتی وەرگرتن لەپەی بردنە ناوەکیەکانی خۆیان توانیان وێنایەك لەجیهانی دەرەکی پێکبێنن. دەبێت ئێستا ئێمە سەرلەنوێ بەسود وەرگرتن لەدەستەواژەکانی دەروون ناسی و بەخستنە گەڕی ئاشنا بوونمان لەو ژیانە دەرونییە لێی وەدەستمان خستووە جێگۆڕکێ بەم وێنایە بکەین.

دیهاوێژی نیازە خراپەکانمان بۆ جیهانی دەرەکی و بەڵگانیان بەرۆحە ناپاك و شەیتانییەکانەوە بەشێك لەو سیستەمە پێکدەهێنێت، کە لەتاقیکردنەوەکەی دیکەدا لەسەری دەدوێین و دەتوانین ناوی "هەڵێنجاندنی

[1] چونکە تاکو ڕادەیەك جیهانی دەرەکی بەرهەمی زەینی ئێمەیە.

ئانیمیسم" ی لەجیهانی بۆ دەستنیشان کەین. پاشان ڕەهەندە دەروون ناسییەکانی ئەم سیستەمە دەخەینەڕوو و بەیارمەتی وەرگرتن لەسیستەمە هاوشێوەکانی لەنێو نەخۆشە دەروونییەکاندا ڕاڤەی بۆ دەکەین. لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێین، سیستەمی ناوبراو لەدەزگایەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مۆدیلە سەرەکییەکەی هەر هەمان شتە کە ئێمە ناومان ناوە "ئامادەکاری یان بەراوردی دووەم"[1]

و ناوەڕۆك و ناواخنی خەونمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمانە نابێت ئەوە لەیاد بکەین پاش پێکهاتنی سیستەمی ناوبراو ڕووداوە دەروونییەکان دەکەونە ژێر کاریگەریەتی وردی هەستەوە و بەدوو ئاراستەدا دەڕوات یەك ئاراستەیان پەیوەستە بەهەمان سیستەمەوە، ئەوی دیکە ڕاستەقینەیە، بەڵام نەستانەیە[2].

وونت[3] ئاماژەیەك بەم ڕاستییە دەدات. "لەنێو گشت ئەو کردارانە دا، کە ئەفسانەی گەلان دەیدەنە پاڵ شەیتان و ڕۆحە ناپاکەکان کردارە خراپەکان گەلێك زێدەترن لەکردارە چاکەکان، هەر وەك ئاشکرایە لەنێو باوەڕی گەلاندا جنۆکەی خراپە کۆنترە لەجنۆکەی چاکە". لەوانەشە پڕاوپڕ وابێت

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەتوانیت سەیری پەرتووکی (ڕاڤەی خەون و نەخۆشییە دەروونییەکان) ی فرۆید بکەیت. ایرج پورباقر کردویەتی بەفارسی.

[2] خوڵقکاریەکانی دیهاوێژی هۆڤەکان وەك خوڵقاندنی پاڵەوانی نووسەران و شاعیرانە. ئەم گروپە لەم ڕێگایەوە حەزە ناکۆکە دەروونییەکانی خۆی لەچوارچێوەی کەسایەتییە سەربەستەکان بەشێوازێکی دەرەکی دەخەنە ڕوو.

[3] ئەفسانە و ئایینزا بەرگی دووەم، لاپەڕەی ١٢٩.

و بەگشتی چەمکی لەم چەشنەی رۆحە ناپاکەکان لەپەیوەندیەکی زۆر بەواتای نێوان مردووەکان و پاشماوەکانیدا سەرچاوە بگرێت. دوو رەهەندی و ناکۆکی پێویستی ئەو پەیوەندییەی سەرەوەن و بەدرێژایی تەواو کار بوونی مرۆڤ بەشێوازی دوو پرۆسەی ناکۆك، بەلام لەیەك چاوگەوە دەرکەوتوون لەلایەکەوە بەشێوازی پەرستنی جەد و گەورەکانیان و لەلایەکی دیکەوە ترس لەشەیتان و سامۆتکەکان. ئەوەی کە رۆحە ناپاکەکان هیچ نین جگە لەرۆحی ئەو کەسانەی بەم زووانە مردوون هۆیەکی سەلمێنەرە بۆ کاریگەریەتی پرسە و تازییەباری لەسەر دروست بوونی باوەڕ بەسامۆتکەکان. ئەرکی پرسە ئەوەیە کە یادەوەری و ئاواتەکانی پاشماوەکان لەخودی مردووەکە جیا بکاتەوە. کاتێك ئەم کارەیان بەئەنجام گەیاند ئازار و خۆخۆرییەکان و هاوڕێ لەگەڵ ئەودا پەشیمانی و ئەو سەرکۆنانەی تازییەباران لەخۆیانی دەکەن و لەئاکامدا ترسیان لەمردووەکان کەم دەبێتەوە. پاشان هەمان ئەو رۆحانە کە وەك سامۆتکە و شەیتانی ترسناك بوون دەکەونە بەر بەزەیی و خۆشەویستی، هەر وەك باو باپیران [1]، کە هۆڤەکان لەهەر دەرفەتێکدا یارمەتی یان لێ داوا کردوون و هەلەکانیان قۆستۆتەوە و پەرستشیان کردوون. گەر بەدواداچوون لەسەر هەمان

---

[1] کاتێك نەخۆشە دەروونییەکان شیکار دەکەین بەزۆری لەڕابردوودا (منداڵ) لەرۆحەکان تۆقیون و بەئاسانی لەو بابەتە تێدەگەین ئەم رۆحانە شتێك نین جگە لەدایك و باوك. سەبارەت بەم بابەتە سەیری توێژینەوەکەی (پرۆسیسۆس هێرلین) بکە لەژێر ناونیشانی (کێشەکانی سێکس ١٩١٢). لەم توێژینەوەیدا باس لەباوکێك دەکرێت کە مردووە، بەلام رۆحی مردووەکە لەهەیکەلی کەسێکی دیکەدا، کە رێبازی شەهوانی لەخۆگرتووە، خۆی دەخاتە روو.

پەیوەندی نێوان مردووەکان و پاشماوەکان بکەین دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە بەرەبەرە دوو رەهەندی و ناکۆکی نێوانیان کاڵ بۆتەوە. بەجۆرێك دەتوانین ئەمڕۆ بەبێ زەحمەتێکی ئەوتۆ ئەو دوژمنکاریانەی نەست کە هەمیشە بەرامبەر بەمردووەکان لەئارادا بوون سەرکوت بکەین تاکو ئەو ئاستەی کە ململانێ نێوان رقی تێر بوو و سۆزی ئازاردەر ئەمڕۆ وەك ئاسەوارێکی سارێژکراوی سۆفیانە و خۆشەویستی دایك و باوك خۆی خستۆتە گۆڕێ ئەوەتا دەڵێن: "تەنها بەچاکە یاد لەمردووەکە بکەرەوە". تەنها نەخۆشە دەروونییەکان لەکاتی کۆست کەوتندا تووشی سەرکۆنەی ویژدانی دەبنەوە و واز لەسەرکۆنە کردنی خۆیان ناهێنن و دەروونشیکاریش ئەمە بەپاشماوەی ئاسەواری ناکۆکی سۆزداری رابردوو دەزانێت. لێرەدا پێویست ناکات لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی ئەم چەشنە گۆڕانە بکەین یان رادەی وەرچەرخانی ناواخن یان باشتر بوونی راستی و پەیوەندی نێو خێزان شی بکەینەوە. بەڵام ئیدی ئەوە راستییەکی رەهایە، کە ناکۆکی سۆزداری لەژیانی دەروونی خەڵکانی سەرەتاییدا رۆڵێکی مەزن و بێ سنووری هەبووە بەرادەی خەڵکانی شارستانی ئەمڕۆوە. کاڵ بوونەوەی ناکۆکی ناوبراو بەرە بەرە هاوکات بووە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی تابۆدا، کە ئەویش شتێك نییە جگە لەرێکەوتن لەنێوان دوو هەستی ناکۆکدا. بەڵام سەبارەت بە نەخۆشە دەروونییەکان، کەناچارن بەسەرلەنوێ نیشاندانەوەی ئەو ململانێیە و ئەم تابۆیە (کە دەرئەنجامی ململانێیە). ئێمە لەو بڕوایە داین سروشتی خوویەکی کۆنە لەگەڵ ئاسەوارەکانی بۆماوەدا، کە سەرکوتکردنی بەگوێرەی

هەلومەرجی ژیانی شارستانی ئەمرۆ پێویستی بە بەخشینی هێزێکی مەزنی دەروونییە.

پێویستە لێرەدا زانیارییە نادیار و ئاڵۆزەکانی وونت سەبارەت بەواتای دوو رەهەندی ووشەی تابۆ (هەم پاکە و هەم ناپاك) بەیاد بێنێتەوە. بە بڕوای ئەو لە سەرەتادا تابۆ نەپاك بووە و نەناپاك، بەڵکو تەنها نیشاندەری شتێکی ئەهریمەنی بووە، کە نەدەبوو دەستی لێ بدرێت، کەواتە پەنجە دەخاتە سەر تایبەتمەندییەکی گرنگ و هاوبەش لەنێوان دوو چەمکی پاك و ناپاکدا، ئەویش ئەوەتانێ کە لەسەرەتادا لەنێوان ئەم دوو هەرێمەدا خزمایەتی و تێکەڵاوی هەبووە پاشان بەرە بەرە جیا بوونەوە کەوتۆتە نێوانیان. ئەمە بوو هەڵێنجاندنەکەی وونت.

بەڵام بەپێچەوانەوە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە نیشان دەدات هەر لەهەمان سەرەتاوە ووشەی تابۆ هەڵگری دوو واتایە (وونت ئاماژەی پێداوە)، کە سەرنجی داوەتە بەشێکی ناکۆك یان ئەوەی لەم ناکۆکییەوە دەرکەوتووە یان پەیوەستە بەم ناکۆکییەوە. خودی وشەی تابۆ دوو رەهەندی و ناکۆکە، گەر ئێستا ئێمە ئاورێك لەرابردوو بدەینەوە لەوە تێدەگەین، کە پڕاوپڕ واتای ئەم وشەیە روونبکرایەوە دەمانتوانی بەئاسانی پاش ئەو لێکۆڵینەوە بەرفراوانو درێژانە دەرئەنجامی لێوەرگرێن، کە لەئەنجامدا بڵێین یاساخکارییەکانی تابۆ جگە لەناکۆکیەکی سۆزداری شتێکی دیکە نیە. لەتوێژینەوەی کۆنترین زمانەکاندا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە

وشەگەلێکی لەم جۆرە هەبوون. گەر نەڵێین لەسەداسەد ئەوا تا رادەیەکی زۆر نیشانەی دوو واتای ناکۆکیان وەکو تابۆ لەخۆگرتووە[1].

لەهەندێك لەگۆڕانکارییەکانی فۆنۆتیك دا (دەنگ) هەندێك وشەی ناکۆك دەرکەوتوون و پاشان وشەیەکی تایبەت لەهەر یەك لەو واتا دوو رەهەندییانە هاتونەتە مەیدان.

وشەی تابۆ چارەنووسێکی دیکەی هەبوو، گرنگی ئەو ناکۆکیەی لەخۆی گرتبوو بەرە بەرە دادەبەزی تاکو گەیشتە ئەو رادەیە کە خودی ئەم وشە و وشانە و شێوەکانی لەفەرهەنگەکانی زماندا سڕانەوە و تێدا چوون. هیوادارم رۆژێك ئەوە بسەلێنم کە سڕینەوەی ئەم وشەیە هاوکات بووە لەگەڵ گۆڕانێکی مەزنی مێژوویدا و لەسەرەتادا ئەم وشەیە نیشاندەری پەیوەندییەکی مرۆییانەی دیاریکراو بووە لەگەڵ ئەو رەهەندە ناکۆك و سۆزدارییەدا، کە پاشان گەشەی کردۆتە سەر پەیوەندییە هاوشێوەکانی دیکە. گەر بەهەڵەدا نەچم راڤە و شیکردنەوەی ناواخنی تابۆ بۆتە هۆی روونکردنەوەی چاوگەو ناواخنی چەمکی ویژدانی هێور و ناهێور بەبێ ئەوەی واتای وشەکانم شێواندبێت. هەروەها دەتوانین باس لەتابۆیەکی ویژدانی[2] یان تابۆیەکی هەست کردن بەتاوان بکەین لەکاتی سووکایەتی کردن بەتابۆدا. ئەگەری ئەوە هەیە تابۆی ویژدان لەو کۆنترین چوارچێوە نەبێت، کە دیاردە ویژدانییەکانی پێ داڕێژرابێت و راگەیەنرابێت.

---

[1] راپۆرتێکی تایبەتم لەسەر پەرتووکی "ئابیل ABEL" لەژێر ناونیشانی "واتا ناکۆکەکانی وشە سەرەتاییەکان" نووسیوە. دەتوانن سودی لێ وەرگرن ـ (فرۆید ١٩١٠).

[2] وشەی conscience لەزمانی فەرەنسیدا هەم واتای هەست و هەم واتای ویژدان دەدات.

بەڕاستی ویژدانی هێور وناهێور چییە؟ بەگوێرەی شایەتی خودی زمان ویژدان بەشتێك دەگوترێت، کە دڵنیا بین لەزانین و تێگەیشتنی. زمان گەلێك هەن جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەنێوان ویژدان و ویژدان لەواتا مەعریفیەکەیدا نییە. ویژدانی ئاکاری هەمان هەستی دەروونی رقە، کە بەرامبەر بەهەندێك لەحەز و ئاواتەکانی خۆمان هەمانە. وێڕای ئەمەش رق و هەڵاوێردی ناوبراو پێویستیان نییە پەنا ببەنە بەرهۆگەلێکی جۆراوجۆر و بە تەواوەتی لە"خۆی دڵنیایە". بەشێوەیەکی رونتر دیسان ئەم تایبەتمەندییە لەژێر هەست کردن بەتاواندا دەردەکەوێت. واتە هەست بەشەرمەزار کردنێکی کرداری دەروونی، کە لەژێر کاریگەریەتی هەندێك لەحەزەکانی خۆماندا هەستاوین بە ئەنجامدانیان. گەر دەپرسیت مەبەست لەم شەرمەزار کردنە چییە لەولامدا دەڵێین پێویست بە مەبەست ناکات. گەر هەرکەسەو مۆڕاڵی هەیە دەبێت بتوانێت لەدەروونی خۆیدا پاساوێك بۆ ئەم شەرمەزار کردنە بدۆزێتەوە. دەبێت بەهۆی هاندانی هێزێکی دەروونییەوە بەهۆی ئەنجام دانی هەندێك کردارەوە سەرکۆنە لەخۆی و خەڵکانی دیکە لەو کردارە بکات. رێك هەمان رێباز لەنێو هۆڤەکاندا بەرامبەر بەتابۆ دەبینین. تابۆ لەئاست بڕیاری ئەمر کردنی ویژدانی مۆڕاڵییە و سووکایەتی پێکردنی دەبێتە هۆی هەست کردن بەتاوانێکی ترسناك، هەستێك کەلەهەمان کاتدا سروشتییە چاوگەکەی نادیارە[1].

[1] شایانی ئەوەیە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، کە هەست کردن بەتاوان لەبەرامبەر تابۆدا، گەرچی ئەو سووکایەتی پێکردنە لەنەستەوە هاتبێت قەت دەرفەتی لێبوردنی نییە. هەروەها ئاوڕدانەوەیەك لەو راستییە، کە لەئەفسانە یۆنانییەکاندا گەرچی تاوانی ئودیپ نەستانەیە، بەڵام دیسانەوە وەك تاوانێکی گەورە سەیری دەکرێت.

بەگوێرەی بابەتە پێشووەکانمان ویژدانی مۆڕالیش (ناکاری) بەگوێرەی هەمان ناکۆکی و دوو ڕەهەندی بوونی سۆزداری چەقی بەستووە و لەهەندێك لەو پەیوەندییە مرۆییانە سەرچاوە دەگرێت کە هەمان تایبەتمەندی ناکۆکیانەیان هەیە و لەهەمان هەلومەرجدا جێگیر دەبێت، کە سەبارەت بەتابۆ و نەخۆشی دەروونی بینیمان. کەواتە یەك لەلایەنەکانی هەستە ناکۆکەکان نەستانە ماوەتەوە لەلایەن لایەنەکەی دیکەوە کە لەڕەوشێکی سەرکوتکراودا هێڵراوەتەوە، دەهێڵرێتەوە و لەناکامدا لەچوارچێوەی هێزێکی ڕاڕاییدا دەردەکەوێت. دەتوانین ئەم هەڵێنجاندنە لەگەڵ ئەو زانیاری و دەرئەنجامە جۆراوجۆرانەی کە لەدەروون شیکاری نەخۆشە دەروونییەکاندا وەدەستمان خستووە بسەلمێنین.

لەیەکەم هەنگاودا بەوەمان زانی نەخۆشی ڕاڕای لەویژدانی مۆڕاڵی نەخۆش ئاسایەکی قورس لەئازاردایە، کە لەڕاستیدا هیچ نییە جگە لەدژکردەوەی نەخۆش لەبەرامبەر دوودڵیە شەیتانییەکانی نەستی خۆیدا بەجۆرێك کە ئەم دوودڵییە لەناکامدا بەچڕ بوونەوەی نەخۆشی گەشە دەکات و خۆراگرییەکەی لەژێر زەختی هەڵەیەکدا دەرچێنێت، کە لەڕوانگەی خۆیەوە هۆیەك بۆ ئەم دیاردەیە نابینێت.

تەنانەت گەر ئەوەی تووشی مەترسییەکە بووە و نەتوانین بەتوێژینەوە لەڕەوشی نەخۆشی ڕاڕاییدا ریشەکانی ویژدانی مۆڕاڵی وەدەست بخەین دەبێت ئەوە بڵێین بۆ هەمیشە لەگەیشتن بەریشەکانی نەخۆشیەکی لەم

جۆره هیوابڕاو دەبێت. بەڵێ دەبێت ریشەی ویژدانی مۆراڵی و هەست کردن بەتاوان لەنەخۆشی دەروونی و داب و نەریتی گەلانی هۆڤدا بدۆزینەوە.

لەهەنگاوی دووەمدا ئەم خاڵە سەرنجی بۆ لای خۆی راکێشاین، کە ویژدانی مۆراڵی خزمایەتی و نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ پەشۆکاندا هەیە. بەجۆرێك بەبێ راوەستان دەتوانین بە"ویژدانی پەشۆکێنەر" وەسفی بکەین. بەڵێ هەروەك دەزانین پەشۆکان (پەشێوی) لەنەستەوە سەرچاوە دەگرێت. بەدەروون شیکاری کردنی نەخۆشە دەروونییەکان بۆمان دەرکەوت لیبیدوی حەزە سەرکوتکراوەکان دەبنە پەشێوی (پەشۆکێنەر). دەبێت لێرەدا لەیادی نەکەین لەویژدانی مۆراڵیشدا توخمەیەکی نادیار و نەستانە لەئارادایە، کە سەرکوت و وەلانانی هەندێك لەحەزەکانمانە و هەر ئەم توخمە نادیار و نەستانەیەیە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی پەشۆکێنەر لەویژدانی مۆراڵیدا.

وێڕای ئەوە کە تابۆ لەچوارچێوەی چەند یاساخکاریەکی تایبەتدا دەردەکەوێت، یەکڕاست دەتوانین قبوڵی بکەین ئەم تابۆیە هەمان حەزە ئەرێیەکاندەکاتە ئامانج، کە بۆ خۆی لەناویاندا دەردەکەوتووە. ئەم خاڵە ئەوەندە روونە پێویست بەشوبهاندنی نێوان تابۆ و نەخۆشی دەروونی ناکات یان پەنا بۆ ئەم بابەتە بەرین. ئاخر چ پێویست دەکات رێگری لەمرۆڤەکان بکەیت بۆ ئەنجام نەدانی شتێك کە کەس حەز بەئەنجام دانی ناکات. هەر چۆنێك بێت، کاتێك بەڕاستی شتێك یاساخ دەبێت بزانن پەیوەستە بەحەز و

ئاواتێکەوە. گەر ئەم بابەتە لەگەڵ بارودۆخی گەلە سەرەتاییەکاندا بەراورد بکەین دەگەینە ئەو دەرئەنجامە، کە ئەم خەڵکانە پەیتا پەیتا لەژێر زەخت و دوو دڵیو گومان بوون لەکوشتنی پاشاکان، کەشیشەکان و تووش بوونی کرداری سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا و هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ مردووەکانیاندا. ئەو شتەی کە بڕوا پێکردنی دژوارە بەتایبەت ئەو کاتەی ناچار دەبین ئەم بابەتە لەهەندێ بواردا بخەینە گۆڕێ، کە بەڕوونی و بەگوێی خۆمان دەنگی ویژدانمان دەبیستین، ئەوکات لەبارودۆخێکی بەم جۆرەدا بەدڵنیاییەکی تۆکمەوە دەوروژێین و دان بەوەدا دەنێین کە لەژێر کەمترین زەختدا نیین بۆ سەرکێشی کردن لەو ئەمرانە کە بۆ نموونە دەڵێن: "خۆت بپارێزە لەکوشتنی مرۆڤەکان" و وێناکردنی رابوونێکی بەم جۆرە رۆحمان لێوانلێو دەکات لەرق و ترس.

گەر بەگوێرەی ئەو گرنگی و داخوازییەی کە ویژدانمان داوای دەکات و پێی ببەخشین، ئەوا لەلایەك و بەگشتی ئەمر ویاساخکارییەکانی تابۆ و یاسا ناکارییەکان بەرەوی خۆیان لەدەست دەدەن. لەلایەکی دیکەوە راستی هەبوونی ویژدانی ناکاری وەك مەتەڵێك دەمێنێتەوە و پەیوەندی نێوان ویژدان و تابۆ و نەخۆشە دەروونیەکان نایەتە گۆڕێ و دەچینە ریزی ئەو کەسانەوە، کە لەچارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بەڕوانگەیەکی دەروون شیکارانەوە خۆیان هەڵاویر دەکەن.

بەڵام گەر سەرنج بدەینە ئەو راستییانەی بەرێگای دەروون شیکاری و بەتایبەتی بەرێگای لێکدانەوەی خەونەکانی کەسە تەندروستەکان بەدەستمان خستوون ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دوودڵ بوون لەبەرامبەر مرۆڤ کوشتنەوە لەوە بەهێزترە کە وێنای دەکەن و ئەم رستەیە لەدەرئەنجامی ئاسەوارە دەروونییەکانەوە روون بۆتەوە، هەرچەند راستەوخۆ لەبەردەستماندا نییە و هەستی پێ ناکەین. بەڵگەگەلێکی جۆراوجۆر دڵنیامان دەکەنەوە و گەر پاشان لامان قبوڵ بێت نیشان دەدات لەراستیدا یاساخکارییە راڕا ئاساکان نەخۆشە دەروونییەکان شتێك نییە جگە لەخۆپاراستن و هەڵاوێردن لەو سزایانەی کە بۆ خۆیانی دادەنێن تاکو خۆیان لەدوودڵی توندی دەروونی مرۆڤ کوشتن بپارێزن، کەواتە بەگۆڕینی لێکدانەوە پێشووەکەمان سەبارەت بەبابەتەکەی سەرەوە دەبێت بڵێین یاساخکاری هەمیشە سەرچاوە لەحەزێك یان ئاواتێکی توندی ئاشکرا نەکراوی نەست دەگرێت. ئێمە بڕوامان وایە کە بەراستی حەزێك بۆکوشتن لەنەستماندا هەیە و تابۆکان وەك ئەمر یان یاسا گەلێکی ئاکاری نەك شتێکی بێ سود نین، بەڵکو ئاستی هاتنە خوارەوەیان هەر هەمان رێبازی ناکۆکە سەبارەت بەدوودڵ بوون بۆ مرۆڤ کوژی، کە لێمان دەردەکەوێت.

یەك لەسەرەکی ترین تایبەتمەندی رێبازە ناکۆکەی سەرەوە هەمان نەستانە بوونی پرۆسەی حەزی ئەرێییە (پۆزەتیڤە) و رێگای لێکدانەوەی نوێمان بەرووودا دەکاتەوە. پرۆسە دەروونییەکانی نەست بەبێ ئەوەی خۆی

لەگەڵ پرۆسە دەروونییەکانی هەستدا ڕێکبخات هەندێك ئازادی بەرچاوی هەیە، کە هەستمان لێیان بێ بەشە. فلان حەزی نەست بۆ کوشتن بەگوێرەی پێویست لەهەمان شوێندا کە دەردەکەوێت لەدایك نابێت، بەڵکو لەوانەیە لەسەرچاوەیەکی تەواوجیاوازەوە دەرکەوتبێت، کەواتە لەسەرەتادا رووی لەهەندێك کەس و پەیوەندی دیکە بووە و پاشان بەهۆی دەزگای گوێزەرەوە و گوێزراوەتەوە بۆ ئێرە و ئەم کەسە. وێڕای ئەمە، چونکە لەوانەیە حەزی ناوبراو بەو هۆیەی کە پرۆسەکانی نەست نە چاکسازیان تێدا دەکرێت و نە تێدا دەچن بەڕواڵەت لەقۆناخێکی کۆنەوە کە خۆی لەگڵ گونجاندووە پاشان لەقۆناخێکی دیکەدا بەگوێرەی پێویستی و هەلومەرجەکانی کە ئەم دەرکەوتنە لەناویدا دژوار و سەرسووڕهێنر و نامۆیە گوێزرابێتەوە. تەنها ئەمانە چەند ئاماژەیەکن و بەس، بەڵام بەجێبەجێ کردنێکی ورد لەهەر بابەتێکی گریمانەییدا دەتوانین لەوە بەئاگا بین تاکو چ رادەیەك لەڕوونکردنەوەی بابەتە تاریکەکانی مێژووی تەواوکاری شارستانی مرۆییدا چەندە کاریگەرە.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسەمان بدەم لەخوارەوە ئاماژە بەچەند بابەتێك دەدەم کە دەبنە پێشەکییەك بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوومان. لەهەمان کاتدا قەناعەتمان بەجیاوازی لەنێو سروشتی یاساخکارییەکانی تابۆ و یاسا ئاکارییەکاندا نییە و لەباری دەروونیشەوە جیاوازییەك لەنێوانیاندا نابینین و گەر دەبینین کە یاسا ئاکاریەکانی دیکە بەشێوە و ڕواڵەتی تابۆکان

دەرناکەون دەبێت تەنها هۆکەی لەگۆڕانکارییەکدا ببینین کە بەسەر هەلومەرج و تایبەتمەندیەکانی هەستە ناکۆکەکاندا زاڵ بووە.

تا ئێرە تەنها لەژێر رووناکی ئەو هاوشێوەیانەدا کە لەنێو دیاردە تابۆیی و دەرکوتنەکانی نەخۆشی دەروونیدا هەبووە سەرنجمان داوەتە تێبینییەکانی دەروون شیکاری سەبارەت بەتابۆ، بەلام سەرەڕای ئەمە نابێت ئەوە لەیاد بکەین تابۆ نەخۆشییەکی دەروونی نییە، بەلکو چوارچێوە یان دەزگایەکی کۆمەلایەتییە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بزانین خالە جیاوازە سەرەکییەکانی نێوان ئەم دوو دیاردەیە چین.

لێرەدا بەڕاستییەکی تایبەت و شازەوە باسەکەمان دەست پێدەکەین. سنوور بەزاندنی تابۆ هاوکات دەبێت لەگەل سزا کردندا و بەزۆری ئەم سزا کردنانە نەخۆشیەکی ترسناک یان مردنە. ئەم سزاکردنانە تەنها رووی لەکەسێکە، کە سەرکێشی لەتابۆ کردبێت. بەلام لەنەخۆشی ڕاڕاییدا بابەتەکە بەجۆرێکی دیکەیە. کاتێك نەخۆش هەلدەستێت بەئەنجامدانی کارێکی یاساخکراو لەئەگەری سزا کردنەکان دەتۆقێت، بەلام نەك لەبەر خودی خۆی، بەلکو لەبەر کەسێکی دیکە کە قەت ناونیشانێکی ورد و دروستیان بەدەستەوە نادات، بەلام بەئەنجام دانی دەروون شیکاری روون دەبێتەوە کە یەك لەخۆشەویست ترین و نزیك ترین خزمەکانیەتی، کەواتە نەخۆشی دەروونی لەم بوارەدا نەك بە ئەنقەست، هۆڤانە و مەغرورانە کاردانەوە لەخۆی نیشان دەدات. وێڕای ئەمەش کاتێك سنوور بەزاندن

لەتابۆدا خۆی بۆ خۆی سزا کردنی سنوور بەزێنی تێدا نییە. هۆڤەکان هەست دەکەن لەناخیانەوە هەستێکی بەکۆمەڵی ترسناك زیندوو بۆتەوە ئەوسا کەسی سنووربەزێن کە خۆی لەخۆڕا سزا نەکرابوو لەبەرامبەر ئەو کردەوەیەدا بەئەنجامی گەیاندووە سزای دەدەن. شیکردنەوەی چۆنیەتی ئەم یەکێتی و هاوکارییە لامان ئاسانە، چونکەترس لەنموونەی تەشەنەکار و حەزی پەیڕەوی کردن لێی و لەئەنجامدا ترس لەناوەرۆکی ئیلتهابی و پەتا ئاسای تابۆیە دەبێتە هۆی یەکیەتیەکی بەم چەشنە. کاتێك کەسێك دەتوانێت سەر بکەوێت و یەك لەئاواتە یاساخکراوەکانی خۆی تێر بکات گشت ئەندامنی خێڵ بەتوندی دەکەونە دوودڵی بۆ ئەوەی پەیڕەوی لەو کەسە بکەن. بۆ سەرکوتکردنی دوودڵی ناوبراو دەبێت بوێری ئەو کەسەی کە خەڵکانی دیکە ئارەزوومەندانە ئێرەیی پێدەبەن تەفر و تونا بکەن. بەزۆری ڕوودەدات کە سزادەرەکان لەئاست خۆیانەوە لەژێر پەردەی کەفارەداندا تووشی هەمان کرداری نەشیاو و یاساخکراو بن. ئەمە یەك لەبنەما سەرەکییەکانی سزای مرۆییە و بێگومان لەوەك یەکی حەز و ئاواتە سەرکوتکراوەکان لەنێوان تاوانبار و ئەو کەسانەی فەرمانبەری پێکهێنانی یاسای سزاکردنەکەن سەرچاوە دەگرێت.

لێرەدا دەروون شیکاری هاوڕاییە لەگەڵ پیاوچاکانی خوادا کە دەڵێن: ئێمەی گشت بەندەکان تاوانبارێك زیاتر نین. بەڵام چۆن دەتوانین پاکی و شەرافەت و خووی سروشتی چاوەڕوان نەکراوی نەخۆشی دەروونی کە

لەبەرخۆی لەهیچ ناترسێت و لەهەموو شتێك دەترسێت لەبەر خۆشەویستی کەسێکی دیکەیە، لێکبدەینەوە؟ لەم توێژینەوەیەدا وا دەردەکەوێت کە ئەم رەســەنایەتی و مــەزن گەریەتییــە خوویــەکی سروشــتی نییــە، چــونکە لەسەرەتادا نەخۆش لەسزاکردن دەترسێت لەبەر خودی خۆی و لەبەر ژیانی خۆی هەڵدەلەرزێت، بەڵام پاشان ترس لـەمردن دەگوێزرێتـەوە بـۆ کەسێکی دیکــە. پرۆســەکە هەنــدێك ئــاڵۆزە، بــەڵام دەتــوانین بگەینــە گــشت وردەکارییەکانی. بەگشتی بناخەی ئـەم رێگرییـە حـەزێکی تـرۆ و نـەگونجاو پێکـی دەهێنێـت کـە ئـاواتی مردنـی خۆشەویـستێکە و بـەجێگیر بـوونی یاساخکارییەکان سەرکوت دەکرێت، بەڵام ئـەم یاساخکارییە روو لـەکردارێك دەکات کە لەئەنجامی گواستنەوەدا جێگای کرداری دوژمنکارانە لەئاست ئـەو خۆشەویستەدا دەگرێتەوە و پێکهێنـانی سـزای مـەرگ لەگـەڵ خـۆی دێنێت. بەڵام ئەم پرۆسەیە لێرەدا کۆتایی پێ نایەت و لەناکامدا دەرئەنجامی ئاواتی کوشتنی خۆشەویستەکە جێگای خۆی دەداتە ترس لەمەرگی خۆشەویستەکە، کەواتە لەراسـتیدا نەخۆشی راڕایـی بەپێشکەش کردنێکـی نەجیبانـەی خـۆ نەخوازانە هەوڵی قەرەبوو کردنـەوەی رێبـازی تـەواو خۆخوازانـە دەدات کـە لەجەمـسەری دژیـدا راوەسـتاوە و لەراسـتیدا ئەمـە کۆڵەکـە و بنـچینەکەی پێکدەهێنێت. گەر ئەو هەستانەی خۆمان کە پەیوەندیداری خـەڵکانی دیکـە دەکـەن، بـەبێ ئـەوەی هـیچ توخمەیـەکی سێکسی لەگەڵدا تێکـەڵ بکرێـت، بەکۆمەڵایـەتیان بـزانین دەبێـت بڵـێین یـەك لەرەهەنـدە سـەرەکییەکانی

نەخۆشی دەروونی کە لەقۆناخەکانی دیکەدا بەیارمەتی قەرەبوویەکی زێدەڕۆ و بەزەقی دەردەکەوت، هەر هەمان لەنێو چوونی ئەم هەستە کۆمەڵایەتیانەیە.

بێ ئەوەی بمانەوێت لەبواری دۆزینەوەی ریشەکانی حەزە کۆمەڵایەتیە ناوبراوەکاندا و پەیوەندییان بە رەهەندە سەرەکییەکانی دیکەی مرۆڤایەتیە و زێدەتر خۆمان خەریك بکەین. دەمانەوێت بەنموونەیەك دووەمین تایبەتمەندی سەرەکی نەخۆشی دەروونی بخەینە ڕوو. تابۆ لەدەرکەوتە دەرەکییەکانی خۆیدا لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ ورینەی پێستی (ترس لەبەریەك کەوتن)ی نەخۆشە دەروونییەکاندا هەیە. بەڵێ سەبارەت بەترسی بەریەك کەوتن (ورینەی پێستی) رێك مەبەستمان لەبەریەك کەوتن یان پەیوەندی سێکسییە. بەگشتی دەرکەوتووە ئەو حەزانەی لەنەخۆشە دەروونییەکاندا لەڕێگە لایان داوە یان شێوەیان گۆڕاوە یان گوێزراونەتەوە لەجۆرە سێکسیەکانن. بەڵام ئاشکرایە لەتابۆدا پەیوەندی یاساخ کراوە، کە واتایەکی تایبەتی سێکسی نییە: ئەو شتەی هێشتا یاساخە، هەر هەمان بابەتی تۆکمەکردن و مەزن راگرتن وداسەپانی کەسایەتی خۆیەتی.

لەڕاستیدا کاتێك دەست دان لەسەرەك و ئەو کەرەستانەی پەیوەندییان بەوە بێت یاساخکراون مەبەست ئەوەیە بەم یاساخکارییە پێش بەحەزی خەڵکانی دیکە بگرن کە بەشێوازی حەزی چاودێری کردنی سەرەك بەگوێرەی هەلومەرجەکانی دیکە یان زەخت و ئازاری جەستەیی ئەو وەك

کاتی دانانی تاج لەسەر دەردەکەون بگیرێت. کەواتە لەپێش بوونی حەزە سێکسییەکان بەسەر حەزە کۆمەڵایەتییەکاندا یەکی دیکە لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی نەخۆشی دەروونییە و خودی حەزە کۆمەڵایەتیەکانیش بەرهەمی توخمە مەغرورانە و شەهوانیەکانە. ئەم دوایین بەراوردەی نێوان تابۆ و نەخۆشی ڕاڕایی بۆ خۆی نیشاندەری پەیوەندییە لەنێوان شێوە جووٚراوجۆرەکانی نەخۆشی دەروونی و دەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا و ئەوەش کە توێژینەوەی دەروون ناسیانەی نەخۆشە دەروونییەکان تاکو چ رادەیەك لەتێگەیشتنی تەواوکارانەی شارستانی مرۆییدا کاریگەرن.

لەلایەك لەنێوان نەخۆشییە دەروونی و بەرهەمە مەزنەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایینی و فەلسەفیدا رووبەڕووی لێکچوونێکی زەق و قوڵ دەبینەوە و لەلایەکی دیکەوە دەبینین کە نەخۆشە دەروونییەکان شتێك نین جگە لەچوارچێوە گەلێکی لار و لەوێری بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین نەخۆشی هسیتری[1] بەرهەمێکی هونەری لێوانلێوە لەهەڵیت و پەڵیتی یان نەخۆشی ڕاڕایی ئایینێکی نەتاشراو و نەخۆشێکی[2] پارانۆیا سیستەم یان قوتابخانەیەکی فەلسەفی نارێك و پێکە. هۆی گشت ئەم هەڵیت و پەڵیت و نەتاشراویانە ئەوەیە کە

---

[1] نەخۆشی تووش بوو بەم نەخۆشییە لەڕووی لاسایی کردنەوە و نەتوار دەرهێنانەوە فرە دەشوبهێتە سەر هونەرمەندانی شانۆکار و سینەما. بۆ نموونە زۆر بەجوانی لاسایی هەموو جۆرە نەخۆشییەکی مەزنی جەستەیی وەك سیل یان دەروونی وەك بورانەوەدەکاتەوە. (ا . پ).

[2] نەخۆشی تووشبوو بەم نەخۆشیە هەندێك جار ئەوەندە بەجوانی بەلگەی فەلسەفی دێنێتەوە، کە وەك بڵێیت فەیلەسوف یان بانگەشەکارێکی مەزنی ئایینیە، هەر بەم بۆنەیەوە ناویان ناوە شێتی بەلگاندن. (ا . پ).

نەخۆشی دەروونی پێکهاتەیەکی دژە جڤاکی هەیە. ئەوەی کۆمەڵگا بەرێگای کاری گروپی پێکی دەهێنێت نەخۆشی دەروونی بەرێگای ئامرازە تایبەتەکانی خۆی بەئەنجامی دەگەیەنێت. کاتێك لاکێشە و نیازی نەخۆشە دەروونییەکان شیدەکەینەوە بەئاگا دێین رۆڵی حەزە سێکسییەکان لەنێویاندا چارەنووس سازە. ئێستا ئەو بەرهەمە کۆمەڵایەتیانەی پێشتر باسمان کردن لەو نیازانەوە سەرچاوە دەگرن کە بۆ خۆیان بەرهەمی لێکدانی هۆکارە مەغرورانەکان و هۆکارە شەهوانییەکانن. پێویستی سێکس وەك رەوش و چاوەڕوانکردنەکانی پارێزگاری کردن لەخۆ ناتوانێت مرۆڤەکان یەکگرتوو بکات، چونکە تێر کردنی سێکس پێش هەموو شتێك ئەمرێکی تاکانەی خودی تاك بۆ خۆیەتی.

دەبێت لەڕوانگەیەکی قوڵترەوە خووی دژە جڤاکی بوونی نەخۆشی دەروونی کە لە چ لاکێشەیەکی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت راڤە بکەین، کە هەمان هەڵاتنە لەڕاستییەکی تاڵ و نابەختەوەرانە و مەبەست ئەوەیە بگات بەو جیهانە خەیاڵییەی کە پڕە لەبەڵێنی خاپێنەر و درۆیین. لەم کۆمەڵگا راستەقینەیەدا کە نەخۆشی دەروونی لێی هەڵدێت کۆمەڵگایەکی مرۆییانە زاڵە بەسەر هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە لەکاری گشتییەوە (هەرەوەزییەوە) سەرچاوەی گرتووە. نەخۆشی دەروونی بەپشت کردنە ئەم راستییانە، بەڕاستی دەبێتە هۆی فڕێ دان و وەلا خستنی خۆی لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.

## تاقی کردنەوەی سێیەم

# ئانیمیسم، جادو و هێزی گشتگیری ((رەهای)) هزر

### بەشی یەکەم:

کەم و کوڕی حاشاهەڵنەگری گشت ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە دەیانەوێت روانگە دەروون شیکارییەکانیان لەزانستە ئاوەزیانەکاندا پێکبێنن ئەوەیە، کە ناتوانن بەتەواوەتی لەم دوو بابەتەدا چەمکەکان بخەنە بەردەستی خوێنەران ولەئەنجامدا ئەوەندەیان لا باشە پسپۆڕان هان بدەن بۆ لێکۆڵینەوە لەو بوارانەدا، کە پێشنیازیان پێدەکەن، بەڵام کەم و کوڕی ناوبراو لەبواری "ئانیمیسم" دا زۆر بەرفراوان و بەرچاوە[1].

ئانیمیسم یان زیندەگەری لەواتا ئاساییەکەیدا بەو تیۆریانە دەگوترێت کە پەیوەندیداری بەرۆحەوە بکەن. لەواتا بەرفراوانەکەیدا بەگشتی بوونەوەر (گیانلەبەرە) رۆحانیەکان دەگرێتەوە، هەروەها زاراوەی "ئەنیماتیسم animatisme" هەیە، کە بریتییە لەهێزە بێ ناو و

---

[1] چونکە دەبێت تاکو دەتوانین بابەتەکەمان پوخت باس بکەین ناتوانین هەموو لێکۆڵینەوە و نوسراوەکان بەتێر و تەسەلی و یەکە یەکە باس بکەین، بەڵام بۆ نموونە ئاماژە بەلێکۆڵەرەوانێک دەدەم کە لەم بوارەدا زانیاریەکانم لەمانەوە وەرگرتووە. هربێرت سپێنسر H. SPENCER، ج. جی. فرێزر FRAZER J.G.، ئەی ، لۆنگ A.LONGW، ئی. بی. تایلۆر E.B.TYLOR، دوبل یو، وونت W.WUNOT. خودی من تەنها لەم نێوانەدا ئەم کارەم کردووە، کە لەبۆچوونەکانی ئەواندا رامگەیاندوون.

نیـــشانەکان و گـــشت بەشـــەکانی سروشـــت و زاراوەکـــانی "ئەنیمالّیـــسم animalisme" و "مانیزم manisme" بەشێکن لەم گوتارە.

زاراوەی "ئانیمیـسم animisme" لـەرابردوودا نیـشانەی قوتابخانـە و سیـستەمێکی فەلـسەفی دیـاری کـراو بـووە، بـەڵام دەبێـت واتـا ئەمڕۆییەکەی قەرزاری (ئی. بی. تایلۆر)[1] بێت.

ئەو شتەی کە بووە هۆی خولّقاندنی ئـەم دەستەواژانە، هـەمان ناسـین و شـێوازی پـڕ رەمـز و رازی لێکدانـەوەی گەلـە سـەرەتاییەکان، چ مردوویـان زینـدوو، لەناسـینی سروشـت و جیهـان. بـەگوێرەی هەڵێنجانـدن و شـێوازی لێکدانەوەکانیان جیهان پڕە لەبوونـەوەری گیانلەبـەر و رۆحـانی چ بـەڕادەی مرۆڤــەوە چـاکەیان بوبێــت یــان خراپــە و مرۆڤــەکان هــەموو دیــاردە سروشـتییەکان دەدەنـە پـاڵ ئـەم رۆحـە شـەڕانگێز یـان بـێ ئازارانـە و لـەو بڕوایەدان نەك تەنها ئەم بوونەوەرانە گیان دەکەن بەبەری جـڕ و جانـەوەر و ئاژەڵـەکان و رووەکەکانـدا، بـەڵکو وادیـارە گیـان دەبەخـشن بەکەرەسـتە (ئـامراز) بـێ گیانـەکان. سـێیەمین بابـەت، کـە لەوانەیـە گـرنگترین بابـەتی "فەلـسەفەی سروشـت" بێـت و ئەوەنـدەش جێگـای سەرسـووڕمان نـەبێت، چونکە شارەزایین.

---

[1] ئی. بی. تـایلۆر. کولتـووری سـەرەتایی (خێڵـەکی) بـەرگی یەکـەم لاپـەڕەی ٤٢٥، چـاپی دووەم. ١٩٠٣، دوبل و ، وونت ئەفسانە و ئایینزا. بەرگی دووەم لاپەڕەی ١٧٢، ١٩٠٦. مارت marett (١٩٠٠).

هەرچەندە ئەوەندە بڕوامان بەبوونی ڕۆح نییە و ئەمڕۆ هۆکاری دیاردە سروشتیەکان لەهێز گەلێکی بێ ناو و نیشان (ناکەسایەتی) IMPERSOMNEL دەزانین. دیتمان خەڵکانی سەرەتایی بەتایبەت سەبارەت بە هەمان بەش کە پەیوەندیداری کەرەستە بێگیانەکانە، بڕوایان وایە مرۆڤ مەڵبەندی ڕۆح گەلێکە، کە گیانی پێ دەبەخشن. سەبارەت بە مرۆڤەوە وا رادەمێنن کە تاکە مرۆییەکان ڕۆح گەلێکیان هەیە و لەوانەیە تەرکی کردبن و چووبنە جەستەی کەسانێکی دیکەوە.

ڕۆحە ناوبراوەکان چاوگەی چالاکیە ڕۆحانیەکانن و تاکو رادەیەکیش لە"جەستە" سەر بەخۆن. سەرەتا ڕۆحەکانیان فرە دەشوبهاندە خودی مرۆڤ و شیمانەیان دەکرد فەر لەمرۆڤ نزیك بێت، بەڵام هێدی هێدی ئەم شیمانەیە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی بەسەردا هات و بەتەواوەتی لەبەرگە مادییەکەی هاتە دەر و گەیشتە پلەیەکی بڵند لە"ڕۆحانیەت"[1] دا.

زۆربەی توێژەرەکان لەو بڕوایەدان کاکڵەی سەرەتایی سیستەمی ئانیمیسم هەر هەمان وێنا و شیمانە کردنە پەیوەست بە ڕۆحەوە. ڕۆحەکان شتێك نین جگە لەڕۆحی تاکەکان، کە ئێستا سەربەخۆ بوون و ڕۆحی جانەوەرەکان و رووەکەکان هەروەك ڕۆحی مرۆڤ لێکدەدرێتەوە.

ئێستا دەبێت بزانین بڕوای تەواویان بەهەڵێنجاندنەکانی "دووانەیی DUALISTE" واتە دوو چەمکی جیاوازی جەستە و ڕۆح لەیەکدی

---

[1] دوبل، یو، وونت هەمان سەرچاوە بەشی چوارەم.

هەیە، کە سیستەمی ئانیمیسم (رۆح گەرایی) چەقی لەسەر بەستووە چلۆن توانیویەتی لەنێو مێشکی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا پێکبێت. گریمانەی ئەوە دەکرێت هۆکاری ئەم شێوازە لەڕامان بەدیتنی دیاردەگانی خەون (خەیاڵ) یان مەرگ و هەروەها هەوڵی تاکەکان بۆ لێکدانەوە و راڤەی ئەم رەوشە فرە نزیك و هاوشێوەیەی تاکەکان و بەتایبەتی بابەتی مەرگ بۆتە هۆی دەرکەوتنی ئەم تیۆریە. مانەوەی ژیان واتە لەناونەچوون، لەڕوانگەی خەڵکانی سەرەتاییەوە بابەتێکی تەواو سروشتی بووە. پاشان چەمکی مەرگ دروست بوو بەگومان و دوودڵییەوە جێگای خۆی کردەوە و لەڕوانگەی ئێمەوە بێ واتا و ناوەرۆکە و تێگەیشتنی دژوارە، بەلاّم رۆڵی دیتن و ئەزموونەکانی دیکە وەك بینین و ئەو ئەزموونانەی پەیوەستن بەو وێنانەی کە لەخەیاڵدا بەڕووی کەسێکدا دەردەکەون و ئەو سێبەر و شیمانانەی کە لەئاوێنەدا رەنگدەدەنەوە لەم نێوانەدا رۆڵ دەگێڕن. ماوە بڵێین ئەم بابەتە فرە باس و خواس و توێژینەوەی لەسەر کراوە، بەلاّم نەگەیشتۆتە دەرئەنجامێکی ئەرێیی [1].

ئەوەی کە خەڵکانی سەرەتایی لەژێر کاریگەریەتی ئەو دیاردانەدا، کە بەسەر زەینیدا سەپاون و دژە کردەوەیەکی بەم جۆرە نیشان دەدات، کە چەمکی رۆحانی لێ دروست بێت و پاشان تەشەنەی کردۆتە جیهانی دەرەکی

---

[1] لەم بوارەدا جگە لەتوێژینەوەکانی هـ. سپێنسەر، و، وونت سەرنج بدەنە گوتارە تێر و تەسەلەکانی ئینسکلۆپدیای بریتانیکا وشەکانی رۆحانی و ئەفسانە... ساڵی ١٩١١.

و کەرەستەکان، ئەمە یەك لەڕاستییە ساکار و سروشتییەکانە. وونت دەڵێت ڕێك وەك ئەم چەمکە واتە چەمکی ڕۆحەکان لەنێو گەلانی جۆراوجۆردا و لەقۆناخە جیاوازەکاندا ژیانی کردووە و ئەم چەمکە بەرهەمی ناچاریەتی دەروونی ویژدانی ئاکاری (مۆراڵی) ئەفسانەکانە. دەبێت ئانیمیسمی سەرەتایی بەدەرکەوتنێکی سروشتی ڕۆحی مرۆیی بزانین و بەتایبەت تاکو ئەو شوێنەی کە بۆ ئێمە شیمانە دەکرێت[1]. پێشتریش پاساوی گیان بەخشین بەکەرەستە بێ گیانەکانمان لەنێو پەرتووکی "مێژووی سروشتی ئایینزا" ی هیوم دا وەك ئەمەی خوارەوە خوێندۆتەوە: لەنێو مرۆڤەکاندا لاکێش کردنێکی گشتی لەئارادایە، کە هەموو بوونەوەرەکانی دیکە هاوشێوەی خۆی ببینێت و هەمان سیفەت بەو کەرەستە و ئامرازانە بدات کە مرۆڤ بۆ خۆی خووی پێگرتووە و لەناخەوە لەچۆنیەتی بەئاگاییە[2].

ئانیمیسم سیستەمێکی هزرییە، کە نەك تەنها فلان دیاردەی بچووك و ساکار ڕاڤە دەکات، بەڵکو جیهان بەشێوەیەکی گشتی و مەزن وێنا دەکات، کە لەیەك ڕوانگەوە دەبینرێت، هەر وەك لەگوتەی زانیارانەوە دەردەکەوێت مرۆڤایەتی بەدرێژایی زەمەن پەیتا پەیتا ڕووبەڕووی سێ سیستەمی هزری بۆتەوە لەم گوتارەدا، واتە ڕووبەڕووی سێ هەڵێنجاندنی ئایینی و

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] لەبەرهەمی تایلۆردا بەناونیشانی کولتووری سەرەتایی وەرگیراوە بەرگی یەکەم لاپەڕەی ٤٧٧.

ئایدیۆلۆژیای زانستی. لەنێو ئەم سێ ئایدیۆلۆژیادا ئەگەری ئەوە هەیە ئانیمیسم لۆژیکیانەتر و پڕاوپڕ بێت، هەڵێنجاندنێك کە گەوهەری جیهان ڕاڤە دەکات و شتێکی ڕاڤە نەکراو ناهێڵێتەوە.

بەڵێ ئەمە یەکەم ئایدیۆلۆژیای مرۆییانەیە، کە لەڕاستیدا تیۆریەکی دەروون ناسانەیە، گەر بچینە نێو باسەکە و بزانین ئاسەواری ئەم قوتابخانەیە لەژیانی ئەمڕۆییماندا چییە، چ لەشێوازی چوارچێوە ریسوا خورافییەکاندا بێت یان چ لەبواری زیندووی زمان و بڕوا و فەلسەفەماندا بێت ئەوا لەئامانجەکەی خۆمان لادەدەین.

بەگوێرەی یەك بەدوای یەکدا بوونی سێ ئایدیۆلۆژیاکەی سەرەوەیە، کە دەڵێن ئانیمیسم پێش ئەوەی بۆ خۆی قوتابخانە و ڕێبازێك (ئایینێك) بێت لەڕاستیدا گشت بارودۆخە سەرەتاییەکان و تایبەتمەندی ئەو ئایینانەی بوو کە پاشان سەریان هەڵدا.

ئەمەش روونە کە ئەفسانەش (میتۆلۆژیا) لەسەر توخمە بنەڕەتیەکانی ئانیمیسم چەقی بەستووە. بەڵام وردەکارییەکانی پەیوەندی نێوان ئەفسانەکان و ئانیمیسم و ڕێچکە سەرەکییەکانی روون نەبوونەتەوە.

## بەشی دووەم:

لێکۆڵینەوە دەروون شیکارییەکانمان لەجێگایەکی (رەهەندێکی) دیکەوە دەست پێدەکات. لەپێشدا دەڵێم، هەڵەیە گەر بڵێین مرۆڤەکان تەنها لەژێر کاریگەریەتی وردبوونەوە لەخەیاڵەکانیان و تونیەتی بۆ فێربوون و خەونەکانی خۆیان ئایدیۆلۆژیا سەرەتاییەکانیان خوڵقاندووە، بەڵکو پێویستی کرداری و رۆژانە بۆ زاڵ بوون بەسەر جیهاندا لەهەوڵی مرۆڤەکاندا رۆڵیان گێڕاوە. کەواتە سەرسوڕمان نییە کاتێك سەرنج دەدەین، کە سیستەمی ئانیمیسم تەواوکار بوون یان بەتایبەتی خستنە سەر بوونێکی لەسیستەمی رێنمایی و نیشانەکان لەگەڵ خۆیدا هێناوە سەبارەت بەشێوازی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بۆ زاڵ بوون بەسەر مرۆڤەکانی دیکە و گیانلەبەران و کەرەستەکان، لەروانگەی "ریناخ REINACH"[1] سیستەمی هێماکان واتە یاساکانی هەڵسوکەوت بەنێوی "سێحرباز و سێحر و ئەفسون" ناسراوە و لەئاست پرۆگرامێکی گشتی ئانیمیسمدایە، بەڵام لەروانگەی "هوبرت" و "موس MAUSS" و منەوە ئەمە بەرنامە و رێبازێکی وردیلانەیە[2]، (ئەندۆچکەییە).

---

[1] پەرستنەکان، ئەفسانەکان و ئایینزاکان، بەرگی دووەم، پێشەکی لاپەڕەی ١٥، ١٩١٩.

[2] ساڵنامەی کۆمەڵناسی، بەرگی حەوتەم ١٩٠٤.

ئایا دەتوانین لەنێوان سێحر و جادوودا جیاوازییەکی بنچینەیی بدۆزینەوە؟ بەڵێ. بەو مەرجەی بەحەزی خۆمان چاولە گومانە بێژییە باوەکان بپۆشین. سێحر شتێکی جیاواز لەهونەری خزانە نێو رۆحەکان و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیاندا نییە، هەر بەو جۆرەی کە لەرەوشێکی هاوشێوەدا لەگەڵ مرۆڤەکاندا هەڵسوکەوت دەکەین. واتە لەهێور کردنەوە و چاککردنەوە و گونجان لەگەڵیان و راکێشانی سۆز و یارمەتی کردنیان، هەڕەشە و تۆقاندنیان و لێ سەندنەوەی دەسەڵاتەکانیان و سەرپەرشتی کردنیان و گشت ئەم چەشنانە بەیارمەتی ئەو شێوازانەی، کە کارامەبوونیانمان سەبارەت بەمرۆڤە زیندووەکانەوە تاقی کردۆتەوە. بەڵام جادوو شتێکی دیکەیە. لەجادوودا چاوپۆشی لەرۆحەکان دەکەین و لەباتی سود وەرگرتن لەشێوازە باوەکانی دەروون ناسی سود لەشێوازە تایبەتەکان وەردەگرین. بەئاسانی لەوە تێدەگەین، کە جادوو لەکۆنترین و گرنگترین و ساکارترین بەشەکانی ئانیمیسمە، چونکە لەنێو ئەو ئامرازانەدا بووە کە بۆ خزانە نێو رۆحەکانە سودیان لێ وەرگرتووە، هەروەها بەشێوازەکانی جادوویی ناوزەدی دەکەن و لەم رووەوە هێشتا رابردووی جادوو بەڕواڵەت لەبابەتەکانی رۆحانی بوونی سروشت پێکنەهاتووە.

جادوو بۆ گەیشتن بە فرەیەك لەئامانجە جۆراوجۆرەکان بەکار دێت. وەك زاڵ بوونی ویستی مرۆڤەکان بەسەر دیاردە سروشتیەکاندا و پاراستنی تاك لەبەرامبەر سەدەمەی دوژمنان و ئەگەری مەترسیەکانو تواناکردنی هێزی وێرانکاری مرۆڤ لەتێکۆشان بەدژی دوژمنەکانی و ... هتد. بەڵام ئاستی هاتنە خوارەوەی جادوو ئەوەندە ئاشکرایە، کە گشت لێکۆڵەرەوەکان

لەسەری هاوران. دەتوانین بەرستەیەکی کورت لە ئی. بی. تایلۆر بەشێوەیەکی روون وئاشکرا کورتی بکەینەوە: "جادوو واتە پەیوەندییەکی خەیاڵی، کە بەهەڵە خراوەتە بری پەیوەندیەکی راستەقینە"[1]. ئێستا بەسود وەرگرتن لەدوو گروپ لەکرداره جادووییەکان ئەم دوو هۆ و بناخەی جادووە لەخوارەوە روون دەکەینەوە.

یەك لەشێوازەکانی جادوو، کە بەزۆری بۆ زەربە لێدانی دوژمن سودی لێ وەردەگیرێت. دروست کردنی هەمان داهۆڵە بەشێوەی رەنگ و شێوازەکانی ئەو و لەهەر ماددەیەك دەبێت یا ببێت. تەنانەت دەتوانین وای مەزەندە بکەین کە فلان شت لێکچووی شیمانەی ئەوە. ئەو بەلایانەی کە بەسەر ئەم داهۆڵە دەستکردەدا دەیهێنن وەك ئەوە وایە بەسەر هەمان دوژمنی راستەقینەدا هاوردبێتیان. بۆ نموونە گەر بەشێك لەجەستەی داهۆڵەکە بریندار بکەن، هەمان بەشی پەیوەندیدار بەجەستەی دوژمنەوە بریندار دەبێت. لەبری سود وەرگرتن لەم شێوازە بۆ تێرکردنی هەستی دوژمنکارانی تاك دەتوانن بیخەنە خزمەتی پەرستنەوە. بەم واتایە کە دەتوانن بەسود وەرگرتن لەم هێزە داوا لەخواکانیان بکەن بۆ پاراستنیان لەبەرامبەر شەیتانەکان و رۆحە ناپاکەکان. لەخوارەوە بەشێك لەپەرتووکەکەی فریزر[2] دێنمەوە.

---

[1] بۆ نموونە یەك لەشێوازە پەتیەکانی سێحر و نەفسون تۆقاندنی رۆحە بەرێگای دەنگە دەنگە و قیزە قیژەوە، بەلام وەدەست هێنانی نێوی ئەم رۆحە بۆ زەحمەت خستنە سەری لەشێوازێکی جادووییە.

[2] هونەری جادویی، بەرگی دووەم. لاپەرەی ٦٧.

((هەر شەو کە خواوەندی هەتاو (لەمیسری کۆندا) دەگەڕایەوە بارەگاکەی خۆی لەرۆژئاوای گەرمدا، ناچار دەبوو شەڕێکی دژوار لەگەڵ لەشکەرێك لەشەیتانەکان بەسەرۆکایەتی "ئاپێپی APEPI" بکات، کە دوژمنی کەلەڕەقی بوو. هەموو شەوێك لەگەڵیاندا شەڕی دەکرد و هێزەکانی تاریکی ئەوەندە بەتوانا بوون کە تەنانەت لەڕۆژدا بەناردنی هەورە رەشەکان دەیانتوانی ئاسمانی شین تاریك بکەن و رێگر بن لەبەر توانای هێزی کرداری ئەو بۆ رووناککردنەوەی جیهان. هەموو رۆژێك لەپەرستگەکەیدا لە"تبس Thebes" ئەم رێ و رەسمانەیان پێکدەهێنا. داهۆڵێکی دوژمنیان لەمۆم دروست دەرکرد، کە بەشێوەی تمساحێکی ترسناك یان مارێکی پاپۆکە خوارد و دەردەهێنا (مارێك کە پێچاوپێچەکانی بێ ئەژمار بن) و بەمرەکەب لەسەریا ناوی شەیتانیان دەنووسی ودەیان ئاڵان لەکێلانێك کە بەکاخەزی میسری دروست کرابوو، دیسان لەسەر ئەم کێلانە ناوی شەیتان دەنووسن و بەقژی رەش دایدەپۆشن. پاشان کەشیشەکە (پیاوە ئاینێکە) تفێکی لێدەکات و بەکێردێك لەبەردی چەخماخ ونجڕ ونجڕی دەکات و تەختی عەرزی دەکات. پاشان لاقی چەپی لەسەر دادەنێ و لەئاکامدا ئاگر بەردەدەنە داهۆڵەکە. ئاگرکە بەرووەکەکان ئامادە دەکرێت و کۆتایی بە رێ و رەسمەکە دەهێنن. بەم شێوازە ئاپێپی لەنێو دەچێت و گشت شەیتانە یاوەرەکانی لەگەڵ دایك و باوك و منداڵەکانیاندا پارچە پارچە دەبن (دەتەقنەوە). رێ و رەسمی ناوبراوی خواوەندی نەك تەنها لەکاتی رۆژدا (بەرەبەیان) بەڵکو

دوانیوەڕۆ و شەوانیش بەڕێوە دەچێت. لەوانەش بوو لەکاتی ڕۆژدا دووپات بکرایە و بەو مەرجەی تۆفان هەڵی بکردایە یان بارانێك بباریت و لافاوی لێبکەوێتەوە یان کاتێك هەورە ڕەشەکان ئاسمان تاریك دەکەن. دوژمنە ناپاکەکان لەئەنجامی کردارێك کە لەگەڵ داهۆڵی هاوشێوەیاندا دەکرێت سەدەمەیان بەردەکەوێت. وەك بڵێیت ڕاستەوخۆ سزای ناوبراویان بەرامبەر بەوان ئەنجام دابێت. لەئاکامدا هەڵدەهاتن و دیسانەوە خواوەندی هەتاو سەر دەکەوت))[1].

بێ ژمارن ئەو کردارە جادوویانەی کە لەسەر ئەم بنەما و نیازانە چەقیان بەستووە، بەڵام من لەم نێوانەدا ئاماژە بەدوو کردار دەدەم کە هەمیشە لەنێو گەلە سەرەتاییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە و دیسان تاکو ڕادەیەك لەسەرەتاییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە و دیسان تاکو ڕادەیەك لەنێو ئەفسانەکان و داب و نەریتی پەرستنی گەلە پێشکەوتووەکانی دیکەدا خۆی پاراستووە. مەبەستم ئەو ڕێ و ڕەسمە جادوییانەیە کە فرە بۆ باران بارین و بەرهەمی کشت و کاڵی سودیان لێ وەردەگرت. بۆ بارینی باران لەئامرازی جادویی وەك لاسایی کردنەوە لەباران و دووپات کردنەوەی هەوری ساختە و تۆفان سودیان وەردەگرت. بەجۆرێك کە دەکرێت بڵێین

---

[1] لەتەوراتدا کێشاندنی وێنەی گشت بوونەوەرە گیان لەبەرەکان یاساخکراوە. لەو سۆنگەی دژایەتی کردنی هونەری شێوەکاری نییە، بەڵکو تەنها مەبەست لادانی خەڵك بووە لەجادووگەری، چونکە ئایینی عێبری زۆر ڕقیەتی لەجادووگەری. فرێزر. هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٨٧ پەراوێزە.

تاکەکان لەشانۆگەری باراندا یارییان دەکرد. بۆ نموونە "ئاینۆسەکان ainos" ی ژاپۆن بەم شێوازەی خوارەوە باران دەبارێنن: هەندێك بێژنگێکی مەزنیان بەدەستەوە دەگرت و بەشێوەی باران ئاویان پێ دەرژاند ولەکاتێکدا هەندێکی دیکە مەنجەڵێکی مەزنیان لەنێو گوند دەگەراند، کە وەك بەلەم وابوو و پەرۆ (چارۆکە) و سەولێ بۆ ئامادە کرابوو. بەڵام سەبارەت بە هەلگرتنی بەرهەم هێنانی زۆر و زەوەند؟ ئەم کارە بە ئەنجام دانی کردەوەی سێکسی لەنێو زەویەکەدا دەخرایە واری کردارییەوە. بۆ نموونە هەر ئەوەندە دەڵێین کە لەنێو هەندێك لەناوچەکانی دورگەی "جاوە java" ی ئەندۆنیزیا کە کاتی پشکوتنی برنج دەهات. جوتیاران لەپیاو و ژن بەشەودا دەچنە کێڵگەکان تاکو خەریکی کرداری سێکسی بن و بەم جۆرە زەوی فێر بکەن، کە دەبێت ئاوس بێت و بەرهەمی زۆر بدات[1]. بەپێچەوانەوە ئەو پەیوەندییە سێکسیانەی کە بۆنی دەست تێکەڵی لەگەڵ مەحرەمەکان لێ بێت. بەهۆی ئاسەواری خراپی لەرادەی بەرهەمەکەدا (زەوی) زۆر بەتوندی تەریق دەبێتەوە و نکۆڵی لێدەکات[2].

دەتوانیت هەندێك لەیاسا نەرێتییەکان، کە بەشێکە لە بەئاگا هاتنەکانی جادویی لەم ریزەدا دابنێن. کاتێك هەندێك لەدانیشتوانی "دیاك dayak"

---

[1] هونەری جادویی ـ بەرگی دووەم لاپەرەی ٩٨.

[2] دەتوانیت رەنگدانەوەی ئەم باوەڕە لەنەمایش نامەی پاشای ئۆدیپ. بەرهەمی سوفۆکلَ نوسەری یۆنانی ببینیت.

دەڕۆن بۆ ڕاوە بەراز نابێت ئەوانەی لەگوند دەمێننەوە دەست لەناو و ڕۆن بدەن، گەر دەستی لێبدەن لەئەنجامدا دەبێتە هۆی نەرم بوونی پەنجەی ڕاوچیەکان و ناتوانن ڕاوەکەیان بکەن[1]. یان کاتێک فلان ڕاوچی"گیلاك gilak" لەنێو دارستاندا بەدوای نێچیرەوەیە منداڵەکانی لەماڵەوە ناتوانن لەسەر دار یان لم وێنە بکێشن، چونکە جادە باریکەکانی دارستان وەك خەتەکانی وێنەی منداڵەکان لێك دەئاڵێت و ڕاوچی ناتوانێت ڕێگای گەڕانەوەی بدۆزێتەوە[2].

گەر لەم نموونەیەدا وەك زۆربەی بابەتەکانی دیکەی کردارە جادووییەکان دەبینین مەودای شوێن هیچ ڕۆڵێکی نییە، واتە کاریگەریەتی لەدوورڕا (telepatique)، بەڵکو وەك دیاردەیەکی سروشتی لێکدەدرێتەوە. تێگەیشتن لەهۆکارەکانی شتێکی بەم جۆرە بۆ ئێمە دژوار نییە. بەدڵنیاییەوە دەتوانین بەئاسانی لەوە بگەین کە بوونەتە هۆی کارابوونی کردارە ناوبراوەکان لەنموونەکانی سەرەوەدا و لێکچوونیان لەنێوان کردارە بەئەنجام گەیشتووەکاندا و ئەو دیاردانەی کە دەرکەوتنیان ویستراو و گونجاوە. لەم سۆنگەیەوەیە فریزر ئەم جۆرە لەجادو بەلاسایی کردنەوە یان تۆڵە کردنەوە دەزانێت: گەر دڵم حەزی لەباران بێت دەبێت کارێك بکەم،

---

(1) هونەری جادویی. بەرگی یەکەم لاپەڕەی ١٢٠.

(2) هەمان سەرچاوە.

کە لەباران بچێت یان وەبیرهێنەری باران بێت. لەقۆناخـە پێشکەوتووەکانی دیکەی شارستانیەتدا ئەم شێوازە خۆی گۆڕیوە بەرێپێوان کە هاوکاتە لەگەڵ مۆسیقا و گۆرانی و لەدەوروبـەری پەرستگەکەدا دەسـت دەکـەن بەپاڕانـەوە لەدەرگای پیرۆزییەکانی دانیـشتووی نێـو پەرسـتگە و رێ و رەسمەکـەیان بـە ئەنجام دەگەیانـد. لەئەنجامـدا ئـەم شـێوازەش هەڵوەشایەوە و لێکۆڵینـەوە و دەسـتێوەردانی راسـتەقینە لەکـەش و هـەوا بەمەبەسـتی ئـاوس کردنـی هەورەکان بۆ باران بـارین جێگای رێ و رەسمـەکانی گرتۆتـەوە. لـەگرووپێکی دیکـە لـەکرداره جادوییەکانـدا بنـەمای لێکـچوون لەگـەڵ بنەمایـەکی دیکـە جێگۆڕکێیان کردووە و دەتـوانین بەئاسانی لـەم نموونانـەی ژێـرەوەدا لێیـان بـەئاگا بـێین. بـۆ زەربـە لێـدانی دوژمـن دەتوانیـت لەشێوازێکی دیکـە سـود وەربگریـت. ئـەویش کۆکردنـەوەی هەنـدێك لەقژی بـڕاو (مـوی تاشـراو) و نینۆکەکان یان تەنانەت بەشێك لـەجل و بەرگەکـەی و دەبێـت بەخواسـت و حەزەوە بکەوێتە بەر کرداری دوژمنکارانەی باش. ئـەم کردارانـە بـەجۆرێك بە ئەنجام دەگەن، کە هەروەك ئەوە وایە دوژمن لەدەستی خۆیدا بێت و ئەم بەڵایانەی بەسەر ئـەم کەرەسـتانەدا دێت کـە پەیوەسـتن بـەو کەسـەوە وەك ئەوە وایە ئەم بەڵایانە بەسەر خودی ئەو کەسەدا بێت. بـەبڕوای خـەڵکانی سـەرەتایی ئـەوە نـاوی تاکەکانـە، کـە بەشـێکی سـەرەکی لەکەسایەتی ئـەوان نیـشان دەدات. کاتێـك نـاوی کەسـێك یـان رۆحێـك بـزانین بەسـە بـۆ ئـەوەی بەسـەریا زاڵ بـین. لـەم سۆنگەیەوەیە، کـە دەبێـت لەهاوردنـە سـەر زمـانی

نێوی تاکەکان و کەرەستەکاندا هۆشیار بین و دەبێت یاساخکارییەکی زێدە لەبەرچاو بگرین و لەبەشی تابۆدا چەند نموونەیەکمان لێ ژماردن. کەواتە لەم نموونەیەدا بنەمای لێکچوونی لەگەڵ بنەمای جێگۆڕکێدا بە گشتی یان تاڕادەیەك یان لەگەڵ بنەمای نزیکایەتی و دراوسێیەتی جێگای خۆیان ئاڵوگۆڕ کردووە.

نیازی هەڵچوی مرۆڤ خواردن لەنێو خەڵکانی سەرەتاییدا هەر بەم بەراوردە بەئەنجام دەگەیشت، چونکە بڕوایان وابوو بەخواردنی بەشە جیاوازەکانی جەستەی کەسێك توانستەکانی ئەو کەسە دەکەنە هی خۆیان و بەم بۆنەیەوە بەگوێرەی هەندێك لەپێویستیە تایبەتەکان چەند هۆشیاری و سنووردار کردنێکیان بۆ شێوازی خواردن دانا. بۆ نموونە ژنی دووگیان خۆی دەپاراست لەخواردنی گۆشتی هەندێك لەو ئاژەڵانەی کە خووی سوکیان تێدا بوو، بۆ نموونە ترسنۆك بوون، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم خوو و تایبەتمەندییە بگوازرێتەوە بۆ ئەو منداڵەی کە دەبێت سبەی شیری پێ بدات. کارامە بوونی کردارە جادوییەکان قەت بەهۆی جیاکردنەوەی بەشێکی ورد و بچووك لەگشت یان ئەوەی کە فلان شت بۆ ماوەیەکی کورت پەیوەندی بەفلان دوژمنەوە هەبووە کاڵ نابێتەوە. بەم بۆنەیەوە باوەڕ بەپەیوەندی جادویی لەنێوان برین و ئەو چەکەدا کە بۆتە هۆی برینەکە بەبێ بچووکترین گۆڕانکاری هەزارەها ساڵ خۆی دەپارێزێت و دەمێنێتەوە. کاتێك تاکێکی بریندار کراوی مۆلانیزی بتوانێت ئەو چەکە بگرێت کە پێی

بریندار کراوە لەشوێنێکی فێنك بەهۆشیاری تەواو دایدەنێت و بڕوای وایە ئەم کردارە ئاوساندنی برینەکەی کەم دەکاتەوە، بەلام گەر کەوان لەدەستی دوژمندا بێت لەتەنیشت ئاگر دایدەنێن تاکو پەرە بەئاوسانی برینەکەی بدەن. "پلینی pliny" (لەپەرتووکی مێژووی سروشتی بەرگی ٢٨ بەشی ٧) پێشنیاز دەکات گەر کەسێك لەزیان گەیاندن بەکەسێکی دیکە پەشیمان بێتەوە دەبێت تف لەو دەستەی بکات کە ئەو زیانەی پێ گەیاندووە، چونکە بەم کردارە یەکڕاست ئازاری ئەو کەسە هێور دەبێتەوە. "فرانسیس بیکن" لەپەرتووکی (مێژووی سروشت)دا دەڵێت بەبڕوای هەندێك کەس بۆ هێورکردنەوەی ئازارێك، هەر ئەوەندە بەسە ئەو چەکەی کە بۆتە هۆی ئەو ئازارە بەتۆزێك ڕۆن چەور بکرێت. تەنانەت ئەمڕۆ هەندێك لەجووتیارانی بەریتانیا ئەم یاسایانە پێکدەهێنن. کاتێك بەداس بریندار دەبن ئەو داسە لەوپەڕی پاك و خاوێنیدا لەکونجێکدا هەڵدەگرن تاکو بەم جۆرە پێش بەکیم و زوخ کردنی برینەکەیان بگرن. یەك لەڕۆژنامە ناوچەییەکانی بەریتانیا نوسیبووی: لەساڵی ١٩٠٢ دا ژنێك بەناوی "ماتیلد هێنری mathild- henry" دانیشتووی "نۆرویچ norwich" بەنەخۆشی کۆزاز مرد. بزمارێك چەقابوو بەپاژنەی قاچیا. بەبێ ئەوەی بهێڵێت کەس چاوی بەبرینەکەی بکەوێت، تەنانەت گۆرەویەکەشی دانەکەند ئەمری بەکچەکەی کرد تاکو بزمارەکە بەباشی بەڕۆن چەور کات تاکو بەمجۆرە پێش بەئاسۆر بوونی برینەکەی بگرێت، بەلام پاش چەند ڕۆژی دیکە بەهۆی خاوێن

نەکردنی شوێنی برینەکەی بە نەخۆشی، نموونە گەلێکی لەم جۆرە لەلایەن (فرێزر)ەوە بەجادوی تەشەنەکار ناو دەبرێت و جیایان دەکاتەوە لەجادوی لاسایی کارانە. ئەوەی دەبێتە هۆی کارامە بوونی جادوی تەشەنەکار ئیدی لێکچوون نییە، بەڵکو دراوسێیەتی لەزەمەندا یان بەلانی کەمەوە ئەو لێك نزیك بوون و دراوسێیەتییەی کە لەیادەکاندا ماوەتەوە یان بەم ڕەنگە وێنای بۆ دەکەن، چونکە لێکچوون و لێك نزیك بوون دوو بنەمای سەرەکی پرۆسەی وەبیرهێنانن، کەواتە گشت پووچ بوونی یاسا جادوویەکان لەژێر ڕکێفی وەبیر هێنانەوەدا واتادارن. ئیدی ئێستا لەپێناسەکەی تایلۆر تێدەگەین، کە بۆ جادوو خستبوویە بەردەست و ئێمەش لەچەند دێڕی پێشوودا باسمان کردبوو دەڵێت: جادو واتە پەیوەندی یان وەبیر هێنانەوەی خەیاڵ و بەهەڵە لەبری پەیوەندیەکی ڕاستەقینەدا دایدەنێن. و ئێمە دەزانین چەندی ڕاستە. پاشان فرێزر تاڕادەیەك جادو بەهەمان جۆر پێناسە دەکات و دەڵێت: مرۆڤەکان بەهەڵە پەیوەندییەك، کە لەنێوان کەرەستە و ئامرازەکاندا لەزەینیاندایە لەگەڵ پەیوەندییەکدا کە لەجیهانی ڕاستەقینەدا و لەسروشتدا لەنێوانیاندایە بەهەڵە گرتووە و لەئەنجامدا مەزەندە دەکەن، کە دەتوانن ئەو پەیوەندییەی کە زەینیان لەنێوان کەرەستەکاندا دروستی کردووە بخەنە ژێر کاریگەری خۆیان، کەواتە دەتوانن لەنێوان پەیوەندییە

راستەقینەکان لەنێوان کەرەستەکاندا بەویستی خۆیان کاریگەر بن[1]. سەرسام دەبین[2].

سەرەتا لەم سۆنگەیەوە سەرسام دەبین کاتێک دەبینین هەندێک لەلێکۆڵەرەوان پێناسەیەکی ئەوەندە جوان لەسەر جادو قبوڵ ناکەن بەبیانوی ناتەواو بوونەوە. بەڵام پاش هەندێک تێڕامان ماف دەدەینە ئەم لێکۆڵەرە رەخنە گرانە، چونکە ئەو تیۆریانە تەنها راڤەی رەنگدانەوەی ئەو رێگا دوور و درێژانەیە کە جادو بڕیویەتی و کاری بەناوەرۆك و ناواخنی جادو نەداوە بەتایبەت ئەم بابەتە ڕوون ناکاتەوە، کە بۆچی مرۆڤە سەرەتاییەکان یاسا دەروون ناسیەکانیان لەباتی یاسا سروشتییەکان دادەنا ئاشکرایە کە دەبێت لێرەدا هۆکارێکی هێزی "dynamique" بێنینە نێو پرۆسەکە، بەڵام گەڕان بەدوای هۆکاری رەخنەگراندا تیۆریەکەی فرێزر بەهەڵەدا دەبات. تەنها و بەئاسانی بەدواداچوون لەتیۆری رەنگدانەوەی واتاکاندا دەتوانین بەتێڕامانێکی زێدەتر راڤەیەکی ئێقناعی لێ بخەینە ڕوو.

دەبێت پێش هەموو شتێك هەمان رەهەندی ساکار و گرنگترین لایەنی جادوی لاسایی کارانە لەبەر چاو بگرین. بەبۆچوونی فرێزر دەتوانرێت ئەم جادوە بەتەنهایی بخرێتە گەڕەوە، بەڵام لەکاتێکدا جادوی تەشەنەکار هەمیشە پێویستی بەجادوی لاسایی کارانەیە. تێگەیشتن لەو نیازانەی کە

[1] فرێزر، هونەری جادویی بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٤٢٠... .

[2] بڕوانە گوتاری جادو لەئینسکلۆپیدیای بەریتانیکا. چاپی یانزە.

خۆی بەجادووە خەریك دەكات ئاسانە. ئەم نیازانە شتێك نییە جگە لەحەز و ئـاواتی مرۆڤـەكان. دەبێـت تـەنها ئـەوەمان قبـوڵ بێـت، كـە مرۆڤـە سـەرەتاییەكان متمانەیـەكی بێ سنوور یـان بـەهێزی حـەزەكانیان هـەبووە. لەڕاسـتیدا هەرچییەكیان دەویـست بـەڕێگای كەرەسـتە جادوییەكانـەوە وە دەستیان دەخست و لەڕاستیدا هۆی ئەم بەدەست هێنانە، هەر ئەوە بوو كە دەیانخواست. لەم رووەوە بوو، كـە لەسـەرەتادا سـەبارەت بەمنداڵەكان تـەنها رووبەڕووی ویست و حەز و ئاواتیان دەبوونـەوە، كـە لەڕاسـتیدا لەڕەوشێكی هاوشێوە دان لەگەڵ هۆڤەكاندا؛ بەڵام هێشتا نەگەیشتونەتە ئاستی لێزانینی جوڵـەكانی ئـەوان. لەشـوێنێكدا گوتمـان بەڕاسـتی منـداڵان لەسـەرەتادا حەزەكانی خۆیان بەخەون و خەیاڵ تێر دەكەن و هەلومـەرجی گونجاو بـە پەنابردنـە بەرهانـدان و بزوانـدنی ئەنـدامانی هەسـتە نـا ناوەندییـەكان دەخولقێنن[1].

بـۆ نموونـە بزواندنـە خۆشـەكان دوپات دەكەنـەوە. هـۆڤێكی پێگـەییو رێگایـەكی دیكـە لەبـەردەم خۆیـدا دەبینێـت، حـەزی ئـەو پێویـستی بـە بزوانـدنێك هەیـە، كـە نێـوی ویـستە و لەئەنجامـدا ئـەم ویستەیە ئەوەنـدە بـەتوانا دەبێـت، كـە سیمای زەوی بگۆڕێـت بـۆ تێربـوونی حـەزەكانی. ئـەم حەزانـە لەلایـەن تاكـە سـەرەتاییەكانەوە بـۆ ئامـادە كردنـی رەزامەندییـەك

[1] واتە منداڵان جییان لەچاو و گوێی خۆیان بوێت. دەبیینن و دەبیستن. سواری دارێك دەبن وەك ئەسپ دێتە بەرچاویان و دەنگی حیلەی دەبیستن.

بـەڕێگای بزوانـدنی خەیاڵەکانـەوە دەخرێتـە گـەڕ. وێنـا کردنـی حـەزێکی تێربووی بەو جۆرە ڕێك لەو یارییە منداڵانە دەچێت، کە تەنها بزواندنێکی هەستانە بۆیان پێش دێنێت و تـەنها جیاوازییـان ئەوەیـە ئـەم یارییـە ئـەو شێوازەی نییە، کە تەنها بۆ تێرکردنی هەستێك بێت. گەر دەبینین منـداڵان و خـەڵکانی سـەرەتایی تـەنها بـەیاری کـردن و وێنـاکردنی لاسـایی کارانـە قەناعەت دەکەن بەواتای قەناعەت یان خەکەڕایی و خۆبەدەستەوەدان یـان ڕازی بوون لەهۆشیار بوونیان نییە لەنـەتوانین ودەسەوسان بـوونی خۆیـان، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوان پەیوەستن بەحەز و ویستێکەوە، کە ئەم حەزانە بەشێوازە جۆراوجۆرەکان سودیان لێ وەردەگرن و بەهایەکی زیدە ڕۆیانەیان دەدەنە پاڵ. بەتێپەڕ بوونی زەمـەن گرنگی دەروونـی لـەهۆکار و نیازەکـانی ئەم کردارە دەروونییە و شێوازەکانی ئەنجام داینی و تەنانەت دەگوازرێتـەوە سەر خودی ئەم کردارە جادووییانە. لەوانەیە ڕاست تر بێت گـەر بڵێین ئـەم کەرەسـتانە و شـێوازی سـودوەرگرتنی خـەڵکانی سـەرەتایی لـەم کەرەسـتانە دەبێتـە هـۆی دەرکـەوتنی بەهایـەکی زێدەڕۆیانـەی دەروونـی جـادویی کـە بەسەریاندا زاڵ دەبێت. تاکێکی هۆڤ، کە قەناعەت بەڕواڵەتەکان دەکات. بڕوا دەکات، کە کردارە جادووییەکەیەتی لەژێر کاریگەریەتی لێکچوونی ئەوەی کە ئەو دەیخوازێت بۆتە هۆی پێکهاتنی ڕووداوێکی ویستراو بەگوێرەی دڵی ئەو. هێشتا ئەو دەرفەتەمان بۆ نەهاتۆتە پێش، کە لەقۆناخی ئانیمیسم رامیـنین و لەو بابەتە بەئاگا بێین، کە قەت ڕەوش و بارودۆخی ڕاستەقینە بەو جۆرە

نییە وێنای دەکەین یان بیری لێدەکەینەوە. دەرفەتێکی لەم چەشنە لەقۆناخەکانی دیکەی تەواو کار بوونی هزریدا دەکەوێتە ڕوو. کاتێك مرۆڤەکان وێڕای ئەوەش کە هانا دەبەنە بەر درێژەدانی هەمان شێواز، بەڵام هێدی هێدی دیاردەی دەروونی گومان لەچوارچێوەی حەزێك بۆ سەرکوتکردن دێتە مەیدان. لەم قۆناخەدایە هێدی هێدی مرۆڤەکان قبوڵی دەکەن، کە خۆخستنە بەردەم ڕۆحەکان و لەکاتێکدا باوەڕیەکیش لەم نێوانەدا نەبێت هیچ سودێکی نابێت. هێزی جادویی و پاڕانەوە کاتێك کاریگەر دەبن، کە هاوکات بێت لەگەڵ خۆپارێزییەکی ڕاستەقینەدا[1].

دەرفەتی ئامادە کردنی جادوییەکی تەشەنەکار لەسەر بنەمای ڕەنگدانەوە و بەگوێرەی هاوڕێ بوونی هزر نیشان دەدات، کە بەها دانانی دەروونی حەز و ویست لەسەر گشت کردارە دەروونییەکانی پەیوەست بە ویستەوە بەرفراوان دەبێت و لەئەنجامدا گشت مرۆڤەکان لەنێو هەموو بەهاکانی پرۆسەی دەروونیدا دەچنە واری زێدەڕۆیانە و لەبەرامبەر پەیوەندی هەیی لەنێوان جیهانی ڕاستەقینە و جیهانی هزردا لایەنی هزریان گرت و لەهەڵسەنگاندنیدا زێدەڕۆییان کرد و کەرەستە ڕاستەقینەکانیان لەبەرامبەر خەیاڵەکان و وێنا کردنەکانیاندا نەدیت و

---

[1] لەنەمایش نامەی (هاملت)دا پاشا دەڵێت: وشەکانم بەرەو ژوور دەفڕن، بەڵام رامانەکانم لەخوارەوە دەمێننەوە. ئەو وشانەی تێکەڵی رامان (نەبووبنە هاوڕێی رامان) نەبووبێت، قەت ناگەنە عەرشی باڵند.

وێنایان دەکرد، هەر گۆڕانکارییەك لەوێنا کردنەکانیاندا روودەدات لەکەرەستە راستەقینەکانیشدا روودەدات و گریمانەی ئەوە دەکەن پەیوەندی زەینی هەیی لەنێوان وێناکردنەکان و رامان و واتاکاندا دەبێت رێك بەهەمان شێوە لەنێو کەرەستە راستەقینەکانیشدا لەئارادا بێت. بەهەمان شێوە، کەلەجیهانی هزردا مەودا راستەقینەکان لەبەرچاو ناگیرێن و لەچاو تروکاندنێکدا و بەکردارێکی هزری هەستانە دوورترین بابەتەکانی زەمەن و شوێن لەزەیندا کۆ دەبنەوە. جیهانی جادویش بەشێوازی کاریگەریەتی لەرێگای دورەوە (تێلەپاتی) مەودا ئاسمانیەکان تێدەپەڕێنێت و لەپەیوەندی رابردوودا وەك پەیوەندی ئێستا دەستێوەردان دەکات. لەقۆناخی ئانیمیسم دا وێناکردنی جیهان، کە لەجیهانی دەروونەوە دەشکێتەوە سەری و بەهەستەکانی خۆمان هەستی پێدەکەین و دەبێت ئیدی ئەم وێنایە لەبەرچاوماندا داپۆشراو بێت.

هەر چۆنێك بێت دەبێت سەرنجی ئەم راستییە بدەین، کە دوو بناخەی رەنگدانەوەی واتاکان، واتە جیرانیەتی و لێکچوونی واتاکان و هزرەکان لەنێو یەکەیەکی تەواوکار تردا بەنێو پەیوەندی سەرانسەری. رەنگدانەوە بەگوێرەی جیرانیەتی بریتییە لەپەیوەندی راستەوخۆ بەواتا دروست و وردەکەیەوە، رەنگدانەوە لەسەر بناخەی لێکچوون بریتیە لەپەیوەندی بەواتا ناڕاستەوخۆیانەکەی. لەو سۆنگەیەوە کە دەتوانین ئەم دوو جۆرە رەنگدانەوەیە بەشێواز و زمانێك باس بکەین بۆ خۆی نیشان دەدات کە یەك

پرۆسەی دەروونی بەسەریاندا زاڵە، بەڵام هێشتا پێ نەگەیشتووین. لێرەدا ڕووبەڕووی هەمان بەرفروان بوونی واتای وشەی پەیوەندی دەبینەوە، کەپێشتر بەلێکۆڵینەوە ڕاڤەکردن پێ گەیشتبووین.

بەکورتی ئەوەی کە دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە بنەما زاڵەکان بەسەرجادوودا واتە شێوازی تێڕامان لەقۆناخی ئانیمیسمدا، واتە هەر هەمان "هێزی ڕەها و گشتگیری هزرەکان" و ڕامانەکانە.

## بەشی سێیەم:

من بۆ زاراوەی "هێزی گشتگیری هرز" قەرزاری نەخۆشێکی فرە زیرەکم، کە ئازاری لەڕامان و وێنا ڕاڕاییەکان دەکێشا. پاشان بەیارمەتی وەرگرتن لەدەروون شیکاری چاك بوویەوە، توانی لەهەموو توانستە جەستەیی و دەروونییەکانی سودی کاریگەر وەربگرێت[1].

ئەم دەستەواژەیەی خولّقاند تاکو هەموو دیاردە سەرسوڕهێنەر و نامۆ و دڵەڕاوکێیانە روون بکاتەوە، کە وادیارە ئەو و زۆرێك لەنەخۆشانەی وەك ئەون بەدەستیەوە دەناڵن. هەر ئەوەندە بەس بوو کە بیری لەکەسێك بکردایەتەوە و تاکو باوەڕ بکات، کە دێت بۆ لای، هەر وەك ئەوەیە کە بڵێت بەجادو بانگهێشت کراوە. گەر لەناکاو هەواڵی خزم و ناسراوێکی بپرسیایە، کە ماوەیەکە هەواڵی لێ نەبیستووە دڵنیا دەبوو، کە هەواڵی مردنی دەبیستێت و بەم ڕێگەیەوە بۆی دەسەلمێت، کە بەڕێگای کاریگەریەتی لەڕێگای دوورەوە بەمردنەکەی زانیوە. یان کاتێك رقی لەکەسێك ببوایە و

---

[1] ئەم نەخۆشە، هەر هەمان نەخۆشە کە لەمێژووی دەروون شیکاریدا بەپیاوە مشکە، کە ناسراوە، فرۆید لە١٩١٩ دا رەوشی ئەم نەخۆشەی بەچاپ گەیاند. ئەم نەخۆشە لەسەردەمی چەکداریەتیدا بیستبووی لەرۆژهەڵاتی دوور بۆ تەمبێ کردنی دیلێك کاسەیەکی پڕ لەمشکیان لەسەر کپل بەتاڵ کردووە تاکو لەوێیەوە بگەنە کۆی. ئەمە بوو ئەم نەخۆشە ورینەی مشکی گرتبووو هەندێك جار تووشبوونی ئەم مشکە لەچوارچێوەی دیکەدا تووش دەبوو یان لەچوارچێوەی دیکەدا لێی دەردەکەوت.

نەفرەتی لێ بکردایە هەمیشە لەوە دەترسا کە ناکا هەواڵی مردنی ببیستێت و لەژێر بەرپرسیاریەتی مەرگی ئەودا بمرێت. لەزۆربەی دانیشتنە دەروون شیکارییەکاندا بۆ خۆی پێی گووتم، کە چلۆن ئەو ڕواڵەتە خەڵەتێنەرە لەهەموو بوارەکاندا دەردەکەوێت و چەند شتێکی پێ زیاد دەکرد تاکو بەچاوەڕوانییە خۆرافیەکانی خۆی هێز و توانایەکی زێدەتر بدات. گشت نەخۆشە ڕاراییەکان بەم جۆرە خۆرافین و هەر چەندیش لەناخەوە بڕوایان بەم جۆرە خۆرافاتەش نەبێت.

دەتوانین بەئاشکرا ئاسەوار و شێوازی تێڕامان بەگوێرەی ئانیمیسم و هێزی گشتگیری هزر لەنێو نەخۆشە ڕاراییەکاندا ببینین و دەرئەنجامەکانی ئەم شێوازە لەتێڕامانی کۆن زێدەتر لەنەخۆشیەکانی دیکەیە، کە لێرەدا لەهەستەوە نزیکە، بەڵام نابێت ئەم بابەتە بەهۆی جیاکردنەوەی ڕاڕایی لەنەخۆشیەکانی دیکە لێکبدەینەوە، چونکە لەلەدروون شیکاریدا دەرکەوتووە، کە بڕوا بەهێزی گشتگیری هزر لەنێو نەخۆشە دەروونییەکانی دیکەشدا هەیە. نەخۆشی دەروونی لەتاکێکدا چ دەبێت با ببێت و هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشی نەك تەنیا ئەو ئەزموونە ڕاستەقینانەن لەژیانیدا، بەڵکو ئەزموونە هزری و زەینییەکانیشن. نەخۆشە دەروونییەکان لەجیهانێکی تایبەتدا ژیان دەکەن، کە دراوە باوەکانی هەمان "بەهای نەخۆش ئاسا"یە لەواتایەکی دیکەدا نەخۆشە دەروونییەکان تەنها بۆ شت گەلێك هێزی کارامە و کاریگەر دادەنێن، کە بەخێرایی بیریان لێکردبێتەوە و

بەهەستەکان و سۆزەکانیان وێنایان کردبێت و نمایشیان دابێت. بەبێ ئەوەی زەحمەت بەخۆیان بدەن، کە ئەو شتە ئەوەندە بەچڕی تێیدا رادەمێنن و بەبزواندنەوە وێنای دەکەن لەگەڵ راستییەکانی جیهانی دەرەکیدا بەراوردی بکەن (یان بیگونجێنن) بۆ نموونە نەخۆشی هیستریکی لەکاتی شاڵاوەکانیدا یان لەنیشانەکانی نەخۆشیەکەیدا رووداو گەلێك باس دەکات و وێنایان دەکات، کە لەکاتێکدا تەنها لەنێو هێزی خەیاڵەکانیدا ڕووی داوە. هەرچەند لەدوایین شیکردنەوەکاندا ئاشکرا دەبێت، کە ریشەیان بەو کەرەستانەی دارێژراوە کاتێك بووە رەهەندی راستی و دەرەکیان هەبووبێت. هەستکردنێکی توند بەتاوان، کە تەنگی بەنەخۆشە دەروونییەکان هەڵچنیوە لەو رووەوە نییە کە کردارێکی دزێویان لەجیهانی دەرەکیدا ئەنجام دابێت. بۆ نموونە لەوانەیە نەخۆشێکی ڕاڕایی ئەوەندە بەقورسی هەست بەتاوان بکات و لەئازاردا بێت، کەوەك بڵێیت چەند کەسێکی لەجیهانی دەرەکیدا کوشتبێت لەکاتێکدا وا نییە و هەمیشە چ لەڕابردوودا و چ لەهەنووکەدا هەڵسوکەوتێکی بەڕێزانە و ناسك و بەسۆزانەی لەگەڵ هاورێکان و دەوروبەریدا کردووە. بەڵام ئەوەندەش هەست کردن بەتاوان ناتوانێت بێ هۆکار بێت. هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاواتێکی توند و پەیتا پەیتای مردنی هاورێ و کەسە نزیکەکانی، کە لەنەستیدا بەدژیان کەوتۆتە گەڕ. بەڵێ هۆی هەست کردنێکی توند بەتاوان رەهەندێکی دەرەکی نییە، بەڵکو دەبێت بۆ ریشەکانی لەنێو حەز و ئاواتەکانی نەستیدا بگەڕێین.

لەم سۆنگەیەوەیە، کە هێزی گشتگیری رامان و چونە نێو بەهاکانی پرۆسە دەروونییەکان و لەگەڵ بەراورد کردنیان لەگەڵ رووداوە راستییەکان لەنێو ژیانی سۆزداری نەخۆشدا و لەگشت ئەو دەرئەنجامانەی کە دەست دەکەون رۆڵێکی بێ سنوور دەگێڕن. بەڵام گەر نەخۆشێکی لەم جۆرە بخەینە ژێر چارەسەری دەروون شیکارییانە و ناواخنی نەستی خۆی بخەینە بەردەم هەستی ناتوانێت بڕوا بکات، کە هزر و رامانەکان ئازادن و پەیوەستی کەس نین، بەڵام هەمیشە لەوە دەترسێت خراپەیەك بە کەسێك رەوا ببینێت کە خێرا ئەم ئاواتەی پێك بێت. چ لەم رووەوە بێت یان رێبازێك یان بەهۆی خۆرافاتێکی دیکەوە بێت کە بەسەر ژیان و کرداریدا زاڵە، نەخۆشی دەروونی دەیەوێت نیشان بدات تاچ رادەیەك لەڕووی هزریەوە لەو تاکە هۆڤە یان سەرەتاییە دەچێت، کە وادەزانێت تەنها بەیارمەتی لەهزر و رامانەکانی دەتوانێت گۆڕانکاری لەجیهانی دەرەکیدا بکات.

کرداره ڕاڕاییە سەرەتاییەکانی نەخۆشی دەروونی ناوبراو پڕاوپڕ جادویین. گەر لەگروپی کردەوەکانی سێحر و ئەفسون نەبێت بەلانی کەمەوە دژە ئەفسونێکە بۆ وەلانانی خراپە و شکاندنی تەلیسمێك، کە نەخۆشی دەروونی لەسەرەتایی نەخۆشی خۆیەوە چاوەڕوانی دەکرد. هەر جارە و کە دەرفەتێکم بۆ رەخسابێت تاکو سرِی نەخۆشێك لەقاو بدەم لەوە بەئاگا دێم کە ئەو چارەڕەشییە مەزنەی نەخۆش چاوەڕوانی دەکرد شتێك نییە جگە لەمردن. وەك "شوپێن هاوێر schopen haver" دەڵێت:

"بابەتی مەرگ لەگشت ڕێبازە فەلسەفییەکاندا ئامادەیە". پێشتر دیتمان کە باوەڕ بەرۆح و رۆحە ناپاکەکان لەتایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئانیمیسمە و لەژێر کاریگەریەتی ئاسەوارەکانی مردن لەمرۆڤدا پێکدێت. زۆر بەزەحمەت دەتوانین لەوە تێبگەین، کە ئایا کردارە ڕاڕاییەکان یا بەرگرییە سەرەتاییەکان پەیوەستن بەیاسای ناکۆکییەوە یان لێکچوونەوە، چونکە بەگوێرەی هەلومەرج و رەوشی نەخۆشی دەروونی کردارە ناوبراوەکان ئەوەندە لەژێر فێزەون ترین و بێ واتا ترین کردارەکاندا خۆیان دەشارنەوە، کە سەرلەنوێ یان بەجیا ناسینەوەیان دژوارە. تەنانەت یاساکانی بەرگری کردن لەنێو نەخۆشی دەروونیدا هاوشێوەی هەمان یاسای جادو، سێحر و ئەفسونە. بەڵام دەبێت بۆ شیکردنەوەی وردی مێژووی وەرچەرخانی کردارە ڕاڕاییەکان لەو ڕاستییە بەئاگا بێین، کە لەسەرەتادا جگە لەشتێکی ساکار نییە و بەشێکی سێحر و ئەفسون، کە دەبێت بۆ وەلانانی خراپە و چاوی پیس سودی لێ وەربگرن و دێتە ئاراوە، بەڵام لەئاکامدا شتێکی جگە لەلاسایی کردنەوەی مو بەمو لەکردارە یاساخکراوەکانی سێکسی نابێت، بەڵام بەهێمایەکی گۆڕدراوە کە بەرگێکی دیکەی لەبەر کراوە دێتە مەیدان.

گەر شێوازەکانی تەواوکار بوونی ئایدیۆلۆژیاکانی مرۆڤ سەبارەت بەجیهان قبوڵ بکەین، کە لەچەند رستەیەکی پێشوودا باسمان کرد و گووتمان ئایدیۆلۆژیای ئانیمیسم پێش ئایدیۆلۆژیای ئایینزا و ئایدیۆلۆژیای زانستی هاتۆتە ئاراوە و لەئاستی خۆیدا پێش ئایدیۆلۆژیای ئایینزاکان

دەرکەوتووە، بەئاسانی دەتوانین ڕێڕەوی وەرچەرخانی "هێزی گشتگیری رامان"ەکان بەدرێژایی قۆناخەکانی پێشوو نیشان بدەین.

لەقۆناخی ئانیمیسمدا مرۆڤ ئەم هێزە گشتگیرە لەخۆی دەزانێت یان دەیداتە پاڵ خۆی. لەقۆناخی ئاییندا دەیدەنە پاڵ خواوەندەکان بەبێ ئەوەی بەڕاستی چاویان لێ پۆشاندبێت، چونکە هێزی کاریگەر لەنێو خواوەندەکاندا بەمەبەستی ڕێنوێنی کردنیانە بەگوێرەی حەز و ئاواتەکانی خۆیان و بۆ خۆشیانی دەپارێزن. لەقۆناخی سێیەمدا کە قۆناخی زانستییە ئیدی جێگای هێزی گشتگیری مرۆڤەکان نامێنێتەوە و مرۆڤ هەستی بەبچووکی خۆی کردووە و مردنی وەك ئەرکێکی دیکەی سروشت قبوڵ کردووە. بەڵام نابێت ئەوە لەیاد بکەین، کە هێشتا پاشماوەیەك لەبڕوای خەڵکانی سەرەتایی سەبارەت بەهێزی گشتگیری هزر و ڕامان لەنێو بڕوا و متمانەی مرۆڤی ئەمڕۆدا، کە بەهێزی تێڕامانی خۆی هەیەتی لەگەڵ یاسا سروشتییەکاندا تێکەڵ بووە و دەبینرێت.

گەر سەیرێکی مێژووی حەزە شەهوانییەکان لەسەردەمی منداڵییەوە تاکو سەردەمی پێگەیین بکەین جیاوازییەکی سەرەکی دەبینین. من لەپەرتووکێکمدا بەناونیشانی سێ تاقیکردنەوە سەبارەت بە تیۆرییە سێکسییەکان (١٩٠٥) پێشکەشم کرد.

دەتوانرێت هەر لەهەمان سەرەتاوە دەرکەوتنی حەزە سێکسییەکان لەنێو منداڵاندا جیا بکەینەوە، بەڵام هێشتا سەرنجی خۆی نەداوەتە سەر کەسێك

یان شتێکی دەرەکی و جیاواز لەخۆی و هەوڵ دەدات بەبێ سەرنجدانە کەسێکی دیکە بەتەنها بۆ خۆی لەجەستەی خۆی پێویستیەکانی تێربوونی خۆی دابین بکات. ئەم قۆناخە هەمان قۆناخی سەربەخۆیی سێکسییە (autoerotisme) و پاشان قۆناخی هەڵبژاردنی کەسێك دێت، کە کردارە سێکسییەکانی لەسەر بەئەنجام بگەیەنێت.

لێکۆڵینە بەرفراوان و قوڵەکانی دیکە ئاشکرایانکردووە باشترە و پێویستە لەنێوان ئەم دوو قۆناخەدا، جێگای قۆناخێکی دیکە بکەینەوە یان قۆناخی یەکەم بەسەر دوو قۆناخی جیاوازدا دابەش بکرێت. لەم قۆناخەدا زێدەترە گرنگی و سودی ناوبژیوان دەردەکەوێت. حەزە سێکسییەکان، کە لەیەکدی جیاواز و سەربەخۆ بوون لەشوێنێکدا کۆ دەبنەوە و سەرنج دەدەنە ئەو کەسەی کە کردارە سێکسییەکانی لەسەر بەئەنجام بگەیەنن. ئەم کەسەی کە کردارەکەی لەسەر ئەنجام دەدەن کەسێکی دەرەکی یان کەسێکی بێگانە نییە، بەڵکو هەمان من یان خودی کەسایەتی تاکە و بەزۆری لەو زەمەنەدا کەسایەتییەکە دادەمەزرێت. بە لەبەرچاوگرتنی جێگیر بوونەکانی نەخۆشی لەم قۆناخەدا، ناوبژیوان کە پاشان دەزانین کێیە، ئەم قۆناخە بەنێوی قۆناخی "خۆ خۆش ویستن narcissisme" دەناسرێت. تاکی نارسیست بەجۆرێك هەڵسوکەوت دەکات، کە وەك بڵێیت ئاشقی خۆی بووە، هەر وەك لەدەروون شیکاریدا هاتووە هێشتا حەزە نارسیستییەکان و حەزە شەهوانیەکان بەگوێرەی پێویست لەیەکدی جیا ناکرێتەوە یان دانە دانە دیاری ناکرێن.

هەرچەند لەڕەوشێکدا نیم، کە بتوانم بەوردی تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناخە خۆ خۆش ویستنە لەحەزە سێکسیە جیاوازە پێشووەکان، کە تێکەڵی بووە وەك حەزێك کە سەرنجی خستۆتە سەر من و خۆی دەردەخات بخەمە روو، بەڵام بەلانی کەمەوە ئەو هەستەمان هەیە، کە قەت ئەم قۆناخە خۆ خۆش ویستنیە پڕاوپڕ ناسڕێتەوە و تێیدا ناچێت، چونکە تەنانەت مرۆڤەکان پاش ئەم قۆناخە بۆ شەهوەتەکانی خۆی هەوڵ دەدات کەسێکی نوێ، بدۆزێتەوە کە پێویستییە سێکسییەکانی لەسەر بەتاڵ کاتەوە و دەست لەخۆ خۆش ویستنەکەی هەڵناگرێت. بەڵام ئەو هێزانەی کە بەرەو ئەم کردارە نوێیانەی هاندەدەن لەئاست شاڵاوەکانی هێزی شەهوانی (لیبیدوی) ئەودان کە پەیوەستە بەمنی ئەوەوە و هەرکاتێك پێویست بێت سەرلەنوێ لەکردار و بابەتە دەرەکییەکانی خۆی حەز کردنەکەی وەلا نێت دەگەڕێتەوە هەمان مەڵبەندی پێشووی خۆی کە منە. لەڕووی دەروون ناسییەوە حاڵەتە ئاشقانەکان فرە سەرنج راکێشن و لەڕاستیدا مۆدێلی هاوسەنگی و تەندروستی نەخۆشییە دژوارە[1] دەروونییەکانە و لەدەرکەوتە توندەکانی حاڵەتی ئەشقە بۆ خودی خۆی. (فرۆید گوتارێکی لەژێر ناونیشانی "خۆ

[1] بەگشتی نەخۆشییە دەروونییەکان بەسەر دوو گروپی مەزندا دابەش دەبن کە بریتین لەسوکە نەخۆشییە دەروونییەکان (nevroses) و نەخۆشییە دژوارە دەروونییەکان (psychoses). زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی فرۆید لەسەر جۆری یەکەمە، وەك نەخۆشی ڕاڕایی و هیستری (بورانەوە و دەست وەشاندنی نائاسایی) و هەندێك جار بریتیە لەپارانۆئیا، کە بۆ خۆی لەجۆری دووەمە. (ا ـ پ).

خۆش ویستن" نووسیوە لە ١٩١٤ دا و بەتێر و تەسەلی باسی ئەم بابەتەی کردووە) (ا ـ پ).

کەواتە بەگوێرەی ئەوەی کە دەربازبوو هیچ شتێك ئەوەندە سروشتی نییە، کە ئێمە ئەو بەها زێدەڕۆیانەی نەخۆشە دەروونییەکان و مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ کردارە دەروونییەکانی دادەنێن بیدەینە پاڵ ئەم نارسیسمە (خۆ خۆش ویستن) و ئەمانە بەتایبەتمەندی سەرەکی نارسیسم بزانین. دەتوانین بڵێین هزر و رامان لەنێو مرۆڤە سەرەتاییەکاندا بەڕادەیەکی زۆر رەهەندێکی سێکسییان لەخۆ گرتبوو و باوەڕ کردن بەهێزی گشتگیری رامان و باوەڕ کردن بەوەی کە دەکرێت بەسەر جیهاندا زاڵ بێت لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. (ئەو باوەڕەی کە ئەزموونە ئاسان و ساکارەکانی ژیانی رۆژانە ناتوانێت لەخشەی پێ ببات و بەگوێرەی پێگە وهەلومەرجی مرۆڤ لەم جیهانەدا ناتوانیت لەرزۆکی کەیت). لەسروشت و خووی نەخۆشە دەروونییەکاندا هەندێکی بەرچاو لەم خوو و رێبازەی خەڵکانی سەرەتایی دەبینین و لەلایەکی دیکەوە لەو بابەتە بەئاگا دێین کە وێڕای سەرکوتکردنی حەزە سێکسییەکانیان، سەرلەنوێ پرۆسەی هزرییان لەنێو خۆیاندا رەهەندی سێکسی لەخۆ گرتووە. ئاسەواری دەروونی لەم دوو بابەتەدا شێوەیان گۆڕاوە و ئەم گۆڕانەش هزرییە، واتە چ لەگۆڕانی شێوەی یەکەمدا

و چ لەگۆڕانی شێوەی سەرهەڵدانەوەی دواییدا ئەم ئاسەوارانە بریتین لەنارسیست بوونی هزر و هێزی گشتگیری رامان[1].

گەر واگریمانەی بۆ بکەین، کە هێزی گشتگیری رامان لەنێو خەڵکانی سەرەتاییدا شاهیدێکی راستەقینە بێت بەقازانجی بابەتی نارسیسم ئەوا دەتوانین لەلایەك شێوازی ئایدیۆلۆژیای مرۆڤ و لەلایەکی دیکەوە رەوتی وەرچەرخانەکانی شەهوانی تاك لەتەریبی یەکدیدا بەراورد بکەین. ئەوکات دەزانین قۆناخی ئانیمیسم چ لەرووی زەمەنەوە و چ لەڕووی ناوەرۆکی خۆیەوە هاوکاتە لەگەڵ قۆناخی دەرکەوتنی نارسیسم لەنێو تاکەکان و قۆناخی ئایینی لەگەڵ قۆناخی دیتنەوەی کەسێك بۆ ئەوەی کرداری سێکسی لەسەر بکرێت و لەجیهانی دەرەکیدا بێت، کە تایبەتمەندییەکەشی جێگیر بوونی شەهوەتە (لیبیدو) وە لەدایك و باوکدا و قۆناخی زانستی لەگەڵ قۆناخی پێگەیشتن دا، کە تایبەتمەندییەکی تەرکی غەریزەی چێژخوازی و هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی ئەو کەسەی کاری سێکسی لەسەر ئەنجام بدەیت لەجیهانی دەرەکیدا و لەگەڵ پەیوەندی و هەلومەرج و راستییەکاندا[2].

---

[1] هەموو ئەو لێکۆڵەرەوانەی لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیان کردووە ئەم بابەتە بەبابەتێکی ئاشکرا دەزانن، کە خەڵکانی سەرەتایی بەهۆی نارسیست بوونی زێدەڕۆیانە:منی تەنیا (solipsisme یان berkleisme لەدەستەواژە تایبەتەکانی پرۆفیسۆر sulli سەبارەت بەمنداڵان) ناتوانن راستییەکانی مردن قبوڵ بکەن. ئایینزا پێش قۆناخی ئانیمیسم (مارت). ١٩٠٠ بەرگی پانزە لاپەڕەی ١٧٨ ـ فۆلکلۆر.

[2] نارسیسمی سەرەتایی منداڵەکان بۆ خۆی پێوەرێکی راشکاوانەیە بۆ شێوازی تێگەیشتن لەرەوتی وەرچەرخانەکانی ئەودا. ئەو تیۆرییەی کە دەڵێت: هەستی سەرەتایی لەنێو منداڵاندا هەر هەمان هەستی خۆ بەبچووك زانینە "بەبڕوای ئادلێر (ا ـ پ)" رەد دەکاتەوە.

هونەر تەنها هەریمی (پانتایی) شارستانیەتەکەمانە، کە هێزی گشتگیری هزر و رامان تاکو ئەمڕۆ بەردەوام خۆی تێدا پاراستووە. تەنها لەهونەردایە، کە مرۆڤەکان لەژێر زەختی حەز و ئاواتەکانی خۆیاندا کار دەکەن، کە هاوشێوەی تێر کردن و چاککردنەوەیەتی و لەنێو پرشنگی هێماکانی هونەردایە هەمان ئاسەواری سۆزداری تێدا دەردەکەوێت و وەك بڵێیت پەیوەندیدارە بەبابەتێکی راستەقینەوە. لەخۆڕا نییە باس لەجادوی هونەری دەکەن و هونەرمەند لەگەڵ جادوگەردا بەراورد دەکەن، بەڵام لێك شوبهاندنی ناوبراو پڕ واتاترە لەوەی کە لەسەرەتادا بەزەینماندا دێت. بەدڵنیاییەوە لەسەرەتادا هونەر بە مەبەستی "هونەر بۆ هونەر" بنیات نەنراوە لەڕابردوودا لەخزمەت لاکێشەکان و حەزەکانیدا بووە، کە ئیدی ئەمڕۆ لەهەڵئاوسان کەوتووە ودوور نیە لەم نێوانەدا لاکێش کردن و حەز و نیازی جادویش لەئارادا بووبێت[1].

---

[1] س. رایناخ، هونەر و جادو، لەکۆکراوەی پەرستنەکاندا، ئەفسانەکان و ئایینزاکان. بەرگی یەکەم لاپەڕەی ١٣٦ ـ ١٢٥.

ڕێزدار رایناخ لەو بڕوایەدایە، کە لەسەرەتادا شێوەکاران، کە دەتوانیت بەرهەمەکانیان بەجۆری هەڵکۆڵین یان شێوەکاری گیانلەبەران لەسەر دیواری نێو ئەشکەوتەکانی فەرەنسادا ببینێت، مەبەستیان بۆ پێکهێنانی چێژ نەبووە، بەڵکو (جادوگەری) بووە. دەڵێت: لەم سۆنگەیەوەیە شێوەکارییەکان لەدوورترین قوژبنی ئەشکەوتەکاندا دەبینرێن و لە نێو ئەم گیانلەبەرانەدا ئاسەوارێك لەگیانلەبەرە ترسناکەکان نابینین. بەزۆری ئەمڕۆ بەجۆرێکی زێدەڕۆیانە باس لەجادویی بوونی قەڵەمی فلان هونەرمەند دەکەن و بەگشتی باسی هونەری جادویی دەکەن، چونکە ئەم هونەرمەندە مەزنانە ئەوەندە کاریگەری دەکەنە سەر کەرەستە و ئامراز و تاکەکان کە هاوشێوەی جادووە. هەڵبەت ئەمڕۆ جادوگەری برەوی نەماوە، بەو جۆرەی کە دیتمان بابەتی جادوگەری لەنێو زەینی هونەرمەندانەدا راستییەکی پڕاوپڕی هەیە و ئەوان خواستوویانە لەم ڕێگەیەوە کاریگەریەتێکی رەمزاوی بکەنە سەر شتەکان و تاکەکان. لاپەڕە ١٣٦.

## بەشی چوارەم:

یەکەمین ئایدیۆلۆژیای مرۆڤ، هەن ئانیمیسمە، کەواتە ئایدیۆلۆژیا یان هەڵێنجاندنێکی دەروون ناسانە بووە لەجیهان و مرۆڤ بۆ ئامادە کردنی هەڵێنجاندنێکی لەم جۆرە پێویستی بەزانست نەبووە، چونکە زانست کاتێك هاتۆتە مەیدان کە بەئاگا هاتبین، جیهان ناناسین و پێویستە کەرەستە گەلێك هەڵخرێنین تاکو شارەزای ناسینی بین. ئانیمیسم لەڕوانگەی مرۆڤی سەرەتاییەوە هەڵێنجاندنێکی سروشتی بووە و هۆی هەبوونیشی لەنێو خۆیدا شاراوەیە. ئەو دەزانێت ئەو کەرەستانەی جیهانی لێ پێکهاتووە، هەڵسوکەوتیان رێك وەك مرۆڤە و ئەم بابەتە لەئەزموونەکانی ئەوەوە دەردەکەون، کەواتە جێگای سەرسوڕمان نییە، گەر دەبینین مرۆڤی سەرەتایی هەمان دەزگا دەروونییەکانی دەداتە پاڵ جیهانی دەرەکی (دیهاوێژی جادوی) ئێمە دەتوانین پێچەوانەی ئەم کردارە بکەین، ئەوەی کە ئەو لەدەروونی خۆی دەیداتە جیهانی دەرەکی، بەیارمەتی ئەو زانیاریانەی لەئانیمیسم وە دەستمان خستوون، کە لەجیهانی دەرەکی وەرگرتوون جارێکی دیکە و سەرلەنوێ بیگەڕێنینەوە نێو رۆحی مرۆڤەکان.

تەکنیك و شێوازی کاری ئانیمیسم هەمان جادووە و بەشێوازێکی فرە ئاشکرا ئەم بابەتەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە لەئانیمیسم دا نیاز ئەوەیە یاسا زاڵەکان بەسەر ژیانی دەروونیدا بەسەر کەرەستەکانی جیهانی

راستەقینەدا بسەپێنن، چونکە رۆحە ناپاکەکان لەو سەردەمەدا دەوریان نەبووە و بۆ خۆیشیان لەنێو جادوگەرییدا وەك کەرەستەی ماتریالّی دەرەکی لێکدەدرانەوە و لەنێو جادوگەرییدا بەهەمان شێواز، کە لەگەڵ کەرەستە ئاساییەکاندا هەڵسوکەوت دەکرا لەگەڵ ئەمانەشدا هەڵسوکەوت دەکرا. لەڕاستیدا بنەماکانی جادوگەری کۆن تر و سەرەتایی ترن لەتیۆری رۆحەکان، کە تۆی ناوەندی ئانیمیسمە. هەڵێنجاندنە دەروون شیکارییەکانی ئێمەش لەم بابەتە تایبەتەدا لەگەڵ تیۆری "ر.ر. مارت" دا دەگونجێت، کە بڕوای بەقۆناخێك لەپێش ئانیمیسم هەیە، واتە قۆناخێك، کە هەموو شتێك لەنێو سروشتدا گیان لەبەر و زیندوو لێکدەدرایەوە. ناتوانین سەبارەت بەقۆناخی پێش ئانیمیسم شتێکی ئەوتۆ بڵێین، چونکە هێشتا نەتەوەیەك نەبینراوە، کە بڕوایان بەرۆح نەبووبێت. (ر.ر. مارت، ئایینزا پێش ئانیمیسم، فۆلکلۆر، بەرگی یانزە، لەندەن ١٩٠٠ ــ و وونت: ئەفسانەکان و ئایینزا، بەرگی دووەم لاپەڕەی ١٧١ و...).

لەکاتێکدا هێشتا جادوگەری هەموو هێزی گشتگیری بۆ رامان و هزر پاراستووە و ئانیمیسم بەشێك لەم هێزە گشتگیرەی سپاردۆتە رۆحەکان و لەئاکامدا رێگای بۆ ئایین کردۆتەوە. چونکە بۆتە هۆی ئەوە کە مرۆڤە سەرەتاییەکان هەڵخرێن بۆ ئەم یەکەم لێبوردنە؟ بێگومان لەوە و نەهاتووە کە بەڕاستی هەستیان بەهەڵە بوونی بنەماکانی خۆیان کردبێت. چونکە هەر بڕوایان بەشێواز و تەکنیکەکانی جادویی بووە و درێژەیان پێداوە.

هەر وەك لەدوایین تاقیکردنەوەدا نیشانم داوە ئەرواحی ناپاك و شەیتانەكان شتێك نییە جگە لەدیهاوێژی و حەزەكان و لاكێش كردنی سۆزەكانی خودی مرۆڤ. (بڕوام وایە لەم قۆناخە كۆنەی نارسیسمدا ئەو هێزانەی لەشەهوەتی "لیبیدو" و چاوگەكانی دیكەی هاندانەوە سەریان هەڵدەدا، نەدەكرا هێشتا لەیەكدی جیا بكرێنەوە).

مرۆڤ ئەم حەزانە دەخاتە شێوەی تاكەكانەوە و جیهان پڕ دەكات لەم جۆرە جەستانە و دیسان پرۆسە دەروونییەكانی كەسێتی خۆی لەجیهانی دەرەكیدا دەبینێتەوە.

لێرەدا مەبەستمان چارەسەر كردنی ئەم بابەتە نییە، چونكە مرۆڤ خواستوویەتی هەندێك لەپرۆسە دەروونییەكانی خۆی لەجیهانی دەرەكیدا رەنگ بداتەوە. تەنها دەبێت بەوە قەناعەت بكەین، ئەم حەزە كاتێك دیهاوێژی دەكات، كە بەشێوەی هێور كردنەوەی دەروونی سودی هەبێت ئەوسا زەختی خۆی دوو هێندە خەست دەكاتەوە. (من لەراڤە كردنی رەوشی نەخۆشێك بەنێوی "سەرۆك شربێر president-schrber" هۆكانی دیهاوێژم روون كردۆتەوە. سەرۆك شربێر پیاوێكی زیرەك بوو، كە تووشی نەخۆشی پارانۆیا ببوو. ئەو لەوڕینەكانیدا باسی "تیشكی خوای" دەكرد و بڕوای وابوو هاوكات كەم و زۆربوونی پەیوەستە بەدوركەوتنەوە و نزیك كەوتنەوەی شەهوەتەكەیەوە. سەیرێكی وتارەكەم بكە بەناونیشانی شربێر ۱۹۱۱). كاتێك حەزەكان بۆ داگیر كردنی هێزی گشتگیر دەكەونە ململانێ

ئیمتیازی ناوبراو زاڵ دەبێت. ئەو کات ئاشکرا دەبێت، کە هەموو حەزەکان ناتوانن هێزی گشتگیر داگیر بکەن. لەنەخۆشی پارانۆیادا (نەخۆشییەکی دژواری دەروونییە، کە دیهاوێژی لەتایبەتمەندی سەرەکیەتی. نەخۆش وادەزانێت کەسانێك ئاگایان لێیەتی یان مەبەستی هێرش کردنە سەریان هەیە یان خەریکن خیانەتی لێدەکەن، لەواتایەکی دیکەدا ململانێ و کێشە و گرێ دەروونییەکانی خۆی دەگوێزێتەوە سەر خەڵکانی دیکە ا ـ پ) دەزگای نەخۆشی لەپرۆسەی دیهاوێژی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی پێشوو سود وەردەگرێت. بەڵێ نموونە و جۆری ئەم ململانێیە لەو جۆرانەیە کە لەنێوان دوو حەزی دژ و ناکۆکدا دەردەکەوێت. واتە وەك هەمان رێبازی ناکۆك کە بەتێر و تەسەلی سەبارەت بە رەوشی کەسێك، کە لەماتەمینی کەسێکی خۆشەویستدا دانیشتووە راڤە و لێکدانەوەمان بۆ کردووە. بەبڕوای ئێمە هەر ئەم بابەتە بۆ خۆی و بەتایبەتی بۆ پاساوی دیهاوێژی بەسە. دیسانەوە لێرەدا ناچارین بیروڕای ئەو لێکۆڵەرەوانە قبوڵ بکەین یان جەختی لەسەر بکەینەوە، کە بەگشتی رۆحە ناپاکەکان بەزاروێ (تۆی) یەکەمی رۆحەکان دەزانن و بڕوا بەرۆحەکان دەدەنە پاڵ ئەو ئاسەوارەی کە مردن لەنێو پاشماوەکاندا دایدەنێت. تەنها بابەتێك، کە رێبازەکەمان لەرێبازی ئەم لێکۆڵەرەوانە جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە ئەوان دەڵێن مردن بابەتێکی هزری بۆ پاشماوەکان دێنێتە پێشەوە، بەڵام ئێمە دەڵێین هۆی سەرنجدانی پاشماوەکان بۆ مردن، هەر هەمان ململانێ سۆزدارییە کە مردن لەنێو

پاشماوەکاندا بۆتە هۆکاری. لەواتایەکی دیکەدا ئەوان لێرەدا پلەی یەکەم دەدەنە ئاوەز و تێڕامان و ئێمە دەیدەینە سۆز، کەواتە گەر یەکەمین خولقکاری تیۆری مرۆڤەکان هەر هەمان ئەڕواح بن، هەر لەهەمان چاوگەوە سەرچاوە دەگرن کە یەکەمین سنووردار کردنە ئاکارییەکانی مرۆڤەکان پەیڕەوییان لێکردووە، هەر هەمان یاساکانی تابۆن.

بەڵام یەکبوونی چاوگەیان قەت بەواتای دەرکەوتنی هاوکات لەیەک زەمەندا نییە. گەر راست بێت ئەو بارودۆخەی پاشماوەکان لەئاست مردوویەکدا هەیانە و لەڕاستیدا بووبێتە یەکەمین نیاز بۆ ئاوەزگەری و تێڕامان و ناچار بووبێت هەندێك لەهێزە گشتگیرەکەی لەگەڵ ئەڕواحەکاندا بگۆڕێتەوە و هەندێك لەئازادی و خۆ چەقییەکانی لەنێو کردار و کردەوەکاندا بکاتە قوربانی، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم یەکەم رێخراوە کۆمەڵایەتیانە بەفەرمی ناساندنی پێویستییەکە، کە ناکۆکە لەگەڵ خۆ چەقییەکانی خۆیدا. مەزەندە دەکرێت مرۆڤی سەرەتایی لەبەرامبەر ناچار بووندا سەبارەت بەقبوڵ کردنی مردن هەمان کڕنوش دەبات، کە لەوانەیە لەکاتی نکۆڵی کردندا ئەنجامی بدات.

گەر کۆڵنەدەر بووینایە درێژەمان بەبنەمای راڤە کردنەکانمان بدایە، دەمانتوانی ئەم پرسیارە بخەینەڕوو. کاردانەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی دەروون ناسی ئێمە کە لەنێو دەزگا دیهاوێژییەکانی شەیتانەکان و ئەڕواحدا دوپات دەبنەوە کامانەن. زۆر قورسە بتوانین نکۆڵی لەم بابەتە بکەین، کە

هەر چەندە هەڵێنجاندنی مرۆڤە سەرەتاییەکان لەرۆح و هەڵێنجاندنەکانی دیکەیان لەرۆح بەتەواوەتی شتێکی نامادییە، بەڵام جیاوازییان هەیە و لەناکامدا و لەبنەڕەتدا ئەم دوو هەڵێنجاندنە یەکێکن. کەواتە بەگوێرەی ئەم هەڵێنجاندنانە کەسایەتی و کەرەستەکان دوو تایبەتمەندیان هەیە و تایبەتمەندی و گشت گۆڕانکارییە ئاشکراکانیان بەسەر ئەم دوو بەشەدا دابەش دەبن. ئەم دوو رەهەندی بوونە (رۆح و جەستە) سەرەتاییانە[1] تازە لەگەڵ ئەو دوانەی خۆمان کە خوومان پێ گرتووە (رۆح و جەستە) و لەنێو ئەم قسە زارەکیانەدا ماونەتەوە کە دەڵێن فلانی لەکاتی توڕە بووندا لەسەرخۆ دەچێت یان ئاگای لەخۆی نامێنێت و یان یەکێکە لەگەڵ بەهۆش هاتنەوەدا[2] (واتە ئەو کەسەی ئاگای لەخۆیەتی).

شتێك بەو جۆرە، کە وەك خەڵکانی سەرەتایی لەدەروونی خۆمانەوە کاردانەوەی بخەینە سەر جیهانی راستی (دەرەکی) قەت ناتوانێت شتێکی جیاواز لەمە بێت، بەڵێ. دەزانین وێڕای ئەو رەوشەی کە کەرەستەکان هەیانە و لەئەنجامی هەستەکان و هەست پێکردن هەستیان پێدەکەین و لێیان تێدەگەین، واتە هەمان رەوشی ئامادە بوونی کەرەستەکان. رەوشێکی دیکەش هەیە کە لەنێو خودی ئەم کەرەستانەدا نادیار و شاراوەیە، گەرچی لەوانەیە سەرلەنوێ دەربکەونەوە. لەواتایەکی دیکەدا هەم هەستپێکردن و

[1] دەستەواژەی هێربێرت سپنسێر ١٨٩٣ ـ بەرگی یەکەمی بنەماکانی کۆمەڵناسی.

[2] سپێنسەر هەمان سەرچاوە. لاپەڕەی ١٧٩.

تێگەیشتن هەیە، هەروەها یادیش هەیە، گەر بەگشتی بڵێین: هەم ناسینەوەی خۆ لەنێو پرۆسەکانی نەستی دەروونیدا (یاد)[1] کاردانەوە و دیهاوێژی دەکەینە دەرەوە هەم ناسینەوەی هەستی خۆمان (تێگەیشتن و هەست)، بەگشتی دەتوانین بڵێین: بەکورتی لەدوایین لێکۆڵینەوەکاندا کەسایەتییەك یان کەرەستەیەك لەم تایبەتمەندییانەدا کورت دەبنەوە. کاتێك ئەو کەسایەتییە یان ئەو کەرەستەیە بتوانێت لەنێو گۆڕەپانی هەستپێکردن وتێگەیشتنی هەستدا خۆی ون بکات وەك بیرەوەری یان وێنا، یان خەونێك دەردەکەوێت.

بەدڵنیاییەوە نابێت چاوەڕوان بین بەو جۆرەی کە زانستە ئەمڕۆییەکان سنورێکی روونی لەنێوان نەست و هەستدا داناوە لەنێو زەینی خەڵکانی سەرەتایی و زەینی خەڵکانی ئەمڕۆدا پڕاوپڕ رۆح لەو بەشەی دیکەی کەسایەتیدا جیا بکەینەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو رۆحەی کە خەڵکانی سەردەمی ئانیمیسم بڕوایان پێی بووە تایبەتمەندییەکانی هەست و نەستی بەیەکجار و یەك شتی لەخۆ دەگرت. لەلایەکی دیکەوە جوڵە و هەڵسانەوەی رۆح لەسەردەمی ئانیمیسم و ئەو هێزەی کە لەتەرك کردنی جەستەیەکدا یان داگیرکردنی جەستەیەکی دیکەدا بۆ ماوەیەکی کاتی یان هەمیشە لەو تایبەتمەندییانەیە کە بەزۆری دەمانباتەوە نێو هەست. لەلایەکی دیکەوە

[1] سەیرێکی یادداشتەکانی من بکە سەبارەت بەنەست لەدەروون شیکاریدا (راپۆرتی ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە دەروونییەکان) بەرگی ٢٦ ـ لەندەن ١٩١٢.

خۆشاردنەوەی لەپشت هەڵسوکەوتە ئاشکراکانی کەسایەتییەك دەمان باتەوە یادی نەست. ئیدی ئەمرۆ تایبەتمەندی نەگۆڕ و گەندەڵ نەبوون بۆ پرۆسەکانی نەست دادەنێین و لەڕاستیدا لەڕوانگەی ئێمەوە بەنوێنەری راستی چالاکییە دەروونیەکان دەژمێردرێن نەك بۆ پرۆسەکانی هەست.

پێشتر گووتم ئانیمیسم سیستەمێکی هزری و یەکەمین تیۆری گشتگیری جیهانییە. ئێستا دەمەوێت لەڕوانگەی دەروون شیکارییەوە دەرئەنجام گەلێك لەم سیستەمە بخەمە ڕوو. ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانەمان بەسن بۆ ئەوەی هەمیشە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمەمان بەیاد بێنێتەوە. شەو خەون دەبینین و لەرۆژدا راڤەی بۆ دەکەین. بەبێ ئەوەی بمانەوێت نکۆڵی لەناوەڕۆکی خەونەکان بکەین، کە لەوانەیە پچڕ پچڕ وناپەیوەست و ئاڵۆز بن و لەوانەشە بەسیستەم بن وەکو هەستە راستەکانی ژیان. بەجۆرێك رووداوێك لەناخی رووداوێکی دیکە دێنێتەدەر و لەنێوان بەشە جیاوازەکانی ناواخنی خۆیدا یەکیەتی دروست بکات و لەم کارەدا کەم تا فرەیەك سەرکەوتنیش بەدەست بێنێت، بەڵام وادیارە ئەم سەرکەوتنە قەت لەڕوودا پراوپڕ نەبێت و لەئاکامدا چەند پچڕ پچڕی و ناکۆکیەکی تێدا بەدیدەکرێت. کاتێك خەریکی راڤە کردنی خەونین لەوە بەئاگا دێین، کە تانوپۆی ناجێگیر و ناسیستەمی بەشەکانی پێکهێنانی هیچ بایەخێکیان نییە و نابنە رێگرێك لەبەردەم راڤە کردن و تێگەینی خەوندا، بەڵکو لەخەیاڵەکاندا هەمان هزر و رامانن کە لەنێویاندا دەبینرێن نەك رووداو،

هەمان هزر و رامان، کە لەنێو دەستەواژەی هزری خەیاڵەکاندایە و هەمیشە هەڵگری واتا، تۆکمەیی و سیستەمەن. (لێکدانەوەی خەونەکان و نەخۆشییە دەروونییەکان. زیگمۆند فرۆید).

بەڵام سیستەم و تۆکمە بوونیان پڕاوپڕ جیاوازە لەو سیستەمەی کە یادی ئێمە لەناوەرۆکی دیاریکراویدا لەیادیەتی، لەوانەیە پەیوەندی نێوان رامان و خەیاڵ تێکڕژاو یان تەنانەت بەتەواوەتی تێداچووە، یان جێگای خۆی داوەتە پەیوەندی نوێ لەنێوان توخمەکانی ناوەرۆکی دیار و بەرچاوی نێو خەیاڵەکان. توخمەکانی خەیاڵ بەزۆری پەیتا پەیتا خەست و چڕ دەبنەوە و لەرابردوویان تۆکمە بوونێکی نوێ بۆ خۆیان دروست دەکەن کە زۆر جیاوازترە لەتۆکمە بوونەکەی پێشوو.

ئەوەی کە گووتم بەم شێوەیە کورتی دەکەمەوە: ئەو کەرەستە سەرەتاییانەی کە رامان و خەیاڵ ئامادەی دەکەن و پاشان لەلایەن کاری خەیاڵەوە لەنێو خودی خەیاڵدا بەکار هاتن سەرلەنوێ دەکەونە ژێر کاریگەریەتی رووداویەکی دیکە و ناوم ناوە ((ئامادەکاری دووەم)) یان سەرلەنوێ پێداچوونەوە. بێگومان مەبەستی ئەوەیە کە ناپەیوەستی و ئەو بێ سەروبەرەیانەی لەنێو کاری خەیاڵدا دەردەکەون چاکسازی بۆ بکات و ((واتا))یەکی نوێ بداتە خەیاڵەکان، بەڵام ئەم ((واتا)) نوێیە کە دەرئەنجامی ئامادەکاری یان سەرلەنوێ پێداچوونەوەی خەیاڵە ئیدی ئەوە واتای راستی رامانی خەیاڵ نییە.

سەرلەنوێ لێکدانەوە دەرئەنجامی ئەو کارەیە، کە لەکاتی خەیاڵدا پێکهاتووە. نموونەی بەرزی شێوازێکە بۆ ئامادە کردنی سیستەمێك، کە بۆ تێکڕای سروشت و هەلومەرج و چاوەڕوانکاریەکانی بەکار دێت. دەزگا یان دژ کردەوەیەکی هزری و دەروونی لەنێو ئێمەدایە، کە لەنێو هەموو ئەو کەرەستە و ماتریاڵە سەرەتاییانەدا، دەدرێتە هێزی تێگەیین و رامانمان و بەلانی کەمەوە چاوەڕوانی یەکیەتی و یەکپارچەبوون و توانستی تێگەیشتن دەکات، بەڵام گەر بەهۆی هەندێك هەلومەرجەوە نەتوانێت پەیوەندییەکی تەندروست پێکبێنێت لەخۆ ئامادە کردن بۆ پەیوەندی ناتەندروست خۆی نابوێرێت یان دروست کردنی پەیوەندییەکی ناتەندروست رەد ناکاتەوە. هەندێك لەم سیستەمانە کە جێگۆڕکێ دەکەن نەك تەنها لەخەونـدا، بەڵکو لەترسە تارماوییەکان (phobie) و رامانی ڕاڕایی و هەندێك لەشێوەکانی شێتیدا (ورێنەدا) دەیان بینینەوە. بەسیستەم بوون لەنێو نیشانەکانی نەخۆشی پارانۆیادا رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، بەڵام نابێت خافڵ بین لەدەوریان لەنێو نەخۆشییە سووکە دەروونییەکاندا (psycho-nevrose).

بەئاسانی دەتوانین لەو بابەتانە تێبگەین، کە لەهەموویاندا کەرەستە و ماتریاڵە سەرەتاییە دەروونییەکان لە سەرلەنوێ کۆکردنەوەیەکدا گۆڕاون بۆ ئامانجێکی نوێ. گەر بمانەوێت سەرلەنوێ کۆکردنەوە لەئەنجامە بەدەست هاتووەکان لەڕوانگەی سیستەمەوە تێبگەین ئەوا بەزۆری دژوار دێنە بەرچاومان. کەواتە ئەو شتەی کەچاکتر لەشتەکانی دیکە سیستەم دیاری

دەکات ئەوەیە، کە هەریەك لەبەرهەمەکانی دەبێت هەڵگری دوو هۆ یان نیاز بن لەناواخنی خۆیاندا کە یەك لەوان دەرکەوتنی سەرەتای بنەڕەتی خودی سیستەمە (کەواتە لەوانەیە نیازێکی ورینەی بێت). ئەوی دیکە هەمان هۆ یان نیازە، کە شاراوەیە و لەڕوانگەی ئێمەوە هەمان نیازی راستی و کاریگەرە. ئێستا بە نموونەیەك کە لەنەخۆشێکم وەرگرتووە ئەم بابەتە روون دەکەمەوە. لەتاقیکردنەوەیەکدا سەبارەت بەتابۆ ئاماژەم بەنەخۆشێکی مێی خۆم داوە، کە سنووردار کردن و پاساخکارییەکانی بەشێوەیەکی سەرنج راکێش هاوشێوەی تابۆی مائۆرییەکانە. نەخۆشی ئەم ژنە بەدژی مێردەکەی سەری هەڵدابوو. لەڕاستیدا بەرگرییەك بوو، کە ئەم ژنە لەخۆیی دەکرد و بەهۆی ئاواتی نەستییەوە بەرامبەر بەمردنی مێردەکەی: بەڵام ترسی ئاشکرا و سیستەمی ئەو لەبەرامبەر بەکارهێنانی وشەی مردندا بوو. بەگشتی قەت لەم کاتانەدا باسێکی لەمێردەکەی نەدەکرد و بەجۆرێك دەینواند، کە وەك بڵێیت مێردەکەی لەنێو خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ کانی هەستیدا سڕابووەوە. تەنها شتێك کە لێی دەترسا بیستنی هەمان وشەی مردن بوو. رۆژێك زانی مێردەکەی کەسێکی راسپاردووە گوێزانی ریش تاشینەکەی ببات بۆی تیژ بکاتەوە. لەناکاو ئەوەندە ترسا کە هەستا و یەکڕاست خۆی رۆیشت بۆ دوکانەکە و لەگەڕانەوەدا زەختی لەمێردەکەی دەکرد کە واز لەو گوێزانە بێنێت، چونکە لەدراوسێیەتی ئەو دوکانەدا، دوکانێکی تایبەتی کەل و پەلی پرسە و ماتەمینی و تابووت فرۆشییەکی

لێیە. دەیگوت بەگوێرەی ئەو پلانەی کە مێردەکەی دایناوە لەنێوان گوێزان و بابەتی مردندا پەیوەندییەکی نەپچڕاو تۆکمە پێکهاتووە. بەهۆی خودی ئەم سیستەمەوەیە بەکارهێنانی گوێزانی یاساخ کردووە. دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین گەر لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ماڵەوەدا رووبەڕووی دوکانی تابووت فرۆشی نەبووبایەتەوە. دیسان هەر بەکارهێنانی گوێزانی یاساخ دەکرد. ئەوەندە بەس دەبوو لەڕێگەدا گالسکەیەکی مردووبەر یان کەسێکی ماتەمبار یان کەسێکی بدیتایە تاجە گوڵێنەیەکی تایبەتی ماتەمینی هەڵگرتووە یان رووبەڕووی شتێکی لەم چەشنە ببوبایەتەوە ئەوا هەر بەکارهێنانی گوێزانی یاساخ دەکرد. تۆڕی هەلومەرجی پێکهێنانی یاساخکارییەکی لەم جۆرە لەمێشکیا ئەوەندە بەرفراوان ببوو کە لەئاکامدا قوربانی چارەیەکی جگە لەپێکهێنانی یاساخکارییەکە بۆ نامێنێتەوە، چونکە ئەوەی پەیوەندیداری ئەو دەکات تەنها و تەنها سازدانی پەیوەندی مردن لەنێوان ئەو شتانەدایە کە دەیان بینێت. دەتوانم نەترسانە بڵێم قەت لەبابەتی دیکەدا ئاوڕێکی لەو وێنایانە نەداتەوە کە وەبیرهێنەری مردنن و بەپێچەوانەوە لەپاساوی هەڵسوکەوتی خۆیدا دەڵێت چەندە رۆژێکی خۆشە. بەڵام دەتوانین بەئاسانی سەبارەت بەهۆی راستەقینەی یاساخکردنی گوێزانی ریش تاشین بگەینە ئەم ئەنجامە. لەڕاستیدا یاساخکردنی گوێزانی ریش تاشین بەرگرییەك بوو لەهەستی چێژ وەرگرتن لەئەگەری بڕینی

قورگی مێردەکەی بەو گوێزانە تیژە، چونکە هەست لەچێژ وەرگرتنێکی بەم جۆرە لەنێو کولتووری ئەودا ناخۆش و قیزەونە.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین فلاَن کەم و کورتی لەرێ رۆیشتن یان فلاَن ترس لەفولکە و شەقام و چوونە بەرچاوی خەڵك راڤەی بکەین و سەرلەنوێ دایبڕژینەوە و نیشانی بدەین لەڕاستیدا ئەم کەم و کوڕی و ناهاوسەنگییانە راستی سیستەمێکە لەنیشانەی نەخۆشییەکان، کە لەباتی حەز و ئاواتەکانی نەستەوە یان بەرگری کردن لەفلاَن مەترسییەوە دێنە ئاراوە. نەخۆش چەندەی خەون و بیرەوەری کاریگەری لەنەستدا هەبێت هەموویان دەخاتە گەڕ یان وەلایان دەنێت تاکو ئەوانە وەك نیشانەی نەخۆشی پەیوەندیدار بەناهاوسەنگی لەرێ رۆیشتندا نیشان بدات و لەهەمان کاتدا کە لەگەڵ توخمەکانی دیکەی ئەم سیستەمە ناهاوسەنگەدا و لەڕوودا پەیوەندییەکی گونجاویان هەیە. کەواتە گەر بمانەوێت پێکهاتەی نەخۆشی و نیشانەکانی و وردەکارییەکانی ترسە تەماوییەکەی لەچوونە بەردەم رای گشتیدا یان دەرکەوتن لەبەرچاوی هەمووانــدا وەك نموونە لەنێو خودی سیستەم و نەخۆشییەکانی لەتاکەوە بۆ گشت هەڵێنجێنین دەرئەنجامێکمان وەدەست ناکەوێت و تەنها تووشی ماندووییەکی بێ ئەنجام دەبین. یەکپارچەیی و وردی و تۆکمەبوونی پەیوەندی نێوان ئەم سیستەمانە تەنها رووکارانەیە و گەر بەوردی تێبڕوانین، هەروەك ئەوەی لەناوەرۆکی دیاری خەوندا بینیمان رووبەڕووی خراپترین جۆری لێکپچڕان، سستی و نالۆژیکیەت دەبینەوە

لەنێو پێکهاتە و سیستەمی نیشانەکانی نەخۆشیدا. وردەکاریەکانی ترسێکی تەماوی و بەسیستەمی لەم جۆرە نیاز گەلێکی هەیە کە روون نین و هیچ پەیوەندییەکیان بەنەتوانین لەجوڵانەوەدا نییە، کەواتە لەم سۆنگەوەیە کە ئەم ترسە تەماوییانە لەنێو تاکە جۆراوجۆرەکاندا بەشێوەی جیاواز و ناکۆك دەردەکەون.

ئێستا ئاورێك لەسیستەمی ئانیمیسم بدەینەوە، کە بەتایبەتی لێرەدا زۆر بەقورسی جێگای سەرنجمانە و بەگوێرەی ئەوەی سەبارەت بەسیستەمەکانی دیکەی دەروون ناسی دەیزانین دەتوانین بگەینە ئەنجامێکی بەم جۆرە، کە تەنها داب و نەریت و سنووردارکردن و یاساخکارییەکانی خەڵکانی سەرەتایی لەخورافاتەوە دەرناکەون و ئەرکیش نییە ئەم خورافاتانە هەمان نیازی راستی بن، کە ئێمە لەتوێژینەوە بۆ دۆزینەوەی نیازە شاراوە و راستەقینەکانی دیکە بێ نیاز بکات. لەژینگەیەکدا کە بەگوێرەی سیستەمی ئانیمیسم بێت بەناچار بۆ هەر هەوڵ و کردارێك پاساوێك لەلایەن سیستەمەوە دێتە ئارا، کە ئەمرۆ ئێمە پێیدەڵێین ((خورافات)). ((خورافات))یش وەك ((دڵەڕاوکێ و پەشۆکان))، ((خەون)) و ((رۆحە ناپاکەکان)) یەك لەم پێکهاتە کاتیانەیە، کە هەر ئەوەندە بکەونە بەر دەروون شیکاری لێك هەڵدەوەشێن. کاتێك سەیری ئەو دیوی ئەم پێکهاتانە دەکەین، کە لەڕاستیدا بەرگری و داپۆشینێکە لەنێوان ناسین و راستییە

بەرچاوەکاندا لەوە بەئاگا دێین هێشتا بەگوێرەی پێویست ژیانی دەروونی و کولتووری هۆڤەکانمان لێ روون نییە.

گەر سەرکوتی غەریزەکان بەیەك لەپێوەرەکانی ئاست و پلەی شارستانیەت لێکبدەینەوە دەبێت بەناچار قبوڵی بکەین کە تەنانەت لەسەردەمی سیستەمی ئانیمیسم دا پێشکەوتن و گەشانەوە لەئارادا بووە، بەڵام وەك دەڵێن بەهۆی بنەما و نیازەکانی خورافە بوونەوە ئەوەندە بەگوێرەی پێویست و بێ لایەنانە و دوور لەگۆشەنیگایەکی دوژمنکارانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە.

کاتێك دەبیستین شەرڤانەکانی فلان خێڵی هۆڤ پێش رۆیشتن بۆ جەنگ قورسترین رێ شوێنەکانی پارانەوە و پەرەستن و خۆپاراستن بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن[1].

بەبێ دواکەوتن و یەکراست دەکەوینە دوودڵییەوە کە بڵێین هۆی پاراستن و دوورکەوتنەوە لەگلاوی لەنێوانیاندا لەم سۆنگەوەیە کە دەیانەوێت بەم رێگایە زێدەتر خۆیان لەبەرامبەر پەلاماری جادوویی دوژمنانندا رابگرن و رێك هەمان هۆکاری خۆراکی لەشیکردنەوەی بۆنە و خۆپاراستنەکانی دیکە و خۆ دوورخستنەوەیان لەشتی دیکەدا دێنینەوە. بەڵام وێرای گشت ئەم بابەتانە راستییەك هەیە، کە جەنگاوەری هۆڤ هەندێك لەغەریزەکانی سەرکوت دەکات. گەر ئەم بابەتەمان قبوڵ بێت کە

[1] فرێزر تابۆ و مەترسییەکانی رۆح لاپەرەی ١٥٨، و لاپەرەی ٢٠٠.

جەنگاوەری هۆڤەکان گشت ئەم رێ و رەسمانە بۆ راگرتنی هاوسەنگییە کە بەسەر خۆیانیدا دەسەپێنن باشتر لەبنەمای رووداوەکان تێدەگەین، چونکە ئەوان دەزانن بەم زووانە دەتوانن لەگۆڕەپانی جەنگدا بەچاکترین شێواز دڵڕەقییەکان و دوژمنکارییەکانی بەو جۆرەی کە دەیەوێت تێر بکات، کە لەکاتی ئاشتیدا دەرفەتێکی بەم جۆرەی بۆ نارەخسێت.

هەر بەگوێرەی ئەم بنەمایانە و دەتوانن بەم شێوازە فرەیەك لەسنوورداریيە سێکسییەکان لەکاتی تەنگ و چەڵەمە گەورەکاندا بەسەر خۆیاندا بسەپێنن و راڤەیشی بۆ دکەن.

بێهودە هەوڵدەدەن بەپەنابردنە بەر زانیاری جادویی و سنووردار کردنەکان پاساو بۆ خۆپارێزییە ناوبراوەکان بێننەوە. لەکاتێکدا هۆی سەرەکی گشت ئەم کردارانە ئەوەیە کە هۆڤەکان دەیانەوێت بەچەند خۆپارێزییەك پێش بە بەخشین و هاتنە خوارەوەی ئەو هێزانە بگرن. هەرچەندی بمانەوێت بڵێین ئەم پاساخکارییانە دەرئەنجامی بروبیانوی جادویین دەبێت ئەوسا ریشە تەندروستییەکانی بابەتەکە لەیاد ببەینەوە. کاتێك پیاوانی خێڵێك دەچن بۆ نێچیر، راوەماسی، جەنگ یان بۆ کەندنی رووەکە پیرۆزەکان بانگهێشت دەکرێن ژنەکانیان لەماڵ دەمێننەوە لەم ماوەیەدا لەسنووردار کردنە جۆراوجۆر و دژوارەکان پەیڕەوی دەکەن وەك پیاوانی هۆڤ دەڵێن ئەم کردارانە لەدوورەوە زۆر بەقورسی کاریگەریەتی لەسەرئەنجامی کارە دژوارەکانیان دەکات. بەلام تێگەیشتن لەم واتایە

زیرەکیەکی فرەی ناوێت. مەبەست لەکاریگەریەتی خۆ پاراستنی ژنان لەسەر دەرئەنجامەکانی کاری پیاوان هیچ نییە جگە لەبیر کردنەوەی گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە خۆشاردنەوە و خەفەتیان بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لەیەکتر نییە و لەپاش گشت ئەم جل و بەرگە جۆراوجۆرانەوە (ئەو شتەی کە ناوەو و دەرەوەیان لەیەکتر جیاوازە) رامانێکی دەروون ناسیانە خۆی حەشارداوە. ئەویش ئەوەیە پیاوان تەنها کاتێك خۆ دەدەنە کاری قورس و گران کە بیر و هۆشیان لەلایەن ژنەکانیانەوە کە لەماڵەوەن ئاسوودە بێت ئەویش لەکاتێکدا کە کەس ئاگای لێیان نییە و هەندێك جار زۆر راشکاوانە و بەبێ ئەوەی ئاماژە بەنیازێکی دەروون ناسی یان جادوویی بکەن دەڵێن خیانەتی ژن لەکاتی ئامادە نەبوونی پیاوەکەیدا یان لەکاتی دیار نەبوونی پیاوەکەیدا بەهای کارە کاریگەرەکەی مێردەکەی لەناو دەبات. یاسا گەلێکی بێ هەژمار کە ژنان لەکاتی عادەتی مانگانەدا ناچارن پەیرەوی بکەن تەنها بەهۆی ترسێکی خورافیە لەخوێن و دەبێت قبوڵی بکەین کە ئەمە تەنها هۆی راستەقینەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێت ئاگامان لەمەبەستی تەندروستی و پاك و خاوێنی و جوانی ناسانەی ئەم ترسەیش هەبێت، چونکە بەزۆری نیازێکی لەم جۆرە لەپشت جل و بەرگە جۆراوجۆرەکانی جادوو ئاسا و شاراوە دەمێننەوە. دڵنیام بەهۆی ئەو تاقیکردنەوانەی کە تا ئێستا لێرەدا بۆ راڤەی داب و نەریتی هۆڤەکان بەئەنجامم گەیاندوون خۆم دەخەمە بەر ئەم رەخنەیە کە دەڵێت، ئەوەندە وردەکاری دەروونناسانەم داوەتە پاڵ هۆڤەکان

کە سنووری بەزاندووە، بەڵام لەو بڕوایەدام دەروون ناسی ئەو گەلانەی کە لەقۆناخی ئانیمیسمدا ماونەتەوە بەجۆرێکی دیکە لێکبدەینەوە تووشی هەمان هیوا بڕاوی و بێ دەرئەنجامییەمان دەکات کە لەژیانی دەروونی منداڵاندا پێگەیشتووین، چونکە کەسانی پێگەییو و گەورە لەوردەکاری و دەوڵەمەندی دەروونی منداڵان خافڵین و ناتوانین لێی تێبگەین.

دیسان لەخوارەوە گرووپێك لەیاسا تابۆییەکان ڕاڤە دەکەم کە تائێستا شیکردنەوەم بۆ نەکردوون، چونکە ئەو یاسایانە بەشێوەیەکی زەق و بەرچاو ڕاستگۆیی ڕاڤە دەروون شیکارییەکانمان ڕاست دەکاتەوە. لەنێو هەندێك لەخێڵە هۆڤەکاندا هەڵگرتنی چەکی تیژ و کەل و پەلی تیژکراو لەنێو ماڵدا و بەگوێرەی هەندێك هەلومەرج یاساخکراوە.

فریزر ئاماژە بەخۆرافاتێکی ئەڵمانی دەکات، کە بەگوێرەی ئەو خۆرافاتە نابێت دەمی تیژی چەقۆ بەرەو ئاسمان بگریت نابێت هەر بەم جۆرە لەجێگای خۆیدا دای بنێیت، چونکە لەوانەیە خوا و مەلاییکەکان برینداد بکات. چۆن دوور نییە و دەکرێت ئەم تابۆیە ئاماژە بە "هەندێك لەکردارە نەخۆشییەکان"[1] بدات بەهۆی چەکێکی تیژ و لەژێر کاریگەریەتی نیازە خراپەکانی نەست دا پێك بێت و لێکی نەدەینەوە؟

---

[1] کردارە نەخۆشەکان یان بێ ئەنجام و سەرنەگرتوو (symptomatik-acts) وەك هەڵەی زمانی و نووسین کە بۆ خۆی نیشانەیەکە لەنیازەکانی نەست.

## تاقیکردنەوەی چوارەم

## گەڕانەوە (سەرهەڵدانەوەی) ئاژەڵ پەرستی لەنێو منداڵاندا.

دەروون شیکاری بەردەوام و جیاواز هۆکارەکانی کردار و پێکهاتە دەروونییەکان لەکۆنترین سەردەمەکانەوە و بەقوڵترین شێواز دەدۆزێتەوە. جێگای سەرسوڕمانە گەر دوودڵ بن لەدیاردەیەکی ئاڵۆز و تەماوی وەك ئایین و تەنها هاتنی لەیەك چاوگەوە بزانین. کاتێك دەروون شیکاری بەهۆ ناچاری یان بەهۆی ئەرکەوە ناچار بێت خۆی یەك لایەنە نیشان بدات و تەنها یەکێك لەچاوگەکانی دەزگا ناوبراوەکان ئاشکرا بکات لەو سۆنگەوە نییە کە ئەم چاوگەیە زۆر تایبەتمەندانە و بەتەنها سەرچاوەی لێکبداتەوە یان تەنانەت لەنێو سەرچاوەکانی دیکەدا لەئاست و پلەی یەکەمدا دای بنێت. تەنها لەوانەیە لەسەرجەم ئەو دەرئەنجامانەی کە لەبەشە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەدا بەدەست هاتوون ئەو دەرئەنجامە دەربکەوێت چ بایەخ و متمانەیەکی رێژەیی پێ بدەین و سەبارەت بە دەرکەوتنی باوەڕ و ئایین لەنێو ئەو دەزگایەدا کە لەخوارەوە شی دەکەمەوە چ رادە و رێژەیەکی بۆ دیاری بکرێت، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی بەم جۆرە هەم لەڕادە و ئامرازەکانی ئێمە و هەم لەدەرەوەی ئامانجەکانی دەروون شیکارییە.

## بەشی یەکەم:

لەیەکەمین تاقیکردنەوەمدا لەنێو ئەم پەرتووکەدا سەربەخۆیانە چەمکی ئاژەڵ پەرەستیم خستە ڕوو و لەوە تێگەیشتین، کە ئاژەڵ پەرەستی سیستەمێك بووە لەنێو چەند خێڵێکی هۆڤی ئۆستۆرالیا، ئەمریکا و ئەفیریقیادا جێگای ئایینزای گرتۆتەوە و چەند بنەمایەکی بۆ دەزگای کۆمەڵایەتی پێشکەش کردووە. دەزانین لەساڵی ١٨٦٩ دا یەك لەدانیشتوانی سکاتلەند بەنێوی "ماك لێنان MAC-LENNAN" رای گشتی کێشایە سەر دیاردەی ئاژەڵ پەرەستی، کە تاکو ئەوکاتە ئەوەندە بەبایەخ و گرنگییەوە لێکنەدەدرایەوە و گوتی دەبێت ریشەی زۆربەی داب و نەریتە باوەکانی ناو گەلانی نوێ و کۆن لەقۆناخی ئاژەڵ پەرەستیدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین. پاشان زانیارەکان لەهەموو رەهەندە گرنگەکانی ئاژەڵ پەرەستی بەئاگا هاتن. لێرەدا ئاماژە دەدەم بەیەك لەدوایین بۆچوونەکان لەم بوارەدا، کە لەلایەن ((وونت))ەوە خراوەتە ڕوو و لەپەرتووکێکدا بەناونیشانی "بنەماکانی دەروون ناسی گەلان" لە ١٩١٢ دا کۆی کردۆتەوە "بەگوێرەی گشت ئەم راستیانە دەتوانین بەبێ ئەوەی بەهەڵەدا برۆین قبوڵمان بێت کە کولتووری ئاژەڵ پەرەستی لەهەموو شوێنێکدا وەك قۆناخی سەرەتایی یان قۆناخی بەرزەخ و گواستنەوە لەنێوان مرۆڤە سەرەتاییەکان و سەردەمی پاڵەوانەکان و خواوەندەکاندا ببینین".

بەگوێرەی روانگەی ئێمە دەبێت بەوردی ولەنزیکەوە لێکۆڵینەوە لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئاژەڵ پەرەستی بکەین، لەبەر چەند هۆیەك کە پاشان روون دەبێتەوە دەمەوێت لێرەدا لێکۆڵینەوەکەم بە بەراورد کردنی راپۆرتێکی "س. رایناخ S.reinach" دەست پێ بکات، کە لەساڵی ١٩٠٠ دا کۆمەڵێك یاسای بەناونیشانی ئاژەڵ پەرەستی لەدوانزە خاڵدا دارشتووە وجۆرێکە لەبنەما و یاساکانی رێبازی ئاژەڵ پەرەستی[١] .

١. دەبێت خۆت بپارێزیت لەکوشتن و خواردنی هەندێك ئاژەڵ، دەبێت پیاوان چەند سەرێکی جۆراوجۆریان لێ پەروەردە بکەن و پارێزگارییان لێ بکەن.

٢. ئەو ئاژەڵەی کە دەمرێت دەبێت پرسانەی بۆ دابنرێت و دەبێت لەناشتنەکەیدا هەمان رێ و رەسم پەیرەو بکرێت، کە بۆ مردن و ناشتنی فلان ئەندامی خێڵ دەکرێت.

٣. هەندێك جار پارێز کردن لەخواردن تەنها بەشێك لەجەستەی ئاژەڵێکی یاساخکراو دەبێت.

٤. کاتێك ناچار دەبن ئاژەڵێکی یاساخکراو بکوژن و بیخۆن دەبێت لەرووبەروویدا داوای لێبوردنی لێ بکەن و بەشێوازی

[١] لەنۆکتۆبەری ١٩٠٠ دا لەنێو "گۆڤاری زانستی" دا هاتووە، کە پاشان لەنێو بەرهەمە چوار بەرگییەکەی نووسەردا بەناونیشانی پەرستنەکان، ئەفسانەکان و ئایینزاکان لە ١٩٠٩ دا بڵاوی کردۆتەوە بەرگی یەکەم لاپەڕەی ١٧.

جۆراوجۆر ڕێ و شوێن و پێش گرتن و چارەسەری بگرنە بەر تاکو پێش بەسوکایەتی کردنی تابۆی کوشتنی گیان لەبەرێك بگرن.

٥. کاتێك لەبۆنەیەکی تایبەتدا ئاژەڵێك دەکەنە قوربانی دەبێت بەشێوەیەکی شکۆمەندانە و بەداخ و پەژارەیەکی زۆر و فەرمی دەست بەگریان بکەن.

٦. لەهەندێك لەدەرفەتەکاندا، کە لەنێو بۆنەکاندایە دەبێت پێستی هەندێك لەئاژەڵەکان لەبەر بکەن، بۆ نموونە لەڕێ و ڕەسمە ئایینزاییەکاندا. لەنێو ئەو خێڵانەدا کە هێشتا لەسەر شێوازی ئاژەڵ پەرەستی ژیان دەکەن لەڕێ و ڕەسمی بەم جۆرەدا پێستی ئاژەڵی یاساخکراو (تەوتەم totem) لەبەر دەکەن.

٧. خێڵەکان و تاکەکان نێوی ئاژەڵە یاساخکراوەکان لەسەر خۆیان دادەنێن.

٨. زۆربەی خێڵەکان وێنەی گیانلەبەری یاساخکراو وەك نیشانە و ئارم بەکار دێنن و لەسەر چەکەکانی خۆیان وێنەکەی دەکێشن و پیاوان وێنەی گیان لەبەران لەسەر جەستەی خۆیان دەکێشن و پاشان بەشێوازی خاڵ کوتان لەوێدا وێنەکە جێگیر دەکەن.

٩. کاتێك ئاژەڵی یاساخکراو ئاژەڵێکی ترسناك بێت. ئەو کەسانەی لەگەڵێدا هاوناو بن لەمەترسییەکانی (پەلامارەکانی) ئەو ئاژەڵە پارێزراو دەبن.

١٠. گیان لەبەری یاساخکراو پشتیوانی و بەرگری لەتاکەکانی کلان دەکات.

١١. گیـان لەبـەری یاسـاخکراو هـەواڵ و پێـشهاتەکانی داهـاتوو بـە پەیرەوەکانی رادەگەیەنێت و رێنوێنی یان دەکات.

١٢. بـەزۆری ئەنـدامانی خێڵـە ئـاژەڵ پەرەسـتەکان لـەو بڕوایـەدان پەیوەستن بەئاژەڵی یاساخکراوەوە و ریشە و بنەچەیان یەکێکە.

بۆ ئەوەی بتوانین بـەگوێرەی پێویـست ئـەم یاسا و بنەمایانـەی رێبـازی ئاژەڵ پەرەستی بنرخێنین دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە رایناخ گشت نیشانە و دیاردە وپاشماوەکانی ئەو سەردەمە کە ئێستا بـەگوێرەی ئەوانـە مەزندەیان دەکەین یان دڵنیـاین کـە سـەردەمێك لەسـەردەمەکان سیـستەمی ئاژەڵ پەرەستی هەبووە بردوویەتیـە نێـو ئـەم یاسایانە و ئامـاژەی پێـداون. دتوانین لێرەدا شێوازی تایبەتی ئەم لێکۆڵەرە بناسین، کە ئـەویش هەنـدێك لەتایبەتمەندییـەکانی ئـاژەڵ پەرەسـتی وەلانـاوە و پاشـان دەبیـنین لـەدوو بابـەتی بنـچینەی و بنـەمای رێبـازی ئـاژەڵ پەرستـی دا ئـەم نووسـەرە یـەکێکیانی بـە تـەواوەتی سـڕیوەتەوە و ئـەوی دیکەیـشی ئەوەنـدە گـرنگ لێکنەداوەتەوە.

بۆ ئەوەی بەدروستی شارەزای تایبەتمەندییـەکانی ئـاژەڵ پەرەسـتی بـین روو لەلێکۆڵەرێك دەکەین کە بەرهەمێکی چواربەرگی تایبـەتی لـەم بـوارەدا

نووسیوە و هاوکات لەگەڵ ئەمەدا کۆمەڵێك بینین و باسی تێر و تەسەل و قوڵی بەئەنجام گەیاندووە. قەت ناتوانین قەرزارباری خۆمان بۆ فرێزر نووسەری پەرتووکی ئاژەڵ پەرەستی و زەواج لەگەڵ بێگانەدا[1] لەیاد بکەین، هەرچەندی لێکۆڵینەوە دەروون شیکارییەکانی من دەرئەنجامەکانی جیاواز و ناکۆکن لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی ئەودا[2].

---

[1] ئەم پەرتووکە ساڵی ١٩١٠ نووسراوە.

[2] لەوانەیە باشتر بێت پێشتر خوێنەران لەگیروگرفتەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە ئاگادار بکەینەوە تاکو لەم بوارەدا بۆ خۆیان دڵنیابن. لەهەنگاوی یەکەمدا ئەو کەسانەی کە دیتنەکانی خۆیان کۆ دەکەنەوە ئەو جۆرە کەسانە نیین کە بتوانن لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن. گەشتیاران و بانگەشەکارانی ئایینی بینینەکانی خۆیان کۆکردۆتەوە و ئەو پسپۆڕانەی کە قەت رووبەرووی بابەتی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان نەبوونەتەوە خۆیان مژوڵی راڤە و شیکردنەوەی دەکەن. تێگەیشتن لەهۆڤەکان کارێکی ئاسان نییە. گشت ئەو بینەرانە شارەزای زمانی هۆڤەکان نەبوون و ناچار بوون بەرێگای وەرگێڕان یان یارمەتی لەزمانی ئینگلیزی وەربگرن، کە تەنها کرێکارانی خۆجێیی لەکەنارەکان و بەندەرەکاندا دەیانتوانی سەروپێ بشکێنن. هۆڤەکان حەزیان لەپەیوەندی گرتن و هەڵسوکەوت نییە و ئامادە نین ساکارترین بابەتی کولتووری خۆیان بەکەسێکی دیکە بڵێن. یان تەنها بەو کەسانەی دەڵێن کە لەمێژە لەگەڵیاندا ژیان دەکەن و لەبەر زۆر هۆکاری جیاواز و بەزۆری زانیاری هەڵە و نادیار دەدەنە مرۆڤ. (سەیری پەرتووکی دەرکەوتنی ئایینزا و ئاژەڵ پەرستی لەنێو دانیشتوانی ئۆستۆرالیادا بکە "گۆڤاری دوو حەفتانە" ١٩٠٥ ــ ئاژەڵ پەرەستی و زەواج لەگەڵ بێگانەدا بەرگی یەکەم لاپەڕەی ١٥٠ هەر دوو بابەت فرێزر نووسیونی). نابێت لەیاد بکەین گەلانی سەرەتایی نەك تەنها و لاو تازە نین، بەڵکو رابردوویان بەقەدەر گەلانی شارستانییە و نابێت چاوەڕوان بین رامان و دەزگاکانیان بەبێ دەستکاری کردن و ئاڵوگۆڕ تا ئێستا مابنەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دڵنیاین گۆڕانکاری قووڵ لەهەموو رەهەندەکاندا بەسەر گەلانی سەرەتاییدا هاتووە بەجۆرێك کە قەت ناتوانین بڵێین ئەوەی لەبڕواکانیان لەم رووەوە ماوەتەوە وەکو بەڵگەیەکی بەردینەیە و دەستکاری نەکراوە و ماوەتەوە یان بەدرێژایی زەمەن کامیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لەم سۆنگەیەوە لێکۆڵەرەوان هەمیشە توێژینەوە دەکەن تاکو بەڵگە هەڵە و ناڕاستەکان لەڕاست و دروستەکان جیا بکەنەوە لەئەنجامدا دیاری کردنی رابردوو و پێشینە تێکەڵەیەکە لەمەزندە و تیۆری لەدواییدا دەبێت بڵێین ناتوانین بەئاسانی خۆمان لەجێگای خەڵکانی سەرەتایی دابنێین، چونکە خەڵکانی سەرەتایی بەهەمان رادە کەم دەناسین کە منداڵەکانی خۆمان دەناسین و هەمیشە ئەو ئەگەرە لەئارادایە کە کردار و گوتار و هەستەکانیان بەگوێرەی هێما و وێنا زەینییەکانی خۆمان راڤە بکەین.

فریزر لەیەکەم پەرتووکیدا "ئاژەڵ پەرەستی" (ئەدینبۆرگ ١٨٨٧) کە پاشان لەبەرگی یەکەمی پەرتووکە مەزنەکەیدا "ئاژەڵ پەرەستی و زەواج لەگەڵ بێگانەدا" دووپات بۆتەوە دەڵێت: تەوتەم شتێکی مادییە، کە هۆڤەکان ڕێزێکی خورافە ئاسای زۆری لێدەگرن. چونکە وا بیر دەکەنەوە کە لەنێوان خودی خۆیان و هەر یەك لەو شتانەی بەم جۆرەن پەیوەندییەکی تەواو تایبەت لەئارادایە. پەیوەندی نێوان مرۆڤ و تەوتەم، پەیوەندییەکی بەرامبەرانە و دوو ڕەهەندییانەیە. تەوتەم پشتیوانی لەمرۆڤ دەکات و مرۆڤیش لەبەرامبەریدا هەڵدەستێت ڕێزی جۆراوجۆری لێدەگرێت و پێشکەشی دەکات و خۆی دەپارێزێت لەکوشتنی (کاتێك ئەو شتە گیان لەبەرێك بێت) خۆی لەهەڵکەندن و دروێنە کردنی دەپارێزێت (کاتێك ئەم شتە رووەك بێت) تەوتەم لەڕوانگەی قوربانییەوە هەندێك جیاوازی هەیە. تەوتەم قەت شتێکی نەگۆڕ و تاك و زۆر تایبەتمەندانە نییە، بەڵکو سەمبولی دەرکەوتنی جۆرێك لەئاژەڵ و رووەکە و زۆر بەدەگمەن شتێکی بێ گیان دەبێتە تەوتەم و لەهەندێك کاتی ناوازەدا دەبێتە نوێنەری شتە دەست کردەکان و لەڕاستیدا تەوتەم گشتێکە.

بەڵانی کەمەوە دەتوانین ئاماژە بە سێ گرووپی تەوتەمی بدەین، کە لەڕاستیدا یەك گشتن:

١. تەوتەمی خێڵ لەوەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە.

٢. تەوتەمی تایبەت بەیەك رەگەز، واتە ئەو تەوتەمەی كە تایبەتی تاكە مێیەكان و یان نێرەكانی فلان خێڵە تەنها ئەمان دەگرێتەوە پەیوەندی بەرەگەزەكانی دیكەوە نییە.

٣. تەوتەمی تاكە كەسی كە تەنها پەیوەستە بەكەسێكی تایبەتەوە و تەنها دەگوازرێتەوە سەر وەچەكانی خۆی.

ئەم دوو گروپەی دوایی لەنێو تەوتەمەكاندا گرنگییەكی ئەوتۆیان نییە و برەویان بەقەدەر تەوتەمی خێڵ نابێت. لەسەر ئەو بڕوایەن كە تەوتەمەكانی ئەم دوو گروپە پاشان دەركەوتوون و هەڵگری تایبەتمەندییە سەرەكییەكانی تەوتەم نین.

تەوتەمی خێڵ (پەیوەست بەكلانەوە) لەلایەن گروپێك لەژنان و پیاوانەوە دەپەرستێت، كە هەر بەهەمان ناوی تەوتەمەوە ناو دەبرێن و خۆیان بەوەچەی ئەژدادێكی هاوبەش دەزانن و بەئەرك و تەوتەمێكی هاوبەشەوە تێكەڵی یەك بوون و پەیوەندیداری یەكن.

ئاژەڵ پەرەستی (تەوتەم پەرەستی) هەم سیستەمێكی ئایینییە و هەم سیستەمێكی كۆمەڵایەتی. لەڕوانگەی ئایینییەوە بریتیە لەپەیوەندی و رێز گرتن بەرامبەر بەیەكدی كە لەنێوان تاكەكان و تەوتەمەكەیاندا پێكهاتووە. لەڕوانگەی كۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیداری ئەو ئەركانە دەكات كە تاكەكانی خێڵ و كلانێك بەرامبەر بەیەكدی هەیانە. تەوتەم پەرەستی بەدرێژایی وەرچەرخانەكانی شاهیدی لەیەك جیابوونەوەی ئەم دوو رەهەندەی (ئایینزا

و کۆمەڵایەتی) خۆی لەیەکتر بوو و بەزۆری سیتەمی کۆمەڵایەتی پاش هەڵوەشاندنەوە هەرەس هێنانی سیستەمی ئاینی درێژە بەمانەوەی خۆی دەدات و بەپێچەوانەوە چ ئاسەوارێکی تەوتەم پەرەستی لەئایینی ئەو وڵاتانەدا ماوەتەوە دەبینرێن و پاشان سیستەمی کۆمەڵایەتیان کە بەگوێرەی تەوتەم پەرەستی بووە تێدا چوون.

بەگوێرەی ئەو نائاگاییەی ئێمە سەبارەت بەریشەکانی تەوتەم پەرەستی هەمانە لەسەر چۆنیەتی پەیوەندی لەنێوان ئەم دوو رەهەندەدا، کە لەسەرەتا و تاکو کۆتایی چۆن بووە ناتوانین شارەزایانە لێی ورد بینەوە. بەڵام دڵنیاین هەر لەهەمان سەرەتاوە ئەوەندە تێکەڵ بەیەك بوون کە بەجیا نەبووە لێك دەدرێنەوە. لەواتایەکی دیکەدا هەرچەندی بۆ دواوە بگەڕێینەوە زێدەتر لەوە بەئاگا دێین کە تاکەکانی خێڵ خۆیان پەیوەست بەهەمان جۆری تەوتەمی خۆیان دەزانن و رێبازیان لەنێو هاو رەگەزەکانیاندا هەر هەمان مافە کە بۆ تەوتەمێك بەرەوای دەزانن. فرێزر لەکاتی وەسف کردنی تایبەتمەندی تەوتەمدا، کە وەك سیستەمێکی ئایینزایانە باسی دەکات دەڵێت تاکەکانی خێڵێك خۆیان بەناوی تەوتەمی خێڵەکەیانەوە ناو دەنێن و بەگشتی لەو بڕوایەدان لەخودی وەچەی تەوتەمەکەن و هەر لەم روانگەیەوەیە، کە ئەو ئاژەڵەی دەیپەرستن راوی ناکەن و نایکوژن و نایخۆن و گەر تەوتەم شتێکی جیاواز لەئاژەڵ بێت قەت بۆ خۆیانی بەکار ناهێنن. یاساخکردن، کوشتن و خواردنی ئاژەڵی تەوتەم

تەنها بەهۆی تابۆ بوون و ئەو ڕێزە نییە کە پێی دراوە چونکە هەندێك جار دەست بەرکەوتن و سەیر کردنیشی یاساخ و حەرامە و هەندێك جاریش بانگ کردنی بەنێوە ڕاستیەکەیەوە یاساخە. لادان لەم یاساخکاری و سنووردار کردنە تابۆییانە، کە تەنها مەبەستی هێشتنەوە و پارێزگاری کردن لەتەوتەمە یەکڕاست ولەخۆڕا دەرکەوتنی نەخۆشییە گرانەکان و مەرگ و بەسزا گەیاندنی لەگەڵ خۆی دێنێت.

بەزۆری چەند سەرێك لەرەگەزی ئەو ئاژەڵەی کە تەوتەمن لەنێو خودی کلاندا بەدیلی گەورە دەکرێن. کاتێك ئاژەڵە تەوتەمییەکە دەمرێت هەر وەك ئەندامێکی کلان بەڕێز و شکۆوە پرسە و ماتەمینی بۆ دادەنێن و بەخاکی دەنێژن و کاتێك ئاژەڵە تەوتەمییەکە دەکوژن ڕێك هەمان بۆنە ئەنجام دەدەن کە لەنێویدا داوای لێبوردنی لێدەکەن و کەفارەیشی بۆ دەدەن.

چاوەڕوانی خێڵ لەو ئاژەڵەی کە دەیپەرستن سۆز و خێر و پشتیوانییە و گەر ئاژەڵەکە ئاژەڵێکی مەترسیدار بێت (وەك ئاژەڵێکی ڕاوچی یان ماری ژەهراوی) لەو بڕوایەدان زەرەر بەپەیرەوەکانی ناگەیەنێت و ئەگەر زەرەریان سەدەمە و پەلاماری کەسێك بدات ئەو کەسە بریندار یان زەرەرمەندە لەنێو خێڵەکەیان دەردەکەن. فرێزر لەو بڕوایەدایە، کە سەرەتا سوێند خواردن وەکو تاقیکردنەوەیەك وابووە بۆیە هەندێك جار ئەم ئەرکەیان بەخودی تەوتەم دەسپارد بەتایبەت ئەو کاتانەش کە سەلماندنی ڕاستییەك یان دیاری کردنی بنە و بنەچەیەك بخوازرایە. تەوتەم لەکاتی

نەخۆشیدا یارمەتی مرۆڤەکان دەدات و هەندێك نیشانە و ئاماژە بەتاکەکانی نێو کلانی خۆی نیشان دەدات. دەرکەوتنی تەوتەم لەنێو ماڵ یان دەوروبەریدا نیشانەیە لەمردن و لەڕاستیدا تەوتەم هاتۆتە نێو ماڵ تاکو خزم و کەسەکانی لەگەڵ خۆی ببات[1].

ئەندامی کلان هەوڵ دەدات لەزۆربەی دەرفەتەکاندا بەتوندی جەخت لەخزمایەتی خۆی لەگەڵ ئاژەڵی تەوتەمدا دووپات بکاتەوە و لەئەنجامدا و لەڕوودا خۆی دەکاتە هاوشێوەی هەمان ئاژەڵ. وێنایەك لەو ئاژەڵە لەسەر جەستەی دەکێشێت و پێستەکەی لەبەر دەکات و ... هتد. لەنێو دەرفەتە فەرمییەکاندا وەك لەدایك بوون، جەژنی پێگەیین و ناشتن، ئەم کردارە دەچێتە واری نەشەبوون و چوونە نێو بەرگی تەوتەم و کەوتنە قسە کردن بەخۆیەوە دەبینێت. هەندێك سما و هەڵپەڕکێی تایبەت هەن، کە هەموو ئەندامانی خێڵ پێستی تەوتەم لەبەر دەکەن و خۆیانی پێ دەپۆشن و هەڵسوکەوتی تایبەت بەئاژەڵی تەوتەم لەخۆیان دەردەخەن و مەبەست لەئەنجام داینی گشت ئەم کارانە گەیشتنە بەچەند ئامانجی جادویی و ئایینی و لەئاکامدا ڕێ و ڕەسمێکیان هەیە کە لەنێو ئەم ڕێ و ڕەسمەدا بەگوێرەی ڕێ و ڕەسمێکی تایبەت ئاژەڵە تەوتەمییەکە سەر دەبڕن. (هەمان پەرتووك لاپەڕەی ٤٧ بەتایبەتی بەشی سەربڕین و قوربانی)، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئاژەڵ پەرەستی بەشێوازێکی قورس گرتن بەتایبەتی

[1] وەکو دەرکەوتنی خاتونێکی "سپی پۆش" لەنێو هەندێك لەبنەماڵە ڕەسەن و دەوڵەمەندەکاندا.

لەپێکهێنانی یاساخکارییەکان و بەرفراوان کردنی سنووردار کردنەکاندا دەردەکەوێت. تاکەکانی کلانێکی تەوتەمی خۆیان بەبرا و خوشکی یەکدی دەزانن کە لەبەرامبەردا خۆیان بەپابەند دەزانن بۆ یارمەتیدان و پشتیوانی کردن لەیەکتر. کاتێك بێگانەیەك ئەندامێکی کلان دەکوژێت هەموو ئەندامانی خێڵی کوژراوەکە پێکەوە داوای کەفارە و خوێنی کوژراوەکەیان دەکەن و هەموو ئەندامانی خێڵی بکوژەکەیش خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن. تۆڕەکانی پەیوەندیدار بەتەوتەمەوە تۆکمەترن لەپەیوەندی خێزانی لەواتا ئەمرۆییەکەیدا، هەر چەند پەیوەندییەکانی تەوتەم لەگەڵ پەیوەندییەکانی خێزاندا یەك نین، چونکە بەگشتی تەوتەم بەرێگای منداڵانی دایکەوە دەگوێزرێتەوە و لەوانەیە هەر لەهەمان سەرەتاوە بۆماوە لەلایەن باوکەوە بەشێوازێکی فەرمی نەناسرابێت.

لێرەدا ئەو ئەنجامەمان بۆ دەرکەوت کە نابێت ئەندامانی کلانێکی تەوتەمی ژن و مێردایەتی بکەن و دەبێت بەگشتی خۆیان بپارێزن لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ یەکتردا، کەواتە لێرەدا بابەتی هاوسەر گرتن لەگەڵ بێگانەدا دێتە ئاراوە و بەڕاستی یەکێك لەفایل و ناوەرۆکە ناسراو و مەتەڵێنەکانی ئاژەڵ پەرەستی و ئێمە گشت تاقیکردنەوەکەی یەکەمی خۆمان لەم پەرتووکەدا تەرخان کردووە بەم بابەتەوە. نابێت لەیاد بکەین بابەتی هاوسەر گرتن لەگەڵ بێگانەدا هۆکارەکەی ترسە لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا (مەحرەمە تەوتەمییەکان)، کە لەنێو گەلە

سەرەتاییەکاندا زۆر بەتوندی برەوی هەبووە. هاوسەر گرتن لەگەڵ بێگانەدا وەك پێشگرتنێك بەرامبەر بەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا و بەگوێرەی هەلومەرجی ژن و مێردایەتی بەکۆمەڵ بابەتێکی ئاساییە و لەهەنگاوی یەکەمدا ئامانجی پاراستنی وەچەی لاو و گەنجە لەپەیوەندی نەکردنی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا و پاش هەندێك گۆڕانکاری بووە پارێزگاری کردنیش بۆ وەچە کۆنەکان، کە پێش بە پەیوەندی لەم جۆرە بگرن.

دەبێت چەند راپۆرت و لێکۆڵینەوەی نوێ زیاد بکەین بەلێکۆڵینەوەکەی فرێزر کە یەکێکە لەیەکەم لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا. و. وونت لەپەرتووکی بنەماکانی دەروون ناسی گەلاندا، کە لەساڵی ۱۹۱۲ دا بڵاو بۆتەوە دەڵێت: ((گیانلەبەری تەوتەم وەك گیانلەبەرێك لێکدەدەنەوە کە پەیوەست بووە بە جەدی (باپیرە گەورەی) گروپەوە، کەواتە لەلایەکەوە تەوتەم ناوی گروپە و رێژەییە و لەلایەکی دیکەوە چونکە ناوی ئەژدادی هەمان گروپی پەیرەوکارە واتا و متمانەیەکی ئەفسانەیشی هەیە. واتا ناوبراوەکان هیچیان لەوی دیکە جیاواز نییە، هەندێك جار هەندێك لەو واتایانە پشتگوێ دەخرێت و ئەو کات تەوتەم تەنها وەك شێوەی شێوازی ناو لەسەردانانی بەشە جیاوازەکانی کلانی لێدێت. لەکاتێکدا لەسۆنگەی دیکەوە و لایەنی نوێنەرایەتی واتە رێژەیی و ئەژدادی یان لایەنی کۆمەڵایەتی تەوتەم دەچێتە پلەی یەکەمی بایەخ پێدانەوە ... بەگوێرەی هەندێك یاسا

لەچەمکی تەوتەم بۆ ڕێکخستنەوەی ناوخۆی بەشە بچووکەکانی کلان سودیان وەردەگرت. ئەم یاسایانە لەنێو بڕوا و هەستی ئەندامانی کلاندا ڕەگێکی قوڵی داکوتاوە و ئەو دەرئەنجامەیان لێ وەرگرتووە، کە لەسەرەتادا گیانلەبەری تەوتەم تەنها بۆ ناودانان لەسەر خێڵەکان و ئەندامانی خێڵەکە نەهاتووە، بەڵکو لەزۆربەی بوارەکاندا گریمانەی ئەوەی بۆ کراوە ئەژدادی فلان گروپی بچووکیشە...، هەر بەم بۆنەوەیە کە پاشان ئەژدادی ئاژەڵی خۆیان دەپەرستن. ئەگەر گوێ نەدەینە چەند ڕێ و ڕەسم و بۆنە و جەژنێك ئەوا لەبنەڕەتدا ڕێبازی ئەژداد پەرەستی وەك ڕێبازێکی دیاری کراوی لێهاتووە لەنێو خێڵەکانی تەوتەمدا، بەو واتایە کە تەنها فلان ئاژەڵی دەست نیشان کراو تاك نییە کە بەپیرۆزی لێکدەدەنەوە، بەڵکو گشت نوێنەرەکان یان تاکەکانی لەو جۆرە تاکو ڕادەیەك پیرۆز دەژمێردرێن جگە لەهەندێك بواری تایبەتدا نەبێت. خواردنی گۆشتی ئاژەڵی تەوتەم یاساخکراو بوو، بەڵام لەبرییدا هەندێك جار و بەگوێرەی ڕەوش و هەلومەرج خواردنی گۆشتی ئەم گیانلەبەرە پێویست دەبینرا)).

لایەنی فرە گرنگی کۆمەڵایەتی ئەم دابەشکردنە تەوتەمییە خێڵەکیانە هەمان یاسای ئاکارین کە زاڵە بەسەر پەیوەندییەکانی گروپدا لەگەڵ یەکتری و گرنگترینی ئەم یاسایانە هەر هەمان یاسای پەیوەندیدار بەژن و مێردایەتییەوەیە.

کەواتە دابەشکردنەکانی خێڵ دیاردەیەکی گرنگ بەناوی هاوسەر گرتن لەگەڵ بێگانەدا لەخۆ دەگرێت، کە لەڕاستیدا بۆ یەکەم جاریش لەسەردەمی تەوتەمیدا دەرکەوتووە.

"ئێستا دەمانەوێت بەبێ سەرنجدان بەو گۆڕانکارییانەی کە پاشان بەسەر ئەم چەمکەدا هاتوون دەبێت بزانین چەمکی ئاژەڵ پەرەستی لەسەرەتای دەرکەوتنی خۆیدا چلۆن بووە. بەکورتی ئەمەی خوارەوە پێناسەکەیەتی: لەسەرەتادا تەوتەمەکان هیچ نەبوون جگە لەئاژەڵەکان، ئەوانیان بە ئەژدادی خێڵەکان دەزانی، تەوتەمەکان تەنها لەلایەن منداڵانی دایکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ وەچەکانی دیکە، کوشتن یان خواردنی (لەلای مرۆڤە سەرەتاییەکاندا کوشتن و خواردن وەك یەکن)، یاساخکراوە و ژن و مێردایەتی و زەواجی پەیڕەوانی تەوتەمێکی گریمانەکراو لەگەڵ پەیڕەوانی هەمان تەوتەمدا یاساخکرابوو[1]".

[1] دەبێت ئێستا هەڵێنجاندنەکانی فرێزر، کە لەدووهەمین لێکۆڵینەوەیدا سەبارەت بە تەوتەم پەرستی بەناونیشانی سەرهەڵدانی تەوتەم پەرستی لە(گۆڤاری دوو حەفتانەی ۱۸۹۹) بەچاپ گەینراوە لەگەڵ بۆچوونەکانی وونت دا بەراورد بکەین: بەم جۆرە لەهەمان سەرەتاوە تەوتەم پەرستی وەك سیستەمێکی رامیاری و ئایینی کەوتە بەر سەرنج، ئایینی بەو واتایە کە مرۆڤی سەرەتایی لەگەڵ تەوتەمەکەیدا پەیوەندییەکی مۆراڵی دروست کرد، رامیاری یان کۆمەڵایەتی بەو واتایە کە لەنێو ژن و پیاوانی سەربە تەوتەمێك و لەنێوان ژن و پیاوانی گروپێکی جیاوازی تەوتەمیدا پەیوەندییەکی بەرامبەر دروست بوو. هەر کام لەم دوو رەهەندەی تەوتەم پەرستی بۆ خۆیان یاسای پەیوەندیدار بەخۆیان هەیە. یەکەم کوشتن و خواردنی ئاژەڵی تەوتەم یاساخکرابوو ئەگەر تەوتەم رووەك بایە خواردنی حەرام دەبوو. دووەم نابێت تاکێکی تەوتەمی کە پەیوەستە بەهەمان تەوتەمەوە لەگەڵ ژنێکی هەمان تەوتەمدا ژن و مێردایەتی بکات (لاپەڕەی ۱۰۰) پاشان فرێزر ئەم وشانەی لەخوارەوە پێ زیاد کردووە کە لەروانگەی ئێمەوە چەقی تیۆرییەکان سەبارەت بە تەوتەم پەرستی پێکدەهێنێت. بەڵام سەبارەت بەوەی کە دوو رەهەندی کۆمەڵایەتی و ئایینی سیستەمی تەوتەم پەرستی پێکەوە لەکاتێکدا دروست بوون یان جیاواز و سەربەخۆ لە یەکدیکە بۆ خۆی پرسیارێکە کە لێکۆڵەرە جۆراوجۆرەکان وەڵامی جیاوازیان داوەتەوە.

جێگای سەرسوڕمانە راپناخ لە "بنەماکانی تەوتەم پەرەستیدا" باس لە "زەواج لەگەڵ بێگانەدا" ناکات کە بۆ خۆی یەك لەدوو تابۆ سەرەکییەکەیە و تایبەتمەندی باو باپیران کە بۆ خۆی تابۆیەکی دیکەی سەرەکی تەوتەمە پاش ئاماژەیەکی کورت رەدی دەکاتەوە. بەڵام بۆچی ئێستا و لێرەدا راپۆرتەکەی راپناخم شیکردەوە. یەکەم ئەو لێکۆڵەرێکە، کە زێدەتر لەهەر لێکۆڵەرێکی دیکە بۆتە هۆی روون کردنەوەی ئەم بابەتە، دووەم ویستومە زەینی خوێنەران ئامادەی باس لەسەر جیاوازی بیروڕای زانیاران بکەم، کە ئێستا باسی لەسەر دەکەین.

## بەشی دووەم:

تاکو دێت زێدەتر لەوە بەئاگا دێین، کە تەوتەم پەرەستی قۆناخێکی سروشتی گشت کولتووره پێشووەکان بووە، کەواتە تاکو دێت بەهەمان رادە و زێدەتریش هەست بەو پێویستییە دەکەین کە لێی تێبگەین و پەی بەمەتەڵ ئاسابوونی خوو و سروشتی بەرین. بەڕاستی لە تەوتەم پەرەستیدا هەر شتەوە لایەنێکی مەتەڵ ئاسای هەیە. گرنگترین بابەتەکانی بریتین لە ریشەکانی شەجەرەنامەی تەوتەمی، نیازی دەرکەوتنی زەواج لەگەڵ بێگانە (تابۆی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکان بۆتە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم جۆرە لەژن و مێردایەتی)، پەیوەندی نێوان شەجەرەنامەی ناوبراو و زەواج لەگەڵ بێگانە، واتە پەیوەندی نێوان دەزگای تەوتەم و یاساخکاری پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا.

ئامانجمان ئەوەیە هەم هەڵێنجاندنێکی مێژوویی و هەم دەروون ناسیانە لەتەوتەم پەرەستی بخەینە روو. هەڵێنجاندنێك کە زەینمان سەبارەت بەبارودۆخ و رەوشی دەرکەوتن و گەشەی ئەو دەزگا سەرسووڕهێنەرانەمان بۆ روون بکاتەوە و چۆنیەتی پێویستی دەروونی مرۆڤەکان لەنێو ئەم دەزگایانەدا دەرکەوتوون.

بەدڵنیاییەوە خوێنەرەکانم سەریان سوڕ دەمێنێت لەوەی کە لێکۆڵەرەوان بە چ توانایيەکەوە، کە پاشان دەیانخەینە ڕوو. بۆ وەڵامی بابەتەکانی سەرەوە بیروبۆچوونی جیاوازیان خستۆتە مەیدان، کەواتە بەگشتی هەرچی سەبارەت بە تەوتەم پەرەستی و زەواج لەگەڵ بێگانەدا بگوترێت هێشتا

ناتوانێت جێگای متمانەیەکی ئەوتۆ بێت. تەنانەت ئەو وێنایانەی بەگوێرەی پەرتووکەکەی فرێزر لە ١٨٨٧ دا وێنامان کردن دیسانەوە بەدەر نییە لەلایەنگرییە ئاگا و نەبینراوەکانی و ئەو بەزۆری بۆچوونەکانی خۆی لەم بوارەدا گۆڕیوە و هێشتا دڵنیا نین کە سەر لەنوێ نەیانگۆڕێت[1].

سروشتیە گەر بمانتوانیبا شارەزایی و ناواخنی تەوتەم پەرەستی و ژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانەدا بوێنایە ئەمە بۆ خۆی هەنگاوێکی گەورە لێکدەدرایەوە بۆ گەیشتن بە ریشەی دەزگا دوو ڕەهەندییەکان. بەڵام دەبێت بۆ دروست هەڵسەنگاندنی هەلومەرج و ڕەوشی ناوبراو چەند تێبینی "ئاندریولانگ A.lang" لەبەر چاو بگرین، کە دەڵێت تەنانەت لەنێو گەلانی سەرەتاییدا یەکەمین شێوەکانی ئەم دەزگایانە وهەلومەرجی سەرهەڵدانیان وون بووە ودەبێت بەجۆرێك جێگای بۆشی ئەو ڕاستیانە کە وون بوون بەچەند تیۆریەك پڕ بکەینەوە[2].

---

[1] پاش گۆڕینی یەك لەبۆچوونەکانی ئەم قسە جوانانەی خوارەوەی نووسی: ئەوەندە سەپۆل نیم کە بۆچوونەکانی  خۆم لەم بوارەدا ڕاشکاوانە وێنا بکەم. بەزۆری سەبارەت بەم بابەتە قورسانە شیکردنەوەم بۆ کردووە و هەر کات پێویست بێت دیسانەوە دەیان گۆڕم، چونکە دەبێت توێژەری ڕاستگۆ خۆی هاوڕەنگی ئەو زەوییە بکات کە هەنگاوی لەسەر دەنێت. پێشەکی بەرگی یەکەمی تەوتەم پەرەستی و زەواج لەگەڵ بێگانە ١٩١٠.

[2] بەگوێرەی سروشتی بابەتەکەمان و بەهۆی ناشارەزا بوون لەریشەکانی تەوتەم پەرستی کە بەدەرە لەئامرازەکانی لێکۆڵینەوەمان سەبارەت بەتوێژینەوەیەکی مێژوویی یان ئەزموونی و بۆ کێشە ناوبراوەکان چارەیەکمان نییە جگە لەوەی بە مەزندە و ئەگەر قەناعەت بکەین ـــ ئە ـــ لانگ: نهێنی تەوتەم ـــ لاپەڕەی ٢٧. "لەهیچ خاڵێك لەم جیهانەدا ناتوانین مرۆڤێکی ڕەهای سەرەتایی ببینین تاکو بتوانین بەلێکۆڵینەوە کردنی ئەو، سیستەمی تەوتەم پەرستی لەکاتی دروست بوون و دامەزراندنیدا بە وردی شیبکەینەوە". لاپەڕەی ٢٩.

لەنێو ئەو تاقیکردنەوانەدا، کە بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتانە بەچاپ گەیشتوون، هەر لەهەمان سەرەتاوە هەندێکیان بەگوێرەی روانگەی دەروون ناسی کەم و کورت دەبینران، چونکە بەزۆری بەلگاندنێکی ئاوەزیانەن و قەت ئاوڕ لەلایەنی سۆزداری کێشەکە نادەنەوە. هەندێکیشیان بەگوێرەی زۆرینە و کەمینەن کە بینینەکان دروست بوونیانی سەرەڕاست نەکردۆتەوە. و لەئاکامدا هەندێك تاقیکردنەوە دەبینرێن گەر کەرەستە و ماتریالە سەرەتاییەکانیان بەجۆرێکی دیکە راڤە بکرانایە ئەوا چاکتر دەبوون. بەگشتی و بەئاسانی دەتوانین ئەو بیر و ڕا جیاوازانەی کە لەم بوارەدا بڵاو دەبنەوە رەد بکەینەوە، هەر وەك بۆتە باو پێش ئەوەی لێکۆڵەر لەکاری لێکۆڵینەوەی خۆیدا بگاتە واری پسپۆڕی و زانیاری زێدەتر و شارەزایی فراوانتر بەدەست بخات لەکاری رەخنە گرتن لەیەکتری کەوتوونەتە پێشبڕکێ. کەواتە جێگای سەرسوڕمان نییە لێرەدا ئێمە لەنوێترین بەرهەم کە لەم بوارەدا بڵاو بۆتەوە تەنها برگەیەکی بچووکی باس بکەین و ئەو بۆچوونانە دەبینین کە چارەسەر کردنی بابەت گەلی پەیوەست بەئاژەڵ پەرەستییەوە بە ئەستەم دەزانێت (بۆ نموونە سەیری بەرهەمی گۆڵد نوایزر goldenwejser لەرۆژنامەی کولتووری رەشۆکیانەی ئەمریکا بەرگی ٢٣، ١٩١٠ بکەن. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەئینسکلۆپیدیای بریتانیکادا هاتووە ١٩١٣). تەنها لێرەدا باسی ئەو تیۆرییە دژ و ناکۆکانە دەکەم و ئاماژە بەریزبەندی زەمەنیان نادەم.

## أ) ریشەی ئاژەڵ پەرەستی:

دیسان دەتوانین بابەتی ریشەی ئاژەڵ پەرەستی وەك ئەم پرسیارە بخەینە ڕوو، خەڵکانی سەرەتایی چۆن گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ناوی خۆیان و خێڵەکانیان لەسەر ناوی گیانلەبەران و رووەکان و شتە بێگیانەکان وەربگرن؟[1]

"ماك لێنان mac-lennan"[2] دانیشتووی سکاتلەند، جیهانی زانست خۆی بەقەرزاری ئەو دەزانێت بۆ دۆزینەوەی ئاژەڵ پەرەستی و ژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانەدا. بەڵام بۆچوونێکی سەبارەت بەریشەکانی تەوتەم پەرەستی باس نەکردووە. بەگوێرەی وتارێك لە ئە ـ لانگ ئەو لەو بڕوایەدا بووە، کە تەوتەم پەرەستی هیچ نییە جگە لەهەمان خووی خاڵ کوتاندن[3].

ئەو تیۆریانەی لەسەر بابەت و ریشەکانی تەوتەم پەرەستین و بڵاو کراونەتەوە بەسێ بەش دابەشیان دەکەم:

ئە) تیۆرییەکانی ناو.

ب) تیۆریە کۆمەڵناسییەکان.

ج) تیۆری دەروون ناسی.

---

[1] ئەگەری ئەوە هەیە لەسەرەتادا تەنها ناوەکانیان لەناوی گیانلەبەرانەوە وەرگرتبێت.

[2] پەرستنی گیانلەبەران و رووەکان "گۆڤاری دوو حەفتانە" ١٨٦٩- ١٨٧٠ و لێکۆڵینەوەی هاوسەرگیری سەرەتایی ١٨٦٥. ئەم دوو لێکۆڵینەوەیە لەپەرتووکی لێکۆڵینەوەکاندا و سەرلەنوێ لەبەشی مێژووی کۆندا هاتووە ١٨٧٦ چاپی دووەم ١٨٨٦.

[3] نهێنی تەوتەم، ١٤٠٥- لاپەڕەی ٢٤.

## ب) تیۆری ناو (تیۆرییە ناوییەکان):

ئەوەندەی لەم تیۆریانە دەزانین پاساوێکە بۆ ئەو زاراوەیەی کە لێرەدا هەڵمان بژاردووە. "گارسیلازو" لەدانیشتوانی "وگا" و لەوەچەی ئینکاکانی پیرۆیە و لەسەدەی حەڤدەدا مێژووی گەلەکەی خۆی نووسی و زانیارییەکانی لەسەر دیاردەی تەوتەم بەم جۆرە و بەکورتی باسی کرد. پێویستی خێڵەکان بەناسینەوەیان لەیەکدیکە بەیارمەتی وەرگرتن لەناو[1] بووە هۆی دەرکەوتنی تەوتەم پەرەستی. جارێکی دیکە و پاش دوو سەدە رێک هەمان بڕوا و بۆچوون لەئەنترۆپۆلۆژیای "ئەی- کەی- کین A.K.KEANE" دەبینینەوە. ئەم توێژەرە بڕوای وایە کە دەبێت ریشەکانی تەوتەم لەنێو نیشانە دیاری کراوەکانی رێژەیی (خێزانی)دا بدۆزینەوە، چونکە تاکەکان و خێزانەکان و خێڵەکان دەیان ویست لەیەکدیکە جیا بکرێنەوە و بناسرێن[2].

"ماکس مۆلێر May-mulier" هەمان بۆچوونی لەنێو پەرتووکەکەی خۆیدا بەناونیشانی یارمەتی کردن بەزانستی میتۆلۆژیا باسی کردووە و دەڵێت تەوتەم:

---

[1] بەبڕوای ئە- لانگ- نهێنی تەوتەم لاپەڕەی ٣٤.

[2] هەمان سەرچاوە.

١) یان نیشانەی کلانە.

٢) یان ناوی کلانە.

٣) یان نێوی ئەژدادی کلانە.

٤) یـان نـاوی شـتێکی بێگیانـە کـە لەلایـەن کلانـەوە ڕێـز و ستایـشی لێدەگیرێت.

"ج – پیکلێت j-piklet" لە ١٨٩٩ دا دەڵێت: مرۆڤەکان چ بۆ کۆمەڵ و چ بۆ تاك پێویستیان بەیەك ناو هەبووە. ناوێکی هەمیشەیی کە بەنوسینەوەی جێگیر دەبێت و دەمێنێتەوە ... بەم جۆرە تەوتەم پەرەستی پێی نایە ناو گۆڕەپـانی بوونـەوە واتـە نـەك وەك پێویـستییەکی ئـایینی، بـەڵکو وەك پێویـستییەکی سـەرزەوی و سـەرەڕۆی ڕۆژانـە هاتـە ئـاراوە. واتـە کاکڵـەی نێوەندی تەوتەم پەرەستی هەمان پێویستی ناو دانانە، کە ئەنجامی تەکنیکی سـەرەتایی نووسـین بـووە. ڕێنووسـی تەوتـەمی وەك ڕێنووسـی هێمـا و نیشانەکان دەنووسرێت و زۆر بەئاسانی لاسایی دەکرێتەوە و دەکێشرێتەوە. بەڵام هەر ئەوەنـدەش، کـە هۆڤـەکان نـاوی ئاژەڵێکیـان لەسـەر خۆیـان دانابـا دەگەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە لەگەڵ ئەو ئاژەڵەدا خزمن[1].

هێربێـرت سپێنـسر spencer یـش، هـەر هـەمان ناودانـان بـەهۆی دەرکەوتنی تەوتەم پەرەستییەوە دەزانێت[2]. ئـەو لـەو بڕوایەدایـە هەنـدێك

---

[1] پیکلێر و سۆملۆ pikler-somlo. ڕیشەکانی تەوتـەم پەرەسـتی ١٩٠١. بەڕاسـت ئـەم توێژەرانـە هەڤیان بووە پەرتووکەکەیان ناو ناوە (یارمەتییەك بۆ تیۆری ماتریالیستی مێژوو).

[2] ڕیشەی ئاژەڵ پەرەستی "گۆڤاری دوو حەفتانـە" ١٨٧٠- بنـەماکانی کۆمـەڵ ناسی بـەرگی یەکـەم بەشەکانی ١٧٦- ١٦٩.

لەتاکەکان بڕێك تایبەتمەندییان هەیە، کە هاوشێوەی تایبەتمەندی ئاژەڵەکانە، بۆیە بەناوی ئەو ئاژەڵەوە بانگ دەکران پاشان ئەم ناوانە، یان ئەم نازناوانە دەگوێزرایەوە سەر ئەژدادیان. وەچەکانی دوایی بەهۆی راشکاو نەبوون و ناڕوونی زمانە سەرەتاییەکانەوە وایان دەزانی بەهۆی ئەوەی کە ئەم ناوانە لەئاژەڵەکانەوە زاون لەسەر ئەژدادەکانیان دانرابوون و لەئەنجامدا تەوتەم پەرەستی بەهۆی هەڵەیەك بەشێوەی رێبازی پەرستنی ئەژداد و باوباپیرانی لێهاتووە.

"لۆرد ئاڤیۆ بوری lord.avebury" ناسراو بە رێزدار (جۆن لوبۆك j.lubbock) هەمان بۆچوونی هەیە، بەڵام جگە لەبۆچوونی هەبووە، بەڵام جیا لە بەهەڵە لێکدانەوەی بابەتەکە، دەڵێت ئەگەر بمانەوێت ئاژەڵ پەرەستی روون بکەینەوە نابێت لەیاد کەین، کە چلۆن زۆربەی مرۆڤەکان ناوی ئاژەڵەکانیان لەسەر خۆیان دادەنا. مندالان و لایەنگرانی کەسێك کە بەناوی ورچ یان شێرەوە ناو دەنرێن بێگومان ئەمە ناوی بنەماڵە یان خێڵەکەیانە و بەم جۆرەش وا رێکەوتووە کە خودی ئەو ئاژەڵەیان لابەرێز بێت و تەنانەت بیپەرەستن. فیزۆن لەو بڕوایەدا بووە و قەت بەهیچ شێوەیەك رەدی نەکردۆتەوە، کە ناوە تەوتەمیەکان لەناوی تاکەکانەوە وەرگیرابن. بەگوێرەی ئەو زانیارانەی سەبارەت بە ئۆستۆرالیا هەمانە دەی سەلمێنێت کە هەموو کات تەوتەم ناوی گروپێك لەپیاوان بووە قەت ناوی کەسێکی دیاری کراو نەبووە. گەر بەپێچەوانەوە بوایە واتە هەر لەهەمان

سەرەتاوە تەوتەم ناوی کەسێك بابە قەت نەدەگوێزرایەوە سەر منداڵەکانی، چونکە بۆماوە لەلایەن دایکەوە دەگوێزرێتەوە.

کەواتە گشت ئەو تیۆریانەی کە ئاماژەمان پێدان بەئاشکرا کەموکوڕیان تێدایە. راستە ئەو بابەتە ڕوون دەکەنەوە، کە چما خێڵە سەرەتاییەکان ناوی گیانلەبەرانیان لەسەر خۆیان دادەنا، بەڵام ئەم بابەتە ئاڵۆز و نادیارەمان بۆ روون ناکەنەوە، کە چما ئەو ناوانە ئەوەندە گرنگیان پێدراوە، لەواتایەکی دیکەدا سیستەمی تەوتەم پەرەستی روون ناکەنەوە. سەرنجڕاکێشترین تیۆریەکانی ئەم گرووپە هەر هەمان تیۆرین کە لانگ لەنێو پەرتووکەکانی خۆیدا بەناوی (ریشەکانی تەوتەم — ١٩٠٣) و (نهێنی تەوتەم — ١٩٠٥) دەیانخاتە بەر باس و روونیان دەکاتەوە. وێڕای ئەوە کە بابەتی ناودانان گرنگ لێکدەداتەوە و ئاماژە بەدوو هۆکاری گرنگی دەروون ناسی دەدات ئیدی وادەزانێت مەتەڵی تەوتەمی بە یەکجاری و بۆ هەمیشە چارەسەر کردووە.

بەبڕوای لانگ ئەوە گرنگ نییە کە چلۆن کلانەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە نێوی گیانلەبەران لەسەر خۆیان دابنێن، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە بزانین لە ئاکامدا رۆژێك هۆفەکان بەئاگا هاتوون و زانیویانە کە نێوی گیانلەبەرانیان لەسەر خۆیان داناوە و شارەزا و ئاگای ئاست و پلەی ئەم وەرگرتنە نەبوون، چونکە ریشەکانی ئەم ناودانانە لەیادەکاندا سڕابوونەوە. پاشان دەستیان بەدروست کردنی چیرۆك و خەیاڵ سەبارەت بەهۆی ئەم

جۆره ناودانانه کرد و وێڕای ئەو گرنگیەی که بۆ ناوەکانیان دادەنا لەهەمان ئاست و پلەدا گەیشتنە بیرکردنەوە و بۆچوونێك که لەنێو سیستەمی تەوتەمدا دەیبینین هەر بەهەمان شێوە که لەنێو هۆڤەکانی ئەمڕۆ و منداڵانی خۆماندا دەیبینین. خەڵکانی سەرەتاییش ناویان وەك بابەتێکی پەیمان نامەیی و بێ بایەخ لێکنەدەدایەوە، بەڵکو ئەوانیان بەناساندنێکی بنەڕەتی و واتادار لێکدەدایەوە. ناوی پیاوێك بەشێکی سەرەکی لەکەسایەتی و تەنانەت رۆحی ئەو پێکدەهێنێت، کەواتە بابەتی هاوناو بوون لەگەڵ ئاژەڵدا بەناچار مرۆڤە سەرەتاییەکانی بەو بیرکردنەوەیە گەیاندووە، کە ئەکاو پەیوەندییەیکی واتادار و رەمز و رازاوی لەنێوان کەسایەتی ئەم مرۆڤانە و جۆری ئەو گیانلەبەرانەی که ناوەکانیان لەسەر خۆیان داناوە لەئارادا بێت.

ئەم پەیوەندییە دەتوانێت چ پەیوەندییەك بێت جگە لەپەیوەندی خزمایەتی؟ لەئاکامدا کاتێك پەیوەندیەکی بەم جۆرەی لەهاوناو بوون لەگەڵ ئاژەڵدا قبوڵ بکەن گشت یاسا تەوتەمیەکان و لەوانە یاسای ژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانەدا دوو جار و سێ جار دووپات کراوەتەوە وەك دەرئەنجامە راستەوخۆکانی تابۆی خوێن هەڵێنجاندنی بۆ دەکەن.

"سێ مەرج بوونە یارمەتیدەر بۆ دەرکەوتنی بڕوا و ئەرکە ئایینییە تەوتەمییەکان و لەوانەش مەرجی ژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانەدا. ئەم سێ مەرجە بریتین لەهەبوونی ناوی ئاژەڵێك که ببێتە هۆی ناساندنەوەی گرووپێك، بڕوا بە پەیوەندییەکی رۆحانی و رەمزاوییانە لەنێوان گشت

بوونەوەرەکان کە مرۆڤ و ئاژەڵەکانیش بەم ناوە بانگ دەکرێن و لەئاکامدا بڕوای خۆرافە ئاسا سەبارەت بەخوێن". (سڕی تەوتەم، لاپەڕەی ١٢٦). وەك بڵێیت لێکدانەوەکەی لانگ بەدوو قۆناخدا دەڕوات. لەقۆناخی یەکەمدا سیستەمی تەوتەم وەك باروودۆخی پێویستییەکی دەروون ناسانە و لەنێوی تەوتەمی ئەنجام وەردەگرێت و لەهەمان کاتدا دان بەوەدا دەنێت کە یادەکانی سەبارەت بەریشەکانی ئەم ناوە سڕاوەتەوە. لەقۆناخی دووەم یان بەشی دووەمی تیۆرییەکەیدا هەوڵدەدات ئەم ریشەیە یان ئەڵقە وون بووەکە بدۆزێتەوە ئەوە دەبینین کە بەگشتی بەشی دووەمی تیۆری لانگ هەوێنەکەی جیاوازە لەبەشی یەکەمی تیۆرییەکەی.

لەڕاستیدا بەشی دووەمی ئەم تیۆریە جیاوازییەکی ئەوەندە گرنگی لەگەڵ هەندێك تیۆری دیکەدا، کە بەناونیشانی تیۆری ناو[1] باسمان کرد، نییە. خێڵە سەرەتاییەکان لەژێر زەخت و پێویستییەکی رۆژانە بۆ ناسینەوەیان لەیەکدیکە لەئەنجامدا ناچار بوون ناوێك بۆ خۆیان

---

[1] ئەم وشەیە کە زاراوە فەرەنسی یان ئینگلیزییەکەی "نۆمینالیست nominaliste"ە بەو بیر و بڕوایانە دەگوترێت کە دەڵێن جۆرەکان و گوتارەکان راستییەکی دەرەکیان نییە جگە لەناو نەبێت. لەچاخە ناوینەکاندا ئەم پرسیارە لەئارادا بوو، کە ئایا کەرەستەکان، ئامراز و جۆریەتی راستی دەرەکیانەیان هەیە یان ناوە تەنها لەمێشکی ئێمەدایە کە بوونیان هەیە. لەشێوازی یەکەمدا ماتریالێ یان ناماتریالێ و لەبابەتە هەستییەکان جیاوازن یان هەر لەو گوتارەن، بەڵام رێبازی ناو لەوەڵامدا دەڵێت: گشتییەکان لەئارادا نین و ئەوەش کە هەیە لەبەش و تاکە. تەنها شتی گشتی هەر هەمان وشە و ناوە. دژایەتی کردنی بەم جۆرەی گشت هەر لەچاخە کۆنەکانەوە لەئارادا بووە. فەیلەسوف ئاسایەکی یۆنانی بەمنێوی "ئانتیستێن antisthrne" لە دژایەتی کردنی (مثل)ە گشتییەکانی پلاتۆندا دەڵێت: (من تەنها ئەسپ، ناوەکەی دەناسم و بە ئەسپ بوونی (گشتی) ناناسم. رەواقیون و ئەپیکۆرییەکان فەیلەسوفانی ناوی بوون. ئەم رێبازە لەچاخە ناوینەکاندا هەندێك گۆڕانکاری بەسەردا هات و لەئاکامدا لەسەدەی چواردەدا ئوکام گوتی: بابەتە گشتییەکان بابەتی زەینن. و لەئاکامدا باسی نێوان نۆمینالیست و ریالیستەکان لەسەدەی هەژدەیەمدا بەشێوەی باسی سەبارەت بەبابەخی ئەزموون و هزری لێهاتبوو، بەڵام فرۆید تەنها خواستویەتی لێرەدا لەتایبەتمەندی وشەی نۆمینالیست سودمەند بێت، چونکە ئەم وشەیە لەناو داڕێژراوە و پاشان رێرەوەکانی سەرنجیان لەسەر ناو ووشە بووە. هەڵوەستەیان لەسەر چۆنیەتی بیر و بۆچوونی فەلسەفیانەی ئەم رێبازە نەکردووە.

هەڵبژێرن بەزۆری ئەو ناوانە هەر هەمان بوون کە خێڵەکانی دیکە دابوویانە پاڵ یەك. ئەم ناودانانە ناپڕاوپڕە لەناچار بوونێکەوە دێت کە تایبەتمەندی دیاری تیۆری لانگە. ئەم بابەتە جێگای سەرسوڕمان نییە کە ناوی مرۆڤەکان لەناوی بوونەوەرانەوە وەرگیرابن و بێگومان جێگای گاڵتە پێکردن و تەریق بوونەوەی خێڵکانی سەرەتاییش نەبووە. لانگ لەسەردەمە مێژوویییە نزیکەکانەوە چەند نموونەیەکمان بۆ دێنێتەوە، کە ناوەکانیان بۆ گاڵتە پێکردن لەسەریان داناوە و ئەوانیش بەخۆشییەوە قبوڵیان کردووە. (بۆ نموونە بێ سەروپێکان ویگەکان و تورییەکان بۆ ئەندامانی پارتی کریکار و پارتی پارێزگارانی بەریتانیا). ئەو تیۆرییەی کە دەڵێت بەتێپەڕبوونی زەمەن ریشەی ئەم ناوە لەیادەکاندا سڕاوەتەوە پەیوەندی تیۆرییەکەی لانگ لەگەڵ بەشە پێشووەکەیدا دروست دەکات. (لەسەدەی شانزەیەمدا بەیاخییە هۆڵەندییەکانیان دەگوت: بێشەرمەکان، ئەم نازناوە هەروەك خۆی ماوەتەوە).

## ج ) تیۆرییە کۆمەڵناسییەکان:

س. راینـاخ بەسـەرکەوتووییەوە لێکۆڵینـەوەی لەئاسـەوار و پاشماوەکـانی سیـستەمی تەوتـەم پەرەسـتیدا کـردووە سـەبارەت بـەئایین، داب و نـەریت، رێباز. هەروەها لەسـەر داب و نـەریتی خـەڵکانی دیکە لەچاخەکانی دیکەدا لێکۆڵینـەوەی کـردووە. بـەڵام هـەر لەهـەمان سـەرەتاوە چاوپۆشـی کـردووە لەرەهەندی ئەژداد بوونی ئاژەڵی تەوتەم. لەشوێنێکدا بەدڵنیاییەوە دەڵێت: "تەوتـەم پەرەسـتی هـیچ نییـە جگـە لەگەشـەی ناپێوانـەیی و بـێ یاسـایی غـەریزە کۆمەڵایەتییـەکان". "دورکهـایم E.durkheim" لەپـەرتووکی (شێوە سـەرەتاییەکانی ژیـانی ئـایینی) (١٩١٢) دا دەڵێت: تەوتـەم هـیچ نییـە جگە لەنوێنـەر و دەرکـەوتنی بەرچاوی ئـایینزای کۆمەڵایـەتی ئـەم گەلانـە. تەوتەم وێنای کۆمەڵگاییە و هەر ئەم کۆمەڵگاییە بۆ خۆی لەلایەن خەڵکەوە دەپەرەسترێت. سیستەمی گەلانی ئۆستۆرالیاش هەر بەم شێوازە کاری لەسەر کراوە.

لێکۆڵەرەوانی دیکە بەڵگەی تۆکمەتریان بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئـەم تیۆرییە خستۆتە روو، کە حەزە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی کاریگەریان بـووە لەدەرکەوتنی دەزگا تەوتەمییەکانـدا. بـۆ نموونـە ا.ب.هادون لەتیۆریەکەیـدا دەڵێت لەسەرەتادا تەنها خێڵەکان خواردەمەنیان لەیەك جۆر ئاژەڵ یان یەك جـۆر رووەك دابـین دەکـرد و ئەگـەری ئـەوەش هەیـە لەمامەڵـەی بازرگـانی

خۆیان لەگەڵ خێڵەکانی دیکەدا سودیان لێ وەرگرتبێت، کەواتە ئاشکرایە لەئاکامدا ئەم خێڵە بەناوی ئەم ئاژەڵ یان ئەم ڕووەکەوە لەنێو خێڵەکانی دیکەدا دەناسرێت، هەروەها ئەندامانی خێڵ خوویان لەگەڵ ئەم ئاژەڵەدا گرتووە و خۆشیان دەوێت و هۆی کەوتنە ژێر زەختی برسیەتییەکی ئەوەندە قورس لەمەوە دێت کە لەسەرەتایی ترین و پێویستیە خێراکانی مرۆڤە[1].

ئەم تیۆریە بەبەڵگێنراوترین تیۆرییە سەبارەت بە تەوتەم پەرەستی، بەڵام ڕەخنەیەکی گرنگ و گەورەی لێدەگیریەت چونکە لەنێو هیچ گروپێك لەگروپە سەرەتاییەکاندا شێوازێکی لەو جۆرەی دابین کردنی خواردەمەنی نەبینراوە، ئەگەری ئەوەش هەیە کە قەت شتێکی لەم جۆرە هەبوونێکی ڕاستەقینەی نەبووبێت. هۆڤەکان هەموو شتێك دەخۆن وچەندی ئاستی سروشتیان لەخوارەوە بێت بەهەمان ڕادەش هەموو شتێك دەخۆن و پاشان دیار نییە چلۆن شێوە خواردەمەنییەکی قۆرغ کراوی بەم جۆرە بۆتە هۆی ڕێباز و پرۆسەیەکی ئایینزایانە سەبارەت بەتەوتەم، ئەویش لەکاتێکدا کەس ئەو مافەی نەبووە، کە تەنانەت دەست لەخواردنێکی ئەوەندە دڵخوازراو و خۆش بدات.

---

[1] بانگهێشت کردنی بۆ بەشی ئەتنۆگرافیای ئەنجوومەنی ئینگلیسی، بێلفاست ١٩٠٢- فریزر هەمان سەرچاوە بەرگی چوارەم لاپەڕەی ٥٠ ،...

یەکەمین تیۆری لەسێ تیۆرییەکی فریزر سەبارەت بەدەرکەوتن و دروست بوونی تەوتەم پەرەستی، تیۆرییەکی دەروون ناسانەیە و ئێمە لەجێگایەکی دیکەدا باسی لەسەر دەکەین. لێرەدا تەنها باس لەتیۆرییە دووەمەکەی دەکەین. ئەم تیۆرییە لەلایەن دوو پسپۆری دیکەوە، کە سەبارەت بەخەڵکی خۆجێی ئۆستۆرالیای ناوەندی لێکۆڵینەوەیان کردووە بە سەریا دەربڕاوە. سپێنسر و گیلن باسی کۆمەڵێك دەزگا، داب ونەریت و بیر و ڕای سەرسووڕهێنەر دەکەن، کە لەنێو گروپێك لەخێڵەکانی نەتەوەی (ئارونتا)دا باوە و فریزریش چۆتە سەر ئەم بۆچوونە. ئەمانە لەو بڕوایەدان داب و نەریتی سەرسوڕهێنەری ناوبراو ئاماژە بەتایبەتمەندی خەڵکانی سەرەتایی دەدات و دەتوانین لەم سۆنگەیەوە پەی بەواتا ڕاستەقینەکەی تەوتەم و تابۆ ببەین. تایبەتمەندییە باو و سەرسووڕهێنەرە ناوبراوەکانی هەندێك لەخێڵەکانی نەتەوەی (ئارونتا) بەم جۆرەیە.

١) ئارونتاییەکان بەسەر کلانە تەوتەمییەکاندا دابەش بوون، بەڵام لەباتی ئەوەی تەوتەم لەڕێگەی بۆماوەوە بگوێزرێتەوە، پەیوەستی یەکە یەکەی ئەندامانە.

٢) ئەم کلانە تەوتەمیانە ژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانەدا ناکەن. سنووردار کردنی زەواجییان بەگوێرەی چەند دابەش کردنێکی دانیشتوانە بەگوێرەی چینەکانی زەواج،

کە فرە گەشە کردوون، بەڵام قەت پەیوەندییەکی تەوتەمیان لەگەڵ یەکتردا نییە.

٣) ئەرکی کلانێکی تەوتەمی بریتیە لە بەئەنجام گەیاندنی رێ و رەسمێک کە مەبەستی سەرەکی هەڵخڕاندنی یادهێنانەوەی شتێکی تەوتەمییە کەبۆ بەکارهێنان و برانەوەش بێت (ئەم رێ و رەسمە ناوی "Intichiumo"یە).

٤) ئەندامانی ئارونتا بۆچوونێکی سەرسوڕهێنەریان هەیە سەبارەت بەدوو گیان بوونی ژنان و سەرلەنوێ زیندوو بوونەوەی مردووەکانیان، دەڵێن لەهەندێك شوێنی وڵاتەکەیاندا رۆحی ئەو مردوانەی پەیوەستن بەهەمان تەوتەمەوە چاوەڕوانی سەرلەنوێ زیندوو بوونەوەی خۆیان دەکەن و خۆیان دەخەنە سکی ئەو ژنانەوە کە بەوێدا بڕۆن. کاتێك منداڵەکە لەدایك بوو، دایك بەگوێرەی مەزەندەی خۆی ئەو شوێنەی پیشاندەدات کە لەوێدا دوو گیان بووە، هەر بەگوێرەی ئەم ئاماژەدانەی دایکە، کە تەوتەمی منداڵەکە دیاری دەکرێت. پاشان لەو بڕوایەدان رۆحی مردووەکان و رۆحی ئەو کەسانەی سەرلەنوێ زیندوو بوونەتەوە چوونەتە رێزی ئەو

تلیسمە بەرداوییانەی کە لەم ناوچەیەدان. ئەم بەردانە بەم ناوە (CHURINGA) دەناسرێن.

ئەگەری ئەوە هەیە فریزر لەو دوو راستییەی خوارەوە بەکاریگەر بووبێت کە دەزگاکانی ئارونتا نموونەیەکن لەکۆنترین شێوەی تەوتەم پەرەستی.

یەکەم: هەندێك ئەفسانە دەڵێن ئارونتاییەکان پەیتا پەیتا لەتەوتەمەکەی خۆیان خواردنیان دابین کردووە و خواردوویانە و قەت لەگەڵ ژنانی دیکە جگە لەژنانی تەوتەمی خۆیان ژن و مێردایەتیان نەکردووە.

دووەم: ئارونتاییەکان لەبۆچوونەکانیاندا سەبارەت بەپەیوەندی سێکسی و دوو گیان بوونی ژنان بایەخێکی ئەوتۆ دانانێن. بەڵێ بەراست ئەو مرۆڤانەی کە ئاوس بوون بەئەنجامی هۆکاری پەیوەندی سێکسی نازانن و ئەمرۆ ژیان دەکەن دەبێت بەسەرەتاییترین خەڵکانیان بزانین.

فریزر رێ و رەسمی "ئەنتی شیوما" INTICHIUMA ی وەك بناخەی بیر و راکانی سەبارەت بە تەوتەم پەرەستی قبوڵ کردووە وێنای کردووە کە ئەم ئەرکە تەوتەمییە لەچوارچێوەیەکی پەراوپڕ و نوێدا وەك

دەزگایەکی تەواو سودمەند و کرداریییە بۆ دابین کردنی پێویستە سروشتییەکانی مرۆڤ[1].

لەڕوانگەی ئەو سیستەمی تەوتەمی بەشێوەی (دەزگایەکی) هەرەوەزیەکی گەورەی جادویی دەرکەوتووە، واتە لەڕوانگەی ئەوەوە خەڵکانی سەرەتایی کۆمپانیایەکی هەرەوەزی گەورەی بەرهەم و بەکارهێنانیان پێکهێناوە. ئەرکی هەر یەك لەکلانە تەوتەمیەکان ئەوە بووە هەوڵ بدەن بۆ گەشە و بەرفراوان کردنی یەکێك لەجۆرەکانی خواردەمەنی. کاتێك تەوتەم ڕەهەندی بەکارهێنانی نەبوو، بەڵکو گیانلەبەرێکی ترسناك یان با و باران و ... هتد بووە، دەبێتە ئەرکی کلان تاکو خۆی بەم دیاردانەوە خەریك بکات پێش بەئاسەواری زەرەرمەندیان بگرێت. چونکە ڕێگری دەکرا لەکلان کە گۆشتی تەوتەمەکەی خۆی نەخوات یان تەنها لەچەند بۆنەیەکی ئاوارتەدا دەرفەتی خواردنی بۆ دەرەخسا، کەواتە دەبوایە تەوتەمەکەی فرە بکردایە بۆ کلانەکانی دیکە، کە ئەوانیش لەئاست خۆیاندا جۆرێکی دیکەیان لەخواردەمەنی ئامادە دەکرد و کلانەکانی دیکە لێی سودمەند دەبوون. فرێزر لەژێر کاریگەریەتی هەڵێنجاندنەکانی ڕێ و ڕەسمی "ئینتی شیوما" وێنای دەکرد، کە یاساخکردنی بەکارهێنانی گۆشتی تەوتەم لەلایەن

[1] لەنێو گشت ئەم وردەکاریانەدا هیچ شتێکی ئاڵۆز یان ڕەمزاوی، کە پەیوەندی بە پەردەیەکی ئەودیو سروشت بێت لەئارادا نییە، گەرچی هەندێك لەلێکۆڵەرەوان حەز دەکەن هەنگاوە سەرەتایی و خەیاڵ و خەونەکانی مرۆڤی پێ داشارن. داب و نەریتی ساکار، ماتریاڵ و هەست پێکراو و گەردوونی هۆڤەکان هیچ پەیوەندییەکی بەبابەتی ئەو دیو سروشتەوە نییە. تەوتەم پەرستی و زەواج لەگەڵ بێگانە، بەرگی یەکەم لاپەڕەی ١١٧.

ئەندامانی هەمان تەوتەمەوە دەبێتە هۆی خەفڵەتیان لەگرنگترین ڕەهەندی دەزگـای نـاوبراو، کـە هـەمان پاراسـتن و هۆشـیارییە بەرامبـەر تەوتـەم، بەکارهێنەرەکان و کلانەکانی دیکە لێی سودمەند دەبن. فرێزر ئەو نەریتەی ئارونتاییەکانی قبوڵ کردووە کە بـەگوێرەی ئـەو نەریتـە لەسـەرەتادا کلانـە تەوتەمییـەکان بـەبێ ئـەوەی یاسـاخکارییەك لـەئارادا بێـت لەگۆشـتی تەوتەمەکەی خۆیان خواردووە، بەڵام کەموکوڕی لەکاتێکدا دەردەکەوێت کە دەبێت بـەگوێرەی وەرچەرخانەکانی دیکـە و بـەگوێرەی ئـەو وەرچـەرخانە کلانەکان لـەخواردنی تەوتەمەکـەیان خۆیـان بپارێزن تـاکو خـەڵکانی دیکە بەکاری بهێنن، چۆن ڕاڤە بۆ ئـەم دیاردەیـە دەکـەن. کەواتـە فرێـزر وای بـۆ دەچێت، کـە سـنووردار کردنـەکان نـەك لەڕووی ستایشی ئایینیـەوە، بـەڵکو لەڕووی ئەم بەسەرهاتەوەیە کە هیچ ئاژەڵێك گۆشتی هاورەگەزەکـەی خـۆی ناخوات، هەرچەند بەپێچەوانەشەوە ڕەفتاریان دەکرد و گورزێك دەبـوو بـۆ بناخەی یەکبوون لەگەڵ تەوتەمدا و ئەمە دەبوو زەرەری ئەو هێزەی کە بۆ مانـەوەی تەوتـەم بـەکار دەهـات یـان ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئـەم سـنووردار کردنانە بۆ خۆ پاراستن لەنەکوشتنی ئەو ئاژەڵە لەوەوە بێت کە دەیانخواست ئەو ئاژەڵە بکەنە هاوڕێ و هاودڵی خۆیان. پاشان فرێزر سەبارەت بەئەگەری ئـەو هەڵانـەی کـە لەوانەیـە لـەنێو ئـەم ڕاڤەیـەدا بێـت هـیچ چەشـنە گەشبینیەکی ساکارانەی بۆ خـۆی دانـەناوە، هـەروەك سـەبارەت بەچۆنیەتی گـۆڕانی ژن و مێردایـەتی نـاوخۆیی کلانـەکان و بـەگوێرەی ئەفسانەکانی ئارونتـایی پەیوەندیـدار بـەژن و مێردایـەتی لەگـەڵ بێگانـەدا باسـی هـیچ

بۆچوونێکی خۆی نەکردووە. تیۆری فرێزر بەگوێرەی "ئینتی شیوما INTICHIUMA" چەقیبەستووە و جەخت لەم خاڵە دەکاتەوە کە دەزگاکانی ئارونتایی لایەنی کۆنیان هەیە، بەڵام بەپێی رەخنە گرتنەکانی دوورکهایم[1] و لانگ[2] لەسەر ئەم بابەتە قورسە بتوانین لایەنگری لێ بکەین. بەزۆری ئارونتاییەکان بەشێوەی خێڵە گەشەکردووەکانی ناوەڕاستی ئوستورالیا دەناسرێن تاکو خێڵێکی سەرەتایی و فرە کۆنتر لەخێڵەکانی دیکە لەواتایەکی دیکەدا ئەگەری ئەوە هەیە لەقۆناخی هەڵوەشاندنەوە و تێداچوونی سیستەمی تەوتەم پەرەستیدا سەریان هەڵدابێت تاکو لەسەرەتای سیستەمی تەوتەم پەرەستیدا. ئەو ئەفسانانەی کاریگەریەتێکی ئەوەندە قوڵیان لەسەر فرێزر داناوە، کە دەبێت لەبەر ئەم هۆیانە بەمجۆرە لێکبدرێنەوە، بەپێچەوانەی دەزگا ئەمڕۆییەکانی هۆڤەکان کە نیشانەی ئازادییە لەخواردنی گۆشتی ئاژەڵی تەوتەم و ژن و مێردایەتی لەگەڵ ئەندامانی کلان و هاوتەوتەمیەکانیاندا دەبێت یەکڕاست وەك ئەفسانەکانی سەردەمی زێڕین سەیر بکرێن، کە دەرکەوتنی حەز و ئاواتەکانیان و پێکهێنانیان دیهاوێژی رابردوو کراوە.

---

[1] "سالی کۆمەڵناسی" بەرگی یەکەم و پێنجەم و هەشتەم و... هتد بەشی سەبارەت بەتەوتەم پەرەستی.

[2] ریشە کۆمەڵایەتییەکان و سری تەوتەم.

## د ) تیۆرییە دەروون ناسیەکان:

پێش ئەوەی شارەزای رەخنەگرتنەکانی دورکهایم و گیلن بێت یەکەمین تیۆریە دەروون ناسییەکانی فرێزر لەسەر بنەمای "بڕوا بەرۆحی دەرەکی" چەقی بەستبوو. تەوتەم نوێنەری حەشارگەیەکی مسۆگەر بوون کە دەتوانرا رۆح بەئەمانەت لەوێ دابنرێت تاکو لەئەگەری شاڵاو و پەلامار و سەدەمە ناکاوەکان پارێزراو بێت. کاتێک تاکێکی سەرەتایی بەئەمانەت رۆحی دەسپاردە تەوتەمەکەی ئیدی بۆ خۆی دەبووە پۆڵایین و بێگومان بەوردی خۆی دەپاراست لەسەدەمە دایین لەهەڵگری رۆحەکەی خۆی و ئەمە بوو کە رێزی لەهەموو ئاژەڵە هاورەگەز و پەیوەندیدارەکانی دەگرت. پاشان فرێزر بۆ خۆی پاشەکشەی کرد لەخستنە پاڵی نێوی تەوتەم پەرەستی و بڕوا کردن بەرۆحەکان.

پاش ئەوەی شارەزای روانگەی سپێنسر و گلین بوو تیۆری کۆمەڵناسی تەوتەم پەرەستی ئامادە کرد، کە پێشتر ئێمە لەم پەرتووکەدا شیکردنەوەمان بۆ کردووە. ئەو دانی بەوەداناوە کە بەزۆری ژێرخانی تیۆری دووەمی سەبارەت بە تەوتەم پەرەستی "بەلگاندنی" بووە و پێویستی بەقبوڵ کردنی

ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی لەڕادەبەدەر ئاڵۆز هەیە، کە قەت لەگەڵ دەزگایەکی سەرەتاییدا یەك ناگرنەوە[1].

لەئاکامدا و لەباتی ئەوەی کە کۆمپانیا هەرەوەزییە جادوییەکان بەتوخمەی سەرەتایی تەوتەم پەرەستی لێکبداتەوە بەرهەمەکانی دیکەی لەبەرچاو گرت. لەپشت ئەم ڕێکخراو و پێکهاتانەوە بەدوای هۆکاری ساکار واتە خۆرافە سەرەتاییەکاندا دەگەڕا تاکو بتوانێت تەوتەم پەرەستی لێ دەربکێشێت و لەئەنجامدا مەزەندەی دەکرد ئەڵقە ونەکەی لەتیۆری ئارونتاییەکاندا سەبارەت بەچۆنیەتی ئاوس بوونی ژنانەوە دۆزیوەتەوە.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئارونتاییەکان نکۆڵی دەکەن لەوەی پەیوەندی لەنێوان دوو گیان بوون و کرداری سێکسیدا هەبێت.

لەبڕوایاندا کاتێك ژنێك هەست دەکات بەم زوانە دەبێتە دایك بەم هۆیەیە، کە یەك لەو ڕۆحانەی کە چاوەڕوانی سەر لەنوێ زیندوو بوونەوە و ژیان دەکەن لەحەشارگەیەکی نزیك لەو دەوروبەرەدا هاتۆتە دەرێ و چۆتە نێو جەستەی (ئەو ژنە) و بەو هیوایەی کە ڕۆژێك وەك منداڵێك لەجەستەی (ئەو ژنە) بێتە دەرەوە. ئەم منداڵانە دەچنە سەر ئەو

[1] ئەوەندە ئەگەری ئەوە نییە، کە لەکۆمەڵگایەکی تایبەت بەهۆڤەکان ئەم هزرەیان بە زەینـدا هاتبێت، کە لەپانتایی سروشتدا دابەش کردنی چەند هەرێمێکیان هەبووبێت و هەرێمێکیان بۆ کۆمپانیایەکی تایبەتی جادوگەرەکان دیاری کردبێت و پێیان قبوڵ بکەن کە جادوگەرییەکانی خۆیان بخەنە گەڕ و سێحر و ئەفسونەکانی خۆیان بخەنە خزمەت بەختەوەری گشتی کۆمەڵگا. تەوتەم پەرەستی و زەواج لەگەڵ بێگانە، لاپەڕەی ٥٧.

تەوتەمەی کە رۆحە هاورەگەزەکانی دیکەی لەو شوێنەدان. ئەم تیۆریە لەسەر چۆنیەتی دوو گیان بوون یان ئاوس بوون چەقی بەستووە و لەتوانایدا نییە ریشەکانی تەوتەم پەرەستی راڤە بکات، چونکە پێشتر بۆ خۆی چەمکی تەوتەمی تێدایە، بەڵام گەر هەنگاوێك بۆ دواوە بنێین و ئەگەری ئەوە دابنێین، کە هەر لەهەمان سەرەتاوە ژن بڕوای بەو جۆرە بووە کە بۆ یەکەم جار هەست بەدایك بوون دەکات، ئاژەڵ، رووەك، بەرد یان شتێکی دیکە نێو خەیاڵی داگیر کردبێت و بەڕاستی چووبێتە نێو جەستەیەوە تاکو پاشان سەر لەنوێ بەشێوەی مرۆڤێك زیندوو بێتەوە ئەو کات بەڕاستی یەك بوونی پیاو (باوك) لەگەڵ تەوتەمەکەی خۆیدا لێکبداتەوە و لەنێو زەینی خۆیدا (ژنەکە) بەو جۆرە دەربکەوێت و دەکرێت گشت یاساخکارییەکانی دیکەی تەوتەم جگە لەژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانەدا هەر لەم بڕوایەدا ببینین. بەو واتایە کە پیاو لەدۆخێکی لەو جۆرەدا خۆی دەپارێزێت لەخواردنی گۆشتی تەوتەم یان رووەکی تەوتەم، چونکە گەر بیانخوات ئەوە لەڕاستیدا خۆی خواردووە، بەڵام جارنەجارێك بیانویەك دەدۆزێتەوە تاکو لەڕێ و رەسمێکی تایبەتدا هەندێك لەتەوتەمەکەی خۆی بخوات تاکو یەکبوونی خۆی لەگەڵیا تۆکمەتر بکات. یەکبوون بەشێکی سەرەکی تەوتەم پەرەستی پێکدەهێنێت. "ریڤێر W.H.R.RIVERS" سەبارەت بەدانیشتوانی دورگەی "بانکۆ

BANCO" و بەگوێرەی تیۆری ئاوس بوون ئەوەی سەلماندووە کە راستەوخۆ پیاو لەگەڵ تەوتەمەکەیدا یەکێکە.

کەواتە دەبێت دوایین ریشە و سەرچاوەی تەوتەم پەرەستی لەنێو نەزانین و داماوی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا ببینین، کە سەبارەت بەچۆنیەتی زاوزێی مرۆڤ و ئاژەڵە و بەتایبەتی لەدیاری کردنی رۆڵی پیاو و ژن لەم نێوانەدا. ئەو شتەی زانینی لەم جۆرە بەهێز دەکات هەمان مەودای زەمەنیە، کە لەنێوان کرداری سێکسی و بەدنیا هاتنی منداڵدا دێتە مەیدان. (یان ئەو ساتەی دایك هەست بە یەکەمین جوڵەی ناو لەمەی خۆی دەکات). بەگوێرەی بابەتەکانی پێشوو ئەگەری ئەوە هەیە تەوتەم پەرەستی خولقکارییەکی ژنانە بێت و پیاوان رۆڵیان تێدا نەبێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە دەبێت ریشەی تەوتەم پەرەستی لەچوارچێوە و دەوروبەری ژناندا بدۆزرێتەوە: هەر شتێك لەساتێکی ئەوەندە رەمز و رازاویدا زەین و خەیاڵی ژنان، کە بیری لێدەکەنەوە داگیر بکات لەو کاتەدا کە هەست دەکات خەریکە دەبێتە دایك و بەدڵنیاییەوە لەزەینیدا ئەوەی لەخەیاڵیدایە لەگەڵ منداڵەکەیدا دەبێتە هاوناسنامەی.

ئەم خەونە خۆشانەی دایك، کە هەم سروشتین و بەزۆریش گشتین لەوانەیە زۆر بەئاسانی بەریشەی تەوتەم پەرەستی لێکبدرێتەوە.

گرنگترین رەخنە، کە لەسێیەمین تیۆریەکەی فرێزر دەگیرێت، هەر هەمان رەخنەیە کە لەدووەم تیۆری واتە تیۆری کۆمەڵناسییەکەی گرتمان.

وا دیاره ئارونتاکان گەلێك پاش دەرکەوتنی تەوتەم پەرەستی سەریان هەڵدابێت. ئەوەی کە نکۆڵی لەبوونی باوك دەکەن بەهۆی نەزانینی خۆیانە، چونکە لەزۆربەی بوارەکاندا بەئاگان تەنانەت بۆماوە لەڕێگەی منداڵانی باوکەوە دەبێت. وەك ئەوە وایە چەمکی باوکیان کردبێتە قوربانی بەشێك لەئاڵوێر و مەزندە کردن بە مەبەستی ڕێز گرتن لەرۆحی باو باپیرانیان[1]. ڕاستە ئەمانە لەمیتۆلۆژیای ئاوس بوونی داوێنە پاکانە (بەبێ پەیوەندی سێکسی) تیۆرییەکی گشتی ئاوس بوونیان دەرکێشاوە، بەڵام لەڕووی ڕەوشی زاوزێوە زۆرتر لەگەلانی سەرەتایی لەقۆناخی سەرهەڵدانی میتۆلۆژیای (ئەفسانەی) مەسیحییەوە نەزانینیان پێوە دیارە.

توێژەری هۆڵەندی "ویکلن G.A.WILKEN" سەبارەت بەهۆیەکانی دەرکەوتنی تەوتەم پەرەستی ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی دیکەی پێشنیاز کردووە و پەیوەندیداری دەکات لەگەڵ کۆچبەربوونی ڕۆحەکانەوە. ئەو ئاژەڵەی، بەگوێرەی بیر و بۆچوونە ناوبراوەکان، کە ڕۆحی مردووەکانی تێدا تواوەتەوە بەشێوەی خزمێکی ڕێژەیی یان ئەژدادیانی لێدێت و ئەمەش دەبووە هۆی ئەوە کە ستایشی بکەن. بەپێی ئەم وەسفە وەك ئەوە وایە، کە کۆچبەر بوونی ڕۆحەکانە بەیارمەتی تەوتەم پەرەستی پاساوی بۆ دێتەوە

---

[1] ئەم بیر و بۆچوونە فەلسەفەیەك دادەمەزرێنێت، کە قەت ناتوانێت سەرەتایی بێت. نە. لانگ سڕی تەوتەم لاپەڕە ١٩٢.

نەك بەپێچەوانەوە. (فرێزر تەوتەم پەرستی و ژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانەدا. بەرگی چوارەم، لاپەڕەی ٤٥).

ئانترۆپۆلۆگە مەزنەکانی ئەمریکا (فر. بوس FR.BOOS) و (هیل توت HILL-TOUT) و... هتد. تیۆریەکی دیکەیان سەبارەت بەتەوتەم پەرستی خستۆتە مەیدان، ئەمان بەگوێرەی ئەو بینینانە، کە لەسەر خێڵە تەوتەمییەکانی ئەمریکای باکووری کراوە روانگەیەکی لەم جۆرەیان هەیە لەبنەڕەتدا تەوتەم رۆحێکی پاسەوان بووە کە دێتە خەوی ئەژدادێکیان و ئەو بەرێگای بۆماوە و گواستییەوە سەر وەچەکانی دیکە. پێشتر گوتمان گەر پاساوی دەرکەوتنی تەوتەم پەرستی بەگوێرەی گواستنەوەی تاکەکان بێت رووبەرووی چ گرفتێك دەبینەوە. پاشان بەگوێرەی ئەو بینینانەی کە لەئۆستۆرالیادا بەئەنجام گەیشتوون قەت ناتوانێت پاساوی پەیوەندی بنەڕەتی لەنێوان رۆحی پاسەوان و تەوتەمدا بێنێتە مەیدان [1].

دوایین تیۆری دەروون ناسانە هەر هەمان تیۆری (وونت)ە کە ئەم دوو بابەتەی خوارەوە بەدوو بابەتی مسۆگەر دەزانێت. یەکەم بابەتی کۆنترین و باوترین تەوتەم هەر هەمان ئاژەڵە. دووەم لەنێو ئاژەڵە تەوتەمییەکاندا باوترینیان ئەو ئاژەلانەن کە رۆحیان هەیە [2]. گیان لەبەرە گیاندارەکان بریتین لەمارەکان، تمساحەکان، مشکەکان، پەلەوەران بەهۆی جوڵەی زیاد،

[1] فرێزر هەمان پەرتووك لاپەڕەی ٤٨.

[2] وونت بنەماکانی دەروون ناسی گەلان لاپەڕەی ١٩٠.

توانای هەڵفڕین لەئاسمانەکان و هەندێك تایبەتمەندی دیکە بۆتە هۆی سەرسوڕمان، ترس و تۆقینیان.

وادیارە بوونەوەرەکان هەڵبژاردەیەك بن بۆ لەخۆگرتنی ئەو رۆحانەی کە جەستەی مردووەکان بەجێ دەهێڵن. لەڕاستیدا ئاژەڵی تەوتەمی بەرهەمی شێوەی گۆڕاوی ئاژەڵی رۆحی مرۆڤە. کەواتە بەگوێرەی بیر و رای وونت تەوتەم پەرەستی راستەوخۆ پەیوەندیدارە بە بڕوا کردن بەرۆحەکان یان ئانیمیسمە.

## "هـ، و، و" ریشەکانی ژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانە و پەیوەندی بە تەوتەم پەرەستییەوە.

وێڕای ئەوەی کە تارادەیەك بەوردییەوە بۆچوونەکانم سەبارەت بە تەوتەم پەرەستی باس کردووە، بەڵام لەوە دەترسم بەهۆی ناچاری هەندێك چڕکردنەوەم لەنووسینەکانمدا کردبێت کە هەموویانم بەکەم و کوڕی هێشتبێتەوە. سەبارەت بەوەی کە دەمەوێت بینوسم دیسان بەهۆی سود گەیاندن بەخوێنەران دەتوانم ئەو دەرفەتە بۆ خۆم دابنێم کە وردتر لەپێش بنوسم. باس کردن سەبارەت بەژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانەدا و لەنێو گەلانی تەوتەمیدا و بەتایبەتی بەگوێرەی سروشتی ئەو کەرەستانەی پەیوەندیداری دەکەن باسێکی جۆراوجۆر و ئاڵۆز دەبێت. تەنانەت بەبێ زێدەڕۆیی دەتوانین بڵێین رەهەندی زەق و دیاری ئەم باسانە تێکەڵ بوون و لێڵییانە. پاشان بەگوێرەی ئەو ئامانجەی کە لێرەدا پەیرەوی دەکەم ئەوە بەمافی خۆم دەزانم کە تەنها وێنای ئەو چەند بابەتە بکێشم کە گرنگ و سەرەکین. کەسانێك لەم بوارەدا خوازیاری لێکۆڵینەوەی زۆرتر بن دەبێت سەیری ئەو سەرچاوە تایبەتانە بکەن کە بەزۆری ئاماژەیان پێدەدەین.

بێگومان رێبازی لێکۆڵەرەکان سەبارەت بەبابەتی پەیوەندیدار بەژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانەدا بەلانی کەمەوە تاکو رادەیەك پەیوەستە بەحەزی ئەوانەوە لەسەر فڵان یان ئەم تیۆریە تەوتەمیە. بۆیە هەندێك

لەشیکردنەوە پێشنیاز کراوەکانی لێکۆڵەرەکان پەیوەندی بەبابەتی ژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانەدا نییە وەك بڵێین ئەم بابەتە و تەوتەم پەرەستی دوو دەزگای تەواو جیاوازن لەیەکدیکە، کەواتە لەم بوارەدا خۆمان رووبەرووی دوو هەڵێنجاندن دەبینینەوە. یەکیان بەئاماژە داین بەرووە سەرەتاییەکانی زەواج لەگەڵ بێگانە، کە بەشتێکی مەزنی سیستەمی تەوتەمی لەقەڵەم دەدات. لەکاتێکدا هەڵێنجاندنەکەی دیکە بەگشتی نکوڵی لەپەیوەندییەکی بەم جۆرە دەکات و تەنها بڕوای بە بەرکەوتنێکی بەرێکەوت لەنێوان ئەم دوو تایبەتمەندییە جیاوازەی کولتووری سەرەتاییدا هەیە. فریزر لەدوایین لێکۆڵینەوەکانیدا بەبێ هیچ ئەگەر و لەبەرچاوگرتنێك بڕوا بەهەڵێنجاندنی دووەم دەکات.

فریزر دەڵێت: "داوا لەخوێنەران دەکەم قەت ئەم دوو بابەتە لەیاد نەکەن کە لەبنەڕەتدا دەزگای دوو رەهەندی ناوبراو، تەوتەم پەرەستی و زەواج لەگەڵ بێگانە بەهۆی ناواخن و ریشەکانیانەوە لەیەکدی جیاوازن، هەر چەندە بەرێکەوت لەزۆربەی خێڵەکاندا تێکەڵ کراو بەیەکتری لێکدەدرێنەوە". (تەوتەم و ژن و مێردایەتی لەگەڵ بێگانە بەرگی یەکەم، پێشەکی لاپەرەی ١٢).

ئەو راستەوخۆ ئاگادارمان دەکاتەوە، کە هەڵێنجاندنی یەکەم سەرچاوەیە کە لەگرفت و هەلە تێگەیشتن. بەپێچەوانەی فریزر لێکۆڵەرەوانی دیکە لەئاستی ناوەڕاستدا سەیری دەکەن و دەڵێن زەواج لەگەڵ بێگانە یەکێکە

لەدەرئەنجامە سەرەکییەکانی هزری تەوتەم پەرەستی. دورکهایم[1] لەلێکۆڵینەوەکانیدا ئەوەی خستۆتە ڕوو کە وەك پێویست دەبێت تابۆی پەیوەندیدار ڕێگرێك بێت بۆ پەیوەندی نەکردنی سێکس لەگەڵ ئەو ژنانەدا، کە پەیوەستی هەمان تەوتەمی پیاون. چونکە خوێنی تەوتەم لەگەڵ خوێنی پیاوەکەدا یەکێکن، کەواتە بە ئەنجام گەیاندنی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هەمان ژندا کە پەیوەستی تەوتەم بێت وەك کردارێکی تاوانکارانە سەیری دەکرێت (بەتایبەتی ئەگەری ئەوە هەیە لەم پاساخکارییەدا پەردەی کچێنی و عادەتی مانگانە لەبەرچاو گیرابێت).

لەم بابەتەدا لانگ هاوڕەنگی دورکهایمە و تەنانەت لەو بڕوایەدایە بۆ پاساوی پاساخکردنی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنانی هەمان خێڵدا پێویست ناکات پەنا بەرنە بەردەم تابۆی خوێن، بەڵکو تابۆی گشتی کە بۆ نموونە دانیشتن لەژێر سێبەری داری تەوتەمدا پاساخ دەکات بەسە بۆ پاساخکردنێکی لەم جۆرە. پاشان هەر هەمان لێکۆڵەر تیۆریەکی دیکەی سەبارەت بەریشەکانی زەواج لەگەڵ بێگانەدا خستۆتە ڕوو بەبێ ئەوەی پێمان بڵێت چ پەیوەندییەك لەنێوان ئەم دوو ڕاڤە کردن و لێکدانەوەیەدا هەیە.

---

[1] سەیری ڕەخنە لەڕامان و بڕوای دورکهایم بکە لەتەوتەم و زەواج لەگەڵ بێگانە، بەرگی چوارەم، لاپەڕەی ١٠١.

زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لەڕووی ریزبەند کردنی زەمەنیەوە لەو بڕوایەدان تەوتەم پەرەستی کۆنترە لەبابەتی زەواج لەگەڵ بێگانە[1]. ئێمە لەنێو ئەو تیۆریانەدا کە دەیانەوێت زەواج لەگەڵ بێگانە سەربەخۆ لەتەوتەم پەرەستی راڤە بکەن تەنها ئاماژە بەو گروپە دەدەین، کە رێبازی لێکۆڵینەوەکەیان لەبواری بابەتی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا روون بێت.

ماك لنان[2] زۆر پسپۆرانە و بەگوێرەی چەند پاشماوەیەك لەچەند داب و نەریتی پەیوەندیدار بە رەدوکردنی ناموسی ژنانەوە لەسەردەمانی کۆنتردا راڤە بۆ زەواج کردن لەگەڵ بێگانەدا دەکات.

ئەو قبوڵی کردووە لەکۆنترین قۆناخەکانی مێژوودا ئەو داب و نەریتە هەبووە کە پیاوان، ژنانی خێڵە بێگانەکانیان بۆ ناموسیان رەدو دەکردو هێدی هێدی زەواج لەگەڵ ژنانی هاوخێڵی خۆیاندا لەباو کەوت و تاکو گەیشتە ئەو ئاستەی یاساخ و ناپاك[3] بکرێت. ئەو هۆکاری باوبوونی زەواج لەگەڵ بێگانەدا بە کەم بوون و دەست نەکەوتنی ژن لەنێو خێڵە سەرەتاییەکاندا دەزانێت، چونکە لەنێو هەندێك لەخێڵەکاندا باو بووە کە بەزۆری، هەر ئەوەندە منداڵی مێ لەدایك دەبوو خێرا دەیان کوشت. ئێستا

---

[1] بۆ نموونە فرێزر لەهەمان پەرتووك بەرگی چوارەم لاپەڕەی ٧٥ دا دەڵێت: کلانی تەوتەمی دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە و بەتەواوەتی جیاوازی لەگەڵ چینی زەواجدا هەیە. ئێمە بەهۆی بەڵگەی فراوانەوە لەو بڕوایە داین کلانی تەوتەمی زۆر کۆنترە لەچینی زەواج.

[2] زەواجی سەرەتایی ١٨٦٥.

[3] ناپاك بەواتای لەبرەو کەوتن.

کارمان بەوە نەداوە کە بزانین ئەم راستی و زانیاریانە لەکام جۆرن، کەتیۆرییەکانی ماك لنان سەرەڕاست دەکەنەوە یان نا. ئەوەی کە بەزۆری مەبەستمانە ئەوەیە کە تەنانەت ناتوانین بەگوێرەی ئەم تیۆریانە ئەم بابەتە روون بکەینەوە کە چما پیاوان زەواجیان لەگەڵ ژنانی هاوخوێنی دیکەدا کە لەنێو خێڵدا دەمانەوە لەسەر خۆیان یاساخیان دەکرد یان چما لێکۆڵەر بەتەواوەتی بابەتی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا وەلاناوە [(١)]. بەپێچەوانەوە لێکۆڵەرانی دیکە دەڵێن مەبەست پێشگرتن بووە لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا [(٢)]. گەر سەرنجی ئاڵۆزی هەمیشەیی و ڕوو لەزیادبوون لەسنووردار کردنەکانی زەواج لەئۆستۆرالیادا بکەین و دەبینرێن دەبێت بەناچار بۆچوونەکانی "مۆرگان morgan [(٣)]" و "بالدوین سپێنسر B.spencer" و فرێزر و "هۆیت howitt" قبوڵ بکەین، کە دەڵێن رێ و شوێنی پێشگرتن بەم زەواجانە نیازێکی بەئەنقەست و هەستانە تێدایە (یان وەك فرێزر دەڵێت: پلانێکی بەئەنقەست) بەڕاستی بەو مەبەستە گەیشتن کە لەزەینیاندا بوو. "ئاستەمە بتوانرێت وردەکارییەکانی سیستەمێکی بەم جۆرە ئاڵۆز و رێکخراوانە بەجۆرێکی دیکە لێکدانەوەی بۆ بکرێت [(٤)]".

---

(١) فرێزر هەمان پەرتووك لاپەڕەی ٩٢-٧٣.

(٢) سەیری تاقیکردنەوەی یەکەم بکە.

(٣) مۆرگان کۆمەڵگا کۆنەکان. ١٨٧٧ – فرێزر – تەوتەم زەواج لەگەڵ بێگانە، بەرگی چوار، لاپەڕەی ١٠٥.

(٤) فرێزر هەمان پەرتووك لاپەڕەی ١٠٦.

بابەتی سەرنج ڕاکێش لێرەدایە، کە یەکەمین یاساخکارییەکان کە بەهۆی چینی زەواجەوە کران بوونە ڕێگری ئازادییە سێکسییەکانی جیلی لاو، واتە پێشیان بەپەیوەندی سێکسی نێوان خوشك و برا و دایك و کوڕ گرت و لەهەمانکاتدا بە پەیوەندی نێوان، باوك و کچ زەمەنێکی زۆر درێژەی کێشا تاکو پاشان یاساخکرا.

بەڵام دروستە ئەوەی کە سنووردار کردنی پەیوەندی سێکسی زەواج لەگەڵ بێگانەدا دەگەڕێنەوە بۆ داڕشتنی یاسایەکی بە ئەنقەست، بەڵام ناڵێن چما دەزگایەکی بەم جۆرە پێکهاتووە یان ترس لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەبێت لەئاستی خوارەوەی زەواج لەگەڵ بێگانەدا دابنرێت؟

ناتوانین ئەو ترسە لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسە نزیکەکاندا بەو غەریزەیە بزانین کە نەفرەت لەخۆی دەکات. لەڕاستیدا لەوە دەچێت کە ترس لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسە نزیکەکاندا بەترس لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەسە نزیکەکاندا چارەسەر بکەین. لەکاتێکدا لەئەزموونەکاندا بۆمان دەرکەوتوون وێڕای غەریزەیەکی بەم جۆرە، پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا کردارێکی هەڵەیە، تەنانەت لەکۆمەڵگا شارستانیە ئەمرۆییەکاندا و سەرباری ئەمەش هەندێك ئەزموونی مێژوویی نیشان دەدات ژن و مێردایەتی لەگەڵ مەحرەمەکاندا بۆ هەندێك لەکەسایەتییە بژاردەکان کارێکی ناچاری بووە.

لێکدانەوەی وسترمارخ[1] بۆ ترس لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەرحرەمەکاندا بەم جۆرەیە: "تاکەکان لەمنداڵییەوە بەرەگەزی جیاوازەوە لەگەڵ یەکتردا ژیان دەکەن، کاتێك دەیانەوێت پەیوەندی سێکسی پێکبێنن تووشی هەست کردن بە رقێکی غەریزی دەبن، چونکە بەگشتی لەنێوان ئەم تاکانەدا بەشێکی خزمایەتی و نزیك بوونێکی خوێنی لەئارادایە. هەست کردن بەم رق لێبوونە لەیاساکان و داب و نەریتیاندا بەشێوازێکی ئاسایی دەکەوێتە ڕوو ئەمە هەر هەمان یاساخکارییە، کە ئەمڕۆ بەشێوازی یاساخکردنی پەیوەندی سێکسی لەنێوان خزم و کەس و کاری نزیکدا هاتۆتە ئاراوە".

"هاڤ لۆك ئلیس hove llock ellis" لەپەرتووکەکەیدا بەناونیشانی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی دەروون ناسی سێکس) هیچ کە لەهەمانکاتدا تایبەتمەندی غەریزی بوونی رقی ناوبراو رەد دەکاتەوە بەزۆری تیۆرییەکی هاوشێوەی وسترمارخ دەخاتە ڕوو ودەڵێت: "غەریزەی سێکسی بەزۆری لەنێوان برا و خوشك یان ئەو کوڕ و کچانەی لەسەردەمی منداڵیدا پێکەوە ژیاون دەرناکەوێت. ئەم راستییەش هیچ نییە، جگە لەدیاردەیەکی نەرێنی کە لەو رەوش و بارودۆخە ناوبراوەدا هەلومەرجی پێویست بۆ هەڵخراندنی غەریزەی جووت بوونی تێدا دەرناکەوێت. ئەو کەسانەی لەمنداڵییەوە

---

[1] ریشە و وەرچەرخانی چەمکە ئاکارییەکان ١٩٠٩- نووسەر لەم پەرتووکەدا ئەو رەخنانە رەد دەکاتەوە کە لێی گیراون.

پێکەوە ژیانیان کردووە و خوویان بەیەکتر کردووە و لەڕاستیدا گشت ئەو جوڵانەی لەبینین و بیستن و هەست پێکردنە لەبرەو خراوە و لەناو ئەو کەسانەدا لاکێشکردنێکی بۆ نەبوونی حەز پێکهێناوە و ئەوانی بەجۆرێك لێ کردووە، کە ناتوانن بزواندنی شەهوانی پێویست بۆ خۆشی سێکسی لەناو یەکدیدا پێك بێنن".

لەڕوانگەی منەوە جێگای سەرسوڕمان بووە کە وێڕای ئەوە وسترمارخ ئاماژە بەرقێکی سروشتی دەکات سەبارەت بەپەیوەندی سێکسی لەنێو ئەو منداڵانەدا کە پێکەوە ژیان دەکەن و هۆکاری ئەم رق لێبوونە دەبەستێتەوە بەڕاستییەکی ژینگەیەوە، کە بەگوێرەی ئەوە ژن و مێردایەتی لەنێوان کەسە هاوخوێنەکاندا زەرەر لەجۆر (رەگەز) دەدات. دژوارە قبوڵی بکەین، کە غەریزەیەکی ژینگەیی لەم جۆرە لەدەرکەوتنی دەروون ناسیانەی خۆیدا تووشی هەڵە بێت و بەجۆرێك لەباتی یاساخکردنی پەیوەندی سێکسی لەنێوان خزمانی هاوخوێندا بێت زەرەر لەجۆر (رەگەزەکەی) خۆی بدات. لەنێوان ئەو تاکانەدا، کە لەم رووەوە بێ زەرەرن هەر وەك ئەندامانی خێزانێك یان خێڵێك رێگری لەپەیوەندی سێکسییان دەکات. سەرەڕای ئەمەش ناتوانم خۆم لەگوتنی چێژی رەخنە گرتنە بەپیزەکەی فرێزر بێبەش کەم، کە لەتیۆرییەکانی وسترمارخی دەگرێت.

بەدڵنیاییەوە فرێزر ئەمڕۆ سەری سووڕ دەمێنێت، کە قەت هیچ پێخۆش بوونێك یان رق لێبوونێك بەدژی پەیوەندی سێکسی لەنێو تاکەکانی

(ئەندامی) خێزانێکدا لەئارادا نییە، لەکاتێکدا بەبڕوای وسترمارخ ترس لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا هیچ نییە جگە لەیەکێك لەباڵەکان و ئاسەوارەکانی پێ خۆش بوون یان رق لێ بوون، بەڵام ئەمڕۆ زێدەتر لەهەر زەمەنێکی دیکە بەرچاو دەکەوێت. فرێزر لێکدانەوەی قوڵتری سەبارەت بەتیۆریەکەی وسترمارخ بەئەنجام گەیاندووە، چونکە بابەتە سەرەکییەکانی لەگەڵ بەڵگەکانی خودی من لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی پەیوەندیدار بەتابۆ دەگونجێت و بەگوێرەی یەکن بۆیە رێك وەك خۆی دایدەبەزێنم.

"ئەم بابەتە لامان روون نییە، کە چما فلان غەریزەی مرۆیی کە پڕاوپڕ لەسروشتی مرۆڤدا بنجی داکوتاوە، دەبێت بۆ هاندان و تۆکمە کردنی خۆی پێویستی بەیاسا هەبێت. سەبارەت بەخواردن و خواردنەوە یان دەست نەخستنە نێو ئاگرەوە یاسایەکی بەم جۆرە (رێگر) لەئارادا نییە، چونکە مرۆڤ بەغەریزە دەخوات و دەخواتەوە و خۆی لەئاگر دەپارێزێت و دەزانێت گەر بەپێچەوانەی غەریزەی خۆی کردار بکات تووشی سزادانێکی سروشتی دەبێت نەك یاسایی. یاساکان تەنها ئەوە یاساخ دەکەن کە مرۆڤەکان لەژێر زەختی هەندێك لەغەریزەکانیاندا ناتوانن بەئەنجامی بگەیەنن. ئەو شتەی کە سروشت بۆ خۆی یاساخی دەکات و سنوور بەزاندنی دەبێتە هۆی سزا کردنێکی سروشتی و ئیدی پێویست ناکات یاسا و یاساخکردن و سزا داینی بۆ دابنرێت لەکاتێکدا زۆربەی مرۆڤەکان دەتوانن بەئاسانی لەژێر زەختی لاکێش کردنە سروشتییەکانی خۆیاندا هەستن بەئەنجام داینی، گەر لاکێش کردنی خراپە لەئارادا نەبوایە تاوانێك رووی نەدەدا و گەر تاوان نەبووایە

چ پێویستییەك هەیە بۆ یاساخكردنی ئەو هەستە؟ كەواتە لەباتی ئەوەی لەیاساخكردنی یاسایی سەبارەت بەپەیوەندی سێكسی لەگەڵ مەحرەمەكاندا ئەم ئەنجامە وەربگرین، كە بێگومان مرۆڤ رقی لەپەیوەندی سێكسییە لەگەڵ مەحرەمەكاندا دەبوایە ئەم ئەنجامەمان بگرتایە كە بەپێچەوانەوە و بێگومان مرۆڤ حەز بەئەنجام دانی پەیوەندی سێكسییە لەگەڵ مەحرەمەكاندا، گەر یاسا پێش بەم غەریزەیە دەگرێت و وەك پێش بەزۆربەی غەریزە سروشتییەكانی دیكە دەگرێت، لەم سۆنگەوەیە كە مرۆڤە شارستانییەكان لەوە بەئاگا هاتوون كە تێر كردنی غەریزە سروشتییە ناوبراوەكان لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە زەرەر بەخشن". (هەمان پەرتووك، لاپەڕەی ٩٧).

دیسان دەبێت ئەم خاڵە بەبەڵگاندنە بەنرخەكەی فرێزر زیاد بكەم، كە لەئەزموونی دەروون شیكاری وا دەردەكەوێت كە مرۆڤ لەسروشتیدا لەئاست پەیوەندی سێكسی لەگەڵ مەحرەمەكاندا هەست بەرق لێ كردن ناكات، بەڵكو بەپێچەوانەوە هەمیشە یەكەمین حەزی سێكسی مرۆڤی نەوجەوان ناواخنێكی زینا ئاسایان هەیە و سەركوت كردنی حەزێكی بەم جۆرە لەدواییدا رۆڵێكی گرنگی هەیە وەكو هۆكاری پێویست لەدەركەوتنی نەخۆشییە دەروونییەكاندا.

كەواتە هەڵێنجاندنی ترس لەپەیوەندی سێكسی لەگەڵ مەحرەمەكاندا، كە غەریزەیەكی خۆیی و سروشتییە رەد دەكاتەوە، هەروەها ئەو هەڵێنجاندنەی دیكە كە دەڵێت چونكە خێڵە سەرەتاییەكان زۆر زوو بەئاگا هاتن لەئاسەوارە زیان بەخشەكانی ژن و مێردایەتییە نزیكەكان لەبواری

زاوزێدا، بۆیە بەزانست و شارەزایەکی پڕاوپڕەوە پاساخیان کردووە، رەخنەی جۆراوجۆریان لەم لێکدانەوەیە گرتووە[1].

یەکەم: سەرەڕای ئەوەی کە پێشگرتن لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا زۆر کۆنترە لەدەرکەوتنی ئابووری و بەتایبەتی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی ئاژەڵی ماڵی. لەو بوارەدا هەندێك زانیاری سەبارەت بەئاسەوار و کەموکوڕییەکانی هاوخوێن بوون لەچۆنیەتی رەگەزی گیانلەبەری ماڵی بەدەست هاتوون تەنانەت ناواخنی ئاسەوارێکی زیان بەخشی لەم جۆرە لەسەردەمی ئێمەدا ئەوەندەش جێگای پەسند نییە تاکو ئەوەی کە پەیوەندیداری مرۆڤ بکات سەلماندنێکی دژوار و قورسە.

دووەم: بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە سەبارەت بەهۆڤەکان لەبەردەستماندایە دژوارە قبوڵی بکەین، کە ئەژداد و باو و باپیرانی زۆر زۆر دوور و کۆنیان بیریان لەوە کردبێتەوە کە وەچەکانی خۆیان لەئاسەواری زیانبەخشی ژن و مێردایەتی کەسە هاوخوێنەکان ئاگادار کردبێتەوە زۆر جێگای پێکەنینە، کە بێین خەڵکانی سەرەتایی، کە بەکردەوە ناتوانن هیچ جۆرە مەزەندەیەکی پێشە رۆژ بکەن، و تەنها خوویان بەژیانی رۆژانەیان گرتووە هێز و توانای دیاری کردنی خاڵی تەندروستی و رەگەزی فرە ناسك و جوان بدەینە پاڵیان و تەنانەت لەسەردەمی شارستانی ئێمەدا دیسان ئەوەندە توانای جیا کردنەوەیان نییە[2].

---

[1] دورکهایم: پێش گرتن بە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا. "ساڵی کۆمەڵناسی" بەرگی یەکەم ١٨٩٧- ١٨٩٦.

[2] چارلز داروین سەبارەت بەهۆڤەکان دەڵێت: "ناتوانن مەزندەی بەلا و رووداوەکانی پێشە رۆژ بکەن، تەنانەت ئەو بەلا و رووداوانە کە لەوانەیە بەسەر منداڵەکانیاندا بێت".

لەدواییدا ئەم رەخنەش لەم تیۆریەی پێشوو دەگیریەت کە تەنها هۆی رق لێبوونێکی ئەوەندە قوڵ لەنێو کۆمەڵگاکانی ئێمەدا سەبارەت بەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا چەند بەڵگە و هۆکارێکی تایبەتی تەندروستی نییە کە بەکردەوە رۆژانە دەبێتە هۆی یاساخکردنی زەواج لەگەڵ مەحرەمە هاوخوێنەکاندا. هەر وەك لەجێگایەکی دیکە نیشانم داوە[1] هێشتا ترس لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا لەنێو گەلە سەرەتاییەکانی ئێستادا فرە توند و قورسترە تاکو لەنێو گەلانی شارستانیدا.

وێڕای ئەمانە چاوەڕوان دەکرا لێرەدا دەستمان کراوە بوایە لەهەڵبژاردنی هۆکارەکانی کۆمەڵناسی، فیسۆلۆژی و دەروون ناسی تاکو لێکدانەوە و راڤەی گونجاومان بۆ ترس لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا بخستایەتە ڕوو، بەڵام وسترمارخ هۆکارەکانی دەروون ناسی بەدەرکەوتنی هێزی ژینگەی دەناساند، کەواتە لەدواییدا ناچارین لەهیوا بڕوایدا خۆمان لەگەڵ فرێزر یەکبخەین و دانی پێدا بنێین کە دەڵێت: "زانیاری و شارەزا یەکەم لەریشەکانی ترس لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا نییە و تەنانەت نازانم لەکام لایەنەوە بەدوایدا بگەڕێم. هیچکام لەو رێگاچارانەی کە تاکو ئێستا بۆ چارەسەری ئەم مەتەڵە پێشنیاز کراون قەناعەت بە بۆچوونی ئێمە ناکات[2]".

---

[1] سەیری تاقیکردنەوەی یەکەمی ئەم پەرتووکە بکە.

[2] دەبێت لەم رووەوە دان بەوەدا بنێین کە دوایین ریشەکانی زەواج لەگەڵ بێگانە هەر وەك مەتەڵ ماوتەوە و چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە و لەئەنجامدا یاسای دژی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا دیار نییە چۆن دانراوە یان (بۆ ئەوەیە زەواج لەگەڵ بێگانەدا ببێتە پێشگرتنی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا). تەوتەم و زەواج لەگەڵ بێگانە، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ١٦٥.

دیسان دەبێت لێرەدا ئاماژە بەدوایین تاقیکردنەوە بدەم کە هەوڵێکە بۆ روون کردنەوەی ریشەی ترس لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا. ئەم تاقیکردنەوەیە بەتەواوەتی جیاوازە لەو تاقیکردنەوانەی تاکو ئێستا ئەنجامان داوە و دەبێت ناوی تاقیکردنەوەی مێژوویی لێ بنێین.

ئەم تاقیکردنەوەیە پەیوەندیداری تیۆریەکی "چارلز داروین"ە سەبارەت بەرەوشی کۆمەڵایەتی سەرەتایی مرۆڤایەتی. داروین لەخووی ژیانی "بوزینە" مرۆڤ ئاساکان ئەنجامێکی بەم جۆرەی وەرگرتووە، کە مرۆڤەکان لەسەرەتادا بەشێوەی رەوەی بچووک ژیانیان دەکرد و ئیرەیی کۆنترین و بەهێز ترین نێری رەوە پێشی بە بێ سەرەوبەرەیی سێکسی دەگرت. چونکە سەبارەت بە بابەتی ئیرەیی بوونی ئەو بوونەوەرانەی کە شیر دەدەن بەئاگاین و دەزانین تەنانەت زۆربەیان خۆیان بەهەندێك ئەندامی تایبەت تەیار کردووە بۆ بەرگری کردن لەبەرامبەر بە نەیارەکانیان. بەدڵنیاییەوە دەتوانین ئەو ئەنجامە دەربخەین کە بێ سەرەوبەرەیی سێکسی تەواو رەهای سروشتی زۆر ئاستەم و قورسە... ، بەڵام گەر مەودایەکی درێژ لەمێژوودا بۆ دواوە بگەڕێینەوە و دادوەری لەسەر پاشماوە و ئاسەواری نەریتەکانی مرۆڤ بکەین، ئاستەم ترین دەرئەنجامێك کە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە مرۆڤەکان لەسەرەتای دەرکەوتنیاندا بەشێوەی کۆمەڵی بچووك ژیانیان دەکرد و بەزۆری هەر پیاوێك ژنێکی هەبووە و هەندێك جار گەر یەکیان بەهێزتر بوایە چەندها ژنی دەبوو لەبەرامبەر ئیرەیی پیاوانی دیکەدا پاراستنی لێدەگردن یان، گەر ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی نەبایە دیسان دەیتوانی

وەك "گۆریلا" لەگەڵ چەندها ژندا ژیان بکات کە تەنها پەیوەستی ئەو بن. لەڕاستیدا گشت مرۆڤەکانی نێو ڕەوە لەیەك دەچن و تەنها نێریکیان تێدا دەبینرێت. کاتێك نێرێکی لاو مەزن دەبێت جارێکی دیکە تێکۆشان دەست پێدەکاتەوە بۆ زاڵ بوون بەسەر ڕەوەدا و بەهێزترین نێر پاش کوشتن یان تاراندنی نەیارەکانی سەرۆکایەتی کۆمەڵگا لەئەستۆ دەگرێت. (دکتۆر ساواژ ــ ڕۆژنامەی مێژوو ــ باستۆن ــ بەرگی پێنجەم،ساڵی ٤٧- لە ١٨٤٥ دا). ئەو نێرە لاوانەی کە بەم جۆرە لەکۆمەڵگا سڕاونەتەوە (دەرکراون) سەرگەردان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەڕۆن و هەر یەکە لەئاکامدا و لەئاستی خۆیەوە ژنێك دەبینێتەوە و ئەرکێك بەسەر خۆیدا دەسەپێنێت، کە بریتییە لەپێشگرتنی پەیوەندی سێکسی لەنێوان تاکە هاوخوێنەکان و کەسانی زۆر نزیك وەك یەك بنەماڵە [1].

وادیارە "ئاتکینسۆن atkinson" [2] یەکەم کەس بێت لەڕاستیدا ئەو بارودۆخەی قبوڵ کردبێت کە داروین سەبارەت بە ڕەوە سەرەتاییەکان و زەواج لەگەڵ بێگانەدا باسی دەکات و وەکو بارودۆخێك هانیدەدات. هەر کام لەم نێرە لاوە دورخراوانە دەیانتوانی ڕەوەیەکی هاوشێوە بنیات بنێن و پەیوەندی سێکسی یاساخ بکەن و لەئیرەیی خۆیاندا چاودێر بن بۆ پێکهێنانی ئەو یاساخکارییە. بەم جۆرە و بەتێپەڕ بوونی زەمەن هێدی هێدی هەلومەرجی ناوبراو بووە بنەما و یاسایەکی هۆشیارانە و بەئەنقەست

(1) ریشەی مرۆڤەکان. وەرگێڕانی بۆ ئەڵمانی ــ ئە، کاروس ــ بەرگی دووەم، بەشی ٢٠، لاپەڕەی ٣٤١.

(2) یاسای سەرەتایی ١٩٠٣ (باسکراوە لەپەرتووکی لانگ دا: ریشە کۆمەڵایەتییەکانی.

و تاکو ئەمڕۆش درێژەی کێشاوە و ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەندامانی ڕەوەیەك ئەو مافەیان نییە کە پێکەوە ژیان بکەن. پاشان لەقۆناخی دەرکەوتنی تەوتەم پەرەستی یاسای ناوبراو خۆی گۆڕی بۆ ئەم یاسایە کە تاکەکانی هاوتەوتەمێك ناتوانن لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی سێکسی پێکبێنن.

(لانگ)یش ئەم تیۆریەی قبوڵ کردووە، کە سەبارەت بەزەواج لەگەڵ بێگانەدایە، بەڵام لەهەمان پەرتووکدا لایەنگری لەتیۆریەکی دیکە (تیۆری دورکهایم) دەکات، کە دەڵێت: زەواج لەگەڵ بێگانەدا دەرئەنجامی یاسا تەوتەمییەکانە. بەئاسانی ناگرێت ئەم دوو تیۆریە لەگەڵ یەکتردا بگونجێنین. بەگوێرەی تیۆری یەکەم زەواج لەگەڵ بێگانەدا کۆنترە لەتەوتەم پەرەستی و بەگوێرەی تیۆری دووەم زەواج لەگەڵ بێگانە هۆکاری تەوتەم پەرەستییە [1].

---

(1) گەر بۆچوونەکانی بەڕێز داروینمان قبوڵ بێت، کە دەڵێت: زەواج لەگەڵ بێگانەدا لەئارادا بووە پێش ئەوەی بڕوای تەوتەم پەرەستی ڕەهەندێکی یاسایی پێ بدات تا رادەیەك ئەرکەکەمان ئاسان دەبێت. یەکەمین بنەما و یاسای کرداری هەر هەمان یاسای ئیرەیی بوونی سەرۆکی گروپە. "بۆ هیچ نێرێك نییە دەست لەژنانی ڕەوەکەم بدات" و ئەمەش بەدەرکردنی کوڕە لاوەکان چڕتر کرایەوە. ئەم بنەمایە بەتێپەڕبوونی زەمەن و بەرەبەرە ئاسایی بووەوە و بەم شێوەیەی ژێرەوەی لێهات: "زەواج لەگەڵ تاکەکانی هاوخێڵدا یاساخە". گریمان پاشان گروپە خۆجێیەکان ناوی ئاژەڵەکانیان لەسەر خۆیان دانا لەو کاتەدا بنەماکەی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت: "زەواجی کەسە هاوناو و هاو تەوتەمییەکان لەگەڵ یەکتردا یاساخە، واتە کەسە نەعامەیەکان نابێت لەگەڵ کەسە نەعامەیەکانی دیکەدا زەواج بکەن". بەڵام گریمان گروپە سەرەتاییەکان لەگەڵ خۆیاندا زەواجیان دەکرد، بەڵام دیسانەوە هەر ئەوەندە ناوی گیانلەبەران و ڕووەکەکان و ... لەلایەن گروپە خۆجێیەکانەوە قبوڵ کرا بووە هۆی ئەفسانە و تابۆ تەوتەمییەکان. بەڵام دەبوایە بابەتی زەواج لەگەڵ بێگانەدا قبوڵ بکەن (نهێنی تەوتەم لاپەڕەی ١٤٣). لانگ لەدوایین پەرتووکیدا (کولتووری ڕەشۆکی، دیسامبەری ١٩١١). لەم بارەوە نوسیویەتی، ئیدی زەواج لەگەڵ بێگانەدا بەهۆکاری تابۆی "تەوتەمی گشتی" نازانێت.

## بەشی سێیەم:

لەدەروون شیکاریدا تەنها بازنەیەکی رووناک و شاز کەوتۆتە سەر ئەم تاریکی و شێواویە. لەزۆر رووی جیاوازەوە هەڵسوکەوتی مندالآن و گیانەوەران لەگەڵ رێبازی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا بەرامبەر بەئاژەڵەکان جێگای بەراورد کردنە. هێشتا لەنێو منداڵەکاندا ئەو لەخۆ بایی بوونەی تاکە پێگەییوەکانی شارستانی نابینرێت کە لەنێوان خۆیان هەموو نێونەرانی دیکەی جیهانی گیانلەبەران سنورێکی روون و راشکاوانە دەکێشن، چونکە منداڵان ئاژەڵەکان لەگەڵ خۆیاندا بە بەرامبەر دەزانن، چونکە راشکاوانە و بەپاکی پێویستییەکانیان دەردەبڕن بۆیە لەئاست ئاژەڵەکاندا زێدەتر هەست بەنزیك بوون دەکەن تاکو مرۆڤەکان کە بێگومان لەڕوانگەی ئەوانەوە رەمز و رازاوی و مەتەڵینن.

لەم هاوئاهەنگییە رێکخستنیە پڕاوپڕەدا کە لەنێوان منداڵان و ئاژەڵەکاندا هەیە هەندێك جار کەموکوڕییەکی سەرسوڕهێنەر دەردەکەوت، چونکە منداڵەکان لەناکاو لەهەندێك لەگیانەوەران دەترسن و دەتۆقن هەندێك جار لەدەست لێدان یان تەنانەت لەبینینی هەندێك لەگیانەوەرەکان هەڵدێن. ترس لەئاژەڵەکان یەکێکە لەباوترین ناهاوسەنگییە دەروونییەکان کە لەم تەمەنەدا دەبینرێن یان لەوانەیە بتوانین لەم گوتارەدا بەشێوەی جۆرێك لەنەخۆشی ناوادە لێکی بدەینەوە. منداڵان بەزۆری لەو گیانلەبەرانە

دەترسن کە پێشتر زۆر بەتوندی سەرنجیان داوەتێ و لەڕاستیدا ئەم ترسە هیچ پەیوەندییەکی بەم ئاژەڵ یان ئەو گیانلەبەری تایبەتەوە نییە. منداڵان لەنێو شاردا ئەوەندە دەستیان ئاوەڵا نییە لەهەڵبـژاردنی ئـەو ئاژەڵانـەدا کـە لەوانەیە ببێتە هۆی ترساندنی نەخۆش ئاسایان، لـەنێو شاردا هـەر هـەمان سـەگ، ئەسـپ و پـشیلەیە و زۆر بەکـەمی باڵنـدەکان و بـەزۆری بەتایبـەتی سنووردار دەکرێن بـە گیانلەبـەرە بچووکەکان وەك پەپولـە. هەنـدێك جار منـداڵ لـەئاژەڵێك دەترسـێت، کـە تـەنها لـەنێو پـەرتووکی وێنەکانیـدا بینیویـەتی و تـەنها لـەنێو چیرۆکەکاندا نـاوی بیـستوون. ئـەم گیانلەبەرانـە دەبنـە هـۆی ئـەو پەشـۆکانە ناماقوڵـە لـەڕادە بـەدەرە کـە بـەزۆری هاوڕێیـە لەگـەڵ ترسـاندن لـەو ئاژەڵانـە. زۆر بەدەگمـەن دەتـوانین رووداو یـان ئـەو کارەساتە بدۆزینەوە کە بۆتـە هـۆی هەڵبـژاردنی ئـاژەڵێکی بـەم چەشـنە بـۆ ترسەکەی. دەبێت لێرەدا سپاسی "کارڵ ئابراهام" بکەم کـە باسـی منـداڵێکی بۆ کردم کە بۆ خۆی هۆی ترساندنەکەی لەزەرگەتە (زەردەواڵە) پێیگوتووە، کـە رەنـگ و هێڵـەکانی جەسـتەی زەرگەتـە کـە (پڵـنگ) بـەبری بـەیاد هێناوەتـەوە، بـەبر ئـەو ئاژەڵـەی کـە بـە پێـی چیرۆکەکان بـۆی باسکراوە و دەبێت لێی بترسێت.

هەر چەندە ترسی منداڵان لەگیانلەبەرەکان پێویستی بەلێکۆڵینەوە و لێ ورد بوونەوەیەکی بێ سنووری دەروون شیکارانە هەیـە، بـەڵام تـاکو ئێـستا لێکۆڵینەوەیـەکی وردی شـیکار کردنـەوە بەئـەنجام نەگەیـشتووە. هۆیەکـەی

روونــە، چـونکە دەروون شـیکاری کردنـی منـداڵانی فـرە کـەم تەمـەن زۆر دژوارە. کەواتـــە نـــاتوانین بڵـــێین لـــەواتای گـــشتیدا گەیـــشتووینەتە ناهاوسەنگییەکان و تەنانەت وا دەزانم واتاکەی فرە قورس و تایبەتە. وێڕای ئەمـەش توانیمـان لەچـەند بابـەتێك لـەو ترسـانەی کـە منـداڵ لەئاژەڵـە گەورەکان هەیانە واتا و نهێنییە راستییەکانیان بدۆزینـەوە. لـەم بابەتانـەدا کـە دەرکـەوتوون چـیرۆکەکان یـەکێك بـوون، گـەر منداڵـەکان کـوڕ بوونایـە پەشـۆکانەکەیان لەباوکیانـەوە سەرچـاوەی دەگـرت، بـەڵام ئـەم پەشـۆکانە لەباوکەوە بۆ گیانلەبەران دەگوازرایەوە و جێگۆڕکێی دەکرد. ئـەو کەسـانەی کەم تا فەرەیەك شارەزای دەروون شـیکارین بێگومـان بابـەتی لـەم جۆرەیـان بینیوە. سەرەڕای ئەمانەش بەڵام هێشتا گوتـارێکی ئەوەنـدە تێـر و تەسـەلی لەبارەوە بڵاو نەکراوەتەوە. هەڵبەتە ئەم کەم و کوڕییانە لەبواری نووسیندا رووداوێکـی بەرێکەوتـە و نـاتوانین ئـەو ئەنجامـەی لـێ وەرگـرین، کـە زانیارییەکانمان تەنها جگە لەم چەند دیتنە پرژ و بڵاوە پاڵپشتێکی دیکەی نییـە. بـۆ نموونـە لێـرەدا باسـی لێکۆڵـەرێك دەکـەم کـە بەشـێوازێکی زۆر زیرەکانە خۆی خەریکی نەخۆشی منداڵەکانی کـردووە. ئـەم لێکۆڵـەرە نـاوی دکتۆر "وولف dr.wulff[1]"ە و لەدانیـشتوانی ئەدەسـایە. سـەبارەت بـەکورە منداڵێکی تەمەن ٩ ساڵان دەگێڕێتەوە، کە ئەم کورە لەچوار ساڵانەوە لەسەگ

---

[1] پاشان دکتۆر وولف لەروسیاوە کۆچی کرد بۆ ئیسرائیل و ناوی خۆی نا (وۆڵف woolf) و لە (تل ئایو) واتە بەیتولوقەدس نیشتەجێ بوو.

تۆقاوە "کاتێك لەبازاڕدا سەگێکی دەدیت بەرەو لای هەڵدەهات و دەستی دەکرد بەگریان و ڤیزە ڤیز و دەیگووت: سەگی جوان و بچکۆلانە من لەگەڵ خۆت نەبە سوێند بێت چاك ببمەوە [1]" مەبەستی لەچاك بوونەوە ئەوەیە، کە ئیدی لەگەڵ (ڤیۆلۆن) دا یاری ناکات.

(واتە دەستپەڕ ناکات [2])، ئەم لێکۆڵەرە لەدواییدا بەسەرهاتی نەخۆشەکەی بەم جۆرە باس دەکات: "لەڕاستیدا ترس لەسەگەکان هیچ نییە جگە لەترساندن لەباوك نەبێت و ئەمەش گوازراوەتەوە بۆ سەر سەگەکان چونکە ئەم لێدوانە سەرسوڕهێنەرە، کە دەڵێت: "سەگ، چاك دەبمەوە" واتە "ئیدی دەستپەڕ ناکەم" بەڕاستی لەواتایەکی دیکەدا بەباوکی دەڵێت، چونکە باوك دەستپەڕی یاساخ کردووە. پاشان ئەم لێکۆڵەرە لەنوسراوێکی دیکەدا ئەم بابەتەی دیکە دەخاتە سەر نوسراوە پێشووەکانی، کە بەتەواوەتی لەگەڵ بینینەکانی خودی مندا ڕێکن و ئەمەش بۆ خۆی نیشانەی زیادبوونی گوتاری لەم جۆرەن. "وێنا دەکەم بەلانی کەمەوە ترس لەئەسپ، سەگ، پشیلە، مریشك و گیانلەبەرە ماڵییەکانی دیکە بەقەدەر ترسەکانی شەو لەنێو منداڵاندا باو بێت. لەدەروون شیکاریدا هەمیشە دەردەکەوێت کە

---

[1] لەدەقە ئینگلیسییەکەیدا بەم جۆرەیە: سەگی بچکۆلانە قەپاڵم لێ مەگرە هەوڵ دەدەم چاك ببمەوە.

[2] وولف چەند گوتەیەك سەبارەت بەسێکس لەمنداڵاندا، گۆڤاری ناوەندی دەروون شیکاری، ژمارەی یەکەم، لاپەڕەی ١٥... .

ترسی منداڵەکان لەباوك یان دایك بەم شێوازە دەگوازرێتەوە بۆ سەر گیانلەبەرە جۆراوجۆرەکان. دەپرسیت ئایا ترس لەمشکە بچوك و گەورەکانیش پەیڕەوی دەزگایەکی بەم جۆرەیە؟ ئیدی ناتوانم ئەم وەڵامە سەرەڕاست بکەمەوە".

لەبەرگی یەکەمی ساڵنامەی (لێکۆڵینەوەی دەروون شیکاری و نەخۆشە دەروونییەکان) دا شیکردنەوەی کوڕێکی نەخۆشی پێنج ساڵانم باس کردووە، کە لەئەسپێك ترساوە و باوکی ماتریاڵە سەرەتاییەکانی لەبەردەستم نابوو، ئەم کوڕە ئەوەندە لەئەسپ دەترسا کە نەیدەوێرا بڕواتە نێو شەقام و بازاڕ. لەوە دەترسا کە نەکاو ئەسپ بێتە هۆدەکەی و قەپاڵی لێ بگرێت. پاشان زانیم، چونکە هیوای کەوتنە خوارەوە (مەرگی) ئەسپی کردووە لەم سۆنگەیەوە دەترسا ئەسپ بێت و قەپاڵی لێ بگرێت. کاتێك هەندێك لەو ترسەی کە بەرامبەر بەباوکی کە هەستی پێدەکرد کەم کردەوە زانیمان کە لەململانێدایە، کە لەپاشە ملێدا هیوای (مەرگی) باوکی خواستووە. خێرا و راشکاوانە ئێمەی تێگەیاند کە باوکی بەنەیارێك زانیوە لەراکێشانی خۆشەویستی دایکیا، ئەو دایکەی کە بەشێوازێکی لێڵ و نادیار یەکەمین بزواندنە سێکسییەکانی بەرەو ئەو رۆییوە، کەواتە خۆی لەبارودۆخێکدا بینیوە کە ئێمە ناوی دەنێین گرێ ئۆدیپ. ئەو بارودۆخە تایبەتە نموونەی لەهەموو منداڵە نێرەکاندا هەیە. و لەڕوانگەی ئێمەوە و بەگشتی کاکڵەی ناوەندی هەموو سوکە نەخۆشیە دەروونییەکانە (nevrose).

راستییەکی نوێ کە لەدەروون شیکاری کردنی هانسی بچوکدا بۆمان دەرکەوت لەڕووی شیکردنەوەی تەوتەم پەرەستییەوە سەرنج ڕاکێشە و ئەویش ئەوەیە، کە منداڵان هەندێك لەهەستەکانیان لەئاست باوکدا دەگوێزنەوە سەر ئاژەڵێك (ئەسپ).

بەیارمەتی دەروون شیکاری توانیمان ڕێگاکانی ڕەنگدانەوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە لەڕووی ناوەڕۆکەوە گرنگ یان بەتەواوەتی بەرێکەوت بووبن لەم گواستنەوە و جێگۆڕکێیەدا کە بەم هۆیەوە پێکهاتوون. بدۆزینەوە.

رق لێبوونێك کە بەهۆی ململانێ لەگەڵ باوکدا تێیدا هەڵخڕابوو نەیتوانیوە بەئازادی لەژیانی دەروونی منداڵەکەدا گەشە بکات، چونکە لەلایەکی دیکەوە ئەو خۆشەویستی و ڕێز گرتنانەی کە ئەم کوڕە بۆ باوکی دایدەنا دەبووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەم رق لێبوونە. لەئەنجامدا کوڕە منداڵەکە دەکەوێتە ڕەوشێکی نە ئەملا و نە ئەولا و نادیارە و بە پێی زاراوەی دەروون شیکاری دوو ڕەهەند و ناکۆك بەرامبەر بەباوکی تێدا دروست دەبێت، بەڵام بەگواستنەوەی هەست کردن بە رق لێبوون و ترسەکەی لەباوکەوە بۆ ئاژەڵ توانیبووی باری قورسی ململانێکە لەسەرشانی (دەروونی) خۆی کەم بکاتەوە. سەرەڕای ئەمە ئەم گواستنەوەیە ناتوانێت چارەسەری ململانێکانی بکات، چونکە تەنها هەست کردن بەرق لێبوونەکەی ئەو (دەگوازرێتەوە سەر ئاژەڵ) و جیا دەکاتەوە لەهەست کردن بەو خۆشەویستییەی کە پێشکەشی باوکی دەکات، بۆیە ململانێی پاش

گواستنەوەش درێژەی کێشا و هەڵسوکەوتی ناکۆکی هانس بەردەوام بوو، بەڵام ئەم جارە رێبازی ناکۆکییە ناوبراوەکە رووی لەئاژەڵێك بوو کە لەڕاستیدا جێگای باوکی گرتبۆوە. بەدڵنیاییەوە هانسی بچکۆلانە تەنها لەئەسپەکان ناترسێت، بەڵکو خۆشی دەویستن و رێزی لێدەگرتن. هەر ئەوەندە ترسەکەی دابەزی خۆی وەك ئەسپەکە لێکرد (خۆی لەگەڵ ئەسپەکە کردە یەك) وەك ئەسپ دەستی کرد بەجووتە وەشاندن و قەپاڵ گرتن لەشەخسی باوکی. لەقۆناخێکی دیکەدا کە ترسەکەی دابەزی دایك و باوکی لەگەڵ ئاژەڵەکانی دیکەدا بەیەك دەزانی.

بێگومان لەنێو ترسی منداڵان لەئاژەڵەکان تایبەتمەندی گەلێك لەتەوتەم پەرستی لەچوارچێوەی ئەرێی دا دەبینرێت. قەرزاری بەڕێز "فرێنچی frenczi"[1] ین، کە بۆ خۆی بینینێکی ناوازە و جوانە لەسەر دەرکەوتنی ئاژەڵ پەرستی ئەرێی لەمنداڵاندا. لە "ئارپاد arpod" بەسەرهاتی فرێنچی بچوکمان بۆ دەگێڕێتەوە. لاکێشە راستەوخۆکان لەتەوتەم پەرستی و پەیوەندی راستەوخۆی بەگرێی ئۆدیپەوە و پەیوەندیدار بەو بەشە خۆخوازییەی گرێی ناوبراوە و، واتە ترس لەخەساندنی تێدا هەڵخرابوو. بەڵام گەر بەوردی بابەتی پێشوو بخوێنینەوە لەوێدا نموونەی زۆر هەن کە هانسی بچوك، بەهۆی قەبارەی کۆ ئەندامی زاوزێی باوکیەوە رێزی

[1] فرێنچی: کەڵەشێرێکی بچوکی مرۆڤ ئاسا. گۆڤاری نێونەتەوەیی دەروون شیکاری، بەرگی دووەم ١٩١٣، بەشی یەکەم، ژمارەی سێیەم.

لێدەگرت، چونکە ئەوی بەهەڕەشەیەك بۆ کۆئەندامی زاووزێ خۆی لێکدەداوە. لەگرێی ئۆدیپ و گرێی خەساندندا باوك یەك ڕۆڵی هەیە، ئەویش ڕۆڵی نەیارێکی ترسناك بۆ حەزە سێکسییەکانی منداڵان. خەساندن یان دەرهێنانی چاو لەو هەڕەشانەن کە باوك هەڕەشەیان پێدەکات [1].

کاتێك ئێرپادی بچووك تەنها دوو ساڵ و نیو تەمەنی بوو، ڕۆژێکیان لەگونددا خواستی بڕواتە کولانەی مریشکەکان و میزی تێدا بکات، مریشکێك بەدەنوکی دەنوکێکی لەگونی داوە یان چنێکی لێدابوو. ساڵی دوایی کاتێك دیسانەوە چوونەوە گوند وای خەیاڵ کرد کە بۆ خۆی وەك مریشکێکی لێهاتووە و جگە لەکولانەی مریشکەکان سەرنجی بۆ هیچ شتێکی دیکە نەدەرۆشت و زمانی مرۆییشی لەگەڵ زمانی قورتەقورت و جیکە جیکەی تایبەت بەکولانەی ئاژەڵانیماڵیەوە گۆڕیبوو، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە پەیوەستە بەو زەمەنەوە و لەپێنج ساڵیدا زمانی ئاسایی خۆی گرتەوە، بەڵام جگە لەمریشك و پەلەوەران باسی شتێکی دیکەی نەدەکرد. لەیستۆکێکی دیکەی نەبوو جگە لەئاواز و خوێندن کە باسی باڵندەکانی دەکرد. سەیر کردنی بۆ ئاژەڵی تەوتەمەکەی بەڕوونی ناکۆکی تێدایە و تێکەڵەیە کە ڕق لێبوون و خۆشەویستی لەرادەبەدەر. یارییە دڵخوازەکەی شەڕی مریشکەکان بوو. سەیر

---

[1] سەبارەت بەدەرهێنانی چاو لەباتی خەساندن لەئەفسانەی ئۆدیپی پاشادا باسمان کردووە و هەروەها سەیری ڕاپۆرتەکانی (رایتلر reitler) فرێنچی، (رانك rank) و (ئیدر eder) لەگۆڤاری نێونەتەوەیی دەروون شیکاریدا بکە ١٩١٣- بەرگی یەکەم ژمارەی دووەم.

کردنی جەنگی نێوان مریشکەکان بۆ ئەو جەژن و خۆشیەکی مەزن بوو. دەیتوانی بەسەعات لەدەوری جەستەی مریشکەکاندا بگەڕێت بەمەبەستی نشاندایني بزواندنێکی لەڕادەبەدەر. پاشان دەستی دەکرد بەماچ کردن و لاواندنەوەی پەلەوەری کوژراو و خاوێن کردنەوە و نقوم بوون لەماچی ئەو مریشکانەدا کە خۆی پێشتر هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵ کردبوون. ئیرپادی بچووک بۆ خۆی هۆشیار بوو کە هیچ گومانێك لەسەر هەڵسوکەوتە سەرسوڕهێنەرەکەی نەهێڵێت. هەندێك جار دەیتوانی بەحەز و ئاواتەکانی جێگۆڕکێ بکات و شێوازی دەرکەوتنی تەوتەمی لەگەڵ شێوازی دەربڕین و گوتنی و ئاسایی خەڵکەوە ئاڵوگۆڕ بکات، لەکاتێکدا هەمان شێوازی لەزمانی ئاسایی خەڵکەوە وەرگرتبوو. ڕۆژێکیان گووتی: "باوکم ئەو کەڵەشێرەیە و من بچوکم جوجوڵەم. بەڵام کاتێك مەزنتر بووم دەبمە مریشك و دیسانەوە گەورەتر دەبم و دەبمە کەڵەشێر". جارێکی دیکە لەناکاو خواستی سەوزیخۆرشتەکەی دایکی بخوات (بە بەراورد لەگەڵ سەوزەی مریشك دا). بەڕاشکاوی و بەڕوونی هەڕەشەی خەساندن لەکەسانی دیکە دەکرد، چونکە بۆ خۆی بەهۆی دەسپەڕ کردن و یاری کردن بەکۆئەندامی زاووزێی کەوتبووە بە هەڕەشەیەکی لەم جۆرە.

سەبارەت بەهۆی حەزکردنی بەڕادەی ڕووداوەکانی تایبەت بەکولانەی تایبەتی (حەوشەی تایبەتی) ئاژەڵە ماڵییەکانەوە، بەڕێز فرێنچی بەبێ ڕێدانە بچووکترین گومان گووتی: "پەیوەندی سێکسی نێوان کەڵەشێر و

مریشك، هێلکه کردنی مریشکەکان و هەڵجوقاندنی جوجوڵەکان لەهێلکەکان، قەناعەتی بەوردبینییە سێکسییەکانی ئیرپاد کرد، کە لەڕاستیدا وردبینی بوو لەپەیوەندییە سێکسییەکانی خێزانی مرۆڤەکان. بەگوێرەی ئەو تێگەیشتنە کە لەبابەتی حەز و ئاواتەکانی خۆی هەیبوو و لەژێر کاریگەریەتی ئەو بینینانەی لەدێبەری مریشکەکاندا بۆی دروست بووە ڕۆژێکیان بەژنە دراوسێکەیانی گوت: "لەگەڵ تۆ، تۆ و خوشکەکانت و سێ کچە مامەکەم ... لەگەڵ لێنەر ... نە لەباتی لێنەرە کە لەگەڵ دایکما زەماوەند دەکەم".

پاشان ئەو دەرئەنجامانەی کە دەتوانین لەم بینینانە وەری بگرین، تەواویان دەکەم. لێرەدا ئەوەندە بەسە ئاماژە دوو لایەنی لێکچوو لەنێوان ئەم بابەتانە و تەوتەم پەرەستیدا بکەم ئەم دوانەش بریتین لەبەیەك بوونی تەواو لەگەڵ گیانلەبەری تەوتەم و گرتنە بەری ڕێبازی ناکۆك لەبەرامبەریدا[1].

بەپێی ئەو بینینانە سەربەست دەبین لەسیستەمی تەوتەمیدا (تاکو ئەو جێگایەی پەیوەندیداری پیاوان دەکات) باوك لەباتی ئاژەڵی تەوتەم دابنێین. بەڵام دیسان پاش ئەم جێگۆڕکێیە بۆمان دەردەکەوێت بەرەو پێش

[1] بەڕێز ئۆتۆرانك o.rank بابەتێکی بۆ گێڕامەوە، کە لەپیاوێکی لاوی بینیبوو. شیکردنەوەی شێوازی سەرهەڵدانی نەخۆشیەکەی ئەو بەدڵنیاییەوە مرۆڤ دەباتەوە یادی تیۆری تەوتەمی ئورانتاکان. ئەم لاوە خەیاڵی دەکرد، کە باوکی پێی گوتووە کاتێك دایکت دوو گیان بووە لەسەگێك ترساوە.

چـوونێکی ئـەوتۆمان دەسـت نەکـەوتووە یـان بەتایبـەتی هـەنگاوێکی بوێرانەمان بۆ پێشەوە هەڵنەناوە. ئەوەی کە وێنای دەکەین دۆزیومانەتەوە مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ خۆیان پێیان گوتووین و لەهەر شوێنێکدا کە هێشتا سیـستەمی تەوتـەم لـەئارادا بێـت تەوتـەم وەك ئـەژداد یـان بـاو بـاپیرانی سەرەتایی خۆیان لێکدەدەنەوە. ئەو کارەی کە ئێمە بەئەنجامامان گەیانـدووە هەر هەمان بە دۆکۆمێنت کردنی واتـا وردەکـەی ئـەم شێوازە لێکدانەوەیـە، ئـەو شێوازەی کـە ئانترۆپۆلۆگـەکان نەیانـدەزانی چـی لـێ بکـەن، هـەر لـەم سۆنگەیەوە بایـەخێکی ئـەوتۆیان پـێ نـەدا و دوایـان خـست. بەپێچەوانەوە دەروون شیکاری ناچارمان دەکات بەوردی ئاوڕ لەم بابەتە بدەینەوە و بەپێی ئەو تاقیکردنەوەیەك بۆ شیکردنەوەی تەوتـەم پەرەسـتی ئـەنجام بـدەین[١] و بڵێین چما تەوتەم جێگای باوکی گرتۆتەوە.

یەکەمین ئەنجامی ئەم جێگرتنەوەیـە زۆر سـەرنج راکێـشە، گـەر ئاژەڵی تەوتەم لەباتی بـاوك قبـوڵ بکـەین بەڕاسـتی بـەو ئەنجامـە دەگـەین کـە دوو بڕیاری مـەزنی تەوتـەم پەرەسـتی واتـە یاسا دوو رەهەندییـەکانی تـابۆ، کـە کاکڵـەی ناوەنـدییان پێکـدێنێت، واتـە یاسـاخکردنی کوشـتی تەوتـەم و یاساخکردنی زەواج لەگەڵ ژنانی هاوتەوتەمدا، لەڕووی ناوەرۆکیانەوە لەگەڵ

---

[١] بەبڕوای فرێزر ئەم جۆرە لێکدانەوەیە، کە تەوتـەم لـەباتی بـاوکی سـەرەتایی قبـوڵ دەکـەن بـۆ خۆی گەوهەری سەرەتایی تەوتەم پەرستییە. "تەوتەم پەرستی واتە بە یەکبوونی مرۆڤ لەگەڵ تەوتەمی خۆیدا". تەوتەم و زەواج لەگەڵ بێگانە بەرگی چوارەم، لاپەڕەی ٥.

دوو تاوانی ئۆدیپ، كە باوكی (تەوتەمی) كوشت و لەگەڵ دایكیدا (هاوتەوتەمەكەی) زەواجی كرد و لەگەڵ دوو حەز و تاوانی سەرەتایی منداڵەكاندا كە سەركوت كردنێكی ناتەواو یان سەرهەڵدانەوەی لەوانەیە بەهەوێنی نەخۆشییە دەروونییەكان بژمێردرێت، لێكبدرێتەوە و هاوسەنگ بن، گریمان ئەو لێكچوونە تەنها رەهەندێكی بەرێكەوتی نەبێت، كەواتە دەبێت بەپێی ئەوە دەرئەنجامێكی بەم جۆرە بخەینەڕوو، كە تەوتەم پەرەستی لەسەردەمانێكی فرە فرە دووردا دەكەوتووە. لەواتایەكی دیكەدا دەبێت ئەوە بسەلمێنین، كە سیستەمی تەوتەم هۆكاری رەوشی گرێی ئۆدیپە، هەر بەو جۆرەی كە ترس لەئەسپ لەلای هانسی بچوكدا دەركەوت و لادانی سێكسی ئیرپادی بچوك هۆكاری ئەم گرێیەن. بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە لەلاپەرەكانی داهاتوودا لێكۆڵینەوە لەسەر یەكێك لەتایبەتمەندییە نەگوتراوەكانی سیستەمی تەوتەم پەرەستی دەكەین یا لەواتایەكی دیكەدا، خەریكی ناییی تەوتەمی دەبین.

## بەشی چوارەم:

فیزیسیەن، زمان ناس، تەورات ناس و ئارکۆلۆگی ناودار "دوبل ئۆ رابرتسۆن سمیت w.robertson-smitt" گومان لەبێگەرد بوون و هزرڤانیەتی لەزەینیەتدا و دوور بوونی لەهەر جۆرە خۆرافە و زوو دادوەری کردندا نییە. لەساڵی ۱۸۹٤ ماڵئاوایی لەژیان کردووە، پەرتووکێکی لە ۱۸۸۹ دا سەبارەت بەئایینی سامییەکان بڵاو کردۆتەوە و لەو بڕوایەدایە هەر لەهەمان سەرەتاوە رێ و رەسمە سەرسوڕهێنەرەکان بەناوی خواردنی تەوتەمەوە لەبناخەکانی کاری سیستەمی تەوتەم بووە. بۆ سەلماندنی ئەم تیۆرییە و شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی لەم چەشنە شتێکی دیکە جگە لەمێژوو نوسانی سەدەی پێنجەمی زایینی لەبەردەستدا نەبووە، بەڵام توانی بەهۆی شیکاری کردنی رێ و رەسمی قوربانی دایین لەنێو سامییە دێرینەکاندا پلەی رەسەنایەتی بەڵگەی ناوبراو تاکو رادەیەکی زۆر بەرز راگرێت. لەوێڕا کە کردەوەی قوربانی دایین پێویستی بەوێنا کردنی کەسایەتییەکی پلەبەرز و شەهەنشا هەیە، بۆیە ئەویش بەڵگاندنەکانی خۆی لەقۆناخی سەرەوەی رێبازێکی ئایینی دەست پێکرد و لەئەنجامدا گەیاندیە نزمترین ئاست و سەرەتایی ترین قۆناخی تەوتەم پەرەستی سەرەتاییە.

هەوڵ دەدەم لەخوارەوە سەرنجڕاکێشترین بڕگەکانی پەیوەندیدار بەریشە و واتای بۆنەی قوربانی دایینەوە لەپەرتووکە ناوازەکەی رابرتسۆن سمیت دا

باس بکەم بەبێ ئەوەی ئەو وردەکارییانەی کە بەزۆری سەرنجڕاکێشن و شیکار کردنی ڕەهەندەکانی دیکەی بۆنەی قوربانی داییتە باس بکەم. لێرەدا خوێنەران ئاگادار دەکەمەوە کە نابێت چاوەڕوان بن، کە تێبینیەکانی من بەقەدەر هەمان روونی و راشکاوی هێزی بەلگاندنی دەقە سەرەکییەکە ببینن.

رابرتسۆن سمیت نیشانمان دەدات، کە قوربانی داین لەو شوێنەدا کە تایبەتە بە سەربڕینەوە بەشێکی سەرەکی لەبۆنە پیرۆزەکەی ئایینی دێرین پێکدەهێنێت و لەهەموو ئایینەکاندا هەر ئەو دەورە دەبینێت بەجۆرێك کە دەتوانرێت ریشەکەی بەهۆکارە گشتییەکان بژمێردرێت، کە لەهەموو شوێنەکاندا بەشێوازێك دەور دەبینێت.

وێڕای ئەوەی قوربانی داین کردارێکی نموونەیی و ئایینی و پیرۆزە لەسەرەتای دەرکەوتنیدا بەتەواوەتی واتایەکی جیاوازی هەبووە لەگەڵ ئەو واتایانەدا، کە لەقۆناخە دواییەکاندا لەخۆی گرتووە. لەسەرەتادا لەئاستی دیارییەکدا بوو کە پێشکەشی خواوەندەکان دەکرا تاکو بەم دیارییە ئاشتەواییان لەگەڵ بکەن یان بەزەیی و سەرنجیان بۆ سەر خۆیان راکێشن. هەموو شتەکان شایەتی ئەوە دەدەن، کە لەچاخە سەرەتاییەکاندا قوربانی داین جگە لە"هەنگاوێکی دۆستانەی کۆمەڵایەتی لەنێوان خواوەندەکان و پەیڕەوەکانیان" شتێکی دیکە نەبووە یان بۆ یەکیەتی لەنێوان ئەوانەی پەرەستن دەکەن و ئەوانەی دەپەرستڕێن بووە.

بەزۆری قوربانی بریتی بوو لەو شتانەی کە دەخوران یان دەخورانەوە، مرۆڤ شتێکی دەکردە قوربانی بۆ خواوەندەکانی کە خواردەمەنی یان خواردنەوەی خۆی بوون، وەك گۆشت، خەلە، دانەوێڵە، میوە، شەراب و رۆن. تەنها شتێك کە لەم نێوانەدا یاسا و سنووردار کردنەکان دەیگرتەوە هەر هەمان گۆشتی قوربانی بوو، گیانلەبەرە قوربانی کراوەکان هەم خواوەندەکان بەکاریان دەهێنا و هەم پەیڕەوەکانیان، تەنها شتێك کە تایبەت بوو بەخواوەندەکانەوە هەر هەمان رووەکەکان بوون. دڵنیایین قوربانی کردنی ئاژەڵەکان زۆر کۆنترە لەقوربانییەکانی دیکە و لەرابردوودا تەنها شتێك بوو کە شایانی قوربانی کردن بوو. قوربانی میوەکان لەدیاری نۆبەرە بوونیانەوە سەرچاوە دەگرێت و لەڕاستیدا نیشانەیماڵیات (سەرانە) بوو کە بەخاوەن زەوی و وڵاتان دەدرا، بەڵام قوربانی کردنی گیانلەبەران کۆنترە لەقوربانی کشت و کاڵی.

لەو پاشماوە زمانیانە کە بەجێماون بەشێوازێکی شێلگیرانە بۆمان دەردەخات کە لەسەرەتادا بەشە قوربانی تایبەت بەخواوەندەکان وەك خواردەمەنی راستەقینەیان لێکدەدایەوە، بەڵام بەرە بەرە بەنامادی بوونی سروشتی خواوەندەکان هەڵێنجاندنێکی بەم جۆرە قیزەون دەهاتە بەرچاو و چارەسەرییەك کە دۆزرایەوە ئەوە بوو، کە دیارییەکە بەشێوەی شلەمەنی لێ بکەن و واتە بەشی شلەمەنی خواردنەکانیان پێشکەشی خواوەندەکان بکردایە. پاشان بەکارهێنانی ئاگر بووە هۆی ئەوە کە خواردەمەنی

مرۆڤەكان شێوە و تام و دیمەنی دیكە لەخۆ بگرن، كە شیاوی ڕۆحانەتی خواوەندەكان بێت، لەسەرەتادا خوێنی ئاژەڵی قوربانی كراویان وەك خواردنەوە پێشكەشی خواوەندەكان دەكرد، بەڵام پاشان لەباتی خوێن شەرابیان پێشكەش دەكرد. لەسەردەمە دێرینەكاندا شەراب بە "خوێنی ڕەز"[1] لێكدەدرایەوە. ئەو ناوەی كە هێشتا ئەمڕۆش شاعیران بۆی دادەنێن.

كۆنترین شێوەی قوربانی كە پێشتر لەقوربانی كشتوكاڵی و بەكارهێنانی ئاگر هەبووە هەر هەمان قوربانی كردنی ئاژەڵ بووە، كە پێكەوە گۆشت و خوێنەكە یان بەهاوبەشی لەنێوان خواوەندەكان و پەیڕەوەكانیاندا دەخوارد. ئەمە بابەتێكی گرنگ بوو كە هەر كەسەوە لەسەرەتادا بەشی دیاری كراو بوو بەخاوەنی بەشێك دەژمێردرا و بەشەكەی پێدەدرا.

ئەو قوربانییە ڕێ و ڕەسمێكی فەرمی بوو، كە گشت ئەندامانی كلان بەشداریان لەو جەژنەدا دەكرد. بەشێوەیەكی گشتی ئایین شتێك بوو، كە پەیوەست بوو بەهەمووانەوە و ئەركی ئایینی مەرج و ئەركێكی كۆمەڵایەتی بوو. لەڕاستیدا و لای گشت گەلاندا قوربانی و جەژن بەریەك دەكەوتن. بۆ هەر قوربانییەك جەژنێك دەكرا و هیچ جەژنێكیش نەبوو كە قوربانی نەبێت. (قوربانی – جەژن) ئەو دەرفەتە بوو كە بەدرێژایی ڕێ و ڕەسمەكە تاكەكان سنووری بەرژەوەندی خۆپەرستانەكانی خۆیان تێدەپەڕاند و ئەو

---

[1] خەیام دەڵێت: ئەی... شار لەتۆ بەكارترم – وێڕای ئەوەش... لەتۆ هۆشیارترم – تۆ خوێنی خەڵكان دەخۆیت و من خوێنی ڕەزەكان، ویژدانت هەبێت كاممان خوێن خۆرترین. (ا. پ)

پەیوەندییانە کە یەکە یەکەی تاکەکان لەگەڵ خواوەندەکاندا هەیان بوو زێدەتر بەدیار دەکەوت.

هێزی مۆراڵی گشتی خواردەمەنی قوربانی لەو وێنا و رامانە فرە کۆنانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پەیوەندیداری واتای کرداری خواردن و خواردنەوەی بەکۆمەڵە.خواردن و خواردنەوە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هەم بەنیشانەی ئامرازی تۆکمە کردنی رێکەوتنی کۆمەڵایەتییە و هەم پەیمانی ئەرکە بەرامبەرەکانە. خواردنی قوربانی راستەوخۆ نیشانی هاوخواردنی خواوەندەکان و پەیرەوەکانیانە. هاوسفرە بوون[1] نیشانەی گشت ئەو پەیوەندییانەی دیکەیە کە مەزندە دەکرێت لەنێوان خواوەندەکان و ئەو کەسانەدا کە پەرەستنی دەکەن لەئارادا بێت. نەریتێك کە هێشتا لەنێو عەرەبە رەشماڵ نشینەکاندا بەهێزی خۆی لەبرەودایە و نیشان دەدات کە خواردنی بەکۆمەڵ و گشتی و هاوبەش ئامادەکاری پەیوەندییەکە. نەك وەك نمایشێکی ناڕاستەوخۆی ئایینی، بەڵکو راستەوخۆ وەك کرداری خودی خواردن. هەر کەسێك لەگەڵ ئەم دەشتیانەدا پاروە نانێکی خواردبێت یان قومێ شیری لەگەڵیاندا هەڵدابێت ئیدی پێویست ناکات لەدوژمنیان بترسێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەیارمەتی و پشتیوانیان دڵنیا بێت یان بەلانی کەمەوە

---

[1] پێکەوە نان و خوێیەکمان خواردووە، ئەمە لەنێو کولتووری ئێمەدا زاراودیەکی ئاسراوە و نیشانەی ئەو واتایەیە، کە گەر کەسانێك پێکەوە نان و خوێ بخۆن ئیدی نابێت خیانەت لەیەکدی بکەن.

تا ئەوکاتەی وەك دەڵێن ئەو خواردنەی پێکەوە خواردومانەو لەجەستەماندا ماوەتەوە، کەواتە پەیوەندی یەکیەتی و ڕێکەوتن لەو شێوازەدا پڕاوپڕ راستەقینەیانە لێکدەدرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە تۆکمە بکرێت و ماوەیەك درێژە بکێشێت، دەبێت هەرچەند کاتێك و جارێك پێکەوە پاروە نانێك بخۆن و دووپاتی هاو پاروە بوونیان بکەنەوە.

بەڵام ئەم هێزە، هێزی ڕێکخەری کرداری خواردن و خواردنەوەی بەکۆمەڵ لەکوێڕا سەرچاوەی گرتووە؟ لەکۆمەڵگا فرە سەرەتاییەکاندا تەنها یەك پەیوەندی لەئارادایە، کە دەبێتە هۆی یەکێتی و ڕێکەوتنی بەبێ مەرج و خاڵێکی نائاسایی تێدا نییە، ئەویش پەیوەندی بەکۆمەڵی کلانە. ئەندامانی ئەم گروپە یارمەتی یەکتر دەدەن. لەڕاستیدا کلان لەگروپێ لەتاکەکان پێکهاتووە، کە ژیانیان یەك کەرتی مادی پێکهێناوە و بەجۆرێك، کە دەتوانین بڵێین هەر یەکەیان بە بەشێك لەم ژیانی بەکۆمەڵ و هاوبەش دەژمێردرێن. کاتێك ئەندامێك لەم کلانە دەکوژرێت عەرەبەکان نالێن: "خوێنی فلان و فیسار رژاوە"، بەڵکو دەڵێن: "خوێنی ئێمە رژاوە". رستەیەکی عێبری هەیە، کە بەهۆی ئەم رستەیەوە خزمایەتی خێڵەکی دەگوترێت و بریتییە لە: "تۆ ئێسك و ئێسکی من و گۆشت و گۆشتی منی". کەواتە خزمایەتی بەواتای ئەوەیە ئەندامی یەکدیکە بن. خزمایەتی خێڵەکی تەنها بەپێی ئەو راستییە نییە کە بەشێکە لەهەوێنی دایکی و لەئەو دروست بووە لەشیری ئەو دەخوات، بەڵکو جەخت لەسەر ئەو راستییە

دەكاتـەوە كـە ئـەو خواردنـەی پاشان دەیخوات و بـەهۆی ئـەو خواردنەیـە جەستەی دەپارێزێت و سەرلەنوێ زیندووی دەكاتەوە و ئەمە لـەو گوتارەیـە كە دەبێتە هۆی بەدەست خستن و تۆكمە كردنی خزمایـەتی ئامـاژە پێكـراو. كاتێك خەڵكانی سەرەتایی خواردنەكـەی خۆیـان لەگـەڵ خواوەنـدەكان بـەش دەكـرد و خـودی ئـەم كـردارەش بـەواتای ئەوەیـە كـە هـەردووكیان لەیـەك گوتـارن و ئـەوان قـەت خواردنەكـەیان لەگـەڵ كەسـێكدا بـەش ناكـەن كـە بەبێگانەی بزانن.

كەواتە خواردنی قوربانی خواردنی فەرمی و بەشكۆ بـووە، كـە خزمـەت بـە یـەكێتی و رێكـەوتنی ئەنـدامانی كلان یـان خێـڵ دەكات، چـونكە تـەنها ئەندامانی خێڵ دەتوانن بەشداری لـەخواردنی خواردەمـەنی بـەم چەشـنەدا بكەن. لەكۆمەڵگای ئەمرۆیی ئێمەدا لەكاتی نان خواردندا ئەندامانی خێـزان لـەدەوری یـەك كۆدەبنـەوە، بـەڵام كۆبوونـەوەی لـەم جـۆرە قـەت لەگـەڵ خواردنی قوربانیدا بەراورد ناكرێت. خزمایەتی خێڵەكەی دەزگایەكی دێرین ترە لەژیانی بنەماڵەیی. كۆنترین سیستەمی بنەماڵەیی، كە ئێمـە دەیناسـین لەكەسانێك پێكدێت كە پەیوەندیان بەخزمایـەتی و نەتەوایـەتی جیـاوازەوە پەیوەست بێت. پیاوان ژنانی كلانەكانی دیكە دەهێنن، منداڵـەكان پـەیرەوی لەكلانی دایك دەكەن، هیچ خزمایەتیەكی خێڵەكی لەنێوان پیاو و ئەندامانی دیكەی بنەماڵە لەئارادا نییە. لەبنەماڵەی بەم چەشـنەدا خـواردنی هاوبـەش لـەئارادا نابێـت. هێـشتا هۆڤـەكان بـەجیاجیا خـواردن دەخـۆن و بـەزۆری

یاساخکارییەکانی ئایینی ئەوتەم پەرەستی پەیوەندیدار بەخواردەمەنییەوە دەبێتە رێگر، کە لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا خواردن بخوات.

ئێستا بگەڕێینەوە سەر هەمان بابەتی ئاژەڵی قوربانی. ئێستا دەزانین، کە هەمووکات کۆبوونەوەی ئەندامانی خێڵ هاوکات بووە لەگەڵ قوربانی کردنی ئاژەڵێک، هەروەها تەنها لەدەرفەتی لەم جۆرەدا کە فەرمییە دەتوانن ئاژەڵێک بکوژن. خواردنە ئاساییەکان بریتین لەمیوە، راو، شیری ئاژەڵە ماڵییەکان. بەهۆی هەندێک تێبینی ئایینیەوە نابێت ئاژەڵە ماڵییەکان بکوژن بە مەبەستی بەکارهێنانی تاکە کەسی. ویلیام رابرتسۆن سمیت دەڵێت لەسەرەتادا قوربانییەکان، قوربانی بەکۆمەڵی کلان بوون و سەربڕینی قوربانی بۆ تاک یاساخ بوو و تەنها کاتێک کلان بەرپرسیاریەتی لەئەستۆ دەگرت، کە رێگا پێدراو بایە. لای خەڵکانی سەرەتایی تەنها یەک گوتار لەم کردارە هەبوو، کە تایبەتمەندییەکی لەم چەشنەی ببوایە ئەویش کاتێک کە ئەم کردارە دەبووە هۆی سوکایەتی پێکردن بەخوێنی هاوبەشی خێڵ. هەر بەهەمان شێوە، کە رێگا بەهیچ تاکێکی خێڵ نەدەدرا، کە ئەو خوێنە بەبێ هاوبەشی و بەشداری کردنی گشت ئەندامانی خێڵ تێدا ببات، بەهەمان شێوە خوێنی یەکە یەکەی ئەندامانی خێڵ بەبێ بەشداری گشت ئەندامانی خێڵ شایانی رژاندن نەبوو. واتای یاسا و چوارچێوەیەک، کە ئەمر بەسەر گشت ئەندامانی خێڵدا دەکات، کە لەسەر سفرەی خواردنی قوربانی دانیشتن و لەگۆشتی ئاژەڵی قوربانی کراو بچێژن، لەڕاستیدا یەک واتای لەگەڵ

یاسایەکی دیکەدا هەیە، کە بەگوێرەی ئەو یاسایە گەر هەریەك لەئەندامانی خێڵ تووشی تاوانێك (هەڵەیەك) بن دەبێت بەدەستی گشت ئەندامانی خێڵ لەسێدارە بدرێت. لەواتایەکی دیکەدا بەهەمان شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاژەڵی قوربانیدا دەکەن، کە لەگەڵ ئەندامێکی خێڵدا دەیکەن. ئەو خێڵەی کە قوربانیەکەی پێشکەش دەکرد، خواوەندەکەیان و ئەو ئاژەڵەی کە سەردەبڕا لەیەك خوێن و بەیەك ئەندامی کلان دەژمێردران.

رابرتسۆن سمیت بەگوێرەی زانیاریە جۆراوجۆرەکان لەو بڕوایەدایە، کە ئاژەڵی قوربانی هەر هەمان ئاژەڵی کۆنی تەوتەمە. لەچاخە کۆنەکاندا دوو جۆر قوربانی لەئارادا بوون، یەکیان قوربانی ئەو ئاژەڵەماڵییانەی کە بەزۆری دەیانخواردن و ئەوی دیکە قوربانی گەلێکی دەگمەنی ئەو گیانلەبەرانە بوو، کە وەك ئاژەڵی گڵاو خۆیان لەخواردنی دەپاراست. گەر زۆرتر لێی ورد بینەوە دەزانین کە ئەم ئاژەڵە گڵاوانە، هەر هەمان ئاژەڵی پیرۆزن کە بۆ خواوەندەکان دەکرانە قوربانی، ئەو خواوەندانەی کە ئەم گیانلەبەرانەیان بۆ پیرۆز بوو و لەڕابردوویەکی دووردا هاوشێوەی خودی خواوەندەکان بوون و پەیڕەوەکانیان بەپێشکەش کردنی قوربانی بەجۆرێك نیشانیان دەدا کە لەنێوان ئەوان و خواوەندەکەیان و ئاژەڵەکەدا نزیکایەتییەکی خوێنی لەئارادایە. لەچاخە دوورەکاندا هێشتا جیاوازیەکی لەم چەشنە لەنێوان قوربانییە ئاساییەکان و قوربانییە "میتۆلۆژییەکاندا" لە ئارادا نەبووە. ئەو کاتە هەموو ئاژەڵەکان پیرۆز بوون و بەکارهێنانی

گۆشتیان حەرام بوو. بەڵام تەنها لەدەرفەتە فەرمییەکاندا ئەویش بە بەشداری گشت ئەندامانی خێڵ ڕێگای پێدەدرا. کوشتنی ئاژەڵ وەك کوشتنی (مرۆڤ) رۆحێك لێکدەدرایەوە. وەك ئەوە وابوو ئەندامێکی خێڵ کوژرابێت و دەبوایە کوشتنێکی بەم شێوەیە بەگوێرەی گشت لایەنەکان لەبەرچاو بگیرایە و گەرەنتی پێویستی بۆ بکرایە لەکاتێکدا ئەگەری لێپرسینەوە ئەنجام بدرایە.

لەڕاستیدا دەستپێکردن بەماڵی کردنی ئاژەڵەکان و پەروەردەی گیانلەبەرە جۆراوجۆرەکان وەك بڕیاری کۆتایی هێنانە بەکاری تەوتەم پەرەستی ڕەها و بەبڕشت لەقۆناخە سەرەتاییەکانی مێژووی ژیانی مرۆڤەکاندا[1]. بەڵام تایبەتمەندی و ئاسەواری پیرۆزی ئاژەڵە ماڵییەکان لەم ئایینە "شوانکارەییانەدا" دەبینرێن، ئەوەندە بەسە، کە پێمان بڵێن ئەم ئاژەڵانە تەوتەمی قۆناخە سەرەتاییەکان بوون. سەرەڕای چاخە کۆنەکان، لەم دواییانەدا لەهەندێك شوێندا داب و نەریتەکان بەو چەشنە بڕیاریان دەدا ئەو کەسەی کە قوربانییەکەی دەکرد هەر ئەوەندە چاوی بەو ئاژەڵە دەکەوت کە بۆ قوربانی کردن دەهێنرا خێرا لەو شوێنە هەڵدەهات و وەك

---

[1] دەرئەنجامەکە ئەوەیە، تکۆڵی ناکرێت ماڵی کردن کۆتایی بە تەوتەم پەرستی دێنێت. (کاتێك ئاژەڵێکی شایان بەماڵی کردن لەئارادا بێت) و بۆ تەوتەم پەرستی مەترسیدار و شومە. وەرمان گرتووە لەپەرتووکی دەروازەیەك بۆ مێژووی ئایینەکان – نووسینی جوون – چاپی پێنجەم، لاپەڕەی ١٢٠- ١٩١١-

بلێیت لەسزاکردنێك دەترسێت. وادیارە پێشتر لەیۆنانـدا کوشـتنی نۆبـەن بەتاوان لێکدەدرایەوە.

لەجەژنـەکانی کوشـتنی نۆبـەن لەشاری ئەسـینا (ئـاتن)، پـاش قوربـانی کردنی ئاژەڵ دادگەیـەکی تێروتەسـەل پێکـدەهات و لێپرسینەوەیان لەگشت بەشدار بووان دەکرد و لەئاکامدا هەموویان پێکەوە دەنگیـان دەدا، کـە هەڵـە لەچەقۆکەوە بووە پاشان چەقۆکەیان فڕێ دەدایە دەریا.

وێڕای ئەوەی کە خەڵك لەترسان دەستدرێژییان نـەدەکردە سـەر ژیـانی ئاژەڵێکی پیرۆز و ئەویان بەئەندامێك لەئەندامانی خێڵ لێکدەدایەوە، بـەڵام دیسان پێویـست بـوو جارنـەجارێك بـەئامادە بـوونی گـشت ئەنـدامانی خێـڵ بەشـێوەیەگی فـەرمی قوربـانی بکـەن وگۆشـت و خوێنەکـەی بەسەرگـشت ئەندامانی خێڵدا دابەش بکەن. دەتـوانین لـەڕووی نیـازەوە پـەی بـەقوڵترین واتـای گـشت ئـەم کردارانـە و واتـای قوربـانی کـردن ببـەین. دەزانـین پـاش ماوەیەگی دیکە ئەو خواردنە و هەرخواردنێکی دیکە کە پێکەوە بەهاوبەشی دەیخۆن و بەهەر شێوەیەك بەشداری لەخواردنی ئەم خواردنەدا بکرێت، کـە بـچێتە نێـو جەسـتەیانەوە لـەنێو هاوسـفرەکاندا پەیوەندییـەکی پـیرۆز پێکـدێت، بـەڵام لەقۆناخـە کۆنـەکانی دیکـەدا واتایـەکی بـەم جـۆرە تـەنها دەدرایـە پـاڵ خـواردنی بەکۆمـەڵی گۆشـتی ئـاژەڵی پـیرۆز. پاسـاوی نـەهێنی مردنـی ئـاژەڵی پـیرۆز بـەوە دەکـەن کـە جگـە لـەم شێوازە ناکرێـت پێکـەوە یەکێتی لەنێوان هاوخوانەکان و خواوەندەکەیاندا دروست بکرێت[1].

[1] هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١١٣.

ئەو پەیوەندییە هیچ نییە جگە لەژیانی ئاژەڵی قوربانیکراو، کە لەگۆشت و خوێنەکەیدایە و لەکاتی خواردنی هاوبەشدا لەنێوان هاوخوانەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. لەڕاستیدا وێنا کردنێکی لەم چەشنە بنەمای گشت جۆرەکانی پەیوەندی خوێنییە، کە تەنانەت لەم سەردەمەدا، کە تاکو رادەیەك نوێیە لەنێو تاکەکاندا واژۆ دەکرێت. هەڵێنجاندنێکی پڕاوپڕ و راستەقینەی "خوێن لەباتی خوێن و گۆشت لەباتی گۆشت" تەنها هاوبەشی خوێنی بەڕێگای یەکبوونی خواردنەوە دەبینێت، کە خوێن پێکدێنێت. لەڕاستیدا دەبێتە هۆی تێگەیشتن لەم بابەتە، کە چما هەندێك جار بەم جۆرە بیر دەکەنەوە کە تەنها یەکبوون بەڕێگای هێنانە ئارای خواردنێکی بەکۆمەڵ نوێ دەبێتەوە، چونکە وادەزانن لەم خواردنە خوێن دروست دەبێت ئەم خوێنە لەکاتی هاوخوانیدا بەجەستەی بەشداربوانی خواردندا دەسوڕێت و ئەوان دەکاتە یەك.

لێرەدا باسی بەڵگاندنەکانی رابرتسۆن سمیت رادەوەستێنم و کورتەیەکی پوخت لەشیلە و کاکڵەی ناوەندی باسەکەی پێشکەش دەکەم. بە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هزری موڵکایەتی تایبەت قوربانی وەکو دیارییەك پێشکەشی خواوەندەکان دەکرا یان گەڕانەوەی موڵکایەتی شتێك لەمرۆڤەوە بۆ خواوەندەکان لێکدەدرایەوە [1].

---

[1] لەدەقە ئینگلیزییەکەیدا بەم جۆرە وەرگێڕدراوە: "گەڕانەوەی موڵکایەتی لەمرۆڤەوە بۆ خوا" (ا. پ)

بەڵام ئەم لێکدانەوانە بۆ تایبەتمەندییەتی بۆنەکانی قوربانی کردن بەبێ شیکردنەوەیان دەستبەرداری بووە. لەچاخە زۆر کۆنەکاندا ئاژەڵی قوربانی پیرۆز بوو و ژیانی گەرەنتی کراو بوو و تەنها بەشداری و بەرپرسیاریەتی هەموو ئەندامانی خێڵ و بەئامادەبوونی خوا دەتوانن لەژیانی بخەن و پاشان ئەندامان لەو بڕوایەدان بەخواردنی گۆشت و خوێنەکەی و وەرگرتنی لەجەستەیاندا وێنای ئەوە دەکەن لەگەڵ خوای خۆیاندا بوون بەیەك یان چونکە جەستەی مادییان لەخوێن و گۆشتی یەك ئاژەڵی هاوبەشی خواردووە بوون بەیەکەیەکی وەك یەك. کەواتە لەڕاستیدا ئەندامانی کلان بەسەربڕینی ئاژەڵی تەوتەمی کۆن واتە بەکوشتنی خواکەی خۆیان لەنێو خۆیاندا و لەگەڵ خواکەیاندا یەکێتی و ڕێکەوتنیان پێکهێناوە تاکو هەمیشە هاوشێوەی خواکەی خۆیان بمێننەوە.

رابرتسۆن سمیت لەلێکدانەوەی سەرەوەدا سەبارەت بەقوربانی دەگاتە ئەنجامێکی بەم جۆرە لەسەردەمەکانی پێش دەرکەوتنی خواوەندە مرۆئاساییەکان، کوشتن و خواردنی پەیتا پەیتای ئاژەڵی تەوتەم یەکێك لەتوخمە فرە گرنگەکانی ڕێبازی ئاژەڵ پەرەستی بووە. بەگوێرەی بۆچوونەکانی سمیت ڕێ و ڕەسمەکان سەبارەت بەخواردنی هاوبەشی تەوتەمەوە بەگوێرەی ئەوەی باسکرا لەوەسف کردنی ڕێ و ڕەسمی قوربانی کردن لەیەکێك لەقۆناخەکانی دیکەدا بەدەست هاتوون. "ساینت نیلۆس saint-nilus" باسی ڕێ و ڕەسمی قوربانی کردن لەنێو عەرەبە

دەشتەکییەکاندا دەکات لەسەدەی چوارەمی پاش زایینی مەسیح لەپێدەشتی سینادا. قوربانی وشترێك بوو کە دەست و قاچ بەستراو لەشوێنی سەربڕیندا، کە لەخڕەبەرد و چەو دروست کرابوو رایاندەکێشا و سەرۆکی خێڵ ئەمری بەئامادە بووان دەکرد سێ جار بەگۆرانی ووتنەوە بەدەوری شوێنی سەر بڕینەکەدا بسوڕێن و پاشان یەکەم خەنجەر (یان شتێکی دیکە) لەئاژەڵەکە بدەن و بەهەڵپەوە خوێنی شوێنی برینەکە، کە هەڵدەقوڵا دەنۆشی و پاشان هەموو ئەندامانی خێڵ دەڕژانە سەر ئاژەڵەکە و هەر کامەیان بەشەمشیرەکەیان پارچەیە گۆشتی لێدەکردەوە، لەکاتێکدا هێشتا دەجولا قوتی دەدا. ئەم کارە ئەوەندە بەخێرایی ئەنجام دەدرا، کە لەماوەدای کورتی نێوان هەڵاتنی ئەستێرەی بەرە بەیان، کە قوربانیەکەی پێشکەشکرابوو، تاکو ئاوابوونی لەبەرامبەر هەڵاتنی خۆردا گشت لاشەی ئاژەڵی قوربانی کراویان قووت دابوو ئەویش بەجۆرێك کە هیچ لەگۆشت، پێست، ئێسك و شیاکەی ئاژەڵەکەش نەدەمایەوە. بێگومان رێ و رەسمێکی ئەوەندە بێ بەزەییانە پەیوەندیداری سەردەمانێکی زۆر کۆن دەکات. بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستماندان بەدڵنیاییەوە رێ و رەسمێکی فرە تایبەت و ناوازە نەبووە، بەڵکو لەوانەیە نموونەیەك لەشێوەی سەرەتایی قوربانی کردنی ئاژەڵی تەوتەم بووبێت لەو سەردەمەدا و پاشان بەتێپەڕ بوونی زەمەن گۆڕانکارییەکی وردی تێدا درابێت.

زۆربەی لێکۆڵەران لەگرنگی و بایەخی ئەو بەڵگانە بەگومان دەبن کە دەرئەنجامەکانی پەیوەستن بەخواردنی تەوتەمەوە، چونکە دیتنێك لەئارادا نەبووە، کە هەبوونی لەنێو ئەو گەلانەی ئەمڕۆدا بسەلمێنێت کە بە پێی هەلومەرجی تەوتەمی ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام رابرتسۆن سمیت بۆ خۆی هەندێك نموونەی هێناوەتەوە کە هۆکارەکان واتای نهێنی ئایینی قوربانی دەخاتەڕوو. وەك قوربانی کردنی مرۆیی لەنێو "ئاستیك azteque"[1] ەکان و گەلانی دیکە، کە بیرهێنەوەی هەلومەرجی خواردنی تەوتەمی بوون یان بۆ نموونە قوربانی کردنی ورج لەنێو خێڵی ورچان "کێو ئاتا ئۆکس quataouks" لەئەمریکادا یان جەژنە تایبەتەکانی ورج لەنێو خێڵی "ئائینۆس aïnos" ی ژاپۆندا. فرێزر باسی وردەکاریەکانی داب و نەریتی خێڵەکانی سەرەوە و خێڵە هاوشێوەکانی دیکە یان لەدوو بەشی کۆتایی پەرتووکە مەزنەکەیدا دەکات، کە لەم دواییانەدا چاپکراوە. (سەرچڵی زێرین، بەشی پێنجەم، رۆحەکانی ناو و هۆڤ، ١٩١٢ لەبەشی خواردنی خوا و کوشتنی ئاژەڵی خواوەندی). یەکێك لەخێڵە سورپێستەکانی کالیفۆرنیا، کە باڵندەیەکی گەورەی نێچیروان (هەڵۆ و باز) دەپەرەست، هەموو ساڵێك لەڕێ و رەسمێکی بەشکۆدا یەکێك لەجۆرەکانی ئەم

[1] ئاستێکەکان گەلانی سەرەتایی مەکزیك بوون، کە لەساڵی ١٣٢٥ دا چووبوونە دەربەندی مەکزیك تا ئەو کاتەی سپانیەکان لەساڵی ١٥٢٠ ی زاییندا هاتن، هەر لەو دەربەندەدا دەژیان. ئاستیکەکان خاوەنی شارستانیەت، کولتوور و دەزگای رامیاری شیاو و گونجاو بوون. خەتێکیان هەبوو هاوشێوەی خەتی کۆنی میسرییەکان بوو، واتە بەوێنە کێشاندن و نیشانە رامانی خۆیان دەگەیاند (ا. پ)

باڵندەیەیان دەکوشت و پرسە و ماتەمینیان بۆ دەگێرا و پێست و پەڕەکانیان دەپاراست. دانیشتوانی "زونی zuni" لەمەکزیکی نوێدا، هەر بەهەمان شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کیسەڵە پیرۆزەکەیاندا دەکرد.

لەڕی و رەسمەکانی ئینتی شیومای خێڵەکانی ئۆستۆرالیای ناوەندیدا تایبەتمەندییەکمان دیت، کە زۆر بەتوندی جەخت لەسەر تیۆرییەکانی رابرتسۆن سمیت دەکاتەوە. دەبێت خێڵەکان بۆ گەرەنتی زاووزێ و راژەی ئاژەڵەکانی تەوتەمەکەیان دەستە و داوێنی شێوازە جادوییەکان بن، نەك وەك ئەوەی کە باسکرا تەنها ئەو مافەیان نییە لێی بچێژن، بەڵکو ناچار دەبوو لەماوەی رێ و رەسمی قوربانی کردنەکەدا پارچەیەك (پارویەك) لەتەوتەمەکەی بخوات پێش ئەوەی خێڵەکانی دیکە هەستن بەئەنجام دایینی قوربانی. جوانترین نموونە سەبارەت بەبۆنەی خواردنی پارچەیەك لەگۆشتی تەوتەم لەنێو خێڵی "بێنی beni" ئەفریقیای رۆژئاوادایە، کە لەکاتی نێژراندا دەبینرێت، خواردنی پارچەیەك لەگۆشتی تەوتەم لەکاتی ئاساییدا یاساخە و بەگوێرەی راپۆرتەکەی فریزر خێڵی بێنی هەڵدەستن بەئەنجامدایینی ئەم کارە. کە وابێت ئێمەش لەگەڵ رابرتسۆن سمیتدا هاوڕاین کە دەڵێت: کوشتنی قوربانی ئایینی و خواردنی هاوبەشی ئاژەڵی تەوتەم لەکاتی ئاساییدا یاساخە و دەبێت بەو نموونە و تایبەتمەندییە واتادارانەی رێبازی ئاژەڵ پەرەستی لێکبدەینەوە[1].

[1] چەند کەسێکی وەك (ماریلیە marillier) و (هوبێرت hubert) و (ماووس mauss) چەند رەخنەیان لەتیۆرییەکەی رابرتسۆن سمیت گرتەوە و ئەم دژە تیۆریە لای من روونە، بەڵام ئەوەندە نین کە تۆزێك لەبڕواکانی من ناهاوسەنگ بکات بەرامبەر بەرامانی رابرتسۆن سمیت.

## بەشی پێنجەم:

ئێستا ئاماژە بەوێنەیەکی خواردنی تەوتەمی دەدەین لەگەڵ ئەگەری چەند تایبەتمەندییەك، کە پێشتر باسمان نەکردبوو. لەدەرفەتێکی فەرمیدا کلان بەدڵڕەقییەوە ئاژەڵی تەوتەمەکەی خۆیان دەکوژن و هەر بەخاوی بەکاری دێنن و گۆشت و خوێن و ئێسکەکانی دەخۆن. ئەندامانی خێڵ بەجۆرێك شتیان (بەرگیان) لەبەر کردووە، کە ببنە هاوشێوەی تەوتەمەکەی خۆیان، جوڵە و هەڵسوکەوت و دەنگەکانی بەجۆرێك نمایش دەکەن، کە وەك بڵێیت دەیانەوێت بەم شێوازە بیسەلمێنن کە لەگەڵ ئەودا یەکن. دەزانین هەڵدەستن بەئەنجامدایینی کردارێك، کە یەکەیەکەی تاکەکان بەتەنهایی لەئەنجامدایینی یاساخکراون، بەڵام هەر ئەوەندە گشتیان بەشداری تێدا دەکەن ڕێپێدراو دەبێت. پاشان کەس بۆی نییە خۆی لێ بدزێتەوە. کاتێك کاروباری کوشتنی ئاژەڵەکە تەواو بوو گشتیان پرسەی بۆ دادەنێن و لەترسی ئەو سزایانەی هەڕەشەیان لێدەکات دەست دەکەن بەگریان. بەپێی بۆچوونەکەی رابرتسۆن سمیت لەبابەتێکی هاوشێوەدا و بەتایبەتی بۆ هەڵاتن لەبەرپرسیاریەتی ئەو کوشتنەی، کە خێڵ تووشی بووە دەست دەکەن بەناڵە و گریان و شیوەن [1]. بەڵام پاش ماتەمینەکە جەژنێکی پڕ

---

[1] ئاینی سامییەکان. چاپی دووەم، ١٩٠٧. لاپەڕەی ٤١٣.

لەزەوق و شەوق و بزوێنەرانە بەڕێ دەخەن و بەتەواوەتی و بەو پەڕی دەست لەخۆ داشۆردنەوە خەریکی تێر کردنی گشت حەز و شەهوەتەکانیان دەبن بەئاسانی دەتوانین پەی بەسروشت و ناواخنی ئەم جەژنانە بەرین.

جەژن واتە زێدەڕۆیەکی ڕێپێدراو، بەڵام وەك ئەرکێك. دەست درێژییەکی فەرمی و بەشکۆ لەیاساخکراییەکان. هۆی زێدەڕۆیی بێ سنووریان ئەوە نییە، کە بەهۆی بڕیارێکی (یاسایەکی) ئایینییەوە زۆر پێخۆشحاڵ بن و ئامادەی زێدەڕۆیەکی بەو چەشنە بن، بەڵکو زۆرتر هۆکەی ئەوەیە کە زێدەڕۆیی بەشێکە لەڕێ و ڕەسم و ناواخنی خودی جەژنەکە. هۆی هەستکردن بەخۆشی ئەوەیە، کە ئەنجامدایینی ئەم کارانە لەکاتی ئاساییدا یاساخن و لەکاتی جەژندا ڕێپێدراو دەبن.

بەڵام با بزانین هۆی شینگێڕییان پاش مەرگی ئاژەڵی تەوتەمەکە چییە و پاشان جەژنە بزوێنەرەکان و زۆر خۆش و بەزەوقەکانیان چییە؟ ئەگەر لەکوشتنی ئاژەڵی تەوتەم هەست بەڕەزامەندی و خۆشی دەکەن، هەڵبەت لەکاتی ئاساییدا یاساخە، کەوا بێت چما پاشان شین بۆ مەرگەکەی دەگێڕن و گریان و شیوەنی بۆ دەکەن؟

دەزانین ئەندامانی کلان تەوتەم دەخۆن بۆ خاوێن کردنەوەی ڕۆحیان، بۆ هاندان و گەشە پێکردنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی کلان، بۆ یەکێتی لەنێوان خۆیان و هاوخێڵەکانیاندا و لەلایەکی دیکەوە بۆ تۆکمە کردن پەیوەندی گشت ئەندامانی خێڵ لەگەڵ خوای خۆیاندا. ئەگەری ئەوە هەیە،

کە هۆی خۆشی و شادی زێدەڕۆ پاش شینگێڕی کردن ئەوە بێت ژیانی پیرۆز، کە لەنێو تەوتەمدایە رایانکێشا بێتە نێو جەستەی خۆیان.

لەدەروون شیکاریدا روون بۆتەوە، کە لەڕاستیدا ئاژەڵی تەوتەم لەباتی باوکە و هەر لێرەدا دەتوانین ئەو ناکۆکییەی سەرەوە چارەسەر بکەین. لەلایەکەوە کوشتنی ئاژەڵ یاساخکراوە و لەلایەکی دیکەوە پاش کوشتنی جەژن و شایی دەگێڕن و پێش جەژنیش شینیان دەگێڕا. رێبازی سۆزداری ناکۆك، ئەمرۆش لەتایبەتمەندیەکانی گرێی باوکانە دەژمێردرێت لەنێو منداڵاندا و هەندێك جار تا قۆناخی پێگەیین درێژە دەکێشێت، هەروەها رەوشی ئاژەڵی تەوتەم دەگرێتەوە، کە لەڕاستیدا لەباتی باوکە.

گەر ئەم شێوازەی بەڵگاندن لەدەروون شیکاریدا لەگەڵ بابەتی خواردنی تەوتەم و ئەو تیۆرییەی داروینّدا بەراورد بکەین، کە باسی رەوشی سەرەتایی کۆمەڵگای مرۆیی دەکات دەرفەتی تێگەیشتنی قوڵترمان دەست دەکەوێت و لەبەرامبەر خۆماندا رووبەڕووی دیمەنێك لەیەك تیۆری دەبینەوە، کە ئەگەری ئەوەی هەیە خەیاڵی بێت، بەڵام چاکەیەکی هەیە کە دەتوانێت لەنێوان گروپە جۆراوجۆرەکان لەدیاردەیەکی پچڕ پچڕ و جیاواز یەکێتییەك پێکبێنێت، کە تاکو ئەمرۆ بەزەینی کەسدا نەهاتووە.

نابێت لەیاد بکەین لەتیۆری داروینّدا بچووکترین جێگا بۆ سەرەتای ئاژەڵ پەرەستی لەئارادا نییە. بەگوێرەی تیۆری داروین لەنێو رەوە سەرەتاییە مرۆییەکاندا تەنها رووبەڕووی باوکێکی تورە و ئیرەکار دەبینەوە، کە گشت مێیەکانی نێو گروپی بۆ خۆی تەرخان کردووە و بەرە بەرە، کە کورەکانی مەزن دەبن لە ڕەوەکە دەریان دەکات. رەوشێکی لەم چەشنەی کۆمەڵایەتی سەرەتایی لەهیچ شوێنێکدا نەبینراوە. سەرەتایی ترین دەزگا،

که تا ئێستا ناسراوه و هێشتا لەنێو هەندێك لەخێڵەکاندا دەبینرێت بریتییه لەیەکگرتنی هەندێك لەمرۆڤەکان کە مافی وەك یەکیان هەیە و پەیڕەوی سنووردار کردنەکانی تەوتەم دەبن و بەگوێرەی سیستەمی تەوتەم بۆ ماوەیان لەلایەن پشتی دایکەوە قبوڵە. ئایا لەوانەیە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی بەم جۆرە لەو دەزگایە جیابووبێتەوە کە داروین ئاماژەی پێداوە، ئەگەر بەم جۆرەیە چۆن پێکهاتووە؟

گەر یارمەتی لەخواردنی تەوتەم وەربگرین ئەگەری ئەوە هەیە، بتوانین وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە، کە بەم جۆرەیە: رۆژێك برا دوور خراوەکان لەدەوری یەك کۆبوونەوە باوکیان کوشت و خواردیان و بەم جۆرە بوونی رەوەی باوکیان تێدا برد. کاتێك یەکیان گرت بوێرییان دروست بوو و لەڕاستیدا ئەو کارەی کە بە تەنهایی نەیاندەتوانی بە ئەنجامی بگەیەنن، بەکۆمەڵ بەئەنجامیان گەیاند. ئەگەری ئەوە هەیە فلان پێشکەوتنی نوێ لەشارستانییەتدا، بۆ نموونە دروست کردن و خولقاندنی چەکێکی نوێ بۆتە هۆی هەستکردن بەجیاوازی و لەپێشەوە و بوونیان. ئەوەی کە تەرمی باوکیان خواردووە قەت جێگای سەرسوورمان نییە، چونکە هۆڤەکان لەمرۆڤ خۆر زیاتر شتێکی دیکە نین. بێگومان گشت ئەو کوڕانەی لەم یەکەیەدا یان ئەندامی گروپی برایانن ئیرەیی بەباوکی یەکەمیان دەبەن و لێی دەترسن، بەڵێ لەڕاستیدا ئەم کوڕانە بەخواردنی جەستەی باوکی خۆیان، خۆیان لەگەڵیدا کردۆتە یەك و هەر کامەیان بەشێك لەهێز و تواناییەکانی بۆ خۆی تەرخان دەکرد. لەوانەیە خواردنی تەوتەم وەك یەکەمین جەژنی مرۆڤایەتی بێت و ئەگەری ئەوە هەیە لاسایی کردنەوەیەك لەم کردارە لەیاد نەکراو و تاوان ئاساییە بێت یان جەژنی وەبیرهێنانی بێت، کە بۆ خۆی

بەخاڵی سەرەتایی زۆرێك لەدیاردەكانی دیكە وەك دەزگا كۆمەڵایەتییەكان، سنووردار كردنە مۆراڵی و ئاییینیەكان دەژمێردرێت[1].

بۆ ئەوەی لەڕاستی دوایین دەرئەنجامەكان بەئاگا بین دەبێت چاوپۆشی لەوردی و درشتی بكەین و ئەم بابەتەمان قبوڵ بێت، كە گروپی براكان لەكاتی راپەڕین و سەركێشی كردندا سەبارەت بە باوكیان هەستی ناكۆك و جۆراوجۆریان هەبووە. ئەو هەستەی كە بەگوێرەی زانیارییەكانی ئێمە

---

[1] ئەم تیۆریە كە لەڕوودا سەرسووڕ هێنەرە و دەڵێت كوڕە دوورخراوەكان دەستیان لەنێو دەستی یەك ناوە و باوكی زۆردار و زاڵمیان روخاندووە و كوشتویانە. ئاتكینسون anaximandre لەو بڕوایەدایە ئەمە دەرئەنجامی راستەوخۆی هەلومەرجی رەوە سەرەتاییەكانە و بەگوێرەی تیۆرییەكەی داروینە: "گروپێك لەبرا لاوەكان كە بەناچار سەڵت بوون یان بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ تاكو رادەیەك وەك مێرد لەگەڵ ژنێكی یەخسیردا ژیان دەكەن، گروپێكی دیكە هێشتا بەهۆی پێنەگەیشتنی ئەندامانی خۆی لاوازە، بەڵام بەرە بەرە بەگوێرەی پێویست بەتوانا دەبێت و لەئەنجامدا و پەیتا پەیتا و بەشێوازێك كە ناچار دەبێت و بەیارمەتی پەلامارە رێكخراو و بێوچانەكان و لەئەنجامدا سەردەكەوێت، كە ژن و ژیانی باوكی زۆرداری لێ بستێنێت". (یاسای سەرەتایی لاپەڕەی ٢٢١- ٢٢٠). سەرەڕای ئەوەی ئاتكینسون گشت ژیانی لەكالدونی نوێ بەسەر بردووە و لەوێدا بەناسوودەییەوە خەریكی خوێندنەوەی ژیانی ئەو دانیشتوانە بووە و ئاماژە بەم خاڵە دەدات، كە بەگوێرەی تیۆریەكەی داروین هەلومەرجی رەوە سەرەتاییەكان لەنێو رەوە نۆبەنەكان و ئەسپە كێوییەكاندا بەشێوەیەكی بەسیستەم دەبینرێت و لەئەنجامدا دەگاتە كوشتنی باوك. هەروەها قبوڵ دەكات كە كوشتنی باوك دەبێتە هۆی لێك هەڵوەشاندنی رەوە و هاوكاتە لەگەڵ شەڕ و ململانێ قورس و توند لەنێوان كوڕە سەركەوتووەكاندا. لەهەلومەرجێكی بەم چەشنەدا دەزگایەكی نوێی كۆمەڵایەتی دیسانەوە ناتوانێت سەرلەنوێ گەشە بكات. "كوڕەكان بە جەنگ و خوێن ڕشتن سەردەكەون بەسەر تەنها زۆردارێكدا كە باوكیانە، بەڵام پاش ماوەیەكی كورت دەكەونە گیانی یەكتر و بەهەمان زەبر و زەنگەوە یەكدیكە تێدا دەبەن و خەریكی براكوژی دەبن". (لاپەڕەی ٢٢٨)

ئاتكینسون شارەزای دەرئەنجامەكانی دەروون شیكاری نەبوو و لێكۆڵینەوەكانی رابرتسۆن سمیتی بەدەست نەگەیشتووە. لەنێوان رەوە سەرەتاییەكان و قۆناخە كۆمەڵایەتییەكانی دیكە، كە زۆرێك لەپیاوان پێكەوە لەئاشتی و ئاسایشدا ژیان دەكەن بڕوای بەقۆناخێكی بەرزەخی بوو (بازدان لەقۆناخێكەوە بۆ قۆناخێكی دیكە بەبێ تێپەڕاندنی ئاسایی خۆیان) بەبڕوای ئەم لێكۆڵەرە ئەوە سۆزی دایكانە بوو كە توانی لەسەرەتادا كوڕە چكۆلە و پاشان كوڕەكانی دیكە لەنێو رەوەدا بهێڵێتەوە بەو مەرجەی رێز لەئیمتیازە سێكسییەكانی باوكیان بگرن و بەچاوی نیازخراپییەوە سەیری دایك و خوشكەكانیان نەكەن و یان تەماحیان تێ نەكەن. ئەمە كورتەیەك لەتیۆریەكەی ئاتكینسون بوو. دەبینن لەرێبازە سەرەكییەكاندا جیاوازییەكی لەگەڵ تیۆرییەكەی ئێمەدا نییە، بەڵام هەندێك خاڵ هەیە كە جیاوازی دەخاتە نێوان ئەم دوو تیۆرییەوە. ئاتكینسون ئەوەندە سود لەدەرئەنجامەكانی دەروون شیكاری وەرناگرێت و خۆی لەیەكخستنی تیۆریەكانی لەگەڵ ئەم دەرئەنجامانەدا خافڵ كردووە.

روون نەبوون و كورتكراوە بوونی زانیارییەكانی و شی نەكردنەوەیان لەسەرەوە بۆ خۆی بووە هۆی ئەوەی كە ناواخنی بابەتەكەمان بەسەردا بسەپێت. نابێت ئەوە لەیاد بكەین كە لەباسێكی بەم جۆرەدا نابێت بەدوای راست بوون و دروست بووندا بگەڕێین، هەر بەو جۆرەی كە نابێت خوێنەران شێلگیرانە و پڕاوپڕ داوای بابەتێكی بەم جۆرەمان لێ بكەن.

بەناواخنی دوو ڕەهەندی و ناکۆکی لەنێو دڵی منداڵان و نەخۆشە دەروونییەکانی ئێمەدا بەگرێی ئۆدیپ دەناسرێت، کە سەبارەت بە باوکیان پێکهاتووە. ڕقیان لەباوك بوو ئەو باوکەی کە بەتوندی دژایەتی لەگەڵ دەسەڵات خوازی و چاوەڕوانییە سێکسییەکانیان دەکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا کە ڕقیان لێی بووخۆشیان دەویست پەسنیان دەدا. پاش تێدا بردنی باوك و تێر کردنی هەستی ڕق لێ بوونیان و پێکهاتنی ئاواتی بە یەکبوون لەگەڵ ئەودا. دەست دەکەن بەپیشاندان و خستنەڕووی سۆزی خۆشەویستی زێدەڕۆیانە، کە ماوەیەکی زۆرە پێشیان بەهەڵاتنیان گرتووە[1]. ئەم کارەیان لەژێر پەردەی پەشیمان بوونەوەدا بەئەنجام گەیاندووە و لەڕاستیدا هەستکردن بەتاوان و پەشیمانی خۆیان لەگەڵ هەست کردن پاشگەز بوونەوە و پەشیمان بوونەوە کە زۆربەیان هەستیان پێدەکرد ئاڵوگۆڕ دەکرد. لەئەنجامدا لەزەینی خۆیاندا ئەوەندە هێز و دەسەڵاتیان بەمردووەکانیان دەدا، کە قەت لەکاتی ژیانیاندا پێیان نەدرابوو پاشان ئەوەی کە لەچارەنووسی مرۆڤەکاندا دەیبینین پەیڕەوی لەم ڕێبازە و بنەمایە کردووە و دەیکات. ئەو شتەی لەڕابردوودا ئامادە بوونی باوك پێشی بەتێربوونی دەگرت، ئێستا کوڕەکان بۆ خۆیان و بەنیازی ئەو بارودۆخە دەروونییەی، کە "بەگەڕانەوە و پەیڕەو کردن لەڕابردوو"[2] یان "ملکەچ

---

[1] ئەوەی کە بۆتە هۆی دەرکەوتنێکی خۆش ویستنێکی بەم جۆرە بریتیە لەوە کە قەت هیچ یەك لەهاوبەشان ناتوانن تێر بن لەکرداری مرۆڤ کوژی. کردارێك، کە لەهەندێك ڕووەوە بێسودە، چونکە هیچکام لەکوڕەکان ناتوانێت حەزی سەرەتایی خۆی بەمەبەستی جێگرتنەوەی باوك پێکبێنێت. ئاشکرایە، کە شکست فرە زۆرتر لەسەرکەوتن دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دژکردەوە ئاکارییەکان.

[2] بەفەرەنسی obeissonce-retrospectiv و بەئینگلیزی obedience-deferred پێ دەگوترێت.

بوون بۆ دواوە" دەناسرێت و دەروون شیکاری ئەوی بۆ ئاشکرا کردوین، خۆیان بەدەستی خۆیان یاساخیان کردووە. کوڕەکان لەکردارەکانی خۆیان پەشیمان بوونەوە و نکۆڵییان لێکرد و لەم سۆنگەیەوە کوشتنی ئەو تەوتەمەی کە جێگای باوکیان پێگرتبوویەوە، یاساخیان کرد. خۆیان پاراست لەهەڵگرتنەوەی بەری باوك کوشتن و لەئەنجامدا چاویان گرت لەپێکهێنانی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە خۆیان ئازادیان کردبوون. بەم جۆرە هەستکردن بەتاوان لەنێو کوڕەکاندا بووە هۆی دوو یاساخکاری سەرەکی لەڕێبازی تەوتەم پەرەستیدا و دەتوانین بڵێین ئەم دوو شتە جگە لەهەمان حەز و ئاواتی دوو ڕەهەندی سەرکوتکراوی گرێی ئۆدیپ نییە. لەڕاستیدا کەسێك دەستدرێژی بەم مەحرەماتە دوو ڕەهەندییە بکات وەك ئەوە وایە، کە تەنها هەستابێت بەئەنجامداینی ئەم دوو تاوانە، کە بۆ کۆمەڵگای سەرەتایی جێگای سەرنج و بایەخن.

لەڕاستیدا مەحرەمە (یاساخکراوە) دوو ڕەهەندییەکانی تەوتەم پەرەستی بە بنەڕەت و بیناتنەری مۆڕاڵی کۆمەڵگای مرۆیی دەژمێردرێن، بەڵام یەك هۆی متمانە پێدراوی دەروون ناسیانەی نییە. تەنها ڕێبازی ڕێز گرتن لەئاژەڵی تەوتەم و پڕاوپڕ لەسەر بناخەی نیازە سۆزدارییەکان چەقیبەستووە. ئێستا کە بەم جۆرەیە و باوك تێدا چووە، ئیدی لەکرداردا ناتوانین کارێك بکەین (هیچمان پێ ناکرێت)، بەڵام تابۆیەکی دیکە، هەمان یاساخکردنی پەیوەندی سێکسییە لەگەڵ مەحرەمەکاندا و بایەخێکی کرداری زۆر گەورەیشی هەیە. ئەویش پێویستی سێکسییە، لەباتی ئەوەی پیاوان یەکگرتوو بکات، ئەوان لەیەکدیکە دوور دەخاتەوە. براکان پێکەوە و

یەکیان گرتبوو تا باوك تێدا ببەن، هەر ئەوەندە بابەتی بوون بەخاوەنی ژنان هاتە ئاراوە لەگەڵ یەکدا بوون بەدوژمن. هەر یەکەیان دەیخواست وەك باوك گشتیان بۆ خۆی تەرخان بکات و جەنگی گشتی، کە لەئەنجامی ئەم ڕووداوەوە دەردەکەوت دەبووە هۆی لەناوبردنی کۆمەڵگا. ئیدی پیاوێك نەبوو لەهەموویان بەهێزتر بێت و بتوانێت ڕۆڵی باوك بگێڕێت، کەواتە گەر براکان بیانخواستایە پێکەوە ژیان بکەن ڕێگایەك زیاتر لەبەردەستیاندا نییە ئەویش پاش ئەگەری چارەسەر کردنی ناکۆکییەکانیان دەبێت یاسای یاساخکردنی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا پێکبێنن و دەبێت گشتیان تێکڕا چاو لەژنە دڵخوازەکەی خۆیان بگرن، لەڕاستیدا دەبێت چاو لەو شتە بپۆشن کە بۆتە نیازی کوشتنی باوك[1]. کەواتە ئەو یەکێتییە کە بۆتە هۆی بەهێز بوونیان و لەسەر بنەمای هاوڕەگەز بوون (خوازی) و هەستی پەیوەندیدار بوون پێیەوە چەقیبەستووە، کە لەسەردەمی دوور خستنەوەیاندا باو بووە رزگاری کردوون. لەوانەیە دەزگای دایك سالاری، کە "باخۆفن bachofen" (١٨٦١) دا باسی دەکات لەهەلومەرجێکی بەم جۆرە سەرچاوەی گرتبێت، کە تا دەرکەوتنی دەزگای باوك سالاری درێژەی کێشاوە.

[1] کوشتنی مرۆڤ و پەیوەندی سێکسی یان دەستدرێژی لەم جۆرە بەرامبەر بەیاسای پیرۆزی خوێن، تەنها ئەو دوو تاوانەن، کە کۆمەڵگای سەرەتایی لێی بەئاگا بوون (ئایینی سامییەکان، لاپەڕەی ٩١٩).

لەیاساخکاری یەکەمدا، کە لەسەر بنەمای پاراستنی گیانی ئاژەڵی تەوتەمە دەتوانرێت یەکەم هەنگاوی کرداری بۆ بنیاتنانی ڕێبازێك بەناوی ڕێبازی تەوتەم پەرەستی ببینرێت. ئەگەر لەڕاستیدا ئاژەڵی تەوتەم لەنێو زەینی کوڕەکاندا بەجێگرەوەی سروشتی باوك لێکبدرێتەوە، کەواتە دەبێت ئەو شتەی کە بەرامبەر بەوان ڕەچاو دەکرێت ناتوانێت زیاتر لەپێویستییەك بەئامرازێکی سادە بۆ پەشیمان بوونەوە نەبێت، چونکە کوڕەکان بەشێوازێکی لەم جۆرەیە (پاراستنی گیانی ئاژەڵی تەوتەم)، کە دەتوانن هەستکردن بەتاوان کەم بکەنەوە و خۆیان لەئازارەکانی ویژدان بپارێزن، سەرەڕای ئەمانەش ئاشتەوایی لەگەڵ باوکە مردووەکەیاندا بکەن. سیستەمی تەوتەم وەك پەیمانێك بوو، کە لەگەڵ باوکدا بەسترابوو. پەیمانێك کە باوك لەناویا بەڵێی بۆ گشت ئاوات و حەز و داوای منداڵانەی منداڵەکانی وەك پشتیوانی، پاراستنیان و سۆز و ... دەکرد لەبەرامبەردا منداڵەکانی پاراستنی ژیانی باوکیان گەرەنتی دەکرد بەجۆرێك، کە ئیدی ئەو ڕووداوەی کە بۆتە هۆی کوشتنی باوکی ڕاستەقینە بەرامبەر بەجێگرەوەکانی ئەو دووپاتی نەکەنەوە، هەروەها تەوتەم پەرەستی بەهەوڵێك بۆ یاسا و خۆدەرباز کردن لەتاوانی کوشتنی باوك دێتە بەرچاو، کەواتە تەوتەم پەرەستی هۆکارێك بوو بۆ چاکتر کردنی ئەو بارودۆخە یان لەبیربردنەوەی ئەو ڕووداوەی کە بۆتە هۆی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی.

تایبەتمەندییەکان لەو کاتەدا دەرکەوتن، کە پاشان کاریگەریەتێکی دیاری کراویان لەسەر گشت ئایینەکانی دیکەی پاش خۆیان هەبوو. سیستەمی تەوتەم لەهەستکردن بەتاوانی کوڕەکانەوە سەری هەڵدا و ئامانج لەپێکهێنانی داشکاندن و کەم کردنەوەی ئەو هەستە قورس و گرانە بووبە تاوان و ئاشتبوونەوە لەگەڵ باوك بەشێوازی ملکەچی بۆ دواوە یان گەڕانەوە بۆ رابردوو. لەڕاستیدا گشت ئایینەکانی دیکە هەنگاونان بوو بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، هەنگاونانێك کە لەگەڵ ئاستی پەیوەندیدار بەشارستانیەتەوە جیاوازە (جۆراوجۆرە) جیاوازییان لەگەڵ یەکدا بەو رووەدا دەڕوات، کە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە گرتوویانەتە بەر. بەڵام گشتیان دەرکەوتنی دژکردەوەیەکن لەبەرامبەر ئەو رووداوە مەزنەدا، کە شارستانیەتی تێك ئاڵاوە و لەوە بەدوا و کت و پڕ لەئازار داینی ویژدانی مرۆڤایەتی راوەستاوە.

بەڵام تایبەتمەندییەك لەم قۆناخەدا لەئاژەڵ پەرەستیدایە و هێشتا هەر بەهەمان شێوە لەم ئایینەدا پارێزراوە. دەرکەوتنی ناکۆکی لەنێو هەستە ناکۆکەکاندا ئەوەندە توند و قورس بوو، کە نەدەکرا بەجێگیر کردنی دەزگایەك هاوسەنگیان دابین بکرێت یان لەواتایەکی دیکەدا قەت هەلومەرجی دەروون ناسی بۆ سڕینەوەی ئەم ناکۆکییە سۆزداریانە گونجاو نەبووە. هەرچۆن بێت دەبینین ناکۆکی هەیی لەگرێی باوکیدا نەك تەنها لەئاژەڵ پەرەستیدا، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لەنێو گشت ئایینەکانی دیکەدا بەرچاو دەکەون. رێبازی ئاژەڵ پەرەستی تەنها بریتی نییە لەوە، کە لەڕوودا

بەو جۆرە نیشان بدەن بەهەنگاوی ئاشتی خوازانە دەست دەکەن بەکرداری پەشیمان خوازی، بەڵکو لەهەمان کاتدا بیرهێنەری سەرکەوتنە بەسەر باوکدا. جەژنی ساڵوەگەڕی خواردنی تەوتەمی، هەر بەم مەبەستە بنیات نرابوو و بەم بۆنەیەوە گشت ئەو یاساخکارییانەی کە بەهۆی ملکەچی لەدواوە بوو، بەشێوەیەکی کاتی هەڵدەوەشایەوە و ئەرکی هەمووان بوو ئەو تاوانەی بەرامبەر بە باوك ئەنجامیان دابوو سەرلەنوێ ئەنجامی بدەنەوە و دەبێت ئەو ئاژەڵەی، کە جێگرەوەی باوکە بیکوژن. هەر کاتێك بەرژەوەندی و سودی ئەم تاوانە واتە وەرگرتنی تایبەتمەندی و کردنە موڵکی باوکانە، کە لەژێر کاریگەریەتی هەلومەرجی نوێ ژیانەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشەی تیاچوون و هەڵوەشاندنەوە دەبێت ئەم رێ و رەسمە دووپات بکرێتەوە. جێگای سەرسووڕمان نییە، گەر تەنانەت لەڕێبازی ئایینەکانی دیکەدا تارادەیەك رووبەڕووی یاخی بوون و تووڕەیی منداڵان دەبینەوە، هەڵبەت بەزۆری بەشێوەی ئاوەژوو کراو شاراوەیە.

لێرەدا کۆتایی بەلێکۆڵینەوەکەی خۆم دێنم سەبارەت بەو دەرئەنجامانەی کە لەڕێبازی سۆزداریدا بەرامبەر بەباوك خستوومانەتە ڕوو (ئەو رەهەندەی کە پاشان شێوەی پەشیمان بوونەوە و گەڕانەوەی لەخۆ گرت) و بەبێ جیاوازییەکی ئەوتۆ و هێشتا لەڕێبازە ئایینی و مۆراڵیەکاندا دەبینرێت، کە لەتەوتەم پەرەستیدا دەرکەوتوون. بەڵام دەمەوێت لەکۆتاییدا تەنها جەخت لەو خاڵە بکەمەوە، کە لەئەنجامدا سەرکەوتنی کوڕەکان لەو حەزانەوە هاتووە کە بەرەو کوشتنی باوك هانی دابوون. لەم رۆژگارە بەدواوە حەزی کۆمەڵایەتی برایانە بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەریەتێکی قوڵی لەگەشەی

کۆمەڵگادا بووە و بۆتە هێما و پیرۆز بوونی خوێنی هاوبەش و بەهێز کردنی پەیوەندی و پەیوەست بوون لەنێوان گشت بوونەوەرە زیندووەکانی کلاندا. بەم جۆرە براکان توانیان ژیانی یەکە یەکەی خۆیان گەرەنتی بکەن و بەوە پێبەند بوون، کە ئیدی لەو بەلاّیانەی بەسەر باوکیاندا هێناویانە بەسەر خۆیاندا نەیهێنن و بەکردەوە دەرفەتێکی بەم جۆرەیان لەناو برد، چونکە وێڕای رێگرتن لەکوشتنی باوك (تەوتەم)، کە رەهەندێکی ئایینی هەیە و پاشان رێگریەکی دیکەیان پێ زیاد کرد، کە رەهەندێکی کۆمەلاّیەتی هەبوو، ئەویش رێگرتن بوو لەبراکوژی. پاش تێپەڕبوونی زەمەنێکی زۆر ئەم یاساخکارییە سنووری کلانی تێپەڕاند و بەکورتی بەشێوەی ئەم ئەمرەی لێهات "خۆت لەمرۆڤ کوشتن بپارێزە". رەوەی باوك جێگای خۆی دایە کلانی براکان، کە لەسەر بنەمای خوێن چەقی بەستووە. کەواتە لەئێستا بەدواوە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای تاوانێکی هاوبەش، تاوانێك کە گشتیان تێکڕا تووشی بوون بناخەکانی دادەڕێژێت و ئایینەکان لەسەر بنەمای هەستکردن بەتاوان و پەشیمانی، مۆراڵ و ئاکار لەسەر بنەمای پێویستی ئەم کۆمەڵگایە بنیات نراوە. لەلایەکی دیکەوە پێویستی بەکەفارە دایین، کە لەهەستکردن بەتاوانەوە دێت پێکهاتووە. بەپێچەوانەی هەڵێنجاندنە نوێیەکان لەتەوتەم پەرەستی، دەروون شیکاری هاودەنگە لەگەڵ هەڵێنجاندنە کۆنەکاندا، کە تەوتەم پەرەستی و زەواج لەگەڵ بێگانەدا پەیوەندییەکی چڕیان پێکەوە هەیە و ریشەیان هاوبەش و هاوکات لەیەك زەمەندایە.

## بەشی شەشەم:

هۆکار گەلێکی بەهێز و جۆراوجۆرم لەبەردەستدایە، کە دەبێت باس لەگەشە کردنی ئایینەکانی دیکە نەکەین، واتە لەسەرەتاییەوە هەر لەهەمان تەوتەم پەرەستییەوە بگرە تاکو رەوشی ئێستای ئایینەکان خۆمان لەباسکردنیان بپارێزین. ئەو دەرئەنجامەی کە لە سەر لێ شێواندن و ئەنجامی گەشە کردنی ئەم پرۆسەیەدا دەرکەوتووە تەنها بەڕوونی دوو سەرەداوی تایبەتی لێ ئازاد کراوە، چەند ساتێك لەسەر ئەم دوو سەرەداوە رادەوەستین تاکو بەدواداچوون لەسەر رێبازی بەرەو پێشچوون و دەرکەوتنی بدوێین. ئەم دوو سەرەداوە بریتین لەنیازی قوربانی تەوتەم و رێبازی کوڕ لەبەرامبەر باوکدا[1].

رابرتسۆن سمیت پیشانی داین، کە خواردنی تەوتەمی پێشوو وەك قوربانی سەرەتایی دووپات کراوەتەوە. ئەم کردارە بەو واتایەیە: کە بەڕێگای بەشداری کردن لەخواردنی هاوبەشدا تاکەکان خۆیان بەپاك بزانن یان پاك رابگرن. تەنانەت هەستکردن بەتاوان هەر وا مایەوە و تەنها بەپەیوەست بوونیان لەبەرامبەر بەشداریکردن لەخواردنی هاوبەشدا هێور دەبوویەوە.

[1] سەیری لێکۆڵینەوەی سی – جی – یونگ c.g.jung بکەن بەناونیشانی: گۆڕانکاری و نیشانەکانی لیبیدو. ساڵنامەی بلولرفرند بەرگی چوارەم: ١٩١٢، هەرچەند روانگەکەی هەندێك جیاوازی لەگەڵ روانگەی ئێمەدا هەیە.

تەنها توخمەی نوێ هەر هەمان خوای کلانە کە بەشێوەیەکی نادیار لەڕێ و ڕەسمی قوربانیدا ئامادە دەبێت و لەخواردندا وەك بەشدار بوویەکی ئاسایی بەشدار دەبێت و هەر بەم بۆنەیەوە، کە ئەویش لەگەڵیاندا بەشدارە و هاوخوان و هاوخواردنیان دەبێت خۆیان وەك ئەو یان خۆیان و ئەو وەك یەك لێکدەدەنەوە، کەواتە ئەم خوایە چلۆن کەوتە ڕەوشێکی بەم جۆرە، کە لەسەرەتادا بەتەواوەتی لێی نامۆ بوو؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەتوانین بڵێین دیار نییە ئەم ڕامانەی خواوەندەکان چلۆن لەم مەودایەدا پێکهاتووە و بەسەر گشت ژیانی ئایینیدا زاڵ بووە و خواردنی تەوتەمی وەك ئەوەی کە دەیخواست دەمایەوە، بەڵام ناچار بوو لەگەڵ سیستەمی نوێدا خۆی بگونجێنێت. لەدەروون شیکاری کردنی تاکە جیاوازەکان ئەو ئەنجامە وەرگیراوە، کە هەر کەسە و ئەم خواوەندانە لەشێوە و وێنای باوکیاندا وێنا دەکەن و ڕێبازی هەر کەسێك سەبارەت بەخواوەندەکانی پەیڕەو کردنێکە لەم بۆچوونە، کە سەبارەت بەباوکی سەر زەوی هەیەتی بۆیە ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێی بەسەردا دێت و لەڕاستیدا خواوەندەکان باوکێکن بەتوانایی و لێهاتوویی زێدەترەوە. دەروون شیکاری لێرەشدا وەك سەبارەت بەتەوتەم پەرەستی ئامۆژگاری کردین لەو بڕوایەدایە کاتێك باس لەخوا دەکرێت وەك باوك دەبێت باوەڕی پێبکەین، هەروەك ئەوەی بڕوامان بەو قسەیە کرد، کە تەوتەم لەئاست ئەژدادیدایە. گەر بەگشتی متمانەیەکی شیاومان بەزانیارییەکانی دەروون شیکاری بێت دەبێت قبوڵمان بێت، کە جگە لەواتا و

ئەگەری ریشەکانی دیکە سەبارەت بەدەرکەوتنی خواوەندەکان، کە لەتوانای دەروون شیکاری دا نییە، توخمەی باوك رۆڵێکی زۆر گرنگی لەپێکهێنانی چەمکی خواوەندەکاندا گێڕاوە، گەر بەم جۆرە بێت باوك بەدوو واتا لەقوربانییە سەرەتاییەکاندا دەرکەوتووە و رۆڵی گێڕاوە: یەکەم وەك خوا و پاشان وەك ئاژەڵی قوربانی. وێڕای هەموو خاکەڕایی بوونمان هەست دەکەین ئەگەری پێشنیازی رێگا چارەکانمان تەنها چەند رێگای سنووردارن کە دەروون شیکاری دەیخاتە بەر دەستمان و دەبێت لێکۆڵینەوە بکەین تاکو بزانین تا چەند راستن ئەوانەی ئاماژەمان پێداون و ئەگەر وەڵامەکە ئەرێی بێت بەکام واتایە.

دەزانین لەنێوان خواوەند و ئاژەڵی پیرۆزدا (تەوتەم و ئاژەڵی قوربانی) پەیوەندی جۆراوجۆر لەئارادایە:

١) بەگشتی بۆ هەر خواوەندێك قوربانییەك یان هەندێك جار چەند قوربانی تەرخان دەکرێت.

٢) هەندێك لەقوربانییەکان بەتایبەتی قوربانییە پیرۆزەکان و بەتایبەتی ئاژەڵێك کە بۆ خواوەندەکان تەرخان کراوە قوربانییەکە وەکو دیاری پێشکەشیان دەکرێت[١].

---

[١] رابرتسۆن سمیت، ئایینی سامییەکان.

٣) بەزۆری خواوەندەکانیان لەشێوەی ئاژەڵدا دەدیت یان دەیان پەرەست تەنانەت زەمەن گەلێك پاش سەردەمی ئاژەڵ پەرەستی هەندێك لەئاژەڵەکان دەپەرەستران.

٤) بەزۆری لەئەفسانەکانی خەڵکانی سەرەتاییدا خواوەندەکان بۆ شێوەی چوونە سەر ئاژەڵەکان شێوەیان دەگۆڕا و لەزۆربەی کاتدا بەشێوەی ئەو ئاژەڵەیان لێدەهات کە بۆیان دابین کرابوو.

کەواتە لەڕوودا سروشتییە قبوڵمان بێت خواوەندەکان بۆ خۆیان ئاژەڵی تەوتەمی بوون و لەقۆناخەکانی دیکەی گەشە کردنی هەستی ئایینیدا لێیان جیا کراوەتەوە، بەڵام بەقبوڵ کردنی ئەم تیۆرییە کە خودی ئاژەڵی تەوتەم هیچ نییە جگە لەوەی، کە جێگرێکی باوك بێت خۆمان لەزەحمەتی باسەکانی دیکە دەرباز دەکەین. کەواتە لەڕاستیدا ئاژەڵی تەوتەم یەکەم چوارچێوە و پێوەری جێگرتنەوەی لەم جۆرە بووە و خواوەندەکان چوارچێوەی پێشکەوتووتری ئەم جێگرتنەوەیەن، چونکە خواوەندەکان شێوەی مرۆیانەیان هەیە و لەڕاستیدا باوك سەر لەنوێ لەشێوەی ئاژەڵییەوە دەگەڕێتەوە سەر شێوەی مرۆیی. ئەم خوڵقکارییە نوێیە، کە ریشەکەی هەمان ریشەی گشت ئایینەکانی لەم چەشنەیە، واتە عەشق بەرامبەر بەباوك، تەنها دەرئەنجامی گۆڕانی چەند بنەمایەکە، کە بەدرێژایی زەمەن دەرکەوتووە لەرێبازی کوڕەکان سەبارەت بەباوکیان یان سەبارەت بەئاژەڵەکانی دیکە. بەئاسانی دەتوانین ئەو گۆڕانکارییانە ببینین، تەنانەت گەر لەجیاکردنەوەی دەروونی کە سەبارەت بەئاژەڵ دەرکەوتووە و لەپارچە

پارچە بوونی تەوتەم پەرەستی چاوپۆشی بکەین، کە لەئەنجامی ماڵی کردنی ئاژەڵدا دەرکەوتووە.

لەو هەلومەرجەدا کە لەئەنجامی کوشتنی باوکەوە هاتۆتە مەیدان دەبێت توخمەیەك هەبووبێت، کە بەتێپەڕ بوونی زەمەن بووبێتە هاندانی بەهێز کردنی عەشقێکی زێدەڕۆیانە سەبارەت بەباوك. ئەو برایانەی دەستیان لەنێو دەستی یەکتر نابوو تا باوك بکوژن یەکە یەکەیان حەزیان دەکرد بچنە هاوئاستی باوك و بۆ تێرکردنی ئەم حەزەش هەوڵیان دەدا تا لەکاتی خواردنی تەوتەمدا هەندێك بەش لەجەستەی ئاژەڵی قوربانیکراو، کە لەڕاستیدا بەجێگرەوەی باوك لێکدەدرایەوە بکەن بەشێك لەجەستەی خۆیان، بەڵام بەپێی ئەو زەختانەی کە پەیوەندییەکانی کلانی براکان دەیان خستە سەر هەریەك لەئەندامەکانیان حەزێکی بەم شێوەیە شایانی تێربوون نەدەبوو. هیچ کەس نەیدەتوانی و نەدەبوو بەو هێزە گشتگیرەی باوك بگات، کە لەڕاستیدا مەبەستی حەز و ئاواتە تەماحکارانەکانی یەکە یەکەی براکانی پێکدەهێنا. کەواتە رق و بۆغزی براکان سەبارەت بەباوکیان کە ببوونە هۆی کوشتنی بەرەبەرە لەماوەی وەرچەرخانێکی درێژخایەندا لەقورسایی و توندی خۆی کەوت و جێگای خۆی دایە عەشق و خۆشەویستی و ئەم ئامانجە دەرکەوت کە دەبێت هەر لەم باوکە کۆن و کوژراوە، کە شکستی لێیان خواردووە و ئێستا هەمان هێزی بێ سنووری پێشۆوی دەست کەوتۆتەوە، بەڵام دەبێت ئێستا سەرلەنوێ کوێرانە پەیڕەو و ملکەچی بن. ئازادی وەك یەکی پێشوو کە سەرچاوەی هەموو ئەندامانی دیکەی کلان بوو بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە قوڵانەوە کە لەشارستانییەتدا دەرکەوتبوون ئیدی نەدەکرا درێژەی پێبدرێت. بەڵام دیسان ئەو لاکێشەیە (ناڕاستەیە) دەرکەوت کە

دەبێت سەرلەنوێ هەمان ئامانجی کۆنی باوك زیندوو بکەنەوە و هەندێك لەتاکەکان بەهۆی هەندێك تایبەتمەندی لەپێشبوون بە سەرخەڵکانی دیکەدا تا ئاست خواکان بەرز کرانەوە. ئەوەی کە تاکێکی ئاسایی دەتوانێت ببێتە خوا یان پاش ماوەیەك خوا دەمرێت لەو جۆرە شتانەن، کە دەبنە جێگای سەرسوورمانمان، بەڵام هێشتا لەچاخە کۆنەکاندا وەك بابەتێکی تەواو ئاسایی و سروشتی لێکدەدرێتەوە[1]. بەرز کردنەوەی پلەی باوکی کوژراو تاکو ئاستی پلەی خواوەندی و داواکار کردنی ئەو لەلایەن ئەندامانی خێڵەوە وەك ئەوەی بەمنداڵی خۆی بزانێت وەك بڕیاری کەفارە دایینی قورس بووە کە پەیمانی ئاژۆکراوی پێشوو لەگەڵ تەوتەم ناگاتەوە بەتۆزی ئەم بڕیارە.

دەپرسیت خواوەندەکانی دایك، کە لەوانەیە هەمیشە لەپێش خواوەندەکانی باوکەوە بووبن لەپرۆسەی ئەم وەرچەرخانانەدا چ ڕۆڵێکیان هەبووە. ئەمە پرسیارێکە، کە وەڵامەکەیمان لا نییە. بەڵام لەم خاڵە دڵنیاین، کە گۆڕانی ڕێبازی کوڕەکانی سەبارەت بەباوکیان سنووردار نەبووە بەهەرێمی ئایینەوە، بەڵکو لەدەزگای کۆمەڵایەتیشدا کاریگەر بووە، ئەو دەزگایەی کە لەئەنجامی کوشتنی باوك کاریگەریەتی وەرگرتبوو. بەجێگیر

---

[1] ئێمە خەڵکانی ئەمڕۆ بڕوامان بەدژواری ئەو بابەتە هەیە و بەئاسانی لەنێوان خوا و مرۆڤدا تێناپەڕێت، بۆیە هاوشێوە بوونێکی بەم چەشنە لەنێوان خوا و مرۆڤدا هەژێنەر و حەرام دەزانین، بەڵام خەڵکانی سەرەتایی بەجۆرێکی دیکە سەیری ئەم بابەتەیان دەکرد. لەڕوانگەی ئەوانەوە لەنێوان خواوەندەکان و مرۆڤەکاندا خزمایەتی هەیە، چونکە زۆربەی بنەماڵەکان ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر خواوەندەکان و بەخوا کردنی مرۆڤێکی ئاسایی لەڕوانگەیانەوە بەقەدەر هەمان کرداز لەلایان ئاساییە، کە ئەمڕۆ فلان ڕەوشت بەرزی خۆپارێزی مەسیحی لەڕوانگەی تاکێکی کاسولیکەوە بەپیرۆز بزانرێت. (فرێزر – سەرچڵی زێڕین، بەرگی یەکەم، هونەری جادویی و وەرچەرخانی پاشاکان، بەرگی دووەم، لاپەڕەی ١٧٧).

کردنی خواوەندەکانی باوك، کۆمەلگا لەباوك بێ بەش ببوو و هێدی هێدی شێوەی کۆمەلگایەکی باوك سالاری لەخۆ گرت. بنەماڵە بووە جێگری رەوە سەرەتاییەکانی پێشوو، باوکەکان بەشی زۆری ئەو مافانەی، کە لەنێو ئەم رەوانەدا هەیانبوو سەر لەنوێ لەنێو بنەماڵەدا بەدەستیان هێنایەوە. باوك جارێکی دیکە لەسەر کورسی دەسەلات دانیشت، بەلام سەرکەوتنە کۆمەلایەتیەکانی براکانی نێو کلان بەفیرۆ نەرۆیشت، کە لەنێوان باوکی نوێ بنەماڵە و باوکی سەرەتایی یان سەرۆکی بە دەسەلات و بێ ئەملاو ئەولای رەوەی سەرەتای لەئارادا بوو، ئەوەندە مەزن بوو کە بەردەوام بوونی پێویستی ئایینی، واتە ئەو عەشقەی هەمیشە روو لەزیاد بوونە بەرامبەر بەباوك گەرەنتی دەکات.

بەم جۆرە باوك لەمەیدانی قوربانی پێشکەش کراو بەخوای خێڵ بەدوو ناونیشان (جۆر) ئامادە دەبێت. یەکیان وەك خوا و ئەوی دیکە وەك ئاژەڵی قوربانی، بەلام لەو هەولانەدا کە بۆ تێگەیشتنی ئەم رەوش و هەلومەرجە بەئەنجاممان گەیاندووە دەبێت هۆشیاری ئەم بابەتە بین، کە فریوی ئەو راڤە و لێکدانەوانە نەخۆین، کە تەنها ئەمانە بەچەند رەمز و نهێنی دەزانێت و هیچ سەرنجێك ناداتە قۆناخە یەك لەدوای یەکەکانی مێژوو، دوو هێندە ئامادە بوونی باوك لەدوو واتای تایبەتی یەك بەدوای یەکدا پەیوەندیداری قوربانی دەکات، کە بریتیە لەرێبازێکی ناکۆك سەبارەت بەباوك و سەرکەوتنی هەستە خۆشەویستانەکانیان بەسەر هەستە دوژمنکارانەکانیاندا و ئەم دوانە بەشێوەی وێناکردن لەو پانتاییەدا نمایش دەدرێن. لەراستیدا شکستی باوك و سوککردنی قولی ئەو بەو ماتریالە سەرەتاییانە دەژمێردرێن، کە بۆ نمایش کردنی سەرکەوتنە بەرزەکەی

پێویستن. بەشێوەیەکی گشتی دەرئەنجامی واتای قوربانی بریتیە لە: هەمان کردەوە کە بۆتە هۆی سوککردنی باوك، ئێستا بۆتە هۆیەك کە باوك لەم سوککردنە ڕەزامەندی و دڵنیاییەکی بەدەست هێناوە و لەهەمان کاتدا بیرەوەری ئەم سوککردنە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

پاش هەندێکی دیکە، ئاژەڵ تایبەتمەندی پیرۆز بوونی لەدەست دەدات و پەیوەندی نێوان قوربانی و جەژنی تەوتەمی لەناو دەچێت و قوربانی بەشێوەی بەندەیی بوونێکی ساکار دەردەکەوێت و بەکردەوەیەکی پاك و خاوێنی بەدەست بەردان لەناخی هەندێك شت بەرامبەر بەخواکانی لێدێت. لەمە بەدواوە خواوەندەکان ئەوەندە پلەیان لەمرۆڤەکان بەرزتر دەبێتەوە، کە جگە لەیارمەتی وەرگرتن لەکەشیشەکان (گەورە پیاوانی ئاینی) ناتوانین پەیوەندییان پێوە بکەین. لەم مێژوویەدا پاشا گەلێك بەسەر دەزگای کۆمەڵایەتیدا دەسەڵاتداریەتیان کردووە، کە تایبەتمەندی خواوەندییان هەبووە و پەرە بەسیستەمی باوك سالاری دەدەن لەکۆمەڵگادا. دەبێت بڵێین باوك پاش بەدەست هێنانەوەی مافە لەدەستدراوەکانی و گەڕانەوەی کەرامەتی، بەو پەڕی دڕندەییەوە تۆڵە لەشکستەکەی پێشوو دەستێنێتەوە و ئەوەندە دەسەڵات و هێز دەخاتە گەڕ، کە کەس ناتوانێت ڕووبەڕووی بێتەوە. کوڕەکان ملکەچن و بەو پەڕی توندییەوە پەیڕەوی لەو هەلومەرجە نوێیە دەکەن بۆ داشکاندن و کاڵ کردنەوەی هەستکردن بەو تاوانەی، کە تووشی بوون. لەڕاستیدا ئیدی ئەوان بەرپرسیار نین لەقوربانی، بەڵکو خودی خواوەندەکەیانە کە خوازیاری قوربانییە و دەستوورەکەیشی دەردەکات. ئەو ئەفسانە و میتۆلۆژیایانەی، کە باسی کوشتنی ئاژەڵی تایبەت بەخواوەندەکان بەدەستی خودی خۆیان دەکەن و لەڕاستیدا هیچ شتێکی

دیکە نین جگە لەخودی خواوەندەکان، هەر پەیوەستن بەم قۆناخە مێژووییەوە. دەرکەوتنی کۆمەڵگا و سەرهەڵدانی هەستی بەرپرسیاریەتی (هەستکردن بەتاوان) بەتەواوەتی هۆکاری نکۆڵی کردنی تاوانێکی مەزنە.

هەڵێنجاندنێکی بەم جۆرە دیسانەوە هەڵگری واتایەکی دیکەیە، کە تێگەیشتنی ئەوەندە دژوار نابێت. ئەو واتایە هەمان ڕەزامەندبوونی خەڵکە کە دەستبەرداری لەئاژەڵ پەرەستی دەبن تاکو ڕوو بکەنە خواوەند پەرەستی. واتە هەست دەکەن دەستبەردار بوون لەجێگرەوەیەك و ژێردەستییەکی باوك و ڕووکردنە لەجێگرەوەیەکی باڵادەست تر لەباوك. لەڕاستیدا لێرەدا لێکدانەوە و ڕاڤەی گۆڕەپانی قوربانی لەسەر بنەمای هێمابوون و نهێنی بوون بەتەواوەتی لەگەڵ ڕاڤە و لێکدانەوەی دەروون شیکاری بۆ ئەو گۆڕەپانە دەگونجێت. ڕاڤە و لێکدانەوەی ناڕاستەوخۆش لەو بڕوایەدایە، کە گۆڕەپانی قوربانی ئاژەڵی بەخشراو هێمایەکی ناڕاستەوخۆیە لەم ڕاستییە، کە خودا بەسەر بەشە ئاژەڵی بوونی خۆیدا زاڵ بووە[1].

---

[1] سەراوژێر بوونی وەچەیەك لەخواوەندەکان بەدەستی وەچەیەکی دیکەی خواوەندەکان، کە لەنێو گشت ئەفسانەکاندا (میتۆلۆژیاکاندا) باس دەکرێت بەدڵنیاییەوە ڕونکەرەوەی پرۆسەی مێژووی جێگرتنەوەی سیستەمە جۆراوجۆرەکانی ئایینە لەجێگای یەکدیکەدا. ئێستا لەوانەیە ئەم جێگرتنەوەیە دەرئەنجامی سەرکەوتنی گەلێکی بێگانە بێت، کە پێکهاتووە یان پاش پێشکەوتنێکی دەروون ناسانە هاتبێتە مەیدان: لەم بابەتەی دواییدا ئەفسانە (میتۆلۆژیا) بەشتێکیان چواندووە، کە "سیلبرر h.silberer" (١٩٠٩) زاراوەی "دیاردە دژکردەوەییەکان" ی بۆ داناوە. بەبۆچوونی "سی. جی. یونگ c.g.jung" ئەو خواوەندەی ئاژەڵ دەکوژێت ئاراستەیەکی ناڕاستەوخۆی شەهوانی و سێکسییە و لەڕاستیدا هەڵێنجاندنێکی شەهوانی و سێکسی (لیبیدۆ libido) ی لەبەرچاودایە و بەگشتی هەڵێنجاندنەکانمان تاکو ئێستا جیاوازی هەبووە لەم زاراوەیە، کە بۆ خۆی هەڵێنجاندنێکی دیکەی هەیە و لەڕوانگەی منەوە لەهەر ڕوویەکەوە جێگای لێ وردبوونەوەیە.

وێڕای ئەمانە هەڵەیە گەر باوەڕ بکەین، کە حەزی دوژمنکارانەی کوڕەکان کە بەشێکە لەگرێی باوك، سەبارەت بەو دەسەڵات و پلەی باوکە، کە سەرلەنوێ جێگیر بۆتەوە بەتەواوەتی کاڵ بووبێتەوە. بەپێچەوانەوە لەم قۆناخە دوو ڕەهەندییەی ژیانی نوێ ڕێکخستنی جێگرەوەکانی باوك واتە لەقۆناخی خواوەندەکان و قۆناخی پاشاکاندایە، کە ڕووبەڕووی توندترین دەرکەوتنی ناکۆکی سۆزداری پێشوو دەبینەوە کە باسکرا و ئەمە تایبەتمەندییەکی زەقی ئایینە.

فرێزر لەپەرتووکە مەزنەکەیدا بەناونیشانی سەرچڵی زێڕین ئەم تیۆرییە باس دەکات، کە یەکەمین پاشاکانی خێڵە "تینییەکان کەسانێکی دەرەکی بوون کە ڕۆڵی خودایان دەگێڕا و هەر بەم پلە و دەسەڵات و ناونیشانەوە لەڕێ و ڕەسمێکدا و لەجەژنێکی فەرمی ودیاریکراودا قوربانیان دەکردن. هەرساڵە و قوربانی کردنی (لەواتایەکی دیکەدا قوربانی کردنی خۆی) خودایەك. وا دیارە یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی ئایینی سامی. بێگومان ڕێ و ڕەسمی قوربانی کردنی مرۆڤ لەخاڵە جیاوازەکانی نیشتەجێ بوونی زەویدا ئەو بابەتەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە ئەم قوربانیانە وەك نوێنەری خودا قوربانی دەکران. ئەم ڕێ و ڕەسمە تاکو ڕادەیەك تا قۆناخە دوورەکانی دیکە بەهەندێك جیاوازی کەمەوە درێژەی کێشاوە. جیاوازییەکان بریتی بوون لەبوکەڵە یان داهۆڵێك لەباتی مرۆڤ.

بەداخەوە لێرەدا ناتوانین بەتێروتەسەلی وەك هەمان قوربانی ئاژەڵ باسی قوربانی کردنی خواوەندی مرۆڤ ئاسا بکەین. تیشکێکی سەرسووڕهێنەر لەڕابردوو دەدات و واتای شێوازە جۆراوجۆر و کۆنەکانی قوربانیمان بۆ ئاشکرا دەکات. ئەم قوربانییە بەچاکی بۆمان دەردەخات، کە

هەمیشە بابەتی کردەوەی قوربانی شتێك بووە، کە ئەو کەسەی ئێستا وەك خودا دەیپەرەستن کەسێك نەبووە جگە لەباوکیان. ئێستا دژواری پەیوەندی نێوان قوربانی ئاژەڵ و قوربانی مرۆیی بەئاسانی چارەسەر بووە. چونکە لەڕاستیدا قوربانی ئاژەڵی سەرەتایی ببووە جێگرەوەی قوربانی مرۆیی واتە بۆتە جێگرەوەی فەرمی کوشتنی باوك و کاتێك ئەم جێگرەوەیەی باوك بەشێوەی مرۆیی لێهات قوربانی ئاژەڵی توانی سەرلەنوێ بەشێوەی قوربانی مرۆیی لێبێت.

بەم جۆرە بوو، کە بیرەوەی یەکەمین کرداری مەزنی قوربانی هەروا بەجێگیری مایەوە و هیچ هەوڵێك نەیتوانی لەیادەکاندا بیسڕێتەوە و راست لەهەمان کاتدا خواستیان تەنانەت و بەلانی کەمەوە خۆیان هەڵاوێرن لە هۆ پێویستەکانی، خۆیان لەبەرامبەر دووپات کردنەوەی موبەموییدا دیت کە لەچوارچێوەی قوربانی خۆدایدا دیتیانەوە.

لێرەدا مەبەستم نییە، کە بڵێم هۆکاری وەرچەرخانی کام هزری ئایینی وەك بیانو هێنانەوەیەکی بەرە بەرە لێکدراوەتەوە بۆتە هۆی گەڕانەوەیەکی قوربانی لەم چەشنە. رابرتسۆن سمیت بۆ خۆی لەپەیوەندی نێوان قوربانی و ئەم رووداوە مەزنەی ژیانی سەرەتایی مرۆڤایەتی سەری دەرنەکردووە. سەرەڕای ئەمەش فێرمان دەکات، کە رێ و رەسمەکانی پەیوەندیدار بەم جەژنە یاد کردنەوەی مەرگی فلان خودایە لەنێو سامییەکاندا و لەڕاستیدا "سەرلەنوێ یادکردنەوەی کارەساتێکی میتۆلۆژیاییە" گریان و شیوەنی ئامادە بووان لەم رێ و رەسمەدا روویەکی ئاسایی پرسە و ماتەمینیەکی

نەبووە، بەڵکو وا دیارە، کە ترس لەتوڕەیی خواوەندەکان بۆتە هۆی ئامادە بوونیان و بەسەر هەموویاندا سەپاوە[1].

وادەزانم ئەم راڤە و لێکدانەوەیە دروست بێت و هەستیاری ماتەمباران لەم رێ و رەسم و جەژنانەدا هۆکاری راستەوخۆی هەمان بارودۆخ بێت، کە لە رستە پێشووەکاندا شیمان کردنەوە.

ئێستا دەبێت ئەم بابەتە وەکو راستییەك قبوڵ بکەین، کە تەنانەت بەدرێژایی وەرچەرخانی ئایینە سەرەتاییەکان دوو هۆکاری کاریگەر واتە قەت هەستی بەرپرسیاریەتی کوڕان و هەستی سەرکێشی کردنیان هەڵنەوەشاوەتەوە. ئەو هەوڵانەی کە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئایین ئەنجامدراوە و ئەو هەنگاوانەی کە بەمەبەستی ساچاندنی دوو هێزی دەروونی ناکۆك و دژبە یەك ئەنجام دراون، هێدی هێدی و لەوانەیە لەژێر کاریگەریەتی هاوبەش و دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە دابن، کە لەدۆخی شارستانیەتدا روویان داوە بەتەواوەتی لەنێو رووداو و کارەساتە مێژووییەکان و گۆڕانکاری ناوخۆییە دەروونییەکاندا پەرپووت بووبێت.

پێشتر و بەزۆری ئەم حەزەی کوڕەکان ئاشکرا بوو، کە دەیانەوێت جێگای خواوەندی باوك ئاسا بگرنەوە. بەدەرکەوتنی کشتوکاڵ گرنگی کوڕەکان

[1] ئایینی سامییەکان، لاپەڕەی ٤١٣- ٤١٢. ئەم پرسە و ماتەمینییە نیشاندەری هاوخەمی و کاریگەریەتی سۆزداری نەبووە بۆ کارەساتە خواوەندییەکان، بەڵکو رەهەندێکی ناچاری هەبووە و ئامادە بووان لەترسی توڕەیی هێزەکانی ئەودیو سروشتەوە هەڵدەستان بەئەنجام داینی. ئامانجی گەورەی ماتەم بارەکان ئەوە بووە، کە بەرپرسیاریەتی سەبارەت بەمەرگی خودا لەئەستۆی خۆیان بهاوێژن، هەروەك ئەوەی کە پێشتر سەبارەت بەقوربانی کردنی خواوەندە مرۆ ئاساکان ئاماژەمان پێدا، کە نموونەی سەربڕینی نۆبەن لەئەسینا یەك لەم چەشنە کردارانەیە و لەم سۆنگەیەوە بەشداری تێدا دەکەن.

لەنێو بنەماڵەی باوك سالاردا زۆرتر بوو. دیسانەوە حەزە لیبیدوییەکانیان (شەهوانییەکانیان) لەبەرامبەر مەحرەمەکاندا سەری هەڵدایەوە، بەڵام ئەم جارەیان بەشێوازی "هێماگەری SYMBOLIQUE" ی تێر دەبوو. بەو واتایە کە تۆوی خۆیان لەدڵی زەویدا (کە لەئەفسانەکاندا لەئاست دایکدایە ا.پ) دەچاند. لەم سەردەمەدایە کە خواوەندی وەك "ئاتیس ATTIS" [1]، "ئادۆنیس ADONIS" [2] و "تامۆتس TAMOUZ" [3]

سەریان هەڵدا، کە هەم خواوەندی رووەك بوون، هەم خواوەند گەلێکی جوان، کە خواوەندە مێیەکان عاشقیان دەبوون و سەرەڕای باوك لەگەڵ دایکی خۆیاندا پەیوەندی سێکسییان دەبەست. بەڵام هەستکردن بەتاوان ئەوەندە نەبوو، کە بتوانێت لەتوندییەکەی کەم بکاتەوە ئەم واتایە لەنێو میتۆلۆژیاکاندا (ئەفسانەکاندا) دیار و بەرچاوە، چونکە ئەو خواوەندە، کە لەگەڵ خواوەندە مێ و دایك ئاساکاندا خانەی عەشقیان دۆڕاندبوو یان

---

(1) خواوەندی رووەك بووە لەئاسیای بچووکدا. شوانێکی جوان بوو، کە لەمنداڵییەوە لەلێواری چۆمێکدا لەسەر رێگە دایان نابوو. خواوەندی زەوی دۆزییەوە و لەئەنجامدا بووە دڵبەری نەیهێشت زەواج بکات، ئەویش کە شێت ببوو، خۆی لەپیاوەتی خست (ا. پ).

(2) خواوەندی فینیقی بوو، خاوەنی روومەت (جوامێری) و سەرچاوەیەکی جوانی سەرسوڕهێنەر بوو، بەرازێك کوشتی. جوانییەکەی لەو ئاستەدا بوو، کە ئافرۆدیت خواوەندی جوانی حەشارگەی خواوەندەکانی بەجێهێشت و لەگەڵیدا رۆیشت بۆ راو خواوەندی خواوەندەکان لەبەر داوا و پاڕانەوەی ئافرۆدیت ئەوی کرد بە گوڵاڵە سوورە.

(3) خواوەندی سامییەکان، خودای دانەوێڵەیە لەمیزۆپۆتامیادا (لەنێوان دوو چەمدا) و لەڕاستیدا هەمان ئادۆنیسی یونانییەکانە.

پیاوەتیان لەدەست دەچوو یان بەتوڕەیی خواوەندی باوك ئاسا كە خۆی وەك ئاژەڵێك لێدەكرد دەكوژران. ئادۆنیس بەرازێك كوشتی، كە ئاژەڵی پیرۆزی ئافرۆدیت بوو، ئاتیس نیشانەی خواوەندی پاشەڵ پیس لەپیاوەتی كەوت. پرسە و ماتەمینی پاش مەرگی ئەو خواوەندانە و شادی و خۆشی سەر لەنوێی پاش ژیان لەو بەشە سەرەكیانەی بۆنەیە، كە تایبەتە بە خواوەندی (كوڕە) هەتاوێكی دیكە پێكدێنێت، كە لەڕوودا چارەنووسی دیاری كراوە و بەختەوەرییەكەشی مسۆگەر دەبێت[1].

---

[1] لەنەخۆشە دەروونییە كەم تەمەنەكاندا ترس لەخەساندن (لەپیاوەتی كەوتن) رۆڵێكی فرە فرە كاریگەری هەیە لەشێوازی هەڵسوكەوتیاندا بەرامبەر بەباوكەكانیاندا. بینینەكانی فێرنچی پیشانی داین، كە ئەو كوڕە منداڵە چلۆن تەوتەمەكەی لەئاژەڵێكدا دیتبوو كە خواستبووی جنگ لەكۆئەندامی زاوزێ بدات. كاتێك منداڵەكانمان باسی خەتەنە كردن (گون بڕین) دەبیستن لەزەینیاندا بەرامبەر بەخەساندنی وێنا دەكەن. هێشتا هاوشێوەی ئەم شێوازەی منداڵانم لەڕاستییەكانی دەروون ناسی كۆمەڵایەتیدا نەبینیوە، تا ئەو جێگایەی من ئاگام لێبێت. كرداری خەتەنە كردن كە لەنێو خێڵە سەرەتایی و كۆنەكاندا فرە باو بووە و لەڕاستیدا بەشێكە لەبۆنەكانی پێگەیین. هەڵبەت لەم تەمەنەدا تاكو رادەیەك پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە و لەقۆناخەكانی دیكەی وەرچەرخاندا ئەم كردارە دابەزی بۆ تەمەنی خوارەوە. بەگشتی خاڵی سەرسوڕهێنەر لەم بوارەدا ئەوەیە كە خەڵكانی سەرەتایی هاوكات لەگەڵ خەتەنە كردندا قژە سەریان دەتاشی یان ددانەكانیان هەڵدەكێشا و هەندێك جاریش ئەم دوو كارەیان لەباتی خەتەنە كردن ئەنجامدەدا منداڵانی ئێمە هیچ لەمە نازانن، بەڵام لەكاتی سەرتاشین و ددان هەڵكێشاندا ئەوەندە دەپەشۆكێن، كە وەك بڵێیت ئەو دوو كارە بە بەرامبەر دەزانن لەگەڵ خەتەنە كردندا.

کاتێك مەسیحیەت چووە نێو جیهانی کۆنەوە لەگەڵ ئایینی میترادا [(١)] ڕووبەڕووی ململانێ بوویەوە و تاکو ماوەیەکیش دیار نەبوو سەرکەوتن هی کامیان دەبێت.

(١) "مێهر" یان "میترا" یەکێکە لەمەزنترین خواوەندەکانی میتۆلۆژیای "ئێرانی مەزدایی"، کە سەبارەت بەریشەی ئەم ئایینە شارەزاییەکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە. لەوانەیە لە"میترا" ی "ودایی"یەوە سەرچاوەی گرتبێت. خواوەندی ڕووناکی و خوڵقاندن، خواوەندی ڕاستی و دڵپاکی و پەیمانەکان ڕێکخەری بێ مەبەستی کردار و هەڵسوکەوتی مرۆییە. "ئەهورا مەزدا" لە "ئاڤێستا" دا سەبارەت بەمیترا ئاوا دەڵێت: "کاتێك ئەوم خوڵقاند ئەوەندە شیاوی ستایش کردنم خوڵقاند کە وەك خۆم بێت".

میترا لەمیزۆپۆتامیادا جێگیر ببوو. وەك خواوەندی پشتیوانی پاشاکانی "هەخامەنشی" و دەسەڵاتدارانی ژێر دەستیانی لێهات. دانیشتوانی ئاسیا بەرەبەرە و بەتێپەڕ بوونی کات ڕێبازەکەیان قبوڵ کرد. ئەو ئایینەی کە بەزۆری لەگەڵ ڕێبازی خواوەندەکانی خۆری یۆنان و ئاسیادا تێکەڵ ببوو. ناوی پاشاکانی بنەماڵەی "مێهرداد" لەناوی ئەم خواوەندەوە وەرگیراوە. یۆنانییەکان بەدژی ئەم ڕێبازە بوون، بەڵام نەهێنی و شێعرە ئایینییەکانی لەلایەن سەربازەکانی ڕۆماوە لەکاتی "پۆمپە" دا لەرۆژئاوا بڵاو بوویەوە، کە دزە دەریاییەکانی سیسیلیاییان سەرکوت کردبوو. ئەم ڕێبازە لەهەموو جوگرافیای ڕۆما و بەتایبەتی لەکەنارەکانی ڕووباری "دانوب" و "ڕۆن" تانێو دڵی "بێرتانی" بڵاو بووە و بەتوندی کەوتە ململانێی مەسیحییەت کە تازە خەریك بوو پەلی دەهاوێشت.

شێعر و نهێنییەکانی میهر پەرستی پاش ئەوەی کە ڕەنگ و بۆنی یۆنانی و ڕۆمایی لەخۆ گرتبوو لەئەشکەوتەکاندا بەڕێوە دەچوو. بەسەدان ئەشکەوتی لەم جۆرەیان لە"ئوستی" ئیتالیادا دیتووە کە بەئاسەوار و نیشانەکانی مێهر پەرستی ڕازێنراوەتەوە. لەنێو ئاسەوارەکاندا دەتوانین ئاماژە بەتابلۆیەکی بەرجەستەکراوی میترا بدەین کە خەریکی قوربانی کردنی نۆبەنێکە. میترا تاجێکی پاشایی لەسەردایە و لەدەوروبەریدا کانیەکی ئاوی پیرۆز و مێحرابێکی ئاگر دەبینرێت. بنەماکانی میهر پەرستی ئەمانەن، دەبێت مرۆڤ لەم جیهانەدا زەحمەت و ئازار بکێشێت و لەتاقیکردنەوە گەلێکی ترسناك سەربەرز نەجاتی بێت تاکو بەپشتیوانی میترا لەپەلامار و شاڵاوەکانی ئەهریمن پارێزراو بێت و لەدوارۆژدا بگات بەپاداشی ئەم دونیا و ئەو دونیاش.

بەگوێرەی ئەم ڕێبازە ئەرکەکانی مرۆڤ لەم دونیایەدا ئەوەیە، کە زەحمەت و ئازار بەخۆ بدات، خۆ پاککردنەوە و خاوێن هێشتنەوە و بەتایبەتی پاڕانەوە و شێعر وتنەوەیە. لەو داب و نەریت و بۆنە ئایینییەکاندا دەتوانین خۆ شۆردنی ئایینی، پاککردنەوە بەهەنگوین و ڕێ و ڕەسمی خواردنی قوربانی ناوببەین، کە بریتیە لەئاو و نان و شەراب. هەڵبەت ئاسەوارێك لەقوربانی کردنی مرۆڤ بەشێوازی ئایینە سەرەتاییەکانی تێدا دەبینرێت. لەئایینی مێهر پەرستی پەیکەر گەلێکی فرە لەبەر دەستدان، کە ناسراوترینیان هەمان پەیکەرە، کە میترا لەکاتی قوربانی کردنی نۆبەندا نیشان دەدات. وێنەیەك لەم پەیکەرە لەساڵی ١٨٣٠ دا لەژێر بینای کلێسای کۆنی "سنت مارسل" لەپاریسدا دۆزرایەوە و ئێستا لەمۆزەخانەی "لوور" ی پاریس دەپارێزرێت. (ا. پ).

وێڕای ئەوەی کە خواوەندی ئێرانی سەرچاوێکی لێوانلێوی لەتیشك و رووناکی هەیە، بەڵام هێشتا بەڕوونی لێی تێنەگەیشتووین. ئەو ئەفسانانەی کە میترا لەکاتی کوشتنی نۆبەندا راڤەی دەکەن، لەوانەیە ئەو مافەمان بدەنێ کە هەڵێنجاندنێکی مەمجۆرە بکەین. چونکە میترا تەنها بۆ خۆی باوکی کردۆتە قوربانی براکانی دیکەی رزگار کردووە لەهەستکردن بەو تاوانەی کە پاش مەرگی باوك توشیان دەبوو. هەڵبەت رێگایەکی دیکەش بۆ سڕینەوەی هەست کردن بەو تاوانە هەبووە، ئەویش ئەو رێگایە بوو، کە مەسیح بۆ یەکەم جار گرتیە بەر ئەویش رێگای قوربانی کردنی خۆی بوو تاکو بەم هۆیەوە هەموو براکان لەبار و بەرپرسیاریەتی بەتاوانی سەرەکی رزگار بکات.

باوەڕ کردن بەتاوانی سەرەکی لەفەلسەفەی "ئۆرفە orphef"[1] وەسەرچاوە دەگرێت وپاشان نهێنییە پارێزراوەکانی لەنێوان رێبازە فەلسەفییەکانی یۆنانی کۆندا بڵاو بۆتەوە[2]. بەگوێرەی ئەم فەلەسەفەیە مرۆڤ لەوەچەی "تیتان titans"[3] ەکانە، کە "دیو نیزۆس زاگرۆس[4] (dyonisos zasrevs) ی لاویان پێش کوشتن ئەنجن ئەنجن کردووە. بەرپرسیاریەتی ئەم تاوانە قورساییەك بوو لەسەر شانیان. لەپارچەیەکی "ئاناکسیماندر anaximandre"[5] دا ئەمە دەخوێنینەوە کە لێك پچڕانی

---

[1] کەسایەتییەکی میتۆلۆژیای یۆنانی کۆنە، فەلسەفەیەکیان داوەتە پاڵ کە بنەماکانی بۆ سووکایەتی کردنە بەژیانی ئەم دونیایە و سەرنجدان بۆ ژیانی داهاتووە. لەهەمان کاتدا رێ و رەسمێکیان هەبووە بەناوی نهێنییەکان دەناسرێت بەشێوەی نەمایش کردنی چەمکی ئایینی وەك دۆزەخ و بەهەشت و... هتد یان بەشێوەی کۆبوونەوەی نهێنی بۆ خواردنی گۆشتی مانگا و شتی لەم جۆرە ئەنجام دەدرا.

[2] رایناخ، پەرستنەکان، ئەفسانە (میتۆلۆژیا) و ئایین، بەرگی دووەم، لاپەڕەی ٧٥ و ...

[3] بەگوێرەی میتۆلۆژیای یۆنانی تیتانەکان titans کوڕی خواوەندەکانن، کە بەدژی خواوەندەکان راپەڕیون. چیاکانیان خستە سەریەك تاکو بڕۆن بۆ ئاسمانەکان، بەڵام "زیوس" خواوەندی خواوەندەکان ئەوانی دایە بەر هەورە بروسکە. (ا. پ)

[4] خواوەندی رەز.

[5] فەیلەسوف ئیونی سەدەی شەشەمی پێش زایین بڕوا بەدێوێکی زەبەلاحی تێدا نەبڕاو بی سەر و بن بوو. (ا.پ)

یەکێتی جیهان دەرئەنجامی ئەو تاوانەیە کە لەقۆناخە سەرەتاییەکاندا تووشی هاتوون. (تاوانی سەرەکی) دەبێت ئەو دەرئەنجامەی کە لێی هاتە مەیدان و بار و بەرپرسیاریەتی چەرمەسەرییەکانی ئەوەی کە تووشی بوون لەئەستۆ بگرن [١]. راستە کرداری پاڵەوانیەتی تیتانەکان بەهۆی کوشتن و ئەنجن ئەنجن کردنی دیونیزۆسی لاو و راشکاوانە بیرهێنەرەوەی کرداری مرۆڤە سەرەتاییەکانە. بەگوێرەی راپۆرتەکەی "نیلوسی" پیرۆز سەبارەت بەئاژەڵی قوربانی و هەروەها زۆربەی میتۆلۆژیاکانی رۆژگاری کۆن وەك مەرگی ئۆرفە [٢] بۆ خۆی بیرهێنەرەوەی کرداری مرۆڤە سەرەتاییەکانن، وێڕای ئەمانە نابێت لەیاد بکەین دیونیزۆس ئەو خواوەندە لاوە بوو، کە بووە قوربانی کردارە قارەمانانە و مرۆڤ کوژانەی تیتانەکان. لەمیتۆلۆژیا مەسیحیەکاندا، بێ ئەملا و ئەولا تاوانی سەرەکی لەو بێ رێزییەوە دێت کە بەرامبەر بەخودا واتە باوك ئەنجامدراوە. بەڵێ کاتێك مەسیح بەپێشکەشکردنی گیانی خۆی مرۆڤەکانی لەژێر زەختی تاوانی سەرەکی رزگار کرد ئەو مافە بەخۆمان دەدەین، کە هەڵێنجاندنێکی لەم جۆرە بکەین، کە ئەم تاوانە تاوانێك بووە کە لەمرۆڤ کوشتنەوە پێکهاتووە.

بەگوێرەی یاسای "تالیۆن talion"[٣] کە بەقوڵی رەگی لەنێو رۆحی مرۆڤەکاندا داکوتیوە، وابڕیار دەدات کە کەفارەی کوشتنی مرۆڤێك تەنها بەقوربانی کردنی مرۆڤێکی دیکە بەئەنجام دەگات. کەواتە پێشکەش کردنی گیانی خۆی بەواتای کەفارە داینە بۆ کرداری کوشتنی رۆح. لەوێڕا کە پێشکەش کردنی گیانی خۆی دەبێتە هۆی ئاشتبوونەوە لەگەڵ خودا، کە

(١) بەشێك لەتاوانی سەرەکی پێش بنیات هاتنی نەتەو و خێڵ (رایناخ هەمان پەرتووك، لاپەڕەی ٧٦- ساڵی ١٩٩٥).

(٢) لەگێڕانەوەیەکدا بەدەستی دوژمنەکانی پارچە پارچەکراوە و گێڕانەوەیەکی دیکە دەڵێت بەدەست خواوەندەکانەوە کەوتۆتە بە هەورە بریسکە (ا.پ)

(٣) دەبێت سزا داین لەهەمان جۆری ئەو تاوانە بێت کە ئەنجام دراوە.

هەر هەمان باوکە. کەواتە ئەو تاوانەی کە دەبێت کەفارەکەی بدات هیچ نییە جگە لەکوشتنی باوك.

کەواتە مرۆڤایەتی بەڕاشکاوانە لەئایینی مەسیحییەتدا دان بەتاوانەکەی خۆیدا دەنێت، کە هەمان کرداری تاوانبارانەی سەرەکی و سەرەتاییە، چونکە تەنها بەقوربانی کردنی ئەم کوڕە (حەزرەتی مەسیح ا. پ) وەك کەفارەیەکی کاریگەر شایانی قەرەبوو کردنەوەی دەزانن.

کاتێك ئاشتبوونەوە لەگەڵ باوکدا تەواو و پڕاوپڕ دەبێت، کە واز لەژنان بێنیت، چونکە لەبنەڕەتدا بۆتە هۆی سەرکێشیکردن لەباوك، بەڵام لێرەدا بۆ جارێکی دیکە رووبەڕووی یاسای ناچاری و زۆرەملێی دەروون ناسانە واتە هەستە ناکۆکەکان دەبینەوە.لەهەمان کاتدا کوڕ گەورەترین کەفارەیەك کە وێنای دەکات پێشکەشی باوکی خۆی دەکات. لەهەمانکاتدا حەز و ئاواتەکانی خۆی بەدژی باوك پێکدەهێنێت، چونکە خۆیشی لەپاڵ باوکدا و لەواتایەکی باشتردا لەباتی باوك دەگاتە پلەی خواوەندی و ڕێبازی کوڕ دەبێتە جێگری ڕێبازی باوك[1]. بۆ راگەیاندنی ئەم جێگرتنەوەیە ئەو خواردنە[2] کۆنە تەوتەمیە زیندوو دەکەنەوە و لەواتایەکی دیکەدا رێ و رەسمی خواردنی قوربانی بنیات دەنێت و براکان ئامادەی دەبن لەگۆشت و خوێنی کوڕ، نەك ئیدی باوك دەچێژن تاکو خۆیان خاوێن بکەنەوە وا لەگەڵ باوکدا بن

[1] خواردنی نان و شەرابی پیرۆز و نان کە لەمەسیحییەتدا گۆشت و شەراب بەهەمان خوێنی مەسیح لێکدراوەتەوە (ا. پ).

[2] "خودای خوری" لاپەڕەی ٥١. ئەو کەسەی هەندێك شارەزای بابەتەکانی ئەو پەرتووکە بێت یان نووسراوی لەم شێوەیە بێت، قەت پەیوەندی خواردنی قوربانی مەسیحییەت لەگەڵ خواردنە تەوتەمییەکانی چاخە کۆنەکان، کە وەك بۆچوونی ئەم نووسەرە بۆ خۆیەتی و لەم پەرتووکەدا هاتووە قبوڵ ناکات".

بەیەك، كەواتە بە بەدواداچوونی ئەم بابەتە لەقۆناخە جیاوازەكانی مێژوودا بەئاگا دێین، كە خواردنی تەوتەم و قوربانی كردنی ئاژەڵ و قوربانی كردنی مرۆڤ وەكو هێمای خواوەندی و لەئاكامدا خواردنی گۆشت و خوێنی مەسیح و هەموو ئەمانە لەبنەڕەتدا روونكەرەوەی ئەو واتایەیە، كە بەواتای دەنگدانەوە و رەنگدانەوەی تاوانێكە، كە لەكۆنترین چاخەكانەوە قورسایی بەسەرشانی مرۆڤایەتیەوە دەكات و دەبێت بەم جۆرە وەسفكردنە ئەو پەڕی شانازی پێوە بكەن.

بەڵام لەبنەڕەتدا و لەمەسیحیەتدا خواردنی قوربانی هیچ نییە جگە لە سەرلەنوێ سڕینەوەی باوك، سڕینەوەیەك، كەوەك دووپات كردنەوەی تاوانی پێشوو پێویستی بەكفارە دایین نییە. ئێستا تێدەگەین كە فرێزر چەندی راست دەگوت كە: "لەڕاستیدا رێ و رەسمی خواردنی قوربانی لەمەسیحییەتدا هاوشێوەی ئەو رێ و رەسمەیە، بەڵام فرە فرە كۆنتر لەخۆی لەنێو خۆیدا دەتواندەوە دەیخستنە ناو خۆیەوە".

## بەشی حەوتەم:

بێگومان کردارێکی وەك کرداری کوشتنی باوك بە بەشداری کردنی هەموو براکان ئاسەوارێکی نەسڕاوە لەمێژوودا لەخۆی بەجێدەهێڵێت. ئەوەندە خۆی لەبەرگی جۆراوجۆردا دەگۆڕێت، کە راستەوخۆ یادکردنەوەی ئاستەم دێتە بەرچاو. چاو دەپۆشین لەبەدواداچوونی رەوتی بڕینی ئەو ئاسەوارانە لەنێو میتۆلۆژیاکاندا و هەر چۆنێك بێت دەتوانین ئەوانە بەئاسانی ببینینەوە و گوێ لەئامۆژگارییەکەی رایناخ رادەدێرین، کە لەلێکۆڵینەوە جوانەکەیدا سەبارەت بەمەرگی ئۆرفە ئەنجامی داوە، دەرگای هەرێمێکی دیکەی لێ ئاوەلا کردووین.

لەهونەری یۆنانی دا بارودۆخێك هەیە کە خاڵی هاوبەش و جیاوازی زەقی لەگەڵ رووداوی خواردنی تەوتەمدا هەیە و رابرتسۆن سمیت لەپەرتووکەکەیدا شیکردۆتەوە. مەبەستم هەمان بارودۆخە کە لەکۆنترین شێوەی تراژیدیای یۆنانیدا دەبینرێت. کۆمەڵێك خەڵك تێکڕا بەیەك ناو بانگ دەکرێن، بەیەك بەرگ داپۆشراون بەدەوروبەری پیاوێکی تەنهادا کۆ دەبنەوە گرێدراوی یەکە یەکەی وشە و جوڵەکانین. ئەمانە گروپی گۆرانی بێژن و بەدەوری کەسێکدا کۆدەبنەوە کە رۆڵی قارەمانی لەئەستۆدایە. لەسەرەتادا ئەم تەنها ئەو کەسە بوو کە دەیتوانی رۆڵی قارەمان بگێڕێت، بەڵام پاشان دووەمین و سێیەمین رۆڵگێڕ دێنە ناو تراژیدیاکە تاکو ببنە هاورۆڵی قارەمانی سەرەکی یان نیشاندەری فلان تایبەتمەندی

لەتایبەتمەندییە زەقەکانی ئەو بن. بەڵام تایبەتمەندی قارەمان و پەیوەندی لەگەڵ گروپی گۆرانیدا گۆڕانی بەسەردا نەهات.

دەبوایە قارەمانی تراژیدیا رەنج و ئازار بکێشێت هێشتاش گرنگترین تایبەتمەندی تراژیدیایە. پاڵەوان بەرپرسە لە بەئەنجام گەیاندنی "هەڵەی کارەساتبار (تراژیك)" ئەو هەڵەیە کە هەمیشە هۆکانی روون نین و بەزۆری لێکچوونێك لەنێوان ئەم هەڵە و ئەو هەڵانەدا کە لەژیانی رۆژانەدا تووشیان دەبین لەئارادا نییە. زۆربەی کات بریتی بوو لەسەرکێشی کردنی پاڵەوان لەبەرامبەر ئەمری بەرپرسێکی ئاسمانی یان مرۆیی و گروپی گۆرانی بێژ هەوڵیان دەدا بەدەربڕینی هەستەکانیان کە تێکەڵەیەك بوو لەهاوخەمییان یارمەتی پاڵەوان بدەن و هاوڕێ بن لەگەڵ هەستەکانیدا یان بیگەڕێننەوە لەئەنجامداپینی هەڵە و ئاگاداری بکەنەوە، کە بە بەزەیی بێت و کاتێك پاش بە ئەنجام گەیاندنی پلانە بوێرانەکەی سزایەکی شیاوی بۆ دادەنرێت دڵیان بۆی دەسووتێت.

بەڵام دەبێت لەو خاڵە شارەزا بین، کە چما دەبێت پاڵەوانی تراژیدیا ئازار بکێشێت و "هەڵەی کارەساتبار"ی ئەو بە چ واتایەکە؟ دەبێت ئازار بکێشێت، چونکە هەمان باوکی سەرەتاییە، هەمان پاڵەوانی تراژیدیا مەزنە سەرەتاییەکەیە، کە باسمان کرد و لێرەدا وەك ئەمایش نامەیەکی بەئەنقەستی لێهاتووە[1].

---

[1] سەیری تۆفانی شکسپیەر بکە بەشی یەکەم: ئارییل ئاوا گۆرانی دەڵێت "باوکت لەژێر پێنج مەتر ئاودا خەوتووە، بەئێسکەکانی مەرجانیان دروست کردووە، چاوەکانیان کردۆتە شێوەی مرواری – هیچ شتێکی تێیا نەچووە – بەڵام دەریا هەموو شتێکی گۆڕیوە – و شتێکی زەنگین و سەرسوڕهێنەری لێ خوڵقاندووە".

بەڵام وەڵامی خێرای من بۆ هەڵەی کارەساتبار: ئەمە هەر هەمان هەڵەیە کە دەبێت باوک لەئەستۆی بگرێت تاکو گروپی گۆرانی بێژەکان لەتاوانی خۆی رزگار کات ئەوانەی لەو مەیدانەدا روو دەدەن نوێنەری "لادانێکی روکەشانە" ی دو رووکارانە و وردبینانەی راستی رووداوە مێژووییەکانە. چونکە لەهەموو راستییە مێژووییەکاندا ئەوە ئەندامی گروپی گۆرانی بوون کە دەبوونە هۆی ئازار دایینی پاڵەوان، بەڵام ئێستا لێرەدا بەپێچەوانەوە ئەمان نرکە نرکە و ئاە ئاە و ناڵە ناڵیانە و لەگەڵ پاڵەواندا هاوخەمن بەجۆرێك، کە وەك بڵێیت پاڵەوان بۆ خۆی بۆتە هۆی گشت ئەو ئازارانە. ئەو تاوانەی کە دەیدەنە پاڵی واتە بێ رێزی و سەرکێشی بەدژی یەکێك لەکەسایەتیە مەزن و چاکەکان پڕاوپڕ لەهەمان تاوان دەچێت کە لەجیهانی راستیدا ئاراستەی خودی ئەندامانی گروپی گۆرانی یان گروپی برایان دەکرێت، کەواتە وێڕای حەز و ویستی پاڵەوان بۆ بەرپرسیاریەتی لەرزگار کردنی گروپی گۆرانی پلەکەی بەرز دەبێتەوە.

لەتراژیدیا کۆنەکانی یۆناندا ناسراوترین ناوەڕۆکی نمایشنامە هەر هەمان ئازار لەگەڕدابوونی بەڵای خواوەندەکانە. خواوەندی لاو "دیونیزۆس dyonisos" و ئاە و ناڵە و گریان و شیوەن و بەڵاگێڕییەکانی دیکە واتە ئەندامانی گروپی گۆرانی بوون کە بەو ئاواتەوە بوون وەك ئەویان لێبێت و پەیڕەوی لێ بکەن. لەڕاستیدا ئیدی لەچاخەکانی ناویندا دەنگی نمایشنامە تراژیدییەکانی چاخە کۆنەکانی یۆنان نەمابوو جارێکی دیکە باس لەچیرۆکی تراژیدیای ئازارەکانی مەسیح بیرەوەری نمایشنامەکانی پێشووی زیندوو کردەوە و شیکردنەوەی ئازارەکانی مەسیح بوو بەیەکێك لەباوترین ناواختی نمایشنامەکان.

کەواتە دەتوانم لێکۆڵینەوە خێراکەی سەرەوە لێرەدا تەواو بکەم و بەم جۆرە کورتی بکەمەوە. لەڕاستیدا گرێی ئۆدیپ چاوگەی دەرکەوتنی سەرەکی ئایین، مۆراڵ (ئاکار)، کۆمەڵگا و هونەرە و هەروەها کاکڵەی ناوەندی گشت ئەو نەخۆشییە سوکە دەروونیانەیە، کە تا ئێستا توانیومانە لەناواخنەکەیان سەر دەربکەین.

ئایا سەرسوڕهێنەر نییە، کە بتوانین تەنانەت ئەم بابەتانەی پەیوەندیدارە بەژیانی گەلانەوە بەپاڵپشتی کردن بەپاڵپشتییەکی زەق و بەرچاو کە هەمان بابەتی هەڵسوکەوتی کوڕان بەرامبەر بەباوکیانە، چارەسەر بکەین؟ ئەگەری ئەوە هەیە بتوانین کێشەکانی دیکەی دەروون ناسی هەر بەگوێرەی ئەم بنەمایە لێکبدەینەوە و راڤەی بۆ بکەین. بەزۆری ئەو دەرفەتەمان بەدەست هێناوە، کە بیسەلمێنین ناکۆکی سۆزداری — لەواتای تایبەتی خودی ووشەکەدا — واتە هەستێکی تێکەڵاوە لەعەشق و رق بەرامبەر بەشتێك یان کەسێك و لەڕاستیدا سەرچاوە و کاکڵەی ناوەندی زۆربەی دەزگا گرنگە کولتوورییەکانە. هیچ زانیارییەکمان لەریشەی ناکۆکیەکی لەو جۆرەمان نییە. بەڵام دەتوانین ئەوە مەزندە بکەین کە بنەمای ژیانی سۆزداری ئێمە لەسەر ئەم دیاردە سەرەکییە چەقیبەستووە. بەڵام دیسان دەتوانین گومان لەم ناکۆکییە بکەین کە لەسەرەتادا بەشێکی ژیانی سۆزداری ئێمە نەبووە، بەڵام لەژێر سایەی گرێی باوکدا، کە هێشتا

بەگوێرەی بینینەکانی دەروون شیکاری لەسەردەمی ئێمەدا بەگرنگترین دەرکەوتی سۆزداری ناوبراو دەزانرێت، مرۆڤایەتی بەدەستی هێناوە[1].

پێش ئەوەی کۆتایی بەباسەکەم بێنم حەز دەکەم خوێنەران ئاگادار بکەمەوە وێڕای دەرئەنجامی بەراورد و ڕێکخستنی و هاوئاهەنگی و گونجاو بوونی لێکۆڵینەوەکانم، کە تێکڕا دەچنەوە سەریەك خاڵی هاوبەش و قەت لەم بابەتەش خافڵ نییم کە لەنێو دڵی تیۆری و مەزەندەکانمدایە و هێشتا چەندها گومان و دوودڵی ماونەتەوە و زانیارییەکانمان ڕووبەڕووی چ بەربەست و گرفتێك دەبنەوە، من لەخوارەوە ئاماژە بەدوو دانە لەم گوتارانە دەکەم، کە لەوانەیە هەر هەمان بابەت بن کە هاتبێت بەزەینی خوێنەردا.

یەکەم، گشتمان ئەوە دەزانین کە بۆچوونەکانی ئێمە لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە، کە ڕۆحێکی کۆمەڵایەتی یان بەکۆمەڵ هەیە کە ڕێك گۆڕەپانی ڕووداون کە لەڕۆحی تاکدایە. بەزۆری لەو بڕوایەدام کە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی (هەستکردن بەتاوان ا. پ) هەزاران ساڵە درێژەی کێشاوە

---

[1] بۆ دوورکەوتنەوە لەهەر جۆرە هەڵە تێگەیشتنێك لەجێی خۆیدایە جەخت لەم بابەتە بکەینەوە، کە لەهەمانکاتدا دەمانەوێت پەیوەندی لەنێوان دیاردە جیاوازەکاندا پێکبێنین. قەت لەئاڵۆزی و نادیار بوونی بابەتەکان خافڵ نیین و بەتەواوەتی ئاگاداری گرنگی هەڵێنجاندنەکانی خۆمم، بەڵام تەنها نیازم ئەوە نییە لەسۆنگەی هۆ دیارەکانەوە یان هێشتا نادیارەوە بەئایین، مۆراڵ، کۆمەڵگا هۆکارێکی دیکە زیاد بکەم، کە بەڕێگای دەروون شیکارییەوە بەدەستم هێناوە کاری تێکەڵ کردن و یەکخستنی ئەم هۆ و هۆکارانە بەکەسانێکی دیکەی دەسپێرم تاکو ڕاڤەیەکی یەکپارچە لەگشت ئەم دیاردە مرۆییانە بخەنە بەردەست، بەڵام ناواخنی ئەو هۆکارە نوێیەی کە من پێشنیازی دەکەم لەو ئاستەدایە کە لەداهاتوودا جگە لەڕۆڵی سەرەکی هیچ ڕۆڵێکی دیکەی بۆ ناگێڕێت و لەکاتێکدا دەتوانین ڕۆڵێکی لەم چەشنەی پێ بسپێرین، کە دەبێت پێشتر لەمپەر و بەرگرییە توندە سۆزدارییەکانمان لەسەر ڕێگامان وەلا نابێت.

لەوەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە گوێزراوەتەوە و لەتاوانێکی ئەوەندە کۆنەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بێگومان مرۆڤ ناتوانێت هیچ جۆرە بیرەوەریەکی لەوە لەیاددا مابێتەوە یان بیرەوەرییەکی لێ پاراستبێت. لەو بڕوایەدابن پرۆسەیەکی processus سۆزداری تەنها لەنێو ئەو کوڕانەدا پێگەییوە کە ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتی خراپی باوك بووبنەوە و هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە لەوەچە نوێکانی دیکەدا بەهۆی لەناوچوونی باوك ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتێکی خراپ یان زوڵمێکی لەو چەشنە نەبوونەتەوە بۆیە هەڵسوکەوت و زوڵمی یەکەمیان لەیاد دا هێشتۆتەوە. ئەمانە تیۆری گەلێکن کە ئەگەری ئەوە هەیە ڕووبەڕووی کەموکوڕییەکی توند ببنەوە. ئێمەش بۆ دڵنیابوون ئەو ڕاڤە و لێکدانەوانە قبوڵ دەکەین کە پاڵپشتیان ئەم چەشنە تیۆریانە نەبێت.

بەڵام کاتێك لەنزیکەوە سەیری بابەتەکە دەکەین خوێنەر لەوە بەئاگا دێت کە تەنها ئەوە ئێمە نین لەئازایەتیەکی بەم جۆرە بەرپرسیار دەبین. بەبێ تیۆریەك سەبارەت بەبوونی ڕۆحێکی بەکۆمەڵ و درێژەدان بەژیانی دەروونی مرۆڤ، کە لەئەنجامی لێك هەڵتەوەشانی (پچڕ پچڕ نەبوونی) کردارە دەروونییەکان و ئەویش کە لەئەنجامی مەرگی ئەم و ئەوەیە و دەروون ناسی بەکۆمەڵ (کۆمەڵایەتی)، دەروون ناسی گەلان نەیدەتوانی هەبوونێکی دەرەکی هەبێت. ئەگەر پرۆسە دەروونییەکان لەوەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە نەگوێزرابێتەوە و لەوەچەی نوێدا درێژەی پێ نەدرابێت ئەوکات هەر وەچەیەك ناچار دەبوو سەرلەنوێ ئەزموون و وانەی وەچەکانی ڕابردوو فێر ببن و لەئەنجامدا وەچەکانی مرۆڤایەتی هەر لەشوێنی خۆیان دەسووڕانەوە و پێشکەوتن و گەشە کردن واتایەکی نەدەبوو. دەتوانین لەم

بوارەدا ئەم دوو پرسیارە بخەینە ڕوو. تا چ ڕادەیەك دەتوانین بابەتی درێژەدان بەپرۆسە دەروونییەکان لەنێو ژیانی وەچە یەك لەدوای یەکەکاندا لەبەرچاو بگرین؟ وەچەکانی مرۆڤایەتی بە چ ئامرازێك دەتوانن ڕەوشی دەروونی خۆیان بۆ وەچەکانی پاش خۆیان بگوێزنەوە؟ هێشتا بەگوێرەی پێویست وەڵامی ئەم دوو پرسیارە نەدراوەتەوە. گواستنەوەی ڕاستەوخۆ بەڕێگای نەریتەوە مەرجی ئەوەندە پێویستی تێدا نییە، هەر چەند ئەگەری ئەوە هەیە لەسەرەتادا بەزەینی هەندێکدا بێت. بەگشتی دەروون ناسی بەکۆمەڵ (کۆمەڵایەتی) ئەوەندە گرنگی بەم بابەتە نادات، کە درێژەدان بەژیانی دەروونی لەنێو وەچە یەك بەدوای یەکەکاندا لەچ ڕێگایەکەوە پێکدێت. تاڕادەیەك ئەو درێژە کێشانە لەڕێگای بۆماوەی تواناکان و تایبەتمەندییە دەروونییەکانەوە دابین دەکرێت هەڵبەت تازە بەتازە پاش گواستنەوە پێویستی بەهاندان و نیاز دەبێت لەژیانی تاکدا تاکو بتوانێت کاریگەر بێت. لێکدانەوەی ئەم گوتەیەی "گۆتە"[1] ی شاعیریش هەر بەم جۆرەیە. "ئەوەی لەباوکانت بۆت ماوەتەوە، هەوڵ بدە بیکەیتەماڵی خۆت".

کێشەکەی ئێمە زۆر دژوارتر دەبێت ئەگەر قبوڵمان بێت، کە هەندێك لەڕاستییە دەروونییەکان لەبەر هەندێك هۆکار سەرکوت دەکرێن و لەئەنجامدا بەبێ ئەوەی ئاسەوارێك لەخۆیان بەجێبهێڵن دەسڕێتەوە. بەڵام ڕاستییەکی لەم جۆرە بوونێکی دەرەکی نییە، چونکە سەرکوت کردن هەر چەندیش بەهێز بێت دیسان ناتوانێت فلان ئاراستەی دەروونی یان حەز و ئاواتەکان لەو ڕادەیەدا لەناو ببات کە بەجۆرێك لەجۆرەکان ئاسەوارێك (جێگرەوەیەك) پاش خۆی بەجێ نەهێڵێت، کە بتوانێت پێش

---

[1] گۆتە. نمایشنامەی فاوست faust. بەشی یەکەم، پەردەی یەکەم.

بەگواستنەوەی بگرێت بۆ وەچەیەکی دیکە. بەتایبەتی دەروون شیکاری نیشانمان دەدات، کە مرۆڤ لەتێکۆشانی دەروونی نەستدا دەزگایەکی هەیە کە ئەو توانستە بەمرۆڤ دەدات تا دژکردەوەی هاوڕەگەزەکانی راڤە بکات و لێکبداتەوە و ئەو پێچ و پەنایانەی ئەوان بەسەر دەرکەوتە سۆزدارییەکەیاندا هێناوە راست بکاتەوە یان چاکسازییان بۆ بکات. لەژێر رۆشنایی ئەم تێگەیشتنانەی نەستدا داب و نەریت و رێ و رەسم و پاشماوەی یاساکان لەهەڵسوکەوتی کۆندا بەدەست باوك بووە، کە وەچەکانی دیکە توانییان بۆماوەی پێشینیانی خۆیان بکەنە ماڵی خۆیان.

هەڵەیەکی دیکە لەئارادایە کە بۆخۆی دەرئەنجامی شێوازی دەروون شیکارییە. گوتمان یەکەمین یاسا و یاساخکاری مۆراڵی باو لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا هۆکاری ئەو کردارە بوو کە تووشبوان لەچەمکی تاوان هەڵێنجاندنیان دەکرد. تووشبوان پەشیمان بوونەوە و بڕیاریان دا ئیدی تاوانێکی لەم جۆرە پێك نەیەت و ئیدی تووشبوون بەو تاوانە نابێتە هۆی پلە و سود و بەرژەوەندی. هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی (هەستکردن بەتاوان ا.پ) و ئەو دژکردەوانەی دەبنە هۆی خوڵقاندنی جۆراوجۆر و جیاواز هێشتا لەهەرێمە جیاوازەکاندا لەنێو ئێمەدایە. رێك هاوشێوەکەی لەنێو نەخۆشە دەروونییەکاندا دەبینین، کە بەشێوازێکی ناکۆمەڵایەتی تێیاندا دەردەکەوێت و بۆ خۆیان یاسای نوێی ئاکاری دادەنێن و یاساخکاری نوێ دەخوڵقێنن تاکو یەکەم کەفارەی تاوانەکەی پێش خۆیان بدەن و دووەم هەوڵ دەدەن بەم خۆپاراستنانە پێش بەئەگەری تاوانەکانی داهاتوو بگرن و لەمپەرێکیان بۆ دروست بکەن [1].

---

[1] سەیری تاقیکردنەوەی دووەمی ئەم پەرتووکە بکە.

بەڵام کاتێك بەدواداچوون لەسەر ئەو کردارانە دەکەین، کە بوونەتە هۆی دژکردەوەیەکی لەم چەشنە بەتوندی هیوابڕاو دەبین، چونکە لەباتی ئەو کردارانە رووبەڕووی چەند ئاراستەیەکی سۆزداری دەبینەوە کە خوازیاری تووشبوونن بەم کرداره تاوانکارانەیانە، بەڵام هێشتا لەجیهانی راستیدا دەستیان بەو کردارانە رانەگەیشتووە. لەڕاستیدا لەباتی ئەوەی هەستکردن بەتاوان لەناو ئەو نەخۆشانەدا لەراستیە ماتریالی و بابەتییەکانەوە سەرچاوە بگرێت تەنها لەڕاستییە دەروونییەکانی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت. بەکورتی پێناسەی نەخۆشی دەروونی بەم جۆرەیە، پێش و زیاتر لەهەموو شتێك سەرنجی لەسەر راستییە دەروونییەکانە تاکو راستییە مادی و دەرەکییەکان. پەرچەکرداری ئەو لەبەرامبەر رامانی وشك و بەتاڵ (هیچ) لەو رادەیەدایە کە خەڵکی ئاسایی و تەندروست بەرامبەر بەڕاستییە بابەتی و دەروونییەکاندا نیشانی دەدەن. ئایا خەڵکانی سەرەتاییش هەر بەم جۆرە هەڵسوکەوت دەکەن؟ دەزانین بەگوێرەی ئەو دەزگا خۆخوازانە و لەخۆبایی بوونەیان، کە کەسایەتیان چەقی لەسەر بەستووە بەهایەکی زێدەڕۆیانە دەدەنە کرداره دەروونییەکانی خۆیان[1].

لەم سۆنگەیەوە تەنها بەهۆی هەستکردن بەحەزی ساکاری دوژمنکارانە بەرامبەر بەباوك، وەك وێنا کردنی کوشتن و خواردنی ئەوەندە دژکردەوەی مۆراڵی لەخۆیان دەردەخەن، کە بۆتە هۆی خولقاندنی ئاژەڵ پەرەستی و یاساخکارییە جۆراوجۆرەکانی تابۆ. کەواتە ئیدی ناچار نین بڵێین شارستانیەتەکەمان، کە ئەوەندەش پێوەی دەنازین لەئەنجامی تاوانێکی

---

[1] سەیری تاقیکردنەوەی دووەمی ئەم پەرتووکە بکە، بەناونیشانی ئانیمیسم، جادو و هێزی گشتگیری هزر.

قورسەوە، کە هەستەکانمان بریندار دەکات سەرچاوەی گرتووە. سەرەڕای ئەمەش یەك بەدوای یەکدا هاتنی لۆژیکیانە (پەیوەندی هۆ و هۆکار) کە لەسەرەتای شارستانیەتی سەرەتاییەوە تا سەردەمی ئێمە درێژەی هەبووە و لەم روانگەیەوە قەت تووشی پچڕ پچڕ بوون نابێتەوە، چونکە راستیە دەروونییەکان وەڵامی دەرئەنجامی هەموو هۆ و هۆکارەکان دەدەنەوە. لەوانەیە لێرەدا ئەو رەخنەیە بگرن کە ئیدی ئەوە راستییەکی بابەتی بێ ئەملا و ئەولایە، کە کۆمەڵگای سەرەتایی لەهەلومەرجی رەوەی باوك سالارییەوە گۆڕا و بووە کلانی براکان. هەرچەند ئەم بەڵسا کردنە (بورهان) تۆکمەیە، بەڵام یەکلاکەرەوە نییە. لەوانەیە گۆڕاندنی شێوەی کۆمەڵگا هێدیتر پێکهاتبێت و لەهەمانکاتدا هەلومەرجی پێویستی بۆ دەرکەوتنی ئەو دژکردەوە مۆراڵییە ئامادە کردبێت. تا ئەو کاتەی زەختی جەدی یەکەم قورسایی لەسەر شانی کوڕەکان دەکرد بوونی هەستی دوژمنکارانە بەرامبەر بەباوك گونجاو بوو دەبوایە پەشیمان بوونەوە لەم هەستە و خودی ئەو هەستە دێرتر دەربکەوتایە. رەخنەیەکی دیکەش هەیە کە وەك ئەوی دیکە ئەوەندە جێگای قەناعەت نییە. بەگوێرەی ئەم رەخنەیە ئەوەی کە لەهەستە ناکۆکەکانەوە بەرامبەر بەباوك سەرچاوە دەگرێت و وەك یاساخکارییەکان و تابۆکان و یاساکانی پەیوەست بەقوربانییەوە نیشانەی تایبەتمەندی پڕاوپڕ و قورس و توندن لەڕاستییەکان. بەڵێ گریمان بۆنە و هێورکەرەوەکانی نەخۆشی دەروونیمان، کە لەڕامانی ڕاڕایی لەئازاردایە لەڕوودا خاوەنی هەمان تایبەتمەندی دروست و راستییە، بەڵام قەت لەهەرێمی راستییە دەروونییەکانەوە نەچۆتە نێو هەرێمی راستیە بابەتی و دەرەکییەکانەوە. هەڵبەت دەبێت لەو بابەتەدا هۆشیار بین، کە نەکا بەهۆی

بچووککردنەوەکان جیهانی سووککردن و لێوانلێو لەبەها و متمانە ماددییەکانمان، کە بۆ رامان و ئاواتە رەهاکانمان هەست دەکرێت، جیهانی دەوڵەمەند و لێوانلێو لەڕووداوە دەروونییەکانی (هزری و سۆزداری ا. پ) خەڵکانی سەرەتایی و نەخۆشە دەروونییەکان بەهەڵە و نادروست بزانین.

دەبێت لێرەدا بڕیارێك بدەین، کە ئەوەندەش ئاسان نییە و بۆ هۆی گومان و دوودڵیمان. پێش هەر شتێك دەبێت دان بەوەدا بنێم کە ئەو جیاوازییەی وێڕای ئەوەی کە هەندێك کەس بە بنەڕەتی دەزانن لەڕوانگەی ئێمەوە ئەوەندەش ژیانی نییە. ئەگەر لەڕوانگەی خەڵکانی سەرەتاییەوە ئاوات و حەزەکان هەمان بەها و متمانەی بواری راستی و بابەتیان هەیە ئیدی ئەوە لەئەستۆی ئێمەدایە تا بتوانین لەئایدیۆلۆژیایەکی لەو چەشنە و هەڵێنجاندنێکی لەو جۆرە تێبگەین نەك ئەوە لەبنیات نانەوەیاندا کەلەڕەقی لەسەر شێواز و بنەما تایبەتەکانی خۆمان بکەین. کەواتە دەبێت هەوڵ بدەین تاکو چەمکێکی تۆکمەتر لەنەخۆشە دەروونییەکان بەدەست بێنین، چونکە ئەوە نەخۆشی دەروونییە ئەو گومانەی بۆ دروست کردووین کە ئێستا باسمان کرد.

هەڵبەت لەسەردەمی ئێمەدا ئەوە راست نییە، کە بڵێین نەخۆشە ڕاڕاییەکان لەژێر زەختی ئاکارێکی بالادا (مۆراڵێکی ئاوارتەدا) لەئازاردان وتەنها بەرگری لەخۆیان دەکەن لەبەرامبەر راستییە دەروونییەکان و دوو دڵییەکاندا و تەنها ئاوات و حەزە تاوان ئاساکانی خۆی وەك تاوانێك کە شایانی سزادایین بێت دەزانێت. چ لەدوودڵییەکاندا بێت یان لە بەلاڕێ چوونەکانیاندا بێت بەشێکی گرنگ لەڕاستییە مێژووییەکان لەئارادان.

ئەمان لە منداڵیاندا تەنها ئاشنایی ڕاڕاییە خراپەکان بوون و تا ئەو شوێنەی دەرفەتەکانی منداڵی ڕێگای پێدابن چەند جارێك کرداریان بەم ڕاڕاییانە کردووە و هەریەك لەو نەخۆشانە کە ئەمڕۆ بەمۆڕاڵی باڵایانەوە دەنازن لەمنداڵیاندا قۆناخی هاروهاجی و لادانیان تێپەڕاندووە، کە ئێستا بەڵێن دەری سەردەمی مۆراڵی باڵایەتی، کەواتە لێکچوونی نەخۆشە دەروونییەکان لەگەڵ خەڵکانی سەرەتایی زۆر قوڵتر لەم بابەتانەیە بەو مەرجەی قبوڵمان بێت خەڵکانی سەرەتاییش ڕاستی دەروونی ئەو دەزگایەی کە لەئێمە شاراوە نییە، لەسەرەتادا هەر وەك چۆن سەبارەت بە نەخۆشە ڕاڕاییەکان دیتمان هەمان ڕاستی بابەتی و دەرەکی بووە. بەو واتایەی کە خەڵکانی سەرەتاییش بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان نەوەی کە حەزیان دەکرد ئەنجامی بدەن پێکیان دەهێنا.

بەڵام سەرەڕای ئەمەش نابێت هەوڵ بدەین، کە لەدادگەری خۆمان بەرامبەر بەخەڵکانی سەرەتایی زیاد لەپێویست بکەوینە ژێر کاریگەریەتی لێکچوونیان لەگەڵ نەخۆشە دەروونییەکاندا. بەڵکو دەبێت سەرنجی جیاوازییەکانیش بدەین. بێگومان نە هۆڤ و نە نەخۆشی دەروونی شارەزای ئەم سنوورە ڕوون و ڕاشکاوە نییە کە ئێمە لەنێوان ڕامان و کرداردا دەیکێشین. نەخۆشی دەروونی بەتەواوەتی لەکردار ماندوو و هیلاکە و ڕامان جێگای کرداری گرتۆتەوە. بەپێچەوانەوە هیچ شتێك ناتوانێت پێش

بەکرداری هۆڤ بگرێت. بەبێ دواکەوتن و خێرا رامانەکەی دەچێتە واری کردارەوە. بەجۆرێك کە تەنانەت دەتوانین بڵێین کرداز جێگای رامانی گرتۆتەوە. لەم سۆنگەیەوە بەبێ ئەوەی داوای داخستنی دەرگای ئەو دیالۆگە بکەین کە هێڵە سەرەکییەکانیمان لەسەرەوە کێشاوە بەگرتنی بڕیارێك خۆمان یەکلایی و دڵنیا بکەینەوە. دەتوانم بەگومانەوە بڵێم: "لەسەرەتادا کردار هەبووە"[1].

**رەزا مەنوچەهری**

**٢٠٠٥/٦/١٨**



[1] بەپێچەوانەی یەکێك لەئینجیلەکان کە دەڵێت: لەسەرەتادا گوتن بووە و رامان. (ا. پ)

# TOTEM
# &
# TABU

زیگمۆند فرۆید خواستویەتی لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام بدات ، تلگوبزلنێت ئاژەڵ پەرستی لەکوێڕا سەرچاوەی گرتووە ـ تابۆ یان مەحرەمە کان لەنێو خێڵە سەرەتاییە مرۆییەکاندا لەسەر چ بنەمایەک چەقیان بەستووە .

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
07701574293

---

نرخ (4000) دینار